هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی ڕاگەیاندن / رۆژنامە

# ڕووماڵی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بۆ بابەتە سینەماییەکان

**نامەیەکە**

پێشکەشی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوەو
بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە راگەیاندن/ ڕۆژنامەدا

**خوێندکار**

**خندە سیف الدین حویجە**

**سەرپەرشتیار**

**پ.ی.د. فؤاد علی احمد**

(2022) ی زاینی (2722) ی کوردی (1443) ی کۆچی

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ أوتيتم من العلم إلا قليلا ﴾

صدق الله العظيم

(الإسراء: 85)

**ڕەزامەندی سەرپەرشتیار**

ئەم نامەیەی خوێندکار (**خندە سیف الدین حویجە**) بە ناونیشانی (**رووماڵی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بۆ بابەتە سینەماییەکان**) دا بەسەرپەرشتیار (پ. ی. د. فؤاد علی احمد) لە زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (راگەیاندن – رۆژنامە) دا.

**واژۆ:**

پ.ی.د. فؤاد علی احمد

**سەرپەشتیار**

**/ / 2022**

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**واژۆ**

**پ.ی.د. سلام نصرالدین محمد**

**سەرۆک بەش**

**/ / 2022**

**بڕیاری شارەزای زمانەوانی**

نامەی ماستەری خوێندکار (خندە سیف الدین حویجە)، کە ناونیشانی بریتییە لە **(ڕووماڵی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بۆ بابەتە سینەماییەکان)** دا پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ کراوە، ئەو هەڵانەی، کە تێیدا بوو، ڕاستکراونەتەوە، بەمەش نامەی ماستەرەکەی لە ڕووی زمانەوانی و شێوازی دەربڕینەوە ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن.

**واژۆ**

**ناو: پ. ی. د.**

**بەروار: / /2022**

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەی خوێندکار **(خندە سیف الدین حویجە)** بە ناونیشانی **(ڕووماڵی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بۆ بابەتە سینەماییەکان)** دا خوێندنەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا بە پلەی (        ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی (        ) پێبدرێت.

واژۆ

ناو: **د.یحی عمر فتاح**

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوتی: ١٧ / ١ / 2023

واژۆ

ناو:د. **دلشاد مصطفی رحیم**

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێکەوتی: ٥ / ٢ / 2023

واژۆ

ناو: **د. کارزان محمد أحمد**

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێکەوتی: ١٧ / ١ / 2023

واژۆ

ناو:د. **فؤاد علی أحمد**

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام و سەرپەرشتیار

ڕێکەوتی: ١٧ / ١ / 2023

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی پەسەند کرا

واژۆ

٢٠٢٣ / ٤ / ٢٦

ناو:پ.ی.د. **پاڤێ جمیل احمد**

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان بە وەکالەت

## پێشکەش

**ئەم نامەیە پێشکەشە بە:**

- ❖ هەردوو قوتابخانەی ژیانم (دایکم و کاکم) کە هەمیشە فێری لێبوردەیی و خۆراگریان کردووم، و تا کۆتایی ژیانم قەرزاری قوربانیەکانیانم.
- ❖ هاوژین و پشتیوانم (ئاوات عەبدوڵڵا).
- ❖ هەردوو ئەستێرەی ئاسمانی بەختەوەریم ( کێوان- کاژە).
- ❖ هاورێکانی ژیانم (خوشەکەکانم).
- ❖ تەواوی مامۆستاکانی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنم، کە هەمیشە خۆم بە خوێندکاریان دەزانم.
- ❖ هەر دوو بەشی راگەیاندن و فیلمسازی زانکۆی سلێمانی.

## سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ میهرەبانیی خودای پەروەردگار.

گەرچی هەموو هەوڵ و ماندوو بوونێک زادەی کۆمەڵێک هەنگاوی گرێدراوە، و بڕینی چەند وێستگەیەکی دژوار و پڕ گرفتە، بەڵام خەمخۆریی و هاوکاری دڵسۆزانی دەوروبەر، نەک بەتەنها ئەو ماندوویێتیە دەڕەوێنێتەوە، بەڵکو دەبنە سەرمەشقێک و دەبێت لێیانەوە فێری وانەی دڵسۆزی و خەمخۆری بیت، بۆیە زۆر سوپاسی بێ ئەندازە و پێزانینی زۆرم بۆ هەریەک لەو بەرێزانەی ناویان لە خوارەوە هاتووە، کە هەریەکەیان بە پێی توانا و پێگە و لێهاتوویان هاوکارم بوون.

- ❖ پ.ی.د. فوئاد عەلی وەک سەرپەرشتیار و مامۆستای هاوکار و دڵسوزم لە کۆی هەنگاوەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکەم.
- ❖ دایکم کە لە هەموو وێستگەکاندا بارگرانی بووم بۆی.
- ❖ کاکم (بێستون) برا و باوکم ، کە بە ئەندازەی کیشوەرەکانی نێوانمان خەمخۆرم بووە.
- ❖ هاوڕێ و هاوژینم (ئاوات عەبدوڵلا) هەمیشە وەک قەلایەک لە پشت هەموو ماندووبونێکمەوەیە، هاوکارم بووە لە وەرگێڕانی سەرچاوە ئینگلیزییەکان وپوختەی توێژینەوە بەزمانی ئینگلیزی و عەرەبی.
- ❖ هەردوو چرای ئومێدی ژیانم (کێوان- کاژە) کە هێزی بەردەوامی و نەوەستانم پێئەبەخشن.
- ❖ م. (جەمیل عەلی) براو پورزا و هاوڕێ و رێنوێنکارم.
- ❖ رۆژان محمد هاوڕێی زۆر دڵسۆز و خەمخۆرم.
- ❖ راگرایەتی کۆلێژ - بەشی راگەیاندن – هۆبەی خوێندنی باڵا- نووسینگەی راگر- کتێبخانەی کۆلێژ.
- ❖ مامۆستایانی بەرێز: پ.ی.د. ئیبتیسام ئیسماعیل- پ.ی.د. سەلام نەسرەدین- پ.ی.د. عومەر ئەحمەد رمضان- پ.د. هێمن مەجید – پ.ی.د. کامەران فەرەج- پ.د. ئیبراهیم سەعید - پ.ی.د. کاروان محەمەد- پ.د. نەزاکەت حسین. ماندووبوون لەگەڵمان لە کۆرسەکانی خوێندندا.
- ❖ پسپۆڕان: پ.ی.د. عمر ئەحمەد رمضان (راگەیاندن – میدیای نوێ ، ز.سلێمانی – کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەشی راگەیاندن)- پ.ی.د. پاڤێ جەمیل ئەحمەد (ڕاگەیاندن- ڕۆژنامە- کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان -بەشی راگەیاندن- ز. سلێمانی)-پ.ی.د. دڵشاد مستەفا رەحیم (سینەما-کۆلێجی هونەرەجوانەکان- ز. سلێمانی)- د. بەرهەم خالد ئەحمەد

(میدیای نویّ، بەشی ڕاگەیاندن- کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان-ز.سلێمانی )- پ.ی.د. عەبدول ناسر مستەفا (فەلسەفەی هونەری سینەمایی- ز.سەلاحەدین– هەولیر)- پ.ی.د. ژیلوان تاهیر(سینەماو شانۆ- کۆلیژی هونەرەجوانەکان ز.سەلاحەدین) -پ.ی.د.کاروان عەلی قادر (ڕاگەیاندن- سەرۆکی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕگەری، ز.پ. سلێمانی)- پ.ی.د. نەوزاد سدیق محەمەد (ب.ت/کت.کارگێری/ز.پ. سلێمانی)- پ.ی.د. باقر داود حسێن (پسپۆر لە ڕاگەیاندندا- ڕۆژنامەنووسی ز.پ. سلێمانی- کۆلێژی تەکنیکی کارگێری بەشی تەکنیکی میدیا) د.ئەکرەم فەرەیدون (ڕاگەیاندن-ز. سەلاحەدین- هەولێر)- ئەرکی هەڵسەنگاندنی فۆڕمی شیکاری ناوەڕۆک و فۆڕمی ڕاپرسیان گرتە ئەستۆ.

❖بەڕێزان: د. ئیبراهیم سەعید - د. دڵشاد مستەفا - م. کۆڤان حسێن - د. عبدول سەمەد قادر – د. ژینو عەبدوڵڵا - م. هاوار مستەفا خان - ک. سەرکەوت تارۆ -ک. شاخەوان عەبدوڵڵا –ک. هەوراز محەمەد –م. وەفا ڕەحیم –م. هاوڕیّ محەمەد ڕەسوڵ - م. ڕۆزا حمەوەیس– م. کامیل عومەر– د. جوان جەلالەدین - م. نەوشیروان فەرەج- م. ئەرشەد خەلیل- ک. ئاکام ئەنوەر- م. عومەر ئەحمەد- ک. سەرکەوت ئەحمەد- خاتوو ڤیان جاسم -خاتوو ئاشنا عەبدوڵڵا. بەو پەڕی دڵسۆزییەوە هاوکار و یارمەتیدەر بوون، هەندێکیان بە ڕێنوێنیکردن و هەندێکیشان بە دابینکردنی سەرچاوە.

❖بەڕێزان: (سەرکەوت تارۆ) بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری پێگەی فیلمسازان- (ڕەمەزان مەسعود) دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری گشتی پێگەی تۆلیپ سینەما– (بڕیار بورهان) بەڕێوەبەری پێگەی کوردسینەما- (بەهمەن تاهیر) بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری پێگەی کورد موڤی– (هۆشەنگ محمەد) سەرپەرشتیاری پێگەی کوردینگ- (مستەفا نەهرۆ) بەڕێوەبەری کورددۆبلاژ- (سەنگەر سدیق) سەرپەرشتیاری پێگەی کوردسەبتایتڵ- (محەمەد فاتیح )بەڕێوەبەری پێگەی شافیلم. زۆر هاوکار بوون.

❖ئەندامانی سامپڵی توێژینەوە بەڕێزان : دڵشاد مستەفا- هاوار سستەفاخان – هۆمەر محمد- شاخەوان عەبدوڵڵا- هەوراز محمد- ماهیر حەسەن- ڕۆژە حەسەن – ڤیان مایی – سەهیم عومەر- ڕێناس عارف-شوان عەتوف- حمەسوارە عزیز- کەی بەهار- دیار حەسۆ-کاوە موعینفەر- ئەمیر غولامی- بێساران جاسم - بیلال شاکر- بەختیار فتاح- سامان جلال – ئاکام ئەنوەر- بەنگین عەلی – ئەحمەد ناتق- کاوان عزیز- جوانە سعید- - ئیلهام هیدایەت- لەنیا نورەدین- لینا ڕەزا- ئالان هەمووان- مەسعود عارف. دڵسۆزانە لە کاتی خۆیدا وەلامی پرسیارەکانیان گەڕاندەوە.

## لیستی بابەتەکان


| لاپەڕە | ناونیشانی بابەت | ژ |
|---|---|---|
| ii | قورئانی پیرۆز | 1 |
| iii | ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | 2 |
| iv | بڕیاری شارەزای زمانەوانی | 3 |
| v | ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ | 4 |
| vi | ئەم نامەیەپێشکەشە | 5 |
| vii | سوپاس و پێزانین | 6 |
| ix | لیستی بابەتەکان | 7 |
| xii | لیستی خشتەکان | 8 |
| xiii | لیستی پاشکۆکان | 9 |
| xv | پوختەی توێژینەوە | 10 |
| 1 | پێشەکی | 11 |
| 3 | **بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە** | 12 |
| 4 | یەکەم: کێشەی و توێژینەوەکە | 13 |
| 4 | دووەم: پرسیارەکانی توێژینەوەکە | 14 |
| 5 | سێیەم: گرنگی توێژینەوەکە | 15 |
| 5 | چوارەم: ئامانجی توێژینەوەکە | 16 |
| 5 | پێنجەم: میتۆدی توێژینەوەکە | 17 |
| 5 | شەشەم: سنوری توێژینەوەکە | 18 |
| 6 | حەوتەم:کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە | 19 |
| 6 | هەشتەم: ڕاستی و جێگیری توێژینەوەکە | 20 |
| 8 | نۆیەم: ئامرازی توێژینەوەکە | 21 |

| | | |
|---|---|---|
| 22 | دەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو | 8 |
| 23 | یانزەیەم:پێناسەی چەمکەکان | 24 |
| 24 | **بەشی دووەم: دیجیتاڵ میدیا و پێگەی ئەلکترۆنی** | 26 |
| 25 | پاری یەکەم: دیجیتاڵ میدیا | 27 |
| 26 | دووەم : پێناسەی دیجیتاڵ میدیا | 28 |
| 27 | سێیەم: ئەو دەستەواژانەی بۆ دیجیتاڵ میدیا بەکارهاتوون | 29 |
| 28 | چوارەم: تایبەتمەندییەکانی دیجیتاڵ میدیا | 33 |
| 29 | پێنجەم: فاکتەرە کاریگەرەکانی گەشتنی پەیام لە سەردەمی دیجیتاڵ میدیادا | 36 |
| 30 | شەشەم: شوێنەواری دیجیتاڵ لە سەر تۆری پەیوەندییەکان | 38 |
| 31 | حەوتەم: گۆڕانی ژینگەی میدیایی لە سەردەمی دیجیتاڵدا | 41 |
| 32 | هەشتەم: پلاتفۆرمە دیجیتاڵیەکانی میدیا | 43 |
| 33 | نۆیەم: مۆبایل میدیا | 44 |
| 34 | پاری دووەم: پێگەی ئەلیکترۆنی | 49 |
| 35 | یەکەم: دەرکەوتنی پێگەی ئەلکترۆنی | 49 |
| 36 | دووەم: پێناسەی پێگەی ئەلکترۆنی | 50 |
| 37 | سێیەم: تایبەتمەندییەکانی پێگەی ئەلکترۆنی | 53 |
| 38 | چوارەم: جۆرەکانی پێگە ئەلکترۆنییەکان لە رووی خاوەندارێتیەوە | 56 |
| 39 | پێنجەم: جۆرەکانی پێگە ئەلکترونییەکان لە رووی پڕۆگرامین و دیزاینەوە | 59 |
| 40 | شەشەم: جۆرەکانی پێگە ئەلکترونییەکان لە رووی پێکهاتەوە | 61 |
| 41 | حەوتەم: جیاوازی نێوان رۆژنامەی ئەلکترۆنی و پێگەی ئەلکترۆنی | 63 |
| 42 | **بەشی سێیەم: میدیای هونەری و بابەتە سینەماییەکان** | 66 |
| 43 | پاری یەکەم: میدیای هونەری | 67 |

| | | |
|---|---|---|
| 70 | دووەم: چەمکی میدیای هونەری | 44 |
| 71 | سێیەم: پێگەی هونەر لە ناو رووماڵە میدیییەکاندا | 45 |
| 73 | چوارەم: هۆکاری بڵاو بوونەوەی میدیای هونەری | 46 |
| 73 | پێنجەم: ئامانجی میدیای هونەری | 47 |
| 74 | شەشەم: گرنگی سەلیقەی هونەری لە بەدیهێنانی ئامانجە میدیاییەکاندا | 48 |
| 76 | حەوتەم: میدیای سینەمایی | 49 |
| 78 | هەشتەم: ئەو پێگە ئەلکترۆنی هەشتەم: ئەو پێگە ئەلکترۆنی و ( Streaming Services) تایبەتن بە بابەتە سینەماییەکان | 50 |
| 85 | نۆیەم: پێگە ئەلکترونییە سینەماییە کوردییەکان | 51 |
| 90 | دەیەم : سیستمی پەخشی خزمەتگوزارییە ئۆنلاینەکان (AVOD –TVOD -SVOD) | 52 |
| 93 | پاری دووەم: بابەتە سینەماییەکان | 53 |
| 93 | یەکەم : مێژووی سینەما | 54 |
| 95 | دووەم: گەشەسەندنی سینەما و سینەمای کوردی | 55 |
| 101 | سێیەم: بایەخی سینەما | 56 |
| 103 | چوارەم: بابەتە سینەماییەکان | 57 |
| 113 | پێنجەم: پیشەسازی سینەما | 58 |
| 115 | شەشەم: کۆمپانیا بەناوبانگەکانی بەرهەمهێنانی سینەمایی | 59 |
| 120 | **بەشی چوارەم : لایەنی مەیدانی** | 60 |
| 121 | پاری یەکەم:شیکاری خشتەکانی بەشی شیکردنەوەی ناوەرۆکی سامپڵی توێژینەوە | 61 |
| 211 | پاری دووەم: شیکاری خشتەکانی بەشی رووپێوی سامپڵی توێژینەوە | 62 |
| 229 | دەرئەنجام و پێشنیار و راسپاردە | 63 |
| 229 | دەرئەنجام | 64 |
| 229 | پێشنیار | 65 |

| | | |
|---|---|---|
| 66 | **راسپاردە** | 230 |
| 67 | **لیستی سەرچاوەکان** | 231 |
| 68 | **پاشکۆکان** | 247 |
| 69 | **پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی** | xviii |
| 70 | **پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی** | xvii |

| ژمارە | ناونیشانی خشتەکان | لاپەرە |
|---|---|---|
| 1 | دەستەی سەرەکی شیکار لە سەر بنەمای بابەت | **120** |
| 2 | دەستەی لاوەکی  شیکارلە سەر بنەمای ژانرە سینەماییەکان | **122** |
| 3 | دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای شوناس | **124** |
| 4 | دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای ژانرە میدیاییەکان | **126** |
| 5 | دەستەی لاوەکی لە سەر بنەمای جوگرافی | **127** |
| 6 | جیاکاری بە پێی رەهەندەکانی پێوەری بەکارهێنانی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان | **208** |
| 7 | پەیوەندی سامپڵی توێژینەوەکە و ئاستی بەکارهێنانی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان | **209** |
| 8 | بەراوردکاری سامپڵی توێژینەوەکە لەگەڵ ئاستی بەکارهێنانی پێگە ئەلکترۆنییەکان | **210** |
| 9 | پرسیارە کەسییەکان | **211** |
| 10 | پرسیارە گشتیەکان | **214** |
| 11 | ئاشنای بە کام لەم  پێگە سینەماییە کوردییانە | **215** |
| 12 | زۆرترین چالاکی سینەمایی لە کام لەم پێگە سینەماییانە بەدی دەکەیت | **216** |
| 13 | بە گرنگی دەزانیت ئەم پێگە سینەماییانە تەنها فیلم پەخش بکەن، یاخود رۆشنبیری سینەمایی بڵاو بکەنەوە | **217** |
| 14 | تا چ رادەیەک ئەم پێگە سینەماییانە بە گرنگ دەزانیت بۆ پێشخستنی سینەمای کوردی | **218** |
| 15 | ئایا ئەم پیگە سینەماییانە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ناساندن و برەودان بە | **218** |

| | | |
|---|---|---|
| | بەرهەمە سینەماییە کوردییەکان | |
| 16 | ئایا ئەم پێگە سینەماییانە، وەک بەشێک لە پرۆسەی کۆمیونیکەیشن لە ڕێی بڵاو کردنەوەی بابەتە سینەماییەکانەوە تا چ رادەیەک دەتوانن رولّیان هەبێت لە هۆشیارکردنەوە و پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵگە و ئاڕاستە کردنی | 218 |
| 17 | دیجیتاڵ میدیا تا چ رادەیەک رۆڵی هەیە لە بەرەو پێشبردن و ناساندی بابەتە سینەماییەکان | 218 |
| 18 | ئایا ئەو فیلم و بابەتانەی لەم پێگە سینەماییانە پەخش دەکرێن تا چەند دەتوانێت سەرنجی بینەری کوردی راکێشت ، و بە بابەتە سینەماییەکان ئاشنایان بکات | 220 |
| 19 | بە رای تۆ، ئەو کەسانەی پێگە سینەماییەکان بەرێوە دەبەن شارەزا و پسپۆڕن لە کام لەم بوارانەدا | 221 |
| 20 | بە رای تۆ ، ئایا بە پێ بەرنامە و لە سەر بنەمای خواستی بینەر بابەت و فیلمە سینەماییەکان لەم پێگە سینەماییانەدا پەخش دەکرین | 222 |
| 21 | بە رای تۆ ، ئایا ئەم پێگە سینەماییانە توانیویانە سنوری جوگرافی هەرێمی و جیهانی تێپەڕێنن یاخود تەنها لۆکاڵین | 223 |
| 22 | بە رای تۆ، زۆرترین بینەری پێگە سینەماییەکان لە کام توێژی تەمەنن | 224 |
| 23 | ئایا بوونی پێگەی ئەلیکترۆنی سینەمایی، کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی بینەرانی ناو هۆڵەکانی سینەما لە کوردستان کردووە | 225 |
| 24 | پێتوایە وەرگێڕان و ژێرنوس کردنی فیلمەکان بە زمانی کوردی لەو پێگە ئەلیکترۆنییە سینەماییانە، کوالێتیان بەرزەو پرۆفێشناڵانە کراون | 225 |
| 25 | بە رای تۆ ، هۆکاری نەبوونی پێگەی ئەلکترۆنی یاسای تایبەتمەند بە بواری سینەما بۆ چی دەگەڕێتەوە | 227 |

| لاپەڕە | ناونیشانی پاشکۆکان | ژمارە |
|---|---|---|
| 248 | فۆرمی شیکاری ناوەڕۆک | 1 |
| 253 | فۆڕمی راپرسی | 2 |
| 258 | رواڵەتە راستیی شیکاری ناوەڕۆک | 3 |
| 259 | رادەی جێگیری شیکاری ناوەڕۆک | 4 |
| 260 | رواڵەتە راستیی فۆڕمی راپرسی | 5 |
| 261 | رادەی جێگیری فۆڕمی سامپڵ | 6 |
| 262 | وێنەی پێگە ئەلکترۆنییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە | 7 |

## پوختەی توێژینەوەکە

لە سەردەمی دیجیتاڵ میدیادا پێگە ئەلکترۆنییەکان کە زادەی شۆڕشی تەکنەلۆژیان، بوونەتە پلاتفۆرمیکی بەهەند وەرگیراوی هەموو دامەزراوەکانی دونیا ، بە جۆرێک خاوەنی پێشکەوتوترین دامەزراوە وکۆمپانیا میدیایی و نامیدیاییەکانیش چەندە بەهێز بن، بەڵام وەک پێداویستی تەکنەلۆژیای سەردەم مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن. بێگومان لەپاڵ میدیادا پلاتفۆڕمە دیجیتاڵییەکان پانتاییەکیان بۆسینەماش تەرخان کردووە. هەر بۆیە لە روانگە میدیایی و سینەماییشەوە ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ئەو پێگە ئەلکترونییە کوردییانەی ناوەڕۆکەکانیان پەیوەستن بە بواری سینەماوە بە ناونیشانی (**رووماڵی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بۆ بابەتە سینەماییەکان**).

کێشەی توێژینەوەکەش لەو خاڵەدا چڕ دەبێتە کە ئایا بایەخپێدانی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بە بڵاوکردنەوەی بابەتە سینەماییەکان لە چ ئاستێکدایە؟ بەستنەوەی میدیا و سینەمایە پێکەوە وەک دوو پایەی گرنگی پرۆسەی کۆمینیکەیشن، و بەهەند وەرگرتنی سینەما لەپاڵ ئەوەی هۆکارێکی کاتبەسەربردن و هاوکات پیشەسازییەکی گرنگە، رێگەیەکیشە بۆ ئاڕاستە و پەروەردەکردنی کۆمەڵگە لە گرنگییەکانی ئەم توێژینەوەییە، و ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەش دەرخستنی رادەی بایەخپێدانە بەو بابەتە سینەماییانەیە کە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بڵاویان دەکەنەوە. کۆی پێگەی وەرگیراویش وەک سامپڵ لەم توێژینەوەیەدا دوانزە پێگەن کە پێک هاتوون لە(کورد سینەماKurdcinema ، کورد فیلمKURDFILM، کوردموڤیKurdMovie، کوردسبتایتڵKURDSUBTITL، فیلمسازانFILMSAZAN، تۆلیپ سینەماTulip Cinema،بینەرBeenar، شافیلمSHAFILM ، کوردینگKURDING، کورددۆبلاژKURD DOBLAZH، کۆردیۆ ئەنیمیKurdio Anime، کوردپلاس ئەنیمیKurdPlus Anime). بە هۆی نەبوونی کاتی بڵاوکردنەوەیان، توێژەر کۆی بابەتەکانی هەر دوانزەیانی وەرگرتوە تا ئەو کاتەی کاری پراکتیکی هەموویان کۆتایی هاتووە کە لە (2022/6/22) دەستی پێکردووە تا(2022/10/5).

بەمەبەستی سوود وەرگرتن و گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر میتۆدی وەسفی و جۆری رووپێوی بەکارهێناوە.هەریەک لە شیکاری ناوەڕۆک و فۆڕمی راپرسی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوە بوون. بە جۆرێک لە شیکاری ناوەڕۆکدا بە (5) خشتە بۆ هەریەک لەو پێگە ئەلکترۆنییانە زانیارییەکان ریزبەند کراون، و فۆڕمی راپرسیش کە لە (15) بڕگە پێکهاتبوو بە سەر (30) کەسی بە ئەزموونی سینەمایی وەک

سامپڵی دووەمی توێژینەوەکە دابەش کران، بە مەبەستی پتەوکردنی زانیارییەکان و وەک هەنگاوێکی تەواوکاری بۆ شیکاری ناوەڕۆک و بواری پراکتیکی توێژینەوەکە، کە ئەنجامەکانیان بووە مایەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە،و هەڵێنجانی دەرئەنجامەکانی بەوەی پێگە ئەلکترۆنییەکان بە رادەیەکی باش مەودایان بۆ بابەتە سینەماییەکان تەرخانکردوە و بایەخیان بە بڵاوکردنەوەیان داوە، و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان پەیوەندی میدیا و سینەمای بەهێزتر کردووە، ئەمەش بوار دەرەخسێنێت بۆ ئاشناکردنی زیاتری بینەری کورد بە بابەتە سینەماییەکان، و هەروەها چەند دەرئەنجامێکی تریش.

**کلیلە وشە** (رووماڵ، پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان، بابەتە سینەماییەکان)

# پێشەکی

پرۆسەی کۆمیونیکەشن بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکان بەها و بایەخی زیاتری لە ژیانی مرۆڤایەتیدا پەیداکردووە، و باڵی بەسەر گشت بوارەکانی ژیاندا کێشاوە، بە تایبەت لە سەردەمی ئێستادا بە جۆرێک مرۆڤایەتی ئاوێتەی دنیایەکی دیجیتالی و گریمانەی (ڤێرچووەڵ-Virual) کردووە، کە ئەستەمە مرۆڤ دەستبەرداری بێت . لەم نێوەندەدا پێگە ئەلکترۆنییەکانیش لە سایەی بژاردە تەکنەلۆژییەکانی سەردەمدا وەک بەشێک لە دیجیتاڵ میدیا سەنگ و قورسایی خۆیانیان هەیە لە پەخشکردن وناساندنی چەمکە جیاوازەکان، چەمکی (سینەما)یش وەک یەکێک لە جومگە گرنگەکانی پرۆسەی کۆمیونیکەیشن کە رۆڵ دەگێرێت لە سەرجەم کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری وئاینی و کلتوری و پەروەردەی...هتد بە هەموو وردەکارییەکانی پەیوەست بەو بوارە بۆتە جێی بایەخی زۆرێک لە پێگە ئەلکترۆنییەکان، ئەمەش هەڵگری پرسیارگەلێکە و وەڵامێکی زانستی دەوێت، ئەم هەنگاوەش لە رێی توێژینەوەیەکی زانستیەوە بەدی دێت، لەو سونگەیەشەوە ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی **(رووماڵی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بۆ بابەتە سینەماییەکان)**هەوڵێکە بۆ دەرخستنی رادەی بایەخپیدانی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بە بڵاوکردنەوەی بابەتە سینەماییەکان. ئەم هەوڵانەش کۆمەڵێک هەنگاوە بە مەبەستی بەدیهێنانی سوودێکی زانستی.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێک هاتووە، میتۆدنامە وەک بەشی یەکەم کە هەریەک لە (کێشەی توێژینەوەکە، گرنگی توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە، میتودی توێژینەوەکە، سنوری توێژینەوەکە،کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە،راستی و جێگیری ، ئامرازی توێژینەوەکە،توێژینەوەکانی پێشوو، پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە)ی لە خۆ گرتووە.

بەشی دووەم و سێیەم لایەنی تێوری توێژینەوەکە لە خۆ دەگرێت کە هەر بەشێک لە چوارچێوەی دوو پاردا بابەتەکانی پۆلێن کراوە. بەشی دووەم پەیوەستە بە بەشە میدیاییەکەی توێژینەوەکە، و تایبەتە بە دیجیتاڵ میدیا و پێگەی ئەلکترۆنی، لە دوو پار پێکهاتووە، پاری یەکەم، نۆ بابەتی پەیوەست بە دیجیتاڵ میدیا لە خۆ دەگرێت. پاری دووەم، حەوت بابەتی پەیوەست بە پێگەی ئەلکترۆنی لە خۆ دەگرێت. بەشی سێیەمیش بە دوو پار پەیوەستە بە بەشە سینەماییەکەی توێژینەوەکە کە هەریەک لە میدیای هونەری و بابەتە سینەماییەکان لەخۆ دەگرێت.

پاری یەکەم، دە بابەتی پەیوەست بە میدیای هونەری لە خۆدەگرێت، پاری دووەم، شەش بابەتی پەیوەست بە سینەما لەخۆدەگرێت، هەروەها پاری پەیوەست بە سینەما، سینەمای کوردی و گەشەی مێژووییەکەی لە خۆدەگرێت .

بەشی چوارەم لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە بە دوو پار لەخۆ دەگرێت، پشت بەست بە هەر یەک لە ئامرازەکانی شیکاری ناوەڕۆک و فۆڕمی راپرسی توێژەر هەنگاوە پراکتییەکان لە چوارچێوەی چەندین خشتەیەکدا، تاوتوێی دەکات بۆ خستنەرووی ئامار و شیکردنەوەی داتاکان بە مەبەستی گەیشتن بە وەڵامدانەوەی پرسیار و ئامانجەکانی توێژینەوەکە. هەریەک لە دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردە و لیستی سەرچاوەکان پاشکۆ و پوختە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دوا لاپەڕەکانی ئەم توێژینەوەیەیە، دواجار توێژەر هیواخوازە توانیبێتی لە چوارچێوەیەکی بابەتیانەدا خزمەتێکی بچوکی زانستی پێشکەش بە بواری میدیا و سینەما کردبێت .

# بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

دووەم: پرسیارەکانی توێژینەوەکە

سێیەم: گرنگی توێژینەوەکە

چوارەم: ئامانجی توێژینەوەکە

پێنجەم: میتۆدی توێژینەوەکە

شەشەم: سنوری توێژینەوە

حەوتەم : کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە

هەشتەم: راستی و جێگیری توێژینەوەکە

نۆیەم: ئامرازی توێژینەوەکە

دەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو

یانزەیەم: پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە

## یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

ڕەگەزی دیاری توێژینەوە کێشەکەیەتی، کێشەی توێژینەوەش کێشەیەکی مەعریفیە هەڵگری خەسڵەتی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیە، بە مەبەستی دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پەرسیارانەی لە چوارچێوەی توێژینەوەکەدا گەڵاڵە بوون. لەو سۆنگەیەشەوە ئەرک و کاریگەریی پێگە ئەلکترۆنیەکان لەسایەی تەکنەلۆژیا ودیجیتاڵ میدیادا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە گۆڕاندایە، لە ئێستادا پێگەی ئەلکترۆنی پانتاییەکی گەورەی لە نێو میدیای کوردیدا گرتۆتەوە ،بەڵام ئەوەی مایەی پرسیارە لای توێژەر تا چەند توێژەرانی بواری میدیا بەگشتی وسینەماکارانیش بەتایبەتی بایەخێکی بەو پێگەئەلکترۆنییە کوردییانە داوە کە تایبەتمەندن بە ڕووماڵکردنی بە بابەتە سینەماییەکان ئەمەش بووە پاڵنەریک بۆ توێژەر کە بابەتی توێژینەوەکە دیاری بکات، بەگرتنەبەری ڕێکارە زانستییەکان کێشەی توێژینەوەکەی لەم پرسیارە سەرەکییەدا بخاتە ڕوو کە ئایا ڕووماڵی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بۆ بابەتە سینەماییەکان لە چ ئاستێکدایە؟ وەک ئامڕازێکی گرنگی هۆشیاری و ژیاریی لە کۆمەڵگەدا هاوکات لە چوارچێوەی کێشەکەدا توێژەر چەند پرسیارێکی تریش دەخاتە ڕوو:

## دووەم: پرسیارەکانی توێژینەوەکە

1- پێگەی ئەلکترۆنییە کوردییەکان، وەک دیجیتال پلاتفۆرمێک چ مەودایەکی بۆ بابەت و چەمکە سینەماییەکان تەرخان کردووە؟

2- ئایا ڕێژەی بڵاوبوونەوە و کاریگەری پێگەی ئەلکترۆنییە کوردییەکان، لۆکاڵی و ناوچەییە یاخود لەسەر ئاستی جیهانییە؟

3- ئەگەر پێگەی ئەلکترۆنییە کوردییەکان بایەخ بە بابەتە سینەماکان دەدەن، ئایا تا چ ئەندازەیەک چالاکن لە بڵاوکردنەوەی بابەت و چەمکە سینەماییەکاندا؟

4- ئەگەر پێگەی ئەلکترۆنییە کوردییەکان بایەخ بە بابەتە سینەماکان دەدەن، ئایا ڕادەی بایەخپێدانیان  بە بابەتە سینەماییەکان زیاتر جیهانییە یاخود لۆکالی و ناوچەییە؟

5- ئایا تا چ ئەندازەیەک پێگەی ئەلکترۆنییە کوردییەکان پابەند بوون بە بنەما و ژانرە میدیاییەکانەوە؟

6- ئایا هۆکاری نەبوونی پێگەی ئەلکترۆنی یاسایی تایبەتمەند بە بواری سینەما لە کوردستاندا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

## سێیەم: گرنگی توێژینەوەکە

1-لە رووی زانستی و ئەکادیمیەوە: بەستنەوەی میدیا و سینەمایە پێکەوە وەک دوو پایەی گرنگی پروسەی کۆمینیکەیشن بابەتێکی پڕ بایەخە.

2-لە رووی پسپۆڕیشەوە بەهەند وەرگرتنی سینەما لەپاڵ ئەوەی هۆکارێکی کاتبەسەربردن و هاوکات پیشەسازییەکی گرنگە، ڕێگەیەکیشە بۆ ئاڕاستە و پەروەردەکردنی کۆمەڵگەیە، و دەرخستنی کاریگەری پێگە ئەلکترۆنییەکان، بە جۆرێک بوونتە جێگرەوەی رۆژنامەی کاغەزی و لە سایەی دەسکەوتە تەکنەلۆژیەکاندا دەتوانێت هاوشێوەی تەلەفزیۆن رۆڵ بگێڕێن.

## چوارەم: ئامانجی توێژینەوەکە

1- زانینی رادەی بایەخپێدان بە بابەتە سینەماکان لە لایەن پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکانەوە.

2- دەرخستنی پەیوەندی میدیا و سینەما لە سەردەمی دیجیتاڵدا.

3- تێگەیشتن لە رۆڵ و بایەخی پێگە ئەڵکترۆنیەکان بۆ باشتر ناساندنی بابەتە سینەماکان لە سایەی شۆرشی تەکنەلۆژیادا.

4- هەوڵدان بۆ بەکەلتورکردنی تەماشاکردنی فیلم لە رێگەی پێگە ئەلکترۆنییەکانەوە.

5- گرێدانەوەی میدیا و سینەما پێکەوە وەک دوو ئامرازی گرنگی لێکدانەبڕاوی پرۆسەی کۆمیونیکەیشن.

## پێنجەم: میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی وەسفیی (Descriptive) و شیکاریی (Analytic) ناوەڕۆک دەبەستێت بۆ خستنەڕووی ئەو زانیارییانەی دەبنە مایەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی کێشەی توێژینەوەکە و بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

## شەشەم: سنوری توێژینەوەکە

سنوری بابەت: مەبەست لە سەرجەم بابەتە بڵاوکراوەکانی ئەو پێگە ئەلکترۆنییە کوردییانەی بوونەتە سامپڵی توێژینەوەکە.

سنوری کات: لەبەر ئەوەی ئەم پێگانە کە بوونەتە سامپڵی توێژینەوەکە کاتی دانانی بابەتەکان دەستنیشان ناکەن، توێژەر کۆی بابەتەکانی بە شێوەی رووپێوی گشتگیر(حصر

الشامل) وەرگرتووە. ڕۆژی دەستپێکردنی هەنگاوی پراکتیکی بۆتە سنوری کاتی توێژینەوە، کە لە (6/22/ 2022) دەستی پێکردووە تا (2022/10/5) کۆتایی هاتووە.

## حەوتەم: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە

بەو پێیەی کۆمەڵگە توێژینەوە پێکهاتەی کێشەی توێژینەوەیە و ڕەگەزی سەرەکی هەڵێنجان و بەدەستهێنانی زانیارییەکانە و بەگوێرەی ناونیشان و ئامانج لە توێژینەوەیەک بۆ توێژینەوەیەکی تر جیاوازە، و هەوڵیکە تا لەکۆی ئەو کۆمەڵگەیە سامپڵێکی هەڵبژاردە ببێتە نوێنەری کۆمەڵگەی توێژینەوەکە. توێژەر (**پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان**)ی وەک کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشان کردووە،و پێگە سینەماییە کوردییەکانیش کە لە (12) پێگەی سینەمایی پێکهاتوون دەبنە سامپڵی توێژینەوەکە بە مەبستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کە توێژەر هەوڵی بۆ دەدات و لە خزمەتی ناونیشانی توێژینەوەکەدایە، و کۆی ئامانج و هەوڵەکانی توێژینەوەکە دەپێکێت. هەریەک لە (**کورد سینەما، کورد فیلم، کوردموڤی، کورد سبتایتڵ، فیلمسازان، تولیپ سینەما،بینەر، شافیلم، کوردینگ، کورددۆبلاژ، کۆردیۆ ئەنیمی، کوردپلاس ئەنیمی**) سامپڵی توێژینەوەکەن، سینەماکاران کۆمەڵگەی دووەمی توێژینەوەکەن، و لە ڕێی ڕاپرسییەوە(30) کەسی بە ئەزموون و شارەزای بواری سینەما بوونە سامپڵی دووەمی توێژینەوەکە.

## هەشتەم: ڕاستی و جێگیری

### یەکەم: شیکاری ناوەڕۆک

1- ڕواڵەتە دروستی **توێژینەوە:** یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی بواری پراکتیکی هەڵسەنگاندنی فۆرمەکانی توێژینەوەکەیە لە لایەن پسپۆڕانەوە، بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستی توێژینەوە، بۆیە توێژەر پێش هەنگاوە پراکتیکیەکان، فۆڕمی شیکاری ناوەڕۆکی بە سەر ٧ پسپۆڕی هەردوو بواری(میدیاو سینەما)دا دابەش کرد[1*] و دوای

[*] پسپۆڕان لە هەردوو بواردا( میدیا- سینەما)
1- پ.ی. د. دڵشاد مستەفا ڕەحیم / سینەما/ ز. سلێمانی.
2- پ.ی.د. عومەر ئەحمەد ڕەمەزان / ڕاگەیاندن/ ز. سلێمانی.
3- پ.ی.د. پاڤێ جەمیل ئەحمەد/ ڕاگەیاندن/ ز. سلێمانی.
4- پ.ی.د. عەبدول ناسرمستەفا ئیبراهیم زەلمی/ فەلسەفەی هونەری سینەمایی/ ز. سەلاحەدین.
5- پ.ی.د. ژیلوان تاهر/ سینەما/ ز. سەلاحەدین.
6- د. ئەکرەم فەرەیدون/ ڕاگەیاندن/ ز. سەلاحەدین.
7- د. بەرهەم خالید ئەحمەد/ ڕاگەیاندن/ ز. سلێمانی.

گەڕانەوەی فۆڕمەکان لە لایەن هەڵسەنگێنەرانەوە و بە هەند وەرگرتنی سەرنج و تێبینییەکانیان، لە کۆی (497 )برگە (465) یان بوونە بڕگەی دروست و(32) شیان بوونە بڕگەی نادروست. پاشان بۆ گەیشتن بە راستی توێژینەوەکە،توێژەر پشتی بە هاوکێشەی هۆڵستی بەستووە، کەئەنجامەکی بریتیە لە (93.56%) ئەمەش دەبێتە رێژەیەکی بەرزو پەسەندکراوی زانستی بۆ توێژینەوەکە. بڕوانە پاشکۆی(3).

2- جێگیری توێژینەوە: بە مەبەستی دیاریکردنی رادەی جێگیری شیکاری ناوەرۆکی توێژینەوەکە دووبارە کردنەوەی دوای دوو هەفتە لە رێگەی کاتەوە، و بە هاوکێشەی (هۆڵستی) گەیشتە رێژەیەکی پەسەندکراوی زانستی کە بریتیە لە(0.85). بڕوانە پاشکۆی(4).

**دووەم: فۆرمی راپرسی**

1- روالەتە دروستی : بە مەبەستی دڵنیا بوون لە ئامرازی دووەمی توێژینەوەکە، کە (فۆرمی راپرسی)ە خرایە بەر دەستی (5) پسپۆڕ لە هەر دوو بواری(میدیاو سینەما)دا.*[1]بۆ هەڵسەنگاندنی برگەو بابەت و شێوازی پرسیار و چۆنیەتی ئامادەکردنیان تا لە بەر رۆشنایی ئەزموون و شارەزاییان سەرنج و تێبینیەکانیان ببێتە مایەی پتەوکردنی هەنگاوە پراکتیکیەکان، پاش وەرگرتنەوەیان و بە هەند وەرگرتنی سەرنج و تێبینیەکانیان بە هاوکێشەی هۆڵستی ئەنجامی دروستی فۆڕمی راپرسیەکە گەیشتە( 95.78%) کە ئەمەش رێژەیەکی بەرز وگونجاوی زانستییە. بڕوانە پاشکۆی (5).

2- جێگیری توێژینەوە: بە مەبەستی دیاریکردنی رادەی جێگیری فۆرمی راپرسی توێژینەوەکە دووبارە کردنەوەی دوای دوو هەفتە لە رێگەی کاتەوە، و بە هاوکێشەی (هۆڵستی) گەیشتەوە رێژەیەکی پەسەندکراوی زانستی کە بریتیە لە (0.87) . بڕوانە پاشکۆی (6).

---

* پسپۆڕان لە هەردوو بواردا (میدیا- سینەما)
1- پ.ی. د.دڵشاد مستەفا رەحیم/ سینەما/ ز. سلێمانی.
2- پ.ی.د. باقر داود حسێن/ ڕاگەیاندن/ ز. پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
3- پ.ی.د. نەوزاد سدیق محەمەد / ڕاگەیاندن/ ز. پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
4- پ.ی.د. عەبدول ناسرمستەفا ئیبراهیم زەلمی / فەلسەفەی هونەری سینەمایی/ ز. سەلاحەدین
5- پ.ی.د. کاروان عەلی قادر/ ڕاگەیاندن/ ز. پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

## نۆیەم : ڕێکارە ئامارییەکانی توێژینەوەکە

پاش کۆکردنەوەی داتاکان و دەستپێکردنی هەنگاوە پراکتیکیەکان توێژەر پشت بە بەرنامەی (statistical analysis in social science) (SPSS) بۆ تاوتوێکردنی کارە ئامارییەکان بە گوێرەی یاسا و هاوکێشەکانی ئەم بەرنامەیە ئەنجامی خشتەی شیکاری و فۆرمی راپرسیی خراونەتە روو.

١) ڕێژەیی سەدی$=\frac{\text{بەش} \times 100}{\text{کۆی گشتی}}$

٢) ناوەندە ژمێرەیی س$=\frac{\text{مجـ س}}{\text{ن}}$

٣) لادانی پێوانەیی ع$=\sqrt{\frac{\text{مجـ}(\text{ح}2\text{ك})}{\text{مجـ ك}}}$

٤) هاوکێشەی پەیوەستی بیرسۆن: ڕ $=\sqrt{\frac{\text{ن}\sum \text{س ص} - (\sum \text{س})(\sum \text{ص})}{\left\{\left(\text{ن}\sum \text{س}2 - (\sum \text{س})2\right)\left(\text{ن}\sum \text{ص}2 - (\sum \text{ص})2\right)\right\}}}$

٥) هاوکێشەیی پەیوەستی سپێرمان براون: $\frac{6\times \text{مج ف}2}{\text{ن}(\text{ن}2-1)}$

6) هاوکێشەی (کرونباخ الفا) – ک- ر $(20) = \frac{\text{ك}}{\text{ك}-1}\left[\frac{\text{مج ص}(1-\text{ص})}{\text{س}_{\text{ع}}^{2}}\right]$ ک ر $(20) = \frac{\text{ك}}{\text{ك}-1}\left[1-\frac{\text{مج } pq}{s^{2}x}\right]$

7) t.TEST بۆ یەک سامپڵ

**دەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

**یەکەم : توێژینەوەی بە زمانی عەرەبی**

**1- هاني عبد علي الركابى (2019)، (مجلة العلوم الانسانية و الاجتماعية- المجلة العربية للعلوم ونشر الابحاث)[1]**

**بە ناونیشانی: توظيف التقنيات الحديثة لتجسيد الفعل الدرامي في الفيلم السينمائي المعاصر**

توێژەر بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان پشتی بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستووە، و هەردوو فیلمی (Twilight) و(Avater) وەک سامپڵێکی مەبەستدارە لە لایەن توێژەرەوە دەستنیشان کراوە کە (Chris Weitz ) دەرهێنەری فیلمی یەکەمیانە و دووەمیشان (James Cameron)ە.

ئامانج توێژینەوەکە:

1- روونکردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی هونەریی پرۆگرامسازی (پرۆگرامیین) لە بنیاتنانی ئاکتی درامیدا.

2- روونکردنەوەی رێگەکانی بنیاتنانی ئاکتی درامی بە گوێرەی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر.

ئەنجامەکانی توێژینەوە:

1- لە سایەی بەکارهێنانی تەکنیکی کۆمپێوتەری نوێ کرداری وەرچەرخانی کات و شوێن بەدی هاتووە وەک چۆن لە فیلمی (Twilight) و(Avater) بەدی دەکرێت.

2- ئەو تەکنیکە کۆمپیوتەرییە نوێیانە توانای بنیاتنانی دوو جهیانیان هەیە یەکێکیان جیهانی مادی و ئەوی تریشیان رۆحی.ئەو تەکنیکەش توانای ئاوێتە کردنی ئەو دوو جیهانەیان هەیە کە یەکێکیان جیهانی ئێستای مادییە ئەوی تریان جیهانی ونبووی واتاییە وەک لە فیلمی (Avater)دا بەدی دەکرێت.

3- ئەو تەکنیکە کۆمپیوتەرییە نوێیانە رۆڵێکی کارا ئەگێرن لە بنیاتنانی رووداوەکان بەشێوەیەکی وێنەی گونجاو ، ئەوەش کاریگەری دەبێت لە سەر پرۆوەی وەرگرتن وەەک چون لە فیلمی (Twilight) بەدی دەکریت.

4- دەرهینەرانی ئەو دوو فیلمە سەرکەوتوو بوون لە تێگەیشتن لە تەکنیکەکانی کۆمپیوتەر(پرۆگارمی سێ رەهەندی)، و بەکارهێنانی لەو فیلمانەدا بەتایبەتی لە فیلمی

---

[1] هاني عبد علي الركابى، (التقنيات الحديثة لتجسيد الفعل الدرامي في الفيلم السينمائي المعاصر)، بحث اكاديمى، مجلة العلوم الانسانية و الاجتماعية- المجلة العربية للعلوم ونشر الابحاث، العدد الرابع- المجلد الثالث، (الولايات المتحدة الأمريكية، 2019).

(Avater)دا کەتیایدا لۆکەیشنی فیلمەکەو پێهاتەکانی لە ڕێی تەکنیکی نوێوە (کۆمپیوتەر) بەرهەم هێنراوە.

5- پڕۆگرامەکانی کۆمپیوتەر لە فیلمی (Twilight) و (Avater)یش بەکارهێنراوە بۆ شێواندنی کارەکتەرەکانی ناو ئەو فیلمانە لە ڕێی دەستکاریکردنی سیمای کارەکتەرەکانەوە.

6- لە فیلمی(Avater)دا پڕۆسەی ئاوێتە کردن بەکارهێنراوە لە نێوان دیمەنە واقیعی و فەنتازییەکاندا لە ڕێی کاراکتەرە درامیە زیندووەکانەوە لە ناو لۆکەیشن و بوونەوەرە ئەفسانەی فەنتازییەکاندا.

7- لە فیلمی (Avater)دا پڕۆگرامەکانی کۆمپیوتەر بەکارهێنراوە بۆ بەرجەستەکردنی واقعێکی گریمانیی لە ئاستێکی باڵادا دەرهێنەر ئەم تکنیکەی لە زۆربەی دیمەنەکاندا بەکارهێناوە.

8- بەکارهێنانی تەکنیکی سکرینی سەوزو شێوە سێ ڕەهەندییەکان لە ئاستێکی باڵادا لە هەردوو فیلمی(Twilight) و (Avater)دا.

9- پڕۆگرامی مۆنتاژی دیجیتاڵی ژمارەیەکی زۆر لە کاریگەرییە وێنەییەکانی تێدایە کە لەو دوو فیلمەدا بەکارهێنراوە لە دروستکردنی هەندێک لە جووڵە و کاریگەرییە وێنەییەکاندا.

### 2 – هاوار مستەفا خان (2017)، (السینما التسجیلیة الكوردیة).[1]

توێژینەوەیەکی وەسفی ڕووپێوی میدانیە لە ڕێی شیکاری ناوەڕۆکەوە کاری لە سەر ئاشنا بوون بە چۆنیەتی سازاندن یاخود بەگەرخستنی فیلمی دۆکیومێنتری و بابەتە بینراوەکان و ڕادەی بەسوودیی ئەو دۆکیومێنتریانە کردووە کە لەهەرێمی کوردستان پەیرەو کراون بەمەبەستی دۆکیومێنتکردنی دۆخی کۆمەڵگە لە دوای داگیرکاری ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی( 2003)، هاوکات بۆ ناساندنی ڕەوشی بابەتانەیە کە ئەم فیلمە دۆکیومێنتریانە لە خۆیان گرتووە و شیکردنەوەی بۆ ئەو لایەنانە کردووە کە پەیوەستن بە بەرهەمهێنان و لایەنی دارایی وبەکارهێنانی ڕەگەزەکانی وێنە و دەنگ و کارەکتەرەکان .بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش پشتی بە شیکاری ناوەڕۆک و فۆڕمی ڕاپرسی بەستووە،و کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێکهاتووە لەو جەماوەرەی کە بینەری سامپڵی هەڵبژێردراوی

---

(1) هاوار مستەفا خان، (السینما التسجیلیة الكوردیية) رسالة ماجستیر منشورة، (قاهرة: معهد البحوث والدراسات العربیة، قسم الدراسات الاعلامیة، 2017).

مەبەستداری توێژیەنەوەکەیە کە ئەویش فیلمە دۆکیومێنترییەکانی نێوان سالآنی (2002-2015)، جەماوەرەکەش دابەش بوون بەسەر(5) پارێزگا کە ئەوانیش پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، دهۆک، هەڵەبجە).

ئامانجی توژینەوەکە:

1-شیکردنەوەی ناوەرۆک و ئەو پرسانەی خراونەتە روو لە بەرهەمهێنانی دۆکیومێنتری لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کە فیلمە دۆکیومێنتریەکان و ئەو فیلمانەش دەگرێتەوە کە باس لە رووداوێکی راستەقینە دەکات

2-ئاشنا بوون بە گرنگترین خەسڵەتەکانی فیلمی دۆکیومێنتری کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

3-شیکاریی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەمهێنانی دۆکیومێنتری بۆ کاروبارە ناوخۆییەکان.

4-هەڵسەنگاندنی فیلمە دۆکیومێنتریەکان و ئەو فیلمانەش کە باس لە رووداوێکی راستەقینە دەکەن لەلایەن جەماوەرەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بۆ دەرخستنی رادەی سەرکەوتوویی ئەم شێوازە لە پێناو بە دۆکیومێنت کردنی کاروبارە ناوخۆییەکان.

هەندێک لە ئەنجامەکانی توێژینەوە:

1- ئەو چەند ئامانجەی فیلمە دۆکیومێنترییەکانی پێ جیا دەکرێنەوە بە پێی ریزبەندیان ،پێدانی زانیاری بە وەرگر سەبارەت بە رووداوە کەسایەتییەکان رێزبەندی یەکەم دێت، پاشان هۆشیاری پەیوەست بە هەر بابەتێک ریزبەندی دووەم پێک دێنێت. ئاشنا بوون بە گەل ولآتانی جیهان پلەی سییەمی ریزبەندییەکە پێک دێنێت، پاشان پاڵپشتی یەکریزی نیشتیمانی دەبێتە ریزبەندی دواتر.

2- فۆکەسی فیلمە دۆکیومێنترییەکان لە سەر کۆمەلێک لە کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانە کە یارمەتیدەرن لە بەرجەستە کردنی کارەکتەرەکان لە نێو کارە هونەرییەکاندا کە خزمەت بە ئامانجێک دەکات. هاولآتی ئاسایی پلەی یەکەمی ریزبەندی پێک دێنێت، دواتر بریندارەکان ودیل و بەند کراوانی سیاسی، پاشان شەهید و فرە ناسنامەیی کەسایەتیە هونەرییەکان بایەخیان پێدەدرێت.

3- باشترین کاریگەری ئەرێنی سەبارەت بە تەماشا کردنی فیلمە دۆکیمێنترییەکان و هەواڵیەکان (بەرنامە بەڵگەنامەییەکان) لە سەر ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە بە جۆرێک:"

وام لێدەکات بە ئاگا بم لە بارودۆخی ناوخۆییەکان" ریزبەندی یەکەمی کاریگەرییەکە پێک دێنێت پاشان " یاخی بوونم لە کاربەدەستان" دواتر " لە تەنیایی رزگارم دەکات" ریزبەندی سێیەم پێک دێنێت، دواتر "ڕووداوە مێژووییەکان ، وام لێدەکات لە کێشەکانم هەڵ بێم" دوا کاریگەری ئەرێنیش " ئامۆژگاریم دەکات چۆن مامەڵە لەگەڵ پێشهاتە جۆراوجۆرەکاندا بکەم" ئەمەش بە مەبەستی چەسپاندنی دیموکراسیەت و هەڵکشانی بیروڕای جیاواز ووابەستە نەبوون بەو ڕووداوانەی کە هەڵگری ئاڕاستە نەرێنیەکانن.

**3- (علاء أحمد عواد العبد الرزاق- 2016- جامعة الشرق الاوسط)**

**بەناونیشانی: (أثر الأفلام السينمائية على الشباب الأردني مقارنة بوسائل الإعلام الأخرى).[1]**

ئەم توێژینەوەیە کار لە سەر دەرخستنی رادەی بەرکەوتن و کاریگەری فیلمە سینەماییەکان کردووە لە سەر گەنجانی زانکۆی ئوردون بەراورد بە ئامرازەکانی تری میدیا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پشتی بە میتودی وەسفی بەستووە تا لەو ڕێیەوە رای بەرتوێژەکان بزانێت. بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش شێوازی ڕووپێوی (فۆرمی راپرسی) گرتۆتەبەر بە هەڵبژاردنی سامپڵێک هەرەمەکی کە (400) خوێندکاری زانکۆکانی ئوردون لە خۆ دەگرێت کە ئەوانیش (زانکۆی الشرق الاوسط، زانکۆی اليرموک)ە.

ئامانجی توێژینەوەکە:

1- ئاشنا بوون بە کاریگەرییەکانی فیلمە سینەماییەکان لەسەر گەنجانی ئوردون بەراورد بە ئامرازەکانی تری میدیا سەبارەت بەولایەنانەی کە پەیوەستە بە پاڵنەر و ئاستی بەرکەوتن بە فیلمە سینەماییەکان.
2- ئاشنا بوون کاریگەرییەکانی فیلمە سینەماییەکان لەسەر گەنجانی ئوردون بەراورد بە ئامرازەکانی تری میدیا سەبارەت بەولایەنانەی کە پەیوەستە بە پاڵنەر و ئاستی بەرکەوتن بە(ئامرازە میدیاییەکان: رۆژنامە، رادیۆ، تەلەفزیۆن).
3- ئاشنا بوون بە کاریگەرییەکانی فیلمە سینەماییەکان لەسەر گەنجانی ئوردون بەراورد بە ئامرازەکانی تری میدیا سەبارەت بەو بوارانەی کە پەیوەستە بە ئاسەواری فیلمە سینەماییەکان لە سەر گەنجانی زانکۆ.

---

(1) علاء أحمد عواد العبد الرزاق، (أثر الأفلام السينمائية على الشباب الأردني مقارنة بوسائل الإعلام الأخرى)، رسالة ماجستير غير منشورة، (عمان: جامعة الشرق الاوسط، كلية الاعلام - قسم الاعلام، 2016).

4- ئاشنا بوون کاریگەرییەکانی فیلمە سینەماییەکان لەسەر گەنجانی ئوردون بەراورد بە ئامرازەکانی تری میدیا سەبارەت بەولایەنانەی کە پەیوەستە بە کاریگەرییەکانی ئامرازەکانی میدیا لە سەر گەنجانی زانکۆ.

5- ئاشنا بوون لایەنی بەراوردکاری ئاسەواری فیلمە سینەماییەکان لەسەر گەنجانی ئوردون بەراورد بە ئامرازەکانی تری میدیا سەبارەت بەولایەنانەی کە پەیوەستە بە دیراسەکردنی ئەو چواربوارەی پێشوتر.

6- زانینی ئەوەی ئاخۆ جیاوازی هەیە لە نێوان وەڵامەکانی سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بە کاریگەری فیلمە سینەماییەکان لەسەر گەنجانی ئوردون بەراورد بە ئامرازەکانی تری میدیا بە گوێرەی بگۆرەکانی (رەگەز، زانکۆ. قۆناغەکانی خوێندن و تایبەتمەندی خوێندن).

ئەنجامەکانی توێژینەوە:

1- ئەو ماوەیەی گەنجانی زانکۆ تەرخانی دەکەن بۆ سەیرکردنی فیلمە سینماییەکان زیاتر لە سەعاتێک و کەمتر لە دوو سەعات ،کە رێژە ئامارییەکەی دەکاتە (3.51).

2- فیلمە کۆمیدییەکان بایەخی زیاتریان هەیە لای گەنجان زانکۆ، کە رێژە ئامارییەکەی دەکاتە (4.07).

3- ئامرازە میدیاییە بینراوەکان زیاتر جێی بایەخی گەنجانی زانکۆن، کە رێژە ئامارییەکەی دەکاتە (4.018).

4- گەنجانی زانکۆ بە پلەیەکی مامناوەند کاریگەردەبن بە فیلمە سینەماییەکان.

5- گەنجانی زانکۆ بە پلەیەکی مامناوەند کاریگەردەبن بە دەزگاکانی راگەیاندن.

6-نەبوونی جیاوازی رادەی کاریگەری فیلمە سینەماییەکان لە لای خوێندکاری زانکۆ بە گوێرەی گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان (رەگەز، زانکۆ، قۆناغەکانی خوێندن، پسپۆڕی).

**4- ماجد فضل صقر حبيب (2014)، (التفاعلية في المواقع الالكترونية للصحف اليومية الفلسطينية).[1]**

ئەم توێژینەوەیە پشت بەست بە میتۆدی وەسفی رووپێوی و شیکاری ناوەڕۆک کار لەسەر ناساندنی رادەی کارلێکی پێگە رۆژنامەوانییە فەلەستینەکان دەکات لە سەر تۆری ئینتەرنێت و هەروەها هەوڵی دەرخستنی رادەی سوود وەرگرتنی ئەم پێگانە دەدات لەو بژاردە و ئامرازە نوێیانەی کە ئینتەرنێت لەبەردەم بەکارهێنەراندا والآی کردووە لە پێناو بەدیهێنانی کارلێکی زیاتر و هاوکات هەوڵی زانینی گرنگترین ئەو جیاوازییانە دەدات کە لە نێوان ئەم پێگە ئەلکترنییانەدا هەیە لەسەر تۆرەکانی ئینتەرنێت لەبارەی بەکارهێنانی ئامڕازە کارلێکیکانەوە. چاوپێکەتن ئامرازیکی تری کۆکردنەوەی زانیاریی بووە، و هەریەک لە پێگەی ئەلکترۆنی رۆژنامەکانی (القدس، الايام، الحياة الجديدة، فلسطين) توێژەر بەشێوەیەکی هەرەمەکی رێکخراو وەک سامپڵی توێژینەوە دەستنیشانی کردوون.

ئامانجی توێژینەوە:

1- ناساندنی ئەزموونی پێگە ئەلکترۆنیە فەلستینیەکان لە سەر تۆری ئینتەرنێت، و رادەی بەکارهێنانی ئەو توانا تەکنیکیانەی لە رێی ئینتەرنێتەوە فەراهەم کراوە.

2- ئاشنا بوون بەو ئامرازانەی دەبنە مایەی بەدی هێنانی کارلێک لە پێگەی ئەلکترۆنی رۆژنامەکانی کە رۆژانەن لە فەلستیندا و چۆنیەتی بەکارهێنانیان و سوود بینین لەو ئامڕازانە.

3- هەڵسەنگاندنی رەگەزە کارلێکیەکان بە مەبەستی دەستکەوتنی ئەو دەرئەنجامانەی کە وا دەکات بونیادی پێگە هەواڵیەکان سوود لە سەرجەم ئەو رەگەزە کارلێکیەکانە وەربگرن کە لەسەر تۆرەکانی ئینتەرنێت فەراهەمکراوە.

4- تێبینیکردنی سیمای لێکچوو و جیاوازی ئەو ئامرازە کارلێکیانەی پێگەکانی رۆژنامە فەلستینیەکان بەکاریدێنن .

5- زانینی رادەی پاڵپشتی کردنی ئەو ئامرازانەی لە سەر تۆڕەی ئینتەرنێت فەراهەمکراوە لە لایەن پێگە ئەلکترۆنیە فەلەستینیەکانەوە و زانینی رادەی بەکارهێنانیان کە لە ئێستادا

[1] ماجد فضل صقر حبيب، (التفاعلية في المواقع الالكترونية للصحف اليومية الفلسطينية)، رسالة ماجستير غير منشورة (غزة: جامعة الاسلامية، كلية الآداب- قسم الصحافة والاعلام، 2014 ).

به شێوەیەکی بەرفراوان لە سەر ئاستی جیهان بەکاردەهێنرێت لە پێناو زیارد کردنی کارلێک لە پێگە ئەلکترۆنیەکاندا.

ئەنجامەکانی توێژینەوە:

1- ناڕوونی سووربوون سەبارەت بە بەکارهێنان و سوودوەرگرتنی تەواوەتی لەو توانایانەی لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت فەراهەم کراون، لە لایەن پێگە ئەلکترۆنیە فەلەستینیەکانەوە.

2- ئەو بڵاوکراوانەی کە مەبەستی ئەم تویژینەوەیەدا سیاسەتێکی روونیان پەیڕەو نەکردووە بە ئاڕاستەی کارلێک کردن.

3- توێژینەوەکە ئەوەی تۆمار کردووە کە هەردوو رۆژنامەی (القدس، الفلسطين) بەرێژایی 24 کاتژمێر ئەبدەیتی بابەتی نوسینەکانیان دەکەنەوە، ئەبدەیتی هەریەک لە رۆژنامەکانی (الايام ، الحياة الجديدة)ش تەنها لە دوای دەرچوونی رۆژنامەکانە بەچاپکراوی، کە ئەویش سەرلەبەیانی رۆژی دواترە.

4- توێژینەوەکە هیچ وەڵامدانەوەیەک تۆمار نەکردووە کە لە لایەن پێگەی ئەلکترۆنی رۆژنامەکانەوە ئاماژەی پێکرابێت سەبارەت بە پرسیارەکانی بەکارهێنەرانییان.

5- پێداگری توێژینەوەکە لە سەر بەستنەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە پێگەکانیانەوە.

6- توێژینەوەکە هیچ دەرفەتێکی بەکارهێنەرانی پێگەکەی تۆمار نەکردووە، سەبارەت بە بەشداری کردنیان لە ناوەرۆکی بابەتە بڵاوکراوەکاندا.

7- توێژینەوەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێگەکانی پەیوەست بەم توێژینەوەیە هەندێک لە ئامرازی کارلێکیان بە بێ دیراسە کردن بەکارهێناوە.

**5- جوان جلال الدين (2012)، (الصحافة الالكترونية الكوردية اشكالها و اساليب اخراجها- موقع خندان انموذجا)[1]**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە بۆزانینی رەوشی و تایبەتمەندی دەرهێنانی هونەری رۆژنامەگەری ئەلکترۆنی کوردی و کە پشتی بە میتۆدی وەسفی رووپێوی بەستووە لە رێی

[1] جوان جلال الدين، (الصحافة الالكترونية الكوردية اشكالها و اساليب اخراجها- موقع خندان انموذجا) رسالة غير منشورة، (سليمانية: جامعة السليمانية، فاكلتي/ سكول العلوم الانسانية-قسم الاعلام- الصحافة،2012).

ئامرازی راپرسییەوە و شیکاری ناوەڕۆک و تێبینی کردنەوە داتا و زانیاری پەیوەست بە توێژینەوەکە بە دەست هێناوە.

ئامانجی توێژینەوەکە:

1- ئاشنا بووون بە واقعی رۆژنامەگەری ئەلکترۆنی کوردی.

2- زانینی سیما وتایبەتمەندییەکانی رۆژنامەگەری ئەلکترۆنی کوردی پێگەی خەندان بە نموونە وەرگیراوە بەو پێیەی پێگەی ئەلکترۆنی خەندان پێگەیەکی دیاری نێو رۆژنامەگەری ئەلکترۆنییە وبابەتی جۆراوجۆری بواری سیاسی و ئابووری کۆمەڵیەتی و وەرزشی و هونەری ...هتد بڵاودەکاتەوە.

3- ئاشنا بوون بە دەرهێنانی هونەری پێگەی خەندان و هاوکات ئەو جیاوازییەی لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکانی تر جیای دەکاتەوە.

دەرئەنجامەکانی:

1-رۆژنامەگەری ئەلکترۆنی کوردی قۆناغی سەرەتایی تێپەڕاندووە پێویستی بە چالاک بوونی زیاترە هەبوو بۆ پراکتیزە کردنی تایبەتمەندییەکانی پەیوەست بە رۆژنامەگەری جیهانی لە نێویاندا لە لایەنی سازاندن و بەکارهێنانی فرە ئامرازەکان و دەربڕینی ئازادانە و گەڕانی گەشەسەندوو لە لایەنی روخسارو وناوەڕۆکەوە.

2- رۆژنامەگەری ئەلکترۆنی کوردی لاوازە لە لایەنی تەکنیکی و دەرهێنانی رۆژنامەوانییەوە شیوازی قاڵبی ئامادەکراو پەیڕەو دەکات پێگەی خەندانیش بەهەمانشێوە بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە لەوانی تر جێبەجێکردنی ئەم شێوازی هونەریە پشت بە دوو جۆری دەرهێنان دەبەستێت کە ئەویش شێوازی دەرگەوانی ئەلکترۆنی و شێوازی یەکەی ئەلکترۆنی لە نمایش کردنی بابەتەکان لە سەر لاپەرە ئەلکترۆنییەکان لە پێناو هێنانە کایەی هاوسەنگی و گونجاندن لە نێوان بەشەکانی لاپەرەی سەرەکی و دور خستەوەی بەکارهێنەران لە بێزاری و دەستەبەرکردنی ئاسوودەیی لە کاتی خوێندنەوەی بابەتەکاندا.

3- پێگەی خەندان بە پلەی یەکەم پشتی بەستووە بە بڵاو کردنەوەی هەواڵ پاشان وتار و بایەخی بە تایبەتمەندی دەستبەجێی داوە کە ئەمەش تایبەتمەندییەکە رۆژنامەی ئەلکترۆنییە هەروەها پشتی بە هونەری وتار و گەیاندنی رای ئازادی رۆژنامەنووسان داوە سەبارەت بە بابەتە هەمەجۆرەکان تا رادەیەک ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پێگەی خەندان پێگەیەکی هەواڵییە.

4- پێگەی خەندان سەبارەت بە ڕێکخستنی شێوەی هونەری لە ئامادە کردنی ڕۆژنامەکەدا پشتی بە ناوەڕۆکە سیاسیەکان بەستووە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پێگەیەکی سیاسیە.

**6- هونەر رسول صالح (2010 )، (الصحافة الإلكترونية الكردية- موقع سبي أنموذجا)[1]**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی دەرخستنی ئەو نارۆشنی و نامۆییەی داوە کە توێژەر لە بواری ڕۆژنامەوانی ئۆنلاینی کوردی بە گشتی و سایتی سبەیشدا بەدی کردووە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش ئاشکرا کردنی واقیع و ئایندەی ڕۆژنامەوانی ئۆنلاینی کوردی. بۆ بە دیهێنانی ئامانجەکەشی توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، و بۆ کۆکردنەوەی زانیاریش پشتی بە داتاکانی کۆمپیوتەر بەستووە کاری لە سەر شیکردنەوەیان کردووە و بەراوردی کردوون بەو داتایانەی لە سێرڤەری سایتەکەوە بەدەستی هێناون

هەندێک لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

1- ڕۆژنامەوانی ئۆنلاینی کوردی قۆناغی سەرەتایی تێپەڕاندووە، و بەرەو گەشەسەندن هەنگاوی ناوە، بەڵام نەگەشتۆتە ئاستی پێویست لە ڕووی پیشەیی و تەکنیکیەوە، بەڵکو هێشتا گیرۆدەی هەندێک گرفتە کە پەیوەستن بە ئینتەرنێتەوە، و لەو ڕێیەوە کاری ڕۆژنامەوانی ئونلاینی پێ ڕادەپەرێنرێت. ئەو گرفتانەش هەندێکیان پیشەیین وەک ئامادە کردن و نووسین و مونتاژ و دیزاینکردن.
2- چەند هەوڵێک هەیە لە نێو ڕۆژنامەوانی کوردیدا بۆ بەدیهێنانی تایبەتمەندی ڕۆژنامەوانی ئۆنلاین، بەڵام نەیتوانیوە بگاتە ئاستی پێویست. بەڵکو زۆرێک لە ڕۆژنامە ئۆنلاینە کوردییەکان بایەخێکی ئەوتۆیان بۆ بەدیهێنانی ئەم تایبەتمەندییانە نەداوە، یاخود بە شێوەیەکی لاواز بەدی هاتووە و بەشێکی سەرەکی ئەم تایبەتمەندییانەش فەرامۆش کراون وەک تایبەتمەندی (کارلێکی و فرە ئامڕازەکان).
3- ڕۆژنامەوانی ئۆنلاینی کوردی تایبەتمەندی ئەرێنی پەیوەست بە خۆی نیە، بەڵکو زیاتر خاوەنی تایبەتمەندییەکی نەرێنی روۆژنامەوانییە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەوانی ئۆنلاینی کوردی لاوازی نوسین و بایەخنەدانە بە لایەنی هونەری و دیزاین و نەبوونی

---

([1]) هونەر رسول صالح (الصحافة الإلكترونية الكردية- موقع سبي أنموذجا) رسالة غير منشورة، (سليمانية: جامعة السلمانية/ كلية العلوم الانسانية-قسم الاعلام- الصحافة،2010).

ستراکچەرێکی ئیداری و مودێلێکی ئابووری پێشکەووتو شایەنی ئەوە بێت پشتی پێ ببەسترێت.

**7- عبدالباسط سلمان (2008)، (الديجيتال في السينما والاعلام-دراسة تحليلية للتقنيات في السينما ووسائل الاعلام).[1]**

توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ کۆمەڵێک فیلم کە لە لایەن توێژەرەوە هەڵبژێردراو ئاماژە بە رۆڵ و کاریگەرییان دەکات لە سەر بابەتی دیجیتال و سینەما و تەلەفزیۆن و ئامراز میدیاییەکانی تر. هەندێک لەو فیلمانەش کە وەک سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراون ماوەکانیان دەکەوێتە نێوان ساڵانی نێوان (2006-2008) و زۆرینەی گۆرانکاریی و بەگەرخستنی بابەتە دیجیتالییەکانی تێدا بەرجەستە بووە بەمەبستی یەکانگیری لەگەڵ ئەو رووداوانەی لە جیهاندا دەگوزەرێت.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی لایەنی پەیوەست بە تەکنیکە دیجیتالییەکانە لە جیهانی پەیوەندیکردن و ئەو رۆڵەی دەیگێرێت لە بەدیهێنانی دەستکەوتە هونەری و پیشەییەکان، هاوکات ئامانجی خستنە رووی ئاستی پەرەسەندنی ئەم تەکنەلۆژیاییە لە بواری سینەما و میدیادا کە بەشێوەیەکی زۆر خێرا گەشەی کردووە لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهاندا، جگە لە هەندێ کۆمەڵگە نەبێت کە نەیانتوانیوە سوود لەم تەکنەلۆژیایە وەربگرن.

دواجار گەشتووە بەو دەرئەنجامەی کە دیجیتاڵ کاری لە هەردوو بواری میدیا و سینەما کردووە بەجۆرێک لە یەکەمیاندا (میدیا) دەسکەوتی زۆر وردی لە پیشەسازی دیمەنە مەترسیدار یا سەختەکاندا دەستەبەر کردووە، و جێبەجێکردنی دیمەنە فەنتازییەکان و نزیک خستنەوەیان لە راستی بە سنورێکی لە رادەبەدەر وایکردووە کۆمەڵێک دەسکەوت دەرباری (وردی وکات و هەول وکۆشش) بهێنێتە کایەوە. سەبارەت بە بواری دووەمیشان کە پەیوەستە بە گەشەی میکانیزمەکانی سینەما و گەڕان بە دوای رێگە نوێیەکانی گوزارشت کردن بە مەبەستی دەباز بوون لە بابەتە سواوەکانی پێش سەرهەڵدانی دیجیتاڵ. هەربۆیە دیمەنی فیلمەکان نەک بەتەنها کاریگەریی زیاتری لە سەر وەرگر دروست کردووە، بەڵکو بۆتە مایەی هۆگربوونی زیاتری بۆ سینەما بە هۆی زۆرو زەوەندی بابەتە چێژبەخشە

---

[1] عبدالباسط سلمان، (الديجيتال في السينما والاعلام- دراسة تحليلية للتقنيات في السينما ووسائل الاعلام )، رسالة ماجستير غير منشورة، (بغداد: جامعة بغداد، كلية الاعلام، 2008).

ئەفرێندراوەکان ئەمەش وایکردووە سەرسام بوونێک لای وەرگر بخوڵقێنێت کە دەرئەنجامی بەرهەمی دیجیتاڵ و گرافیکە کۆمپیوتەرییەکانە. دەرئەنجامێکی تر کە توێژەر پێگەشتووە بریتیە لە بەدیکردنی کلتورێکی دیجیتاڵی لەو فیلمەنەدا کە پشتیان بە تەکنیکە دیجیتاڵیەکان بەستوە وەک فیلمی(Iron Man) کە زۆربەی دیمەنەکانی پەیوەستە بە تەکنیکە دیجیتاڵیەکانەوە، و وەرگر کارلێکی لەگەڵ کردووە و بۆتە بینەری فیلمەکە، هەروەک چۆن فیلمی(Hackers) جەخت لە دەرخستنی هەمان کلتوری دیجیتاڵی کردۆتەوە کە لەلای وەرگر دروست بووە.

8- **(فارس مهدي القيسي) (2007)، (التكنولوجيا الرقمية في الانتاج السينمائي والتلفزيوني)**[1]

ئەم توێژینەوەیە تاوتوێکردنی سینەمایە لە پای ئەو شۆرشە دیجیتاڵییەی کە بۆتە مایەی گۆڕانکاری ئابووری و هاتنە کایەی دیجیتاڵ کامێرا و ئامرازە دیجیتالیەکانی تری پرۆسەی بەرهەمهێنانی سینمایی، توێژەر ئاماژەی بە چەند پرسیارێک کردووە وەک :ئایا لە سەروبەندی شۆرشی دیجیتالیدا سینەما (کلاسیکی) بەرەو نەمان دەڕوات؟ ئەو بژاردە نوێیانە کامانەن کە شۆڕشی دیجیتاڵیی بۆ بواری پیشەسازی سینەمای دەستەبەر دەکات؟ سوودمەندییەکانی شۆڕشی دیجیتاڵی چی دەبێت لە پیشەسازی سینەمادا؟ هەروەها باس لە بەکارهێنانی تەکنیکە دیجیتاڵیەکان دەکات لە قۆناغێکدا کە دەکەوێتە پێش بەرهەمهێنان و وێنە گرتن و دوای بەرهەمهێنان و نمایش کردنی لە هۆڵەکانی سینەما یان لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان یاخود لەسەر ستەیجە سینەماییە دیجیتاڵییەکان.

ئامانجی توێژینەوەکە تیشک خستنە سەر ئامرازە دیجیتاڵییە نوێیەکانە لە بواری پیشەسازی فیلم و تەلەفزیوندا بەتایبەت "لە بوارەکانی وێنەگرتن و رووناکی و مونتاژ کردن و کاریگەرییە دیجیتاڵییەکان و ئەوفیلمانەی" کە رەگەزە هونەرییە بینراوە مادییەکان ئاوێتەی رەگەزە ئەلکترۆنییە گریمانییە دەبێت لە قەوارەیەکی هونەری هاوئاهەنگدا.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە: توێژەر وایدەبینێت شۆڕشی دیجیتاڵی وایکردووە تەکنیکە دیجیتاڵییەکان تێهەڵکێشی جیهانی سینەما ببێت لە بواری پەیوەندیکردن و بەرفراوان کردنی ئەو پەخشە تەلەفزیۆنییەی کە لەم سەردەمە هاوچەرخەدا هاتۆتە کایەوە بە جۆرێک ئەم تەکنیکانە لە بواری پیشەسازی سینەمای باودا سنوردار بووە، هەر بۆیە بووە مایەی

---

[1] فارس مهدي القيسي، (التكنولوجيا الرقمية في الانتاج السينمائي والتلفزيوني)، الاكاديمی- 47، 2007 ، https://www.iasj.net/iasj/download/5031ee4443957fe7.

هەرەسی پێکهێنانی ستودیۆکانی تایبەت بە شتنەوە و چاپکردنی فیلمە نێگەتیڤەکان و ئامێرەکانی ڕێکردنەوەی ڕەنگ و هاوسەنکردنی کیمایی و مۆنتاژی بینراو و...هتد. شۆڕشی دیجیتاڵی کۆتایی بەو شێوازی بەرهەمهێنانە هێنا و قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی فیلمە سینەماییەکانی کورت کردۆتەوەوە، و بەرزی کوالیتی و ئاستی تێچوونی زیاتر کرد و تەکنیککارانی سینمای کلاسیکی ناچار کرد بە دوای ئاسۆیەکی نوێدا بگەڕێن و لە ڕێی ئامراز دیجیتاڵیەکانەوە بەرەو قۆناغێکی نوێ و پیشکەوتووتر ڕاگوزەر بکەن بۆ ئەنجامدانی کارە سینەماییەکان.

**دووەم: توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی**

**دڵشاد مستەفا رازاوە (2015)**

(CINEMATIZING GENOCIDE: EXPLORING CINEMATIC FORM AND ITS RELATIONSHIP TO THE HIDDEN VOICES OF THE KURDISH GENOCIDE OF- 1988- University of Salford UK). [1]

ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەر دۆزینەوەی ئەو بۆشیاییە کردووە کە لەنێو سینەمای هاوچەرخی کوردیدا توێژەر درکی پێکردوووە، سەبارەت بەو کۆمەڵکوژییەی بەسەر گەلی کوردا هاتووە لە ساڵی 1988، بە جۆرێک ئەم پرسە لایەن فیلمسازان و دەرهێنەرانەوە مامەڵەیەکی گونجاوی لەگەڵدا نەکراوە، توێژینەوەکە لە ڕێی چەند چالاکیەکی ئەزموونیەوە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو شێوازە نوێیانەی داوە کە توانای گوزارشتکردنی هەبێت لەو جینۆسایدە ،بە مەبەستی باشتر ناساندنی ئەم پرسە و هاوکات برەودان بە زمانی سینەمایی کە دەشێ دەرفەتی نوێ لەبەردەم فیلمسازانی کوردیدا هەموار بکات بۆ گوزارشت کردن لە خۆیان بەتایبەتی بۆ داڕشتنی تێگەشتنێکی نوێ لە چەمکی ستراکچەرێکی ڕەچە شکێن، هاوکات بەم هەنگاوە ئەزموونیە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە دەدات کە لە نێوان مێژووی ڕاستەقینەی کۆمەڵکوژی ئەنفال وریگاکانی ئەنجامدانی لەگەڵ چۆنێەتی کردنیان بە فیلم، و چۆنیەتی بەکارهێنانی فیلم وەک ئامڕازێکی توێژینەوەکە تا ببێتە دەنگی کپکراوی قوربانیانی ئەم کۆمەڵکوژییە.

---

(1) Dilshad Mstafa Razaw,( CINEMATIZING GENOCIDE: EXPLORING CINEMATIC FORM AND ITS RELATIONSHIP TO THE HIDDEN VOICES OF THE KURDISH GENOCIDE OF 1988),Unpublished Doctoral Thesis , ( UK :University of Salford, School of Arts & Media, 2015).

ئامانجی توێژینەوەکە:

1- شیکاری کردنی هەوڵەکانی فیلمسازانی کورد بۆ وێناکردنەوەی جینۆسایدی کورد و هەلسەنگاندنی ئەو گوتارەی گەیاندویانەتە بینەر.

2- پشکنین لە نەستی قوربانیدا و گەڕان بە نێو یادەوەرەکانیدا وەک تاک پاشان فۆرمۆڵەبوونی لە کۆیادەوەرییدا کە دەشێت دەروونی زۆرینەی قوربانییەکان رازی بکات.

3- شیکاری بونیادی گێڕانەوە بە پشت بەستن بە مامەڵەکردن لەگەڵ چیرۆکی قوربانیدا و کۆکردنەوەیان لە نێو یەک بونیاددا بۆ دارشتنی لە چوارچێوەی چیرۆکدا.

4- دۆزینەوەی فۆرمیکی سینەمایی گونجاو بۆ بەمیدیا کردنی ئەو چیرۆکە چونکە لە بنەچەدا سینەما وەک فۆرمیکی میدیایی سەردەمی بەهێز و کاریگەر کار لەسەر ویژدان و هۆشیاری وەرگر دەکات.

ئەنجامی توێژینەوە:

توێژەر دەریدەخات کە فیلمسازان نزیک بوونەتەوە لە چەمکەکە(جینۆساید) بەشێوەی جۆراوجۆر، و زۆرێک لە فیلمەکان  بە روونی توانای وێناکردنی ئەو نەهامەتیەیان نەبووە، کە کاریگەری لە سەر ژیانی رزگار بووان هەبووە، و زۆرێک لەو چیرۆکە ئاڵۆزانەی پەیوەستن بە ژیانی رزگار بووانەوە بە تەواو نەکراوی جێهێڵراون.دۆزینەوەی توانا نوێ کە یارمەتیدەر بوون بۆ توێژەر بۆ گەشتن بە ئەو ئەزموونانەی کە تا ئێستا لە زۆربەی فیلمەکانی سینەمای کوردیدا کاری لە سەر نەکراوە . دۆزینەوەی فۆرمێکی گونجاوی سینەمای بۆ لایەنە شاراوەکانی ئەو کارەساتە، پڕۆژەکە پەی بە چەند رێگەیەکی جیاواز بردووە بۆ گۆڕین یادەوەری تاکە کەسی بۆ کۆیادەوەری.

**خاڵە هاوبەشەکانی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا:**

1- **میتۆدی توێژینەوە:**یەکێک لە خاڵە هاوبەشەکانی توێژینەوەکانی پێشووتر لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە میتۆدی توێژینەوەکان وەسفییە جگە لە توێژینەوەکانی(دڵشاد مستەفا رازاوە-2015) کە ئەزموونیە و (فارس مهدي القيسي-2007)، ئاماژەی بە میتۆدی توێژینەوەکە نەکردووە.

2- **جۆری توێژینەوە:** جگە لە توێژینەوەکانی(دڵشاد مستەفا رازاوە-2015) و توێژینەوەی (فارس مهدي القيسي-2007)، جۆری رووپێوی یەکێکی ترە لە خاڵە هاوبەشەکانی

نێوان ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا کە هەمان جۆریان بەکارهێناوە بەو پێیەی زۆربەی توێژینەوەکانی بواری میدیا و سینەما پشت پێ دەبەستن بۆ گەیشتن بەو زانیارییانەی کە خزمەت بە ئامانجی توێژینەوە دەکات.

3- **ئامرازی بەکارهاتوو:** جگە لە توێژینەوەکانی(دڵشاد مستەفا رازاوە-2015) و توێژینەوەی (فارس مهدي القيسي-2007)،شیکاری ناوەرۆک و راپرسی خاڵێکی تری هاوبەشی نێوانی توێژینەوەکانە تا لە رێیەوە شیکاری و راپرسی بۆ ئەو بابەتانەی پێ بکرێت کە دەکەونە چوارچێوەی گۆڕاوە سەربەخۆ و پاشکۆکان و زۆرترین زانیاری پەیوەست بە توێژینەوەکە دەستەبەربکات. توێژینەوەی (هونەر رسول صالح-2010) لەگەڵ ئەوەی میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، و بۆ کۆکردنەوەی زانیاریش پشتی بە داتاکانی کۆمپیوتەر بەستووە.(جوان جلال الدين-2012) جگە لە شیکاری ناوەڕۆک لە رێی ئامرازی راپرسیی و تێبینی کردنەوە داتا و زانیاری بە دەستهێناوە. سەرباری شیکاری ناوەڕۆک توێژینەوەی (ماجد فضل صقر حبيب -2014) چاوپێکەتن ئامرازیکی تری کۆکردنەوەی زانیارییەکانی بووە.هەروەها (هاوار مستەفاخان-2018)و( علاء أحمد عواد عبدالرزاق-2016) فۆرمی راپرسیان بەکارهێناوە.

4-**گۆڕاوە سەربەخۆ و پاشکۆکان:** سەبارەت بە گۆڕاوەکانی کۆی توێژینەوەکان لە چوارچێوەی میدیاو میدیای دیجیتالی و سینەمادا دەسورێتەوە کە هەندێک لەگەڵ گۆڕاوە سەربەخۆکەدا یەکانگیر دەبن یاخود لەگەڵ گۆڕاوە پاشکۆکەدا یان لەگەڵ یەکیک لەئامانجەکاندا، یاخود لەگەڵ بیرۆکەی گشتی و خاڵە جەوهەرییەکانی توێژینەوەکەدا یەکدەگرنەوە. بە جۆرێک توێژینەوەی(هاني عبد علي الركابي-2019) تاوتوێکردنی بەگەرخستنی تەکنیکە دیجیتالیەکانە لەبەرجەستەکردنی کارە دراماییەکاندا لە نێو فیلمە سینەماییەکاندا هەریەک لە تەکنیکە دیجیتالیەکان و فیلمە سینەماییەکان دوو چەمکی گرنگی نێو ئەم توێژینەوەیەن بۆیە ئەمەش دەبێتە خاڵی هاوبەش لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە. توێژینەوەی (هاوار مستەفا خان -2018) تاوتوێکردنی فیلمی دۆکیومێنتری وئاشنا بوونە بە گرنگترین خەسڵەتەکانی و مەمەڵەکردن لەگەڵیدا بۆ چۆنیەتی بە دۆکیمێنت کردنی رووداوەکانی نێو کۆمەڵگەیە، فیلمی دۆکیومێنتریش ژانرێکی گرنگی هەر دوو بواری میدیا و سینەمایە، سەرباری ئەوەی ژانرەکانی فیلمیش یەکێکە لە بابەتە سەرەکیەکانی توێژینەوەکەیە، هەروەها دەشێ دووبارە وەک سەرچاوەیەکی زانیاری و سوودی هەبێت بۆ توێژینەوەکە لە بەشی تیۆری پەیوەست بە

بابەتە سینەماییەکان. توێژینەوەی(علاء أحمد عواد العبد الرزاق–2016) کاری لە سەر دەرخستنی رادەی بەرکەوتن و کاریگەری فیلمە سینەماییەکان کردووە لە سەر گەنجانی زانکۆی ئوردون بەراورد بە ئامرازە میدیاییەکانی تر توێژەر(علاء أحمد عواد العبد الرزاق) ئاماژە بە کردووە سینەما ئامرازێکی گرنگ و کاریگەرە لە پرۆسەی کومیونیکەشنی جەماوەریدا ئەمەش خاڵێکی هاوبەشی بەهێزە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەی ئێستادا. توێژینەوەی (دڵشاد مستەفا رازاوە–2015) کار لە سەر دەرخستی رۆڵی سینەما دەکات لە ناساندنی پرسێکی گرنگی وەک جینۆساید تا لە ئامرازێکەوە ببێتە دەنگی کپکراوی قوربانیانی ئەم کۆمەڵکوژییە کە بەسەر گەلی کوردا هاتووە. هاوکات یەکێک لە ئامانجەکانی هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی فۆرمیکی سینەمایی گونجاو بۆ بە میدیا کردنی ئەو چیرۆکە چونکە لە بنەچەدا سینەما وەک فۆرمیکی میدیایی سەردەمی بەهێز و کاریگەر کار لەسەر ویژدان و هۆشیاری وەرگر دەکات.ئەمەش لەگەڵ ئەو ئامانجەدا هاوبەش کە لەم توێژینەوەیەدا هەیە سەبارەت بە گرێدانەوەی میدیا و سینەما پێکەوە وەک دوو ئامرازی گرنگی لێکدانەبڕاوی پڕۆسەی کۆمیونیکەیشن. توێژینەوەی (ماجد فضل صقر حبيب– 2014) تاوتوێ کردنی پێگەی ئەلکترۆنی رۆژنامە ئەلکترۆنییە فەلستینیەکان سەبارەت بەو بژاردە تەکنیکیانەی کە لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت فەراهەمکراون هەریەک لە پێگەی ئەلکترۆنی و تەکنیکە دیجیتالیەکان خاڵی هاوبەشی نێوان توێژینەوەی ناوبراو، و ئەم توێژینەوەیە. توێژینەوەی هەریەک لە (جوان جلال الدين–2012) و (هونەر رسول صالح–2010) خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا رۆژنامەوانی ئەلکترۆنی کوردییە کە لەگەڵ ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەدا یەکانگیر دەبنەوە ئەویش پێگەی ئەلکترۆنییە کوردییەکانە کە گۆڕاوی سەربەخۆی ئەم توێژینەوەیەشە. توێژینەوەی (عبدالباسط سلمان–2008)جەخت لە بەرجەستە کردنی تەکنیکە دیجیتاڵیەکان دەکات لە میدیا و سینەمادا، دەسکەوتە دیجیتاڵیەکانیش خاڵێکی جەوهەری توێژینەوەکەیە. خستنە رووی ئاستی پەرەسەندنی ئەم تەکنەلۆژیاییە لە بواری سینەما و میدیادا ئامانجێکی توێژینەوەکەیەتی (عبدالباسط سلمان). یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەش دەرخستنی پەیوەندی میدیا و سینەما لە سەردەمی دیجیتاڵدا.هەربۆیە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەشدا لە دوو خاڵی سەرەکیدا هاوبەشین. توێژینەوەی (فارس مهدي القيسي–2007)، ئاماژە بەو گۆڕانکارییانە دەکات لە بواری سینەمادا بەدی هاتووە لە سایەی شۆرشە دیجیتاڵیدا چ سودێکی بە پیشەسازی سینەما

گەیاندووە. خاڵی هاوبەش بابەتە سینەماییەکانە کە گۆڕاوی پاشکۆی توێژینەوەیە وهاوکات شۆرشی دیجیتاڵی بابەتێکی گرنگی نێو ئەم توێژینەوەیە.

**5- سوودی توێژینەوەکانی پێشوو:**

1- فراوان بوونی ئاسۆی زانیاری سەبارەت بە بابەتەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکە.

2- ئاشنا بوون بە شێوازی جۆراوجۆری پۆلێنکردنی هەنگاوەکانی توێژینەوە.

3- وەرگرتنی بیرۆکەیەکی گشتی لەسەر چۆنێتی دارشتنی ستراکچەری گشتی توێژینەوەکە، بەتایبەت لە بەشی تیۆریدا.

4-دڵنیا بوونی زیاتر لە گرنگی هەڵبژاردن و ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، بەو پێیەی یەکەم توێژینەوە دەبێت بەم ناونیشانە کاری لەسەر بکرێت.

5- ئەگەری دووبارە بەکارهێنانەوەی توێژینەوەکان وەک سەرچاوەیەکی زانیاری.

## یازدەیەم: پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە

ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە وەک گۆڕاوی سەربەخۆ و پاشکۆکانی توێژینەوە هەنگاوێکی بە هەندوەرگیراوە لە توێژینەوەی زانستیدا، بەو پێیەی هەریەک لەو چەمکانە هەڵگری واتاسازیەکی جیاوازن، کە پێویستە ئەرک و واتای هەریەکەیان دیاریبکرێت لە چوارچێوەی توێژینەوەکەدا، هەربۆیە لە رێی پێناسەی تیۆری و پێناسە رێکارییەکانەوە چەمکەکانی ئەم توێژینەوە لەلایەن توێژەرەوە دەخرێتە روو.

**پێناسە تیۆرییەکان:**

**یەکەم- رووماڵ:** ئەو چالاکییە سەبارەت روداوێک یان بابەتێک لە رۆژنامە، یاخود بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان.. هتد ئامادە دەکرێت.[1]

**دووەم-پێگەی ئەلکترۆنی:** لە کۆمەڵە لاپەرەیەکی ئینتەرنێتی جیهانی پێکهاتووە، کە بە هۆی هایپەرلینکی تێکچڕاوی پێکەوبەستراوە لە سەر تۆرەکانی ئینتەرنێت فەراهەم دەکرێت، لە لایەن تاکێک، کۆمپانیایەک، یاخود دامەزراوەیەکی حکومی، پەروەردەی یان رێکخراوێک.[2]

---

(1)https://www.britannica.com/dictionary/coverage

(2) https://www.merriam-webster.com/dictionary/website

**سێیەم – بابەت:** کەسێک یان شتێک کە تاووتوێ بکرێت، روونکردنەوەی لە سەر بدرێت، یا مامەڵەی لە گەڵەدا بکرێت.[1]

**چوارەم –سینەما:** هونەر یان تەکنیکی بەرهەمهێنانی وێنەی جوڵاوە.[2]

**پێناسە رێکارییەکان:**

**یەکەم– رووماڵ**: لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لە پرۆسەی بەدەستهێنانی داتا و زانیار و وردەکاریە سەبارەت بەو بابەتە سینەماییانەی کە لەشێوەی هەر ژانرێکی میدیایی یاخود سینەمایدا پێگە ئەلکترونییە کوردییە سینەماییەکان پەخش و بڵاویان کردۆتەوە.

**دووەم–پێگەی ئەلکترۆنییە کوردییەکان:** ناساندنی رێکاری لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا مەبەست لەو پێگە تایبەنمەندە کوردییانەیە وەک مەودایەکی فراوانی ئینتەرنێتی کە کارو چالاکییەکانیان پەیوەستە بە پەخش و بڵاو کردنەوەی بابەتە سینەماییە لۆکاڵی و هەرێمی و جیهانییەکان.

**سێیەم–بابەتە سینەماییەکان:** پێناسەی رێکاری بابەتە سینەماییەکان لەم توێژینەوەیەدا، هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە دەکەونە خانەی سینەماوە و پەیوەستن بە بواری فیلمسازیەوە بە هەموو چەمک و ژانرە جیاوازەکانەوە، بە پێ جیاوازی تێڕوانین و بایەخپێدانی پێگە سینەماییە کوردییەکان بە بابەتە سینەماییەکان.

---

(1)https://www.merriam-webster.com/dictionary/cinema

(2) https://www.collinsdictionary.com/dictionary/english/cinema

# بەشی دووەم: دیجیتاڵ میدیا و پێگەی ئەلکترۆنی

**پاری یەکەم: دیجیتاڵ میدیا**

**پاری دووەم: پێگەی ئەلکترۆنی**

# پاری یەکەم: دیجیتاڵ میدیا

## یەکەم: دیجیتاڵ میدیا (Digital Media)

مشتومڕئامێزی دنیای دیجیتاڵ وایکردووە پسپۆڕانی بواری میدیا کۆک نەبن لەسەرئەوەی، کە ئایا هەر ئامرازە کۆنە میدیاییەکانە و لە بەرگێکی نوێدا خۆیان دەنوێنن، یاخود زادەی ئەو گەشەسەندنەی تەکنەلۆژیایە، کە گوازرشتە لەو دنیا گریمانەیەی (Virtual) لە ئێستادا بە ڕەهەندی جیاوازتر لە نێو ژینگەیەکی میدیایی نوێدا بەرجەستە بووە. هەربۆیە تێڕوانینە جیاوازەکان ناوی جۆراوجۆری بۆ ئەم چەمکە (دیجیتاڵ میدیا) بە دوای خۆیدا هێناوە. هەندێک لە پسپۆڕانی میدیا ڕوژنامەی ئەلکترۆنی بە دیجیتاڵ میدیا (میدیایی نویێ)ناو دەبەن. هەندێکی تریان تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بە دیجیتاڵ میدیا ناودەبەن.

هەرچەندە پەرشوبڵاوی ناو لێنانی ئەم بوارە وایکردووە مێژوویەکی دیاریکراو نەبێت سەبارەت بە دیجیتاڵ میدیا، بەڵام بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە لەگەڵ بەرهەمێنانی بەرنامە ڕاستەوخۆکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە ساڵی 1960هەڵکشانی بەخۆیەوە بینی. هاوکات دەرکەوتنی بەرنامەکانی وەک ئۆپرا و بەرنامەکانی بەیانیان لە ئەمریکا و تابلوید و دەرکەوتنی تەلەفزیۆنی کارلێکی کە بەهۆی ئینتەرنێتەوە بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دیجیتاڵ میدیا دادەنرێت ڕادەی بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیەی زیاتر کرد.

لێشاوە گۆرانکارییەکانی وەک داهێنانی ئینتەرنێت لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست و یەکدا و دەرکەوتنی شێوازەکانی پەیوەندیکردن لە سایەی تۆرە جاڵجاڵۆکەیەکانەوە، و گواستنەوەی زانیاری لە ساڵی 1990 وایکرد بەشێوەیەکی بەرفراوانتر دەستەواژەی دیجیتاڵ میدیا بەکاربهێنرێت. ئیتر لەو ساتەوە تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی ( Digital Technologies) بووە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان میدیای کۆن و نویێ. گەشە و گۆڕانە تەکنەلۆژییە یەک لە دوای یەکەکان داهێنانی نوێتری بەدوای خۆیدا هێنا، بە جۆرێک دەرکەوتنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پلاتفۆڕمێکی گریمانەیەی (Virtual)ی بۆ بەکارهێنەران دەستەبەر کرد کە بووە مەیدانێک بۆ گوزارشت کردن لە خۆیان، ئەمەش بەکارهێنانی دەستەواژەی (دیجیتاڵ میدیا)ی زیاتر کرد. دیاردەی تەقینەوەی زانیارییەکان و پەرەسەندنی شێوازەکانی پەیوەندیکردن و پاشان دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەک یوتیوب (YouTube) و فەیسبووک (Facebook) و تویتەر (Tweeter) و بڵۆگەکان (Blogs) و ئامرازە خێراکانی گەڕان بە دوای زانیاریدا وایکرد پانتایی گریمانەیی (Virtual)ی زیاتر لە بەردەم بەکارهێنەراندا فەراهەم بکات. هەر بۆیە مەودا جوگرافییەکان کەوتنە بەر هەڕەشەی

سرینەوە و جەماوەر (بەکارهێنەران) سەرباری جیاوازی نەژاد و نەتەوە و کلتوریان کەوتنە گفتوگۆ و مشتومڕوو کردن لەگەڵ ئەو بەکارهێنەرانەی لە دەرەوەی سنورە جوگرافیەکانی خۆیان دەژیان.[1]

## دووەم : پێناسەی دیجیتاڵ میدیا

دیجیتاڵ میدیا دەستەواژەیەکی نوێیە پێچەوانەیە لەگەڵ میدیای کلاسیکیدا بەوپێیەی چیتر لەلایەن دەستەبژێر و پیشەنگەکانی میدیاوە کۆنترۆڵ ناکرێت، بەڵکو بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەردەستە، و هەمووان دەتوانن بەکارییهێنن. پێناسەیەکی گشتگیر نیە سەبارەت بە چەمکی دیجیتاڵ میدیا کە پسۆڕانی ئەم بوارە لە ڕووی زانستییەوە لە سەری پێکهاتبن، بۆیە پێناسەی جۆراوی بۆ کراوە لەوانە:[2]

**1-** چەند شێوازێک و چالاکیەکی دیجیتاڵی نوێیە کە دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوی بەدەست هێنانی بابەتە میدیاییەکان بە فۆرمی جۆراوجۆر لە پرۆسەی کارلێکی نێوان نێرەر و وەرگردا لە رێی ئەو ئامێرە ئەلکترۆنییەکانەوە کە بەستراون بە ناوەندەکانی ئینتەرنێتەوە.[3]

2- ئەو میدیاییە کە سەرجەم ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بەکاردەهێنیت بۆ گەشتن بە جەماوەر لە هەر کوێیەک بن و چۆنیان بوێت.[4]

3- کۆی ئەو هونەرە رۆژنامەوانیانە دەگرێتەوە کە لە رێی تۆرە زانیارییە ئەلکترۆنییەکانەوە پەخش دەکرێت و دەرفەتی پەیوەندیکردن دەرەخسێنێت، و بە میکانیزمی تەکنەلۆژی و لێهاتوو دابەشکراوە بە سەر چەند ئایکۆنێکی تایبەتمەندا بۆ ئامادەکردنی هەواڵ و بابەتە نوێیەکان لە رێی دەستەی چاودێر و هەواڵسازە پرۆفیشناڵەکانەوە.[5]

---

(1) غالب كاظم جياد الدعمي، الإعلام الجديد/ اعتمادية متصاعدة – ووسائل متجددة، (عمان: دار أمجد للنشر و التوزيع، 2016) ص 53-55.

(2) حسنين شفيق، الإعلام الجديد و الجرائم الإلكترونية، (السادس من أكتوبر: دارالفكر وفن للطباعة والنشروالتوزيع، 2014)، ص15.

(3) انتصار محمد القحطاني، الإعلام الرقمي، (eimj مجلة الإلكترونية الشاملة متعددة التخصصات العدد (8) شباط، 2019)، ص10.

(4) مركز هردو لدعم التعبير الوطني، الرقابة القانونية على الإعلام الرقمي، (القاهرة، 2016)، ص 8.

(5) ياسر عبدالحكم طنطاوي، فنون العمل الصحفي و الإعلام الإلكتروني، (القاهرة: الدار الثقافية للنشر، 2016)، ص127.

4- جۆرێکی نوێی میدیاییە کە لە رووی ئامانج و چەمک و بنەما گشتیەکانەوە لەگەڵ میدیای کلاسیکدا هاوشێوەن. ئەم جۆرەی میدیاش لە رێی شێوازە ئەلکترۆنییەکانەوە مەیسەر دەبێت لە سەرو هەمووشیانەوە ئینتەرنێت.[1]

5- بریتیە لە پێکەوە گرێدانی کەرەستە مادییەکان، و پرۆسەی پەیرەوکاریی جەماوەری و گونجاندنی کۆمەڵایەتی و رێکخستنی بەشداریە لە پرۆسەی کۆمیونیکەیشنی مرۆییدا، سەرباری بوونی جیاوازی لە فۆرم و سیستمی ئامرازەکانی میدیای کلاسیکی لە رووی دیزاین وبەکارهێنانی بە بەردەوامی لێکدراو و یاخود دوو رەگە و تۆرێکی ئاڵۆسکاوی داینامیکیە، لە لایەکی تریشەوە دەرئەنجامە کۆمەڵایەتیەکانێتی کە ئامرازەکانی دیجیتاڵ میدیا بە هۆی کارلێکی و بڵاوبوونەوەی دەستبەردار بوونی ئەستەمە.[2]

لە کۆی ئەم پێناسانەوە دەرکەوت دیجیتاڵ میدیا: کۆکراوەی ئامرازە کلاسیکییەکانی میدیا و تەکنیکەکانی سەردەمە لە فۆرمێکی نوێدا لە رێی بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکەکانەوە بەکارهێنەران دەبەستێتەوە بە تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بە بێ بوونی بەربەستی جوگرافی.

## سێیەم: ئەو دەستەواژانەی بۆ دیجیتاڵ میدیا بەکارهاتوون

1- **میدیای جێگرەوە** (Alternative Media): بە بڕوای هەندێک میدیای جێگرەوە خودی میدیا نوێیە، بەڵام راستیەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە دەستەواژەی میدیای ئەڵتەرناتیڤ پێش دەرکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن نوێی بەکارهاتووە، و بەو ئامرازانە وتراون کە جەماوەر بۆ بە دەستهێنانی زانیاری پەنایان بۆ بردووە دوور لە و میدیایانەی کە دەسەڵاتی حوکمڕانی بەرێوەی بردوون. هەرچەندە مێژوویەکی دیاریکراو نیە لە بارەی سەرەتای بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە، بەڵام ئەوەی نەگۆڕە ئەوەیە کە ناوەکە ئاماژەیە بۆ ئەو شێوازانەی کە کۆمەڵگە بەکاریهێناوە لە بری میدیای حکومی باڵادەست. دەشێ میدیای ئەڵتەرناتیڤ جێگرەوەی رۆژنامە بێت وەک ئەوەی لە فەرەنسا روویدا لە سەروبەندی راپەرین کرێکاراندا کە رۆژنامەی لیبرەیشن (Liberation) دەرچوو وەک

---

(1) مروى عصام صلاح، الإعلام الإلكتروني الأسس و افاق المستقبل، (عمان: دار الإعصار للنشروالتوزيع، 2013)، ص148.

(2) ليا ليفرو، وسائل الإعلام الجديدة البديلة والناشطة، ت: هبة ربيع، (القاهرة: مركز القومى للترجمة، 2016)، ص21-22.

گوزارشتێک لە تیڕوانینە فیکرییەکانی چەپڕەوەکان دوای ئەوەی هەواڵەکانیان لە لایەن ڕۆژنامەکانی ترەوە بڵاو نەدەکرانەوە.

2- **میدیای ژمارەیی** (Digital Media): هەر ئامڕازێکی میدیا کە لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە بخوێنرێتەوە و بەرهەم بهێنرێت و ببینرێت و گۆڕانکاری تێدا بکرێت و هەڵبگیرێت (save)، وەک وێنەی دیجیتاڵی و ڤیدیۆیی دیجیتاڵی و پێگە و پەیجە ئەلکترۆنی و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و داتاو دەنگی دیجیتاڵی وفایلی (MP3) کتێبی ئەلکترۆنی جۆرێکن لە دیجیتاڵ میدیا کە جیاوازن لە ئامڕازە میدیاییە کلاسیکیەکانی وەک ڕۆژنامەی چاپکراو و کاسێت و فیلمەکان.[1]

3-**میدیای کارلێکی** (Interactive Media): کارلێکی بریتییە لە توانای ئامڕازە نوێیەکانی پەیوەندی کردن سەبارەت بە وەڵامدانەوەی گفتوگۆی بەکارهێنەران، بەهەمان شێوەی پرۆسەی ئەو گفتوگۆکردنەی کە لەنێوان دوو کەسدا ڕوو دەدات. ئەم تایبەتمەندییەش ڕەهەندیکی پڕ بەها و نوێی بۆ ئامڕازە میدیاییە جەماوەرییەکان دەستەبەر کردووە کە وەرگر دەتوانێت ئارەزوومەندانە سەرچاوە زانیاری و چێژ بەخشەکان بە گوێرەی کات و ویستی خۆی هەڵبژێریت.[2] ئەو میدیایە کە ڕێ هەموار دەکات بۆ کۆمیونیکەیشنیکی دوو لایەنە لە نێوان میدیا و بەکارهێنەراندا (وەک بینەر)، ئەوەش وادەکات بەکارهێنەر دەستکراوە بێت بۆ وەڵامدانەوە لە کاتێکی ڕاستەقینەدا.[3]

4- **میدیای ئۆتۆماتیک** (Automated Media): ئەو زانستەیە کە لە ڕێی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەوە، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک زانیارییەکان ڕێکدەخات لەسایەی پرۆگرامە تەکنەلۆژیەکانەوە، واتا ئەم جۆرەی میدیا پشت بەست بە تەکنەلۆژیای زانیاری کار لەسەر پەرەپێدان و بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی زانیارییەکان دەکات.[4]

5- **میدیای ئۆنلاین** (Online Media): دەستەواژەی ئۆنلاین لە توانایەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە هۆی تۆڕە جاڵجاڵۆکەیەکانەوە بۆ بەکارهێنەران فەراهەم کراوە، سەبارەت بە گواستنەوەی تەواوی بابەت و ڕووداوەکانی پەیوەست بە جەماوەر لە ڕێی ئامێرەکانی کۆمپیوتەرو و موبایل و ئەپلیکەیشنە جۆراوجۆرەکانەوە، سەرباری

---

(1) غالب کاظم جیاد الدعمي، مصدر السابق، ص 59-61.

(2) (https://alssafat.net/?p=1143 کاتی سەردان 12/3/2021 - 10:26 PM.

(3) Marcel Danesi, Dictionry of Media and Communications(New York ,M.E.Sharpe,2090),p 160.

(4) (https://slideplayer.fr/slide/14480050/ ) کاتی سەردان 12/3/2021 - 11:43 PM.

ئاسانکاریی بە ئاگا بوونی بەکارهێنەر لەوەی چی دەگوزەرێت لە جیهاندا ئیدی لە سەرکارەکەی یاخود لە هەر شوێنێکی تر بێت. هاوکات بژاردەکانی داونلۆد کردنی وێنە و فیلم و گرتە ڤیدیۆییەکان و پەیوەندی کردن بە کەسانی ترەوە بە شێوەکی ئێجگار ئاسان دەسکەوتێکی تری ئەم جۆرەی میدیاییە.

6- **میدیای زانیاری:** (Information Media)بە میدیای زانیاری و تەکنەلۆژیاش ناودەبرێت و ئاماژەیە بۆ ئەو سوود وەرگرتنەی کە لە تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردندا بەدی هاتووە، سەبارەت بە بەرهەمهێنانی زانیاری و پەخشکردنی بۆ جەماوەرێکی بەرفروان بە بێ بوونی بەربەستی جوگرافی و نەتەوەیی، هاوکات رادەی ئاسانکاری پەیوەندیکردن لە نێوان بەکارهێنەراندا لە رێی ئەپڵیکەیشنە جۆراوجۆرەکانەوە دەسکەوتێکی تری ئەم تەکنەلۆژیا نوێیەیە، هەڵبەت دەستەواژەی زانیاریش دەگەرێتەوە بۆ لێشاوی ئەو زانیارییانەی بۆ جەماوەر بەردەست خراوە لە سایەی تەکنەلۆژیادا.[1]

7- **سۆشیاڵ میدیا (Society Media):** فۆرمەکانی پەیوەندی کردنی ئەلکترۆنی وەک پێگە ئەلکترۆنییەکانی پەیوەست بە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و بلۆگە بچووکەکان کە لە لایەن بەکارهێنەرانەوە لە رێی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە پێک دەهێنرێت بە مەبەستی شێر کردن و ئاڵوگۆرکردنی بیروبۆچون و نامە و ناوەڕۆکی تری وەک گرتە ڤیدیۆییەکان.[2] سۆشیال میدیا دەستەواژەیەکی گشتگیرە سەبارەت بەو پێگە ئەلکترۆنی و ئەپڵیکەیشنانەی کە ڤۆکەس دەخانە سەر پەیوەندیکردنە کۆمەڵایەتی و کارلێکیەکان و شێرکردنی بابەتە ئاڵوگۆڕکراوەکان. هەریەک لە پێگەی ئەلکترۆنی و بلۆگە پچوکەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان جۆرێکن لە سۆشیاڵ میدیا.[3]

8- **مەڵتیمیدیا** (Multimedia): بەو بەرهەمە یاخود خزمەتگوزاریە ئاوێتەیانە دەوترێت کە خۆی لە ئاوێتە بوونی نێوان(تێکست و دەنگ و وێنە و ڤیدیۆ و داتا و...هتد) دەبینێتەوە کە پێشتر هەریەکەیان بە جیا بەرهەم دەهێنران. لەم سەردەمەدا لە سایەی ئەو بژاردە کارلێکیەی لە نێو میدیادا بە هۆی تەکنەلۆژیاوە بە دەست هاتووە، بەکارهێنەر دەتوانێت بە ویستی خۆی مامەڵە لەگەڵ بابەتەکانی مەڵتی میدیادا بکات. سەرباری ئاڵوگۆڕکردنی بابەتە میدیاییە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی نێوان دەمەزراوەکان، و فرەیی خزمەتگوزاری

---

(1) غالب كاظم جياد الدعمي، مصدر السابق، ص 62.

(2) https://www.merriam-webster.com/dictionary/social%20media

(3) https://whatis.techtarget.com/definition/social-media, By Ben Lutkevich, social media کاتی سەردان,13/3/2021, 10:00 PM.

میدیایی و مامەڵە ئەلکترۆنییەکان، سەرجەم چالاکیە ئابووری و بوارە جۆروجۆرەکانی وەک خزمەتگوزارییە گشتیەکان لە دوورەوە،و بواری پزیشکی و وبازرگانی ئەلکترۆنی... هتد، دەگرێتەوە کە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی دەکەن.[1]

9-**میدیای ئەلکترۆنی** (Electronic Communication): گوزارشتە لە میدیای سەردەم کە لە چەمک و بنەما گشتیەکان و ئامانجەکاندا لەگەڵ میدیای کلاسیکدا یەکدەگرنەوە، ئەوەی جیای دەکاتەوە لە میدیای کلاسیک بریتیە لە پشت بەستن بە شێوازە نوێیەکانی میدیا کە خۆی لە ئاوێتە بوونی نێوان ئامرازە پەیوەندییە کلاسیکیەکاندا دەبینێتەوە، بە مەبەستی گەیاندنی ناوەرۆکی پەیامەکان بە شێوەیەکی پاراوتر و کاریگەرتر و فراوانتر. ئینتەرنێتش دەرفەتێکی ئێجگار زۆری لە بەردەم میدیاکاراندا رەخساندوە تا بتوانن بە شێوەیەکی ئەلکترۆنی بابەتە میدیاییەکان بڵاوبکەنەوە بە بێ گەڕانەوە بۆ ئامرازە کلاسیکیەکان. [2]

10- **هایپەر میدیا** (hyper media) لە چەند بەشێکی زانیاری و لینکی نێوانیان پیکدێت نموونەی ئەوەش ئەو تێکستانەیە کە پەراوێزیان هەیە و دەشێ ببینرێن و لە رێی هێمای پەراوێزەکانەوە دەتوانین لە زانیارییەکەوە بچین بۆ زانیارییەکی تر .[3] بە هۆی سروشتی بەیەکدا چوو،هەروەها توانای پێکهێنانی زانیاری بەیەکەوە بەستراو بە هۆی گەیەنەرە هەیپەرییەکانەوە پێی دەوترێت هایپەر میدیا .[4]

11- **سایبەرسپەیس** (Cyberspace): ژینگەیەکی گریمانەییە کە پڕۆسەی پەیوەندییەکانی پێ مەیسەر دەبێت لە سەر سکرینی کۆمپیوتەر لە سایەی ئینتەرنێتەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و زیاد بوونی بەکارهێنانی، سایبەر سپەیس بووە دەستەواژەیەکی باوەی بواری ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی لە ساڵانی نوەتەکاندا.[5] بۆ یەکەم جار ئەم دەستەواژە لە(1982) لە لایەن رۆمان نووسی ئەمریکی بە رەگەز کەنەدی (ولیام گیبسن)ەوە بەکارهێنرا لە کورتە چیرۆکەکەیدا بە ناوی

---

(1) فرانسو لسلي، نيقولا ماكاريز، ملتيميديا، ت:فؤاد شاهين، (بيروت: عويدات للنشر و الطباعة،2001)،ص 7-8.

(2) عبدالرزاق محمد الدليمي، مدخل الى وساعل الإعلام الجديد، (عمان: دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة،2013)، ص177.

(3) Cliff Mcknigh &others , Hypertext/Hypermedia, research ,(Austtin: Universty of Texas ,1992) ,p2.

(4) عثمان محمد الدليمي، مواقع التواصل الاجتماعي، (عمان: دار غيداء للنشر و التوزيع،2020)، ص29.

(5) غالب كاظم جياد الدعمي، مصدر السابق، ص 64.

(Burning Chrom) کە بەهۆی کۆمپیوتەرەوە دروست کرا وگوزارشتێک بوو بۆ واقعی گریمانەیی.[1]

12- **میدیای هاوبەش** (Participatory Media): واتا هاوڵاتی ئاسایی بەشدار بێت لە دارشتنی ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان بە هاوکاری میدیاکارە پڕۆفیشاڵەکان کە دواجار ئەو بەرپرسیارێتی بەرهەم هێنانی پەیامی (میدیاکار) لە ئەستۆ دایە کاتێک کە پەخش و بڵاو دەبێتەوە، ئەم چالاکیە هاوبەشەش خۆی لە چەند فۆرمێکدا ببینێتەوە، دەشێ کۆمێنتی جەماوەر بێت لە بارەی ئەو چیرۆک و هەواڵانەی بڵاو دەکرێنەوە ببێتە مایەی پێدانی بابەتی بینراو و یان بیستراوە بە دامەزراوە میدیاییەکان کە جەماوەر خۆی ئامادەی کردووە دەبێتە تەواوکاری ئەو هەواڵ و چیرۆکانە. [2]

## چوارەم: تایبەتمەندییەکانی دیجیتاڵ میدیا

1- **کارلێکی:** دیجتاڵ میدیا لەسەر ئەو بیرۆکەیە بونیاد نراوە، کە جەماوەر توانای بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکە میدیاییەکانی وەک سازاندن و پێداچوونەوە و مۆنتاژی رۆژنامەوانییەکانی هەبێت لەڕێی ئەو ئامڕازە تەکنەلۆژیانەی بۆیان فەراهەمکراوە. هەربۆیە خۆی دەبێتە کۆنترۆڵکاری ئەوپەیامەی دەینێرێت و پەخشی دەکات بەم هەنگاوەش لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا رۆڵی نێرەر و وەرگریش دەگێرێت دەبێتە پەیوەندییەکی دوو ئاڕاستە (Two Way Communication)ی کارلێکی بەو مانایەی وەرگر لەرێی ئامڕازە نوێیەکانی پەیوەندیکردنەوە توانای وەڵامدانەوەی ئەو پەیامەی دەبێت کە ئاڕاستەی دەکرێت.

2- **ئازادی کاری میدیایی:** بەرفراوانکردنی دەرفەتی ئازادی میدیایی وەک تایبەتمەندییەکی تری تەکنەلۆژیای دیجیتاڵ میدیا هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراو بوو. بە جۆرێک بەستنەوەی هەر تاکێک بە تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە واتا رەخساندنی دەرفەتی نووسین و بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی، کە دەتوانێت بە ئاسانی و بە تێچوونێکی کەم ئاڕاستەی سەرانسەری جیهانی بکات . لەپاڵ بڵاوبوونەوەی ئامێرە زیرەکەکانی وەک مۆبایل و بوونی تۆڕەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و تویتەر و یوتیوب بلۆگەر و.. وایکردووە لەو وڵاتە دیموکراسییەکان جەماوەر ئازادانە گفتوگۆی هەر بابەتێک بکەن کە بە خەیاڵیاندا دێت

[1] Vassilys Fourkas, What is Cyber Space, 2004, کاتی سەردان 15/3/2021 - 8:50 PM.
www.researchgate.net/publication/328928631_What_is_'cyberspace

[2] خالد جمال عبده، الإعلام البديل على الإنترنيت، (القاهرة: المكتب العربي للمعارف، 2016)، ص 44-45

لەگەڵ کەسانێک کە لە هەر شوێنێکی دنیادا بن، بە بێ بوونی هیچ بەربەستێکی پەیوەست بە کات و شوێن.[1]

3- **پشت بەستن بە مەڵتی میدیا:** ئینتەرنێت سەرچاوەی زۆرترین سوودمەندی پەیوەندیکردنە لە سایەی تەکنەلۆژیای مەڵتی میدیاوە دەرفەتی پەیوەندیکردن دەرەخسێنێت لە یەککاتدا لە رێی کیبۆرد و دەنگ، وێنە وتێکستەوە پەیامە میدیاییەکان دەگەیەنێت بە وەرگر.

4- **هەڵبژاردنی ئارەزوومەندانە:** بەکارهێنەرانی دیجیتاڵ میدیا زۆرترین دەرفەتی هەڵبژاردنیان بۆ والایە، تا بە ویستی خۆیان ئارەزوومەندانە ئەو ناوەرۆکانە هەڵبژێرن کە لەگەڵ پاڵنەرەکانیاندا دەگونجێن، ئەو بەرکەوتنە ئارەزوومەندانەش(Selectivity) وا دەکات کاریگەری دوو هێندەی جەماوەری لێ پەیدا بێت کە پێیدەوترێت بەرکەوتنی ئارەزوومەندانە بە ئامرازە میدیاییەکان، بەو مانایەی جەماوەر ئەو بابەتانە دەستنیشان دەکەن کە ویستی خۆیانە.[2]

5- **تەواوکاری:** ئیتەرنێت وەک چەترێک رۆڵ دەگێڕێت لە نێوان شێوازەکانی پەیوەندیکردن و ئامرازە دیجیتاڵیە جیاوازەکان، وهەروەها ناوەڕۆکی پەیامەکان بە ئەرک و فرە جۆریانەوە لە سیستمێکی یەکگرتوودا پێکەوە دەیانبەستێتەوە، و دەرفەتێکی تەواوکاری بۆ وەرگر دەرەخسێنێت سەبارەت بە بژاردەکانی بۆی فەراهەم کراوە. بە جۆرێک وەرگر لە کاتی بەرکەوتنی بە هەر بابەتێکی میدیایی دەتوانێت بە ویستی خۆی سەیڤ یاخود ریکۆردی یاخود کۆپی بابەتەکە بکات، ئەمەش لە سایەی ئەو سیستمە دیجیتاڵیە نوێیە بەدی دێت کە بۆ شێوازەکانی بەرکەوتن بە فۆرمێکی تەواوکاری لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت فەراهەمکراوە.

6- **بە تاک و بەشبەش:** فەراهەمکردنی پروتۆکۆڵ و پڕۆگرامە جۆراوجۆرەکانی نێو پەیوەندیکردنی دیجیتاڵی بەهای تاکی بڵند کردووە بژاردەی زۆری بۆ لایەنی پەیوەندیکار دابین کردووە کە بۆتە مایەی سەربەستی گەڕان و هەڵبژاردن و بەکارهێنان و هەڵسەنگاندن و سوود بینین لە پڕۆسەی پەیوەندیکردن .ئەم هەنگاوەش بەها و نرخی تاکی زیاد کرد، و وایکردووە جیاوازی لە نێوان پێداویستی تاک بۆ پەیوەندیکردن لە

---

(1) فاضل محمد البدراني، الإعلام الرقمي في عصر التدفق الاخباري، (بيروت: منتدى المعارف،2017)، ص 14-15.

(2) عبدالباسط أحمد هاشم شاهين، التفاعلية على مواقع الصحف الإلكترونية، (القاهرة: دار العلوم للنشر والتوزيع، 2014)، ص66-67.

توانای لە پرۆسەی پەیوەندیکردن جیا بکاتەوە، سەرباری ئەوەی پەیوەندیکردنی دیجیتاڵی وا دیزاین کراوە کە جەخت لە تایبەتمەندی و پاراستنی نهێنی پەیوەندیکردن دەکاتەوە و لایەنی پەیوەندیکار توانای کۆنترۆڵ و سوود وەرگرتن و پەخشکردنی زانیاری و داتاکانی هەیە بێ ئەوەی توشی گرفتی یاسایی بێتەوە سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەو داتا و زانیارییانە. [1]

7- **ئاسانی گەشتن بە زانیاری و بڵاوکردنەوی لە هەمانکاتدا:** هەروەک چۆن ئامرازەکانی دیجیتاڵ میدیا لە توانایدایە بڕیکی زۆری زانیاری فەراهەم بکات، لەهەمانکاتدا پرۆسەی بڵاوکردنەوەشی ئاسان کردووە. ئەم تایبەتمەندییەش یارمەتیدەرە بۆ نەهێشتنی ئەو بۆشیاییەی لە نێوان بەرهەمهێنانی هەر پەیامێکی میدیایی و بەکارهێنەرانیدا دروست دەبێت. بە جۆرێک وایکردووە بەکارهێنەرانی پەیام لە هەمانکاتدا خۆیان بەرهەمێنەری بن و بە ویستی خۆیان هەر کاتێک، هەر زانیارییەکیان پێویست بێت بە دەستی بێنن، بەمەش ئەرشیفێکی ئەلکترۆنی بێ کۆت وبەند بۆ هەمووان فەراهەمکراوە.

8- **نوێ بوونەوە و ئەبدەیتی بەردەوام:** بەبێ دەستنیشانکردنی وادەیەکی دیاریکراو بابەتە میدیاییەکان بەردەوام ئەبدەیت و نوێ دەکرێنەوە بە ڕادەیەک نوێ بوونەوە و کارلێک بەردەوام و وێنە و گرتە ڤیدیۆییەکانی ناوەڕۆکە میدیاییەکان وایکردووە هاوڵاتی بەردەوام بە ئاگا بێت لەو ڕووداوانەی کە لە تەواوی جیهاندا ڕوو دەدەن لە سایەی پەخشی بەردەوام و نوێی کردنەوەی بەردەوامی هەواڵ و گۆڕانکارییەکان هەنگاو بەهەنگاو و بەستنەوەی بەردەوامی بەکارهێنەرە بە بێ ئەوەی ناچار بێت چاوەڕوانی کاتی گەشتی هەواڵەکان بکات تا بزانێ چی دەگوزەرێت ، یان لە رۆژنامەی رۆژی دواتردا هەواڵی رۆژی پێشتر بزانێت.[2]

9- **کۆکردنەوەی هەردوو تایبەتمەندی هاوکات بوون وپێچەوانەکەی:** هاوکات مەبەست لە بەرکەوتنی جەماوەرە بە بەرنامە یاخود هەر بابەتێکی میدیایی لە کاتی پەخش کردنیدا، کە ئینتەرنێت بە گشتی ودیجیتاڵ میدیا بەتایبەتی توانیویانە بەتەواوی ئەو کارە بڕەوێنەوە، بە جۆرێک هەر بابەتێک یاخود فیلمێک دەکرێ لە ڕێی پێگەی یوتیوب یاخود هەر پێگەیەکی ترەوە بێت وەرگر بە ویستی خۆی و لەو کاتەی کە خۆی بە گونجاوی دەزانێت دووبارە سەیریان بکاتەوە، نەک بە پێی ئەو کاتەی ئامرازێکی میدیایی بە سەریدا

---

(1) محمد عبد الحميد، نظريات الإعلام و اتجاهات التأثير، ط3، (القاهرة: عالم الكتب،2003)، ص111.

(2) عثمان محمد الدليمی، سەرچاوەی پێشوو، ص34-35.

دەسەپێنێت کە ئەمەش پابەند نەبوون بەکاتەوە دەگەیەنێت واتا چیتر رەگەزی کات گرنگیەکی ئەوتۆی نیە بۆ بەرکەوتن بە بابەتە میدیاییەکان.[1]

## پێنجەم: فاکتەرە کاریگەرەکانی گەشتنی پەیام لە سەردەمی دیجیتاڵ میدیادا

لەم سەردەمەدا و لە سایەی شۆڕشی تەکنەلۆژیادا گۆڕانکاری گەورە لە سەر ئاستی جیهان بە دی دەکرێت، و لێشاوی زانیاری و مەعریفیش سەروەتێکە بۆ مرۆڤایەتی بەردەستە. ئەم گۆڕانکارییەش گرێدانەوەی بەشەکانی جهیانی پێکەوە پتەوتر کرد ودەستەبەرکردنی خێرای زانیارییەکان و چۆنیەتی سوود بینین لێیان بۆ تاکەکانی سەردەمی باشتر کردووە. لە ڕوانگەی (ماکلۆهان)ەوە هەموو ئامرازێک راستکردنەوەیەک لە نێو دەروونماندا دروست دەکات. جۆرێک لە وێنا کردن و بیر کردنەوەمان بە سەردا دەسەپێنێت کە خۆمان هەستی پێ ناکەین. بۆ نموونە زمانی نووسراو ئەو بەرهەمە جەماوەرییە بوو کە چەتری رۆشنبیری چەندین نەوە بوو. (مارشال ماکلۆهان) فەیلەسوف و بیرمەندی کەنەدی دیاری بواری میدیا خاوەنی تێوری (حەتمیەتی تەکنەلۆژیا- Theory Technological Determinsm) کە بڕوای وایە کە ئامراز پەیامە و ناکرێت بە بێ بە هەند وەرگرتنی ئامراز لە ناوەڕۆکە میدیاییەکان بڕوانین.

بە بڕوای ماکلۆهان ناوەڕۆکی ئەو پەیامانەی بە هۆی ئامرازێکەوە دەگاتە وەرگر بە درێژایی مێژوو چەندین قۆناغی بڕیوە و گۆڕانی بە سەردا هاتووە وەک(زمان، چاپ، رۆژنامە، رادیۆ، تەلەفزیون...) لەگەڵ گۆڕانی ئامرازەکان کاریگەری گەورەتری لە سەر کۆمەڵگە دروست کردوە، و گۆڕانی ریشەیی بە سەر رەفتاری تاکەکاندا هێناوە. سەرباری ناوەڕوکی پەیامەکە ئامراز هۆکارێکی سەرەکی دروستکردنی کاریگەرییە، هەڵبەت کاتێک ئامرازەکە نوێ بێت هەر خۆێ دەبێتەوە پەیام و مایەی دروستکردنی کاریگەری لە سەر کۆمەڵگە، و وای لێدەکات رێچکە بەرەو رەفتارێکی نوێ بگرێت. واتا ئامرازە نوێیەکانی پەیوەندیکردن تەحەکوم بە پرۆسەی گواستنەوە و گەیاندن و کۆنترۆڵ و دەستنیشان کردنی ئاڕاستەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. چۆنیەتی مامەڵە کردنە لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژییەکان و پێداچوونەوە بە تێڕوانینەکانی دەکات سەبارەت بەم جیهانە نوێیەی بەردەوام لە گۆڕاندایە، هاوکات ئەو گرفتەیە کە ڕووبەڕووی مرۆڤی سەردەم بۆتەوە، هەژموونی تەکنەلۆژیاش ئەو سیمایەیە کە کۆمەڵگەی هاوچەرخی پێدەناسرێتەوە،

(1) رضا أمين، الإعلام الجديد، (القاهرة: دار الفجر للنشر و التوزيع، 2015ه)، ص91.

تەکنەلۆژیاش بۆتە شێوازێک بۆ بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەمەش وای لە تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کردووە کە تاکەکان کارەکتەر و رەفتاری خۆیانی تێدا بونیادی بنێنەوە، و بە مەبەستی پێکهێنانی ئاڕاسەتەکانیان لە سۆنگەی بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەوانی تردا لەرێی تۆرەکانی ئینتەرنێتەوە. لەو سۆنگەیەوە کە ئینتەرنێت رێگەیەکی بەهێزی

پەیوەندیکردنە و سنورە جوگرافییەکانی فەرامۆشکردووە و لە سایەی ئەو کلتورە دیجیتاڵییەی هاتۆتە کایەوە، دەشێ ئامڕاز ئەو هەژموونە کلتورییە بێت، کە چ لایەنێک کۆنترۆڵی تەکنەلۆژیا و تۆڕەکانی ئینتەرنێت بکات ئەوا بەها و کلتوری خۆی بەسەپێنێت بە بێ گوێدانە یاسا نێو دەوڵەتییەکان و کلتوری گەلان وسەروەرییان.[1]

ئامڕازەکانی دیجیتاڵ میدیا کار لە سەر گرێدانەوەی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵ دەکات و دەبێتە پشتیوانییەکی کۆمەڵایەتی وکلتوری و دەربڕینی ئازادانە .ئەو ژینگە گریمانەییەی کە زادەی تەکنەلۆژیایە وایکردووە ئینتەرنێت بە گشتی و سۆشیاڵ میدیا بەتایبەتی دنیایەکی گریمانەی بۆ جەماوەر برەخسێنێت، و دەرگایەکی ئازادیان بە روودا بکاتەوە تا بتوانێت سەربەستانە گوزارشت لە بیروباوەڕەکانی خۆیان بکەن، ئەمەش لە رێی چەندین بلۆگ و پێگە و رۆژنامە ئەلکترۆنی و پەیجی کەسی کەسایەتیە سیاسی و گشتی و تاکە ئاساییەکانی کۆمەڵگەوە مەیسەر دەبێت. گەشەی تەکنەلۆژیا وایکردووە جەماوەر هەر بەتەنیا وەرگر نەبێت بەڵکو دەکرێ ببیتەوە نێرەر و نووسەر و فۆتوگرافەر و بەرهەمهێن و.... چیتر ئەو ناوەندگیرییەی نەهێشتەوە کە لەنێوان وەرگر و ئامڕازەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەریدا هەبوو.[2]

لە ڕابردوودا بە جۆرێک تەماشای رۆڵی پرۆسەی کۆمیونیکەیشن دەکرا کە هۆیەک بێت بۆ پێدانی زانیاری و دروستکردنی کاریگەری لە سەر جەماوەر، بەڵام لە ئێستادا ناکرێت بە هەمان تێڕوانین مامەڵە لەگەڵ ئەم پروسەیەدا بکرێت بەو پێیەی پرۆسیەکی کارلێکی کۆمەڵایەتی دوو ئاڕاستەی هاوسەنگی زانیاریی و ئەزموونەکانە. ئەم کۆڕانکارییەش هەژموونی گفتوگۆ کردنی بە سەر وتار و پەیامی کلاسیکی یەک ئاڕاستەدا سەپاندووە. ئامانجیش لە پڕۆسەی کۆمیونیکەشنی دیجیتاڵی هێنانە کایەی سستمێکی پەیوەندیکردنی

---

(1) إبراهيم عمر يحياوي، تأثير تكنولوجيا الإعلام و الاتصال على العملية التعليمية في الجزائر، (عمان: دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع، 2016)، ص45-74.

(2) خالد جمال عبده، سەرچاوەی پێشوو، ص89-94.

ئاسۆییە کە کار لە سەر دابەشکردنێکی یەکسانی لێهاتووی توانا بە دەستهاتووەکان دەکات. بۆ ئەوەی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە سەرباری ئەوەی وەرگرن لە هەمانکاتدا دەرفەتی ئەوەیان هەبێت رۆڵی نێرەریش ببینن.[1]

لە ئێستادا ئەم کۆمیونیکەیشنە ئەلکترۆنییە رێگەیەکی ئاسانی بڵاوکردنەوەی زانیارییە کە بژاردەکانی وەک تۆڕی کۆمەڵایەتی و تێکستی ئەلکترۆنیی ونامە خێرا و شێوازە جۆراو جۆرەکانی تری پەیوەندیکردنی لە خۆی گرتووە، و رادەی کاریگەر بۆ سەر تەواوی سیستمە کۆمەڵایەتیەکان ئێجگار زۆرە، هاوکات توانای گۆڕانکاری ئەرێنی و نەرێنی خێرای هەیە لە سەر ئاستی ئەو پەیوەندیە کەسییانەی لە نێوان تاکەکاندا هەیە. گەنجان ئەو توێژەن کە پشکی شێری کاریگەری ئامرازە کانی دیجیتاڵ میدیایان بەر کەوتووە، چونکە ئەوجی ئینێرژیان لەم قۆناغی تەمەندا هۆکارێکی رێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی بەرکەوتن و وەڵامدانەوەی زیاتریان هەبێت بۆ ئامرازە دیجیتاڵییەکان. سەربەستی و رەخنەگرتن و هەڵپەو ئارەزووی گەران و ئاشنا بوون بە بابەتی نوێ و مەیلی سەلماندنی تواناکانی خۆیان و بیرکردنەوە لە بژاردەکانی دوارۆژیان و ئارەزووی گۆڕینی واقیعی ژیانیان هۆکارێکی تری کاریگەر بوونی گەنجانە بە دیجیتاڵ میدیا.[2]

## شەشەم: شوێنەواری دیجیتاڵ لە سەر تۆری پەیوەندییەکان

دەیەکانی کۆتایی سەدەی رابردوو هەردوو شۆڕشی پەیوەندیکردن و زانیاری بە جیهان ئاشنا کردو بازاری تەکنەلۆژیای گەرمترکرد. هاتنەکایەی دەستەواژەی شۆڕشی زانیاری لە مەیدانی مەعریفیدا وایکرد زانیاری بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆ سەرجەم کایەکانی پەیوەست بە چالاکیە مرۆییەکان فەراهەم بکرێت بە رادەیەک تۆڕی زانیارییەکان رەهەندێکی تری بۆ تواناکانی مرۆڤ زیاد کرد و برەوی بە ئاستی مەعریفی دا تاوەکو توانای رێکخستن و هەڵگرتن وبەرهەمهێنان و مەمەڵە کردنی لەگەڵ دەسکەوتە نوێیەکاندا هەبێت. بەرهەمهینانی زانیاری بوو بە پیشەسازی و بازاڕی بۆ پەیدا بوو، بە جۆرێک لەگەڵ بازاڕی پترۆڵ یاخود زێر جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبوو، و بەرهەمهێنانیش خەرجیەکی زۆری دەویست لە سەر ئاستی جیهانی بەروارد بە خەرجی بەرهەمهێنانی چەندین کاڵای ستراتیژی تر. ئاوێتە بوونی

---

(1) هەمان سەرچاوە، ص 95-96.

(2) فيصل بن سعد محمد المنيع، (وسائل التواصل الإلكتروني و دورها في إحداث الاغتراب الاجتماعي)، اطروحة الدكتوراة غير منشورة، (الرياض:جامعة نايف، كلية العلوم الاجتماعية- قسم علم الاجتماع، 2017)، ص41.

ئەم دوو شۆڕشە (زانیاری –پەیوەندیکردن) کۆمەڵگەی نوێی زانیاری و پەیوەندیکردنی بەرهەمهێنا کە هەریەکەیان پشت بەوی تریان دەبستێت. گەر پەیوەندیکردن نەبێت، ئەوا شۆڕشی زانیاری مەیسەر نابێت و توانای ئەو بەرهەهمهێنان و گشتاندنی نە دەبوو کە لە جیهانی ئێستادا بەدی دەکرێت.[1]

گەر کۆمپیوتەر و تەکنیکەکانی نەبێت ئەو هەموو تۆڕە، کە بۆ گەیاندن و پێکەوە بەستن پشتیان پێدەبەسترێت بوونیان نەدەبوو، هاوکات زانایان توانای دروستکردنی مانگە دەستکرد و ئۆپتیکەڵ فایبەر و هەموو ئەو پیشەسازییانەی تریشان نەدەبوو کە تایبەتن بە جوولەی زانیاری و بابەتەکانی تری پەیوەست بەو بوارە.[2]

**ئەو کاریگەرییانەی لە سایەی تەکنیکە دیجیتاڵییەکانەوە هاتنەکایەوە، دەشێ لە چەند خاڵێکدا دەرکەوێت:**

**1**– تەکنیکە نوێیەکان، ئامڕازەکانی پەیوەندی کردنی کلاسیکی رەت نەکردۆتەوە بەڵکو برەوی پێداون و گۆڕانکاری بەسەردا هێناون بەرەو باشتر.

**2**– پەیوەندیکردنی جەماوەری چیتر پرۆسەیەکی یەک ئاڕاستەی زانیاری نیە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر، بەڵکو پرۆسەیەکی کارلێکی و فرە ئاڕاستەیە وەک ئەوەی لە سیستمی تەلەفزیۆنی کەیبڵی و پەخشە راستەوخۆ و پەیوەندییە ئەلکترۆنییەکاندا بەدی دەکرێت. چیتر جەماوەر وەرگرێکی نێگەتیف نین تەنها پەیامەکان وەرگرن بەڵکو، دەتوانێت رۆڵی پۆزەتیف هەبێت لە پرۆسەی پەیوەندی کردندا لە رێی دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی کاتی بەرکەوتن و هەڵبژاردنی ناوەڕۆک و جۆرەکەشی.

**3**– پەیامە جەماوەرییەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن وەرگر ناچار ناکات لە هەمان کاتدا و بەخێرایی وەریگرێت، بەڵکو توانای هەڵگرتن و گەرانەوە و دووبارە سەیرکردنەوەیانی هەیە بە گوێرەی کاتی گونجاوی خۆی وەک پەیامە ئەرشیف کراوەکانی پێگە و پەیج و رۆژنامە ئەلکترۆنی سەرتۆڕەکانی ئینتەرنێت.

**4**– پەیوەندیکردنی جەماوەری چیترئەو پرۆسەیە نیە کە لە لایەن نێرەری پەیامەوە کۆنترۆڵ بکرێت سەبارەت بە ئەجندای ناوەرۆک و بایەخی نێرەر و دەسنیشانکردنی کات ناردنی

---

[1] کوثر علوب محمد، (الإعلام الجدید و اثره علی القیم الإجتماعیة)، اطروحة الدکتوراة غیر منشورة، (السودان: جامعة السودان، کلیة الدراسات العلیا- قسم الصحافة و النشر، 2017)، ص21.

[2] المصدر نفسه، ص 21- 22.

* ئۆپتیکەڵ فایبەر:ئەو ریشاڵە نەرمانەیە کە بە قاڵبێکی شووشەیی دەورە دراون و توانای گەیاندنی بەهێزی سیگیناڵە رووناکییەکانیان هەیە بە ئەگەری کەمترین لە دەستدانی ئەو رووناکیە.

بۆی، بەڵکو نیرەر بەشیکە لەو پرۆسە تەواوکارییە رۆڵی هەیە لە ئەجندا و ناوەڕۆکی پەیام و هەلبژاردن کات و شێوازەکانیشی.

**5-** چیترسنورێک لە نێوان ئامرازەکانی پەیوەندیکرنی جەماوەریدا نەماوە هەریەکە لە رێی ئامێریکی جیاوازەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت وەک لە رابردوودا هەبوو، بەڵکو ئاوێتەو یەکانگیر بوون. لە سایەی ئەم یەکانگر بوونەش هەموو ئەو سنوورانە ڕەویونەتەوە کە لە نێوان ئامرازە بینراو و بیستراو ونوسراوەکاندا هەبوو، موبایەڵیش وەک یەکێک لە ئامێرە تەکنەلۆژیەکانی سەردەم ئەم ئاوێتە بوونەی بە تەواوەتی تێدا بەرجەستە بووە.[1]

بەگشتی هەریەک لە(سەرچاوە ، پەیام ، ئامراز ، وەرگر و فیدباک) چیتر لە چوارچێوەی میدیای کلاسیکدا خۆیان ناسەپێنن، بەڵکو هەریەکەیان لە سایەی تەکنیکە دیجیتاڵییەکان مۆرکێیکی نوێیان وەرگرتووە، بەجۆرێک بە هۆی فرە کەناڵی پەیوەندیکردنەوە هەمووان دەتوانن بە بێ گەڕانەوە بۆ ناوەندێکی میدیا راستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕ بکەن. گۆڕانی ریشەیی لە ناوەڕۆکی پەیامدا وایکردووە بە بێ بوونی کۆتوبەندی **دەرگاوان** و بنەماکانی تری بڵاوکردنەوەی پەیام لە میدیای کلاسیکدا، سەباری کەمی تێچوون، تاک بە بێ گوێدان بە ئاست وکوالیتی دەرفەتی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی پەیامی هەبێت. ئینتەرنێت رێگەیەکی زۆر کورت مەودای نێو هەموو ئامرازە میدیاییەکانە کە لە چەند چرکیەکدا خۆی دەگەینێتە تەواوی گۆشەکانی دنیا بە کوالیتی و تەکنیکی سەردەمیانە، تەنها لە رێی ئامێرە زیرەکەکانی وەک ئایفۆن و ئەندروید (موبایل) بێ گرفت بگاتە وەرگر. بەستەڵەکی جیاوازی نێوان نێرەر و وەرگر چیتر لە نێوهاوکێشە میدیاییەکاندا جێگەی نابێتەوە و بەڵکو وەرگر لە پڕۆسەکەدا بەشدارە، بە جۆرێک دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی ناردنی زانیاری و وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی بۆ دەزگا میدیاییەکان بەتایبەت کاتی رووداني رووداوێک لە شوێنێک کە دورە دەستە، یاخود هێشتا لە رێی پەیامنێرانەوە رووماڵ نەکراوە. وەڵامدانەوە و فیدباکی خێرا ئەو دیاردە مۆێدرنەی سەردەمی دیجیتاڵە کە ئاستێکی باڵای کارلێکی لە پڕۆسەی کۆمیونیکەیشندا بەدیهێناوە. هاوکاری وەرگر لە نێو بازنەی گەڕانەوەی فیدباکدا پێگەی بەهەند وەرگیراوی ئەو سوڕە دینامیکیەیە کە کۆی

---

[1] عاطف عدلی العبد، نهی عاطف العبد، الإعلام التنموی و االتغیر الإجتماعي، ط5، (القاهرة: دار الفکر العربي،2007)، ص53-54.

پرۆسەکە پێک دێنێت ئەمەش لە نووسینی تێبینی و کۆمێنت و شێرکردنی بابەتی پەیوەست بە ناوەڕۆکی ئەو پەیامانەدا رەنگ دەداتەوە کە پەخش و بڵاودەکرێنەوە.[1]

## حەوتەم: گۆڕانی ژینگەی میدیایی لە سەردەمی دیجیتاڵدا

بە گوێرەی توێژینەوە میدیاییەکان ژینگەی میدیایی لە دوو رەگەزی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەویش تەکنەلۆژیا بەکارهاتووەکانی پەیوەندیکردن و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکانە کە ئەم تەکنەلۆژیایانە بەکاردەهێنن وەک (چۆنیەتی دابەشکردنی خاوەنداریێتی جێبەجێکارانی میدیایی، چۆنیەتی بەکارهێنانی تاکەکان لە پێناو ئامانجە بەرفراوانەکان وئەو سیستمی حوکمڕانییەی پێ کاریگەر دەبێت)، هەربۆیە لەپاڵ بەئاگا بوونمان لە سیما و تەکنیکە بەکارهاتووەکانی بواری میدیا، تێگەشتنمان لە (ژینگەی میدیایی) هەمیشە پرسێکی زیندوو دەبێت.[2]

هەروەک دەزانین سالآنێکی زۆر ژینگەی کاری میدیایی بریتی بوو لە پەیڕەوکردنی میتۆدی راستەوانەی ناردنی پەیام لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر بە رێڕەوێکی دیاریکراو تا دەگەشتە جەماوەر ئیتر لە شێوەی هەواڵ، راپۆرتی پەیامێکی رادیۆیی یاخود تەلەفزیۆن یان لە رۆژنامەدا ئاڕاستە دەکرا، دواتر ئەم رێرەوە ڕاستەوانەیەی ژینگەی کاری میدیای گۆڕاو بۆ ژینگەیەکی دیجیتاڵی کە فرە جۆری بژاردە و ئەڵتەرناتیف و ئاسانی بەدەستهێنان سیمای ناسراوی ئەم ژینگەییە کە چوار قۆناغی بریوە:

**قۆناغی یەکەم:** چیتر رووداو و سەرچاوەکانی زانیاری ئەو مەیدانە نیە بە تەنها رۆژنامەوانە پڕۆفیشناڵەکان سەر بە دامەزراوە میدیاییەکان تیدا ئامادە بن، بەڵکو بۆتە مەیدانی هاولآتی رۆژنامەوان وئاسایی و ناپڕۆفیشناڵ و ئەوانەشی کە هەڵگری ئینتمای پێچەوانەن و ئامادەن بۆ پێدانی هەواڵ لە هەر چرکە و ساتێکدا.

**قۆناغی دووەم:** زیاد بوونی فرە جۆری لایەنی پەیوەندیکار و دەرکەوتنی شوناس وکەناڵی ئەلکترۆنی فرە جۆر و مۆدێلی جیاواز ومیتۆدی بێ بنەمای پەیڕەوکراوی پەیوەست بە یاسا

---

(1) عثمان محمد الدليمي، مصدر السابق، ص 49–52.

* دەرگاوان:هەر بابەتێکی میدیایی پێش ئەوەی بگاتە جەماوەر بە چەند خاڵێکدا تێدەپەرێت(دەرگاوان) بۆ بڕیاردان لە بارەی ئەوەی چی بۆ لێ لاببریت، یاخود چی بۆ زیاد بکرێت، بە جۆرێک هەریەک لەو دەرگاوانانە بە گوێرەی دەسەڵاتیان گۆڕانکاری لە بابەتەکدا دەکەن.

(2) اندريا بريس، بروس ويليامز، البيئة الإعلامية الجديدة، ترجمة: شويكار زكي، (القاهرة: دار الفجر للنشر و التوزيع، 2012)، ص20.

میدیاییەکان ،هەروەک چۆن میدیاکار و خاوەن پیشەکانی تریش هەن ، بەهەمان شێوە دەستە و دامەزراوەی تریش هەن کە رۆڵی لایەنی پەیوەندیکار دەگێڕن جا دەکرێ کەسی بێ، لایەن یاخود رێکخراو و پارت یان بەرێوەبەری هەر پەیجێک بن.

**قۆناغی سێیەم:** ئامرازی پەیوەندیکردن مەبەست لێی کۆپی چاپکراوەی پێگە ئەلکترۆنییەکانی ئامرازە میدیاییەکانی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێتە یاخود ئەو زانیارییە رۆژنامەوانییانەی لە بەرامبەر بڕی پارەدا دەفرۆشرێن کە بەهەموو بارێکدا هەمووان لە بەردەم ئەو فرە ئامڕازانەدان کە نوێنەرایەتی ئامرازە میدیاییە کلاسیکیەکان دەکات و وەک پاڵپشتێکی یارمەتیدەر و کێبرکێکاری و سەرچاوەیەکی بەدەستهێنانی داهات.

**قۆناغی چوارەم:** وەرگر، ئیتر لۆژیکیە لە سۆنگەی ئەو سێ قۆناغەی پێشووترەوە بگەینە ئەو خاڵەی کە جەماوەر (وەرگر)ێکی جیاواز هاتۆتە کایەوە و چیتر لە بازنەی مۆدێلی جەماوەری راستەوانەدا ناسورێتەوە، بەڵکو فرە بەرهەمی و خزمەتگوزارییەکان زەمینەی دەرفەتی بۆ جەماوەر باشتر کردووە، و بە ئەندازەی ئەو بژاردە و ئامڕازانەی لەبەردەستدان جەماوەرێکی کارلێکی پۆزەتیڤ بێت، و لە رێی پێدانی زانیاری و تەنانەت هەندێ کات دروستکردن و بەرهەمهێنانی هەواڵیش جۆرێک لە باڵادەستی خۆی بسەپێنێت.[1]

هێشتا گفتوگۆکردن لە سەر سەرکەوتن و شکستی ئەزموونی میدیایی لە سایەی گەشەی تەکنەلۆژیادا بە ئەندازەی خودی دیجیتاڵ میدیایە نوێیە، کە بابەتێکی مشتومڕ ئامێزی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێت لە نێوان ترسی تکنفوبی (Technophobe) لە لایەک وتکنفیلی (Technophile) لە لایەکی تر کە دەشێ هەر ئامڕازێکی میدیایی لایەنگر و دژە لایەنگری هەبێت، بە جۆرێک هەریەکەیان لەسەر ئاستی ژێرخان ئابوری گۆڕانێکی گرنگی بەدیهێناوە جا لە سەر ئاستی کورت مەودا یاخود مامناوەند بێت. هەربۆیە کاریگەری لەسەرسروشتی کاری میدیایی هەیە، بەڵی هەموو ئاماژەکان تارادەیەک بەرەو ئەو ئاڕاستە پۆزتیڤانە پێشڕەوی دەکەن، کە ئامڕازە میدیاییەکان لەم ژینگە دیجیتاڵیە مەزنەی کە بەردەوام لە گەشەدایە، دەرفەتی کاری میدیایی و کۆمیونیکەیشن و گەشتن بە پانتاییە جەماوەرییەکانی

---

[1] ماهر عودة الشمايلة و اخرون، الإعلام الرقمي الجديد، (عمان: دار الإعصار العلمي للنشر و التوزيع، 2015)، ص 24-26.

* تکنفۆبی: بەو کەسە دەوترێت کە ئارەزووی تەکنەلۆژیا ناکات و ترسی لێی هەیە و خۆی دوورە پەرێز دەگرێت.

* تەکنفیلی: بەو کەسە دەوترێت کە گروتینێکی زۆری بۆ تەکنەلۆژیای نوێ هەیە.

زیاترت کردووه وەک لەلایەنی کاریگەری . لە لایەکی تریشەوە رادەی بەشداربوونی زیاتر کردووە سەبارەت بە چۆنێتی پێکهێنان و پێداچوونەوە و ناوەڕۆکە میدیاییەکان، هاوکات بەستنەوەی پرۆژە میدیاییە نوێیەکان بە رەهەندە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە گرنگەکانەوە کە ئەویش کۆمەڵگەی مەعریفە و زانیاری لێ پەیدا بووە، و رۆڵی هەبووە لە کەمکردنەوەی ئاستەنگییەکانی وەک پڕۆفیشناڵی و راستگۆیی داتا رۆژنامەوانییەکان کە لەلایەن تاکەکانەوە

سەرپەرشتی دەکرێت، هەروەها پرسی ناسنامەی گریمانەیی و تێپەڕاندنی بنەما پیشەییەکان بۆتە مایەی سەپاندنی پێداچوونەوە بە بیرکردنەوەماندا لەم ژینگە ئەلکترۆنییە ئێجگار فراوانەدا.[1]

## هەشتەم: پلاتفۆرمە دیجیتاڵیەکانی میدیا

بوونی فیلم لە نێو ئامێری موبایڵ و بابەتی بینراو لەنێو کۆمپیوتەر و میوزیک لە سەر تۆرەکانی ئینتەرنێت و تێکستی ئەدەبی لە شێوەی کورتەنامەدا...هتد هەموو ئەمانە فۆرمێکی نوێی بینراو و بیستراو و نوسراوە کە کلتورێکی ئەلکترۆنی پێکدێنێت ئەمەش شێوازێکە زیاتر بەکارهینەر بەرهەمی دێنێت و کلتوری بەرکەوتنی لێ پەیدا دەبێت. هونەری ئامڕاز و پلاتفۆرمە دیجیتاڵیەکان بووە مایەی دەرکەوتنی ئەو بابەتانەی کە بەکارهێنەر بەرهەمی دێنێت و تەکنەلۆژیاش پێکیدێنێت. ئەم هونەرەش جەوهەری جەماوەر و تێکستەکانیش دەگۆرێت، دەشێ بە زمانێکی گشتگیر هەست بە تێکستە باوەکان بکەین کە لە دیمەنێکی بینراوی نێو واقیعی گریمانەیدا نمایش دەکرێت. زمانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵیەکان زیاتر لە سەربنەمای یاسای داتا بنیاتنراوە وەک لە گێڕانەوە، کە ئاماژەیە بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان (هۆکارو ئاسەوار) و راگوزەر کردنی بەکارهێنەر لە دیمەن و دارشتەیەکەوە بۆ دیمەن ودارشتەیەکی تر. [2]

---

(1) ــــــــــ، التعليم في العصر التكنولوجيا الرقمية، (لبنان/طرابلس: مركز جيل البحث العلمي، 2016)، ص202-203.

(2) برامود كيه نايار، مقدمة إلى وسائل الإعلام الجديدة و الثقافات الإلكترونية، ترجمة: جلال الدين عزالدين على، (وندسور: مؤسسة هنداوى سي آي سي، 2017)، ص83.

ئەو تەکنەلۆژیایەی لە تەلەفزیون و رادیۆدا بەکاردەهێنرێت بەردەوام لە نوێ بوونەوەدایە کارلێکیش یەکێکە لە سیما دیارەکانی بەرنامە تەلەفزیونی و رادیۆییەکان. سەرباری ئەوەی کۆمپیوتەر وەک پلاتفۆرمێکی بەرهەمهێنان و نووسین و دابەشکردن رۆژنامە ئەلکترۆنییەکانی لە خۆگرتووە ،لەهەمانکاتیشدا فۆرمێکی تری میدیایی بۆ خۆی دەستەبەرکردووە لە رێی دامەزراندنی پێگە و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییە جۆراوجۆرەکانی وەک (تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و ناوەندە کۆمەڵایەتیەکان..) بە رادەیەک دەگمەنە رۆژنامەیەک بەدی بکەین کە پێگە و پەیجی فەیسبووک و ئەکاونتی تویتەر و یوتیوبی نەبێت.

**دەشێ پلاتفۆرمە دیجیتاڵیەکانی میدیاش دابەش بن بۆ چوار جۆر**

**جۆری یەکەم:**ئەو جۆرەی میدیا کە بەرنامە پراکتیزە کردنیان بەندە بە تۆرەکانی ئینتەرنێت و(Online)ە، و کۆی سیماکانی نوێیە پێشتر وێنەی نەبووە بە شێوەیەکی زۆر خێرا گەشە دەکات و کۆمەڵێک پرۆگرامەی بێ شوماری لە خۆ گرتووە، وەک پێگە رۆژنامەوانیە ئەلکترۆنییەکان و ناوەند و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان.

**جۆری دووەم:** ئەو جۆرەی میدیا لە خۆ دەگرێت کە لە سەر ئامێرە گەرۆکەکان (موبایل) و هەروەها ئامێری خوێندنەوەی کتێب و رۆژنامەکان ئەم جۆرەش بە شێوەیەک زۆر خێرا گەشە دەکات کۆمەڵێک پرۆگرامی لە نێودا ئامێرە جۆراوجۆرەکان دامەزرێنراوە وەک (موبایل) و ئامێرەدیجیتاڵیە کەسییەکانی (ئای پاد- تابلێت و...هتد). وەک ئەو پرۆگرامانەی دەرفەت بۆ دامەزراوە میدیاییەکان دەرەخسێنێت تا ناوەرۆکە میدیاییەکانیان لە سەر ئامێری موبایل و تابلێتە دیجیتاڵیەکان پەخش و بڵاو بکەنەوە.

**جۆری سێیەم:** ئەم جۆرەی میدیا پلاتفۆرمە کلاسیکیەکانی وەک تەلەفزیۆن و رادیۆ دەگرێتەوە کە چەند تایبەتمەندییەکی نوێ بۆ زیاد کراوە وەک ئەو بەرنامە رادیۆیی و تەلەفزیۆنیانەی کە بەندە بە بەشداری کردن و کارلێکی، بەرنامە گفتوگۆییە زیندووەکان(Talk Show) نموونەی ئەم جۆرە میدیایەن.

**جۆری چوارەم:** ئەو جۆرەی میدیایە کە بەندە بە پلاتفۆرمە (Offline)ەکانی کۆمپیوتەرەوە، و بابەتەکانی ئاڵوگۆڕی دەکرێت لە رێی تۆرەکانەوە یاخود لە رێی ئامرازەکانی سەیڤ (Save) کردنەوە وەک (CD-DVD)و بابەتەکانی تری وەک یاری و کتێبی ئەلکترونی....[1]

(1) رابح عمار، (الصحافة الإلكترونية و تحديات الفضاء الإلكتروني) اطروحة دكتوراه غير منشورة، (وهران: جامعة وهران، كلية العلوم الإنسانية و العلوم الإسلامية، قسم علوم الإعلام و الاتصال، 2017)، ص63-66.

## نۆیەم: مۆبایڵ میدیا

گۆڕانکارییە خێراکان وایکرد مۆبایل بە تەنها ئامڕازێکی گواستنەوەی نامە و پەیوەندییە تەلەفونییەکان نەبێت، بەڵکو ببێتە ئامڕازی گواستنەوەی وێنە و ڤیدیۆ، و دواجار لە پرۆسەیەکی خزمەتگوزاری پێگەشتوودا بەرجەستە بوو، کە ئاوێتە بوونی تێکست و وێنە و ڤیدیۆی لێ پەیدا بوو. ئیتر (مۆبایل وناوەڕۆکەکانی) بووە بابەتێکی سەرنجراکێش و کێبڕکێی کۆمپانیا گەورەکانی بەرپا کرد، و مۆبایڵ میدیا بووە پرۆژەیەکی وەبەرهێنان و دامەزراوەکان هەوڵیان بۆ دەدا، کە ئەمەش وادەکات بایەخی زیاتر بدرێت بە ناوەڕۆکی ئەلکترۆنی ئامێری مۆبایل و بنەماکانی جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوە و راپۆڕتە رۆژنامەوانیەکانی مۆبایل میدیا و چۆنیەتی وێنە گرتن ناوەڕوکێکی میدیایی کە گوزارشتە لە بابەتێکی بینراوی بیستراوی و تێکست ئامێز سەرباری زیاد بوونی رەهەندی جوگرافی بۆ سەر راپۆرتیەکان لە رێی ئەو ژینگەیەی دەوری ئەو ناوەڕۆکە داوە کە پێشکەشی خوێنەر یاخود بەکارهێنەر دەکرێت و چونیەتی دابەشکردنی ناوەڕۆکەکان بە بەکارهێنانی کورتە نامە و پرۆگرامەکانی مۆبایل و سۆشیاڵ میدیا. [1]

تۆڕەکـانی ئینتەرنێـت و موبایـڵ وئـامێرە زیرەکەکـانی تـر وایـان کـردووە پـێگە و تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان تـا رادەیەک ببێـتە کەنـارێکی ئـارامی دەربڕینـی رای ئـازادی جەمـاوەر کە دەشێت هەندێ جار ناو و ناسنامەیان نادیار بێت.[2] ئەم بەرهەمـانەی ئینتەرنێتیش بڵاوترین و کاریگەرترین ئامڕازن بە رادەیەک هەندێ جار توانیویانە تەنانەت کاریگەرییە سینەمایی و تەلەفزیۆنی و بـابەتە نوسـراوەکانی کتێبیش تێپەڕێنن، لە بەرئەوەی سـەرباری تایبەتمەنـدی ئاسـانی مـامەڵە کردنیـان، لە یەک کـات و شـوێندا هەمـوو ئەو سـەرچاوانەی لە خۆگرتـووە، هەربۆیە دەسکەوتەکانی ئینتەرنێت چەکێکی دوو جەمسەرە دەشێ بۆ کاری باش و خـراپیش بەکاربهێنرێت. دواجـار باشـترین ئـامڕازە بخـرێتە گەرلە لایەن هەر کەسـێکەوە کە خواسـتی رەواجپێـدان و بڵاوکـردنەوە هەر پەیـامێکی هەبێـت، هەربـۆیە لە رێـی مۆبـایلەوە رۆژنـامە

(1) محمد الشرقاوی، فن الكتابه في زمن ديجيتال ميديا، (القاهرة: وازرة الثقافة – الهيئة العامة لقصور الثقافة، 2014)، ص45

(2) محمد مصطفى رفعت، الرأي العام في الواقع الافتراضي و قوة التعبية الافتراضية، (القاهرة: العربي للنشر والتوزيع، 2017)، ص121.

ئەلکترۆنی و بلۆگ و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە دیارترین ئامڕازی مەیسەر بوونی ئەم بڵاو بوونەوە و کاریگەرییانە دەناسرێن. [1]

مۆبایلیش وەی ئامێرێکی زیرەک توانیویەتی پەیوەندییە مرۆییەکان نزیکتر بکاتەوە پێداویستییەکانی پڕ بکاتەوە لەو سۆنگەیەوە هەڵگرانی ئامێری مۆبایل (بەکارهێنەران)ی دەتوانن لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەندی و گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی تردا بسازێنن و بە ئاگا بن لە هەواڵە جۆراوجۆرەکان و بینینی وێنە و گرتە ڤیدیۆییەکان و هەروەها سوود بینین لە ئۆپشنی بەکارهێنانی نەخشە ودەستنیشانکردنی شوێنە (GPS)کان بە شێوەیەکی ورد و زۆر خێرا. [2] لە ڕووی کاری میدیایشەوە مۆبایل میدیا یاخود ( Mobile Journalism-moJo ) لەم سەردەمەدا دەستەواژەیەی باوی نێو میدیایە کە لە ڕێی بەکارهێنانی مۆبایلەوە و میدیاکاران دەتوانن بە کواڵیتیەکی بەرز پەیامە میدیاییەکان وەک هەواڵ و ڕاپۆرت، یاخود هەر جۆرە زانیارییەک بەرهەم بهێنن و بڵاویشی بکەنەوە. بێگومان لێهاتوویی میدیاکار ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەرجەم بوارەکانی ئامادە کردن و سازاندان پێداچوونەوە و وێنەگرتن و دەنگ مۆنتاژ کردن تا ببێتە بابەتێکی میدیایی گونجاو. مۆبایل میدیاش پرۆسەیەکی درێژکراوەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێتە کە پلاتفۆرمێکی دیجیتاڵی بۆ میدیاکاران ڕەخساندووە، و بۆتە مایەی ئاسانکاری بۆ برەودان بە پرۆسە هەواڵییەکان و خستنەگەڕی هەموو تەکنیکە دیجیتاڵییەکان بۆ باشترکردنی توانا و کواڵیتی و بایەخدان و گەشەسەندنی زیاترو تایبەتمەند بوون لە بوارەکەدا لە ڕێی مۆبایل میدیاوە. ئەوەی جێی سەرەنجە ژمارەی خوێنەرانی ئەو هەواڵ و تێکستانەی لە ڕێی سکرینی بچووکی مۆبایل و ئامێرە زیرەکەکانی ترەوە بڵاو دەکرێنەوە زۆر زیاترە لە خوێنەرانی ڕۆژنامەی کلاسیکی و بابەتە چاپکراوەکان. پێشبینی دەکرێت مۆبایل میدیا یاخود (MoJo) شۆڕشێک بەرپا بکات کە سوودی بۆ بەرژەوەندی گشتی هەبێت و یارمەتی جەماوەر بدات و تا دێت چالاکی و بەشداریان زیاتر بکات و هاوکات ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ کەمکردنەوەی نەخوێندەواری دیجیتاڵی هەروەک ئەوەی لە ئێستادا بەدیدەکرێت لە ڕێی بڵاوکردنەوە و

---

(1) هيفاء بنت ناصر الرشيد، حركة العصر الجديد و مفهومها و نشأتها و تطبيقاتها، ط2، (جدة: مركز التاصيل للدراسات و البحوث، 2015)، ص597-598.

(2) خضر إبراهيم حيدر، الميديا مفهومها المعاصر وعلاقتها بالإعلام الكلاسيكي، (مركز الإسلامي للدراسات الاستراتيجية، 2018)، ص105.

پەخشی راستەوخۆی چەندین هەواڵی فرە جۆر لە شێوەی ڤیدیۆ وێنە و ئاماژە فێرکارییەکان سەبارەت بە ڤایرۆسی (کۆرۆنا) کە دەشێ ببێتە مایەی پێکهێنانی هۆشیاری تەندروستی.[1]

ئەم ئامرازە نوێیەی میدیا (مۆبایل) کە بچوکترین و بڵاوترین و کاریگەرترین ئامرازی میدیایی و پەیوەندیکردنە پێش تەلەفزیۆن و رۆژنامە و رادیۆ و ئینتەرنێتیش کەوتووە، لەبەرئەوەی تایبەتمەندییەکانی هەموویانی تێدا کۆبۆتەوە و رۆڵی هەموویان دەگێرێت. بە جۆرێک گەر رووداوێک لە سەر رێگەت روو بدات، ئەوا راستەوخۆ پەیامنێرانی کەناڵە جۆراوجۆرەکان بەدی ناکەیت ئامادە بن لەو شوێنە، بەڵام دەبینیت هەموو ئەوانەی لەوێ ئامادەن خاوەنی مۆبایلن بە هەموو جۆر و جێنەرەیشنە جیاوازە پێشکەوتووەکانەی وەک (ئای فۆن، بلاک بێری...)و، راستەوخۆ رووداوەکە پەخش دەکەن لە ماوەیەکی زۆر کەمدا پێش کەناڵ و رۆژنامە و رادیۆکانیش بڵاوی دەکەنەوە و دەبنە سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی زانیاری لەو بارەیەوە. مۆبایل وەک ئامرازێکی میدیایی بەشێوەیەکی بەرچاو لە سەربەندی هەڵبژرادنی ساڵی (2008)ی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی سەپاند. کاتێک (باراک ئۆباما) بۆ ئەوەی لە پەیوەندی و کۆنتاکتی بەردەوامدا بێت لەگەڵ سەرۆکی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە ویلایەتە جیاوازەکانی ئەمریکا پشتی بە ئامێری بلاک بێری(BlackBerry) بەست .دواجار توانی لە رێی ئەم ئامێرە بچووکەوە سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، و پێش (جۆن ماکین)ی رکابەری بکەوێت کە سەر بە پارتی کۆماری بوو، ببێتە سەرۆک کۆماری ئەمریکا. ئیتر لەو ساتە بە دواوە مۆبایل بە هۆی تەکنیکەکانییەوە کە سات بە سات گەشە بەخۆیەوە دەبینێت لە لایەن میدیا جیهانییەکانەوە بایەخی پێدراو بووە ئامرازێکی پشت پێ بەستراو.[2] سەرباری گێرانەوەی کاتێکی زۆر، بە هۆی کەمی کێش و تێچوون، و ئاسانی مامەڵە کردن وهەڵگرتن وبەکارهێنان و بەردەست بوون و ئەبدەیتی بەردەوامی پرۆگرامەکانی، هەمیشە (مۆبایل) ئامرازێکی پڕ بایەخ و بەسوودی بەرهەمهێنانی بابەتە

---

(1) طارق محمد محمد الصعيدي، اعتماد الشباب علي الصحافة الموبايل ودوراها في التوعية الصحية بجائحة كورونا في مصر، (القاهرة: مجلة البحوث الإعلامية –جامعة الأزهر- كلية الإعلام، العدد 54-الجزء الرابع، 2020)، ص2172-2173.

(2) إبراهيم إسماعيل، الإعلام المعاصر وسائله،مهاراته،تأثيراته،أخلاقياته، (الدوحة: وزارة الثقافة والفنون والتراث،4)، ص196.

* باراک ئۆباما: چل و چوارەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، لە نێوان(2009-2017).

* بلاک بێری (BlackBerry) تەلەفۆنێکی زیرەکە کۆمپانیای (Research in Motion) کەندی بەرهەمی دێنێت .

میدیاییەکانەو دەستبەردار بوون لێ کارێکی ئەستەمە.[1] بە بڕوای هەندێک موبایڵ میدیا پلان یاخود فۆڕمێکی نوێ کارکردنە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکە هەواڵییەکان لە ڕێی ڕاهێنان و ئامادەکردنی میدیاکارانەوە تا بتوانن سەربەخۆیانە کار بکەن و ببنە کادرێکی کارای بواری مۆبایڵ میدیا.

لە سایەی شۆڕشی دیجیتاڵی سالانە فیستیڤاڵی فیلم لە سەرانسەری جیهان سازدەکرێت بۆ ئەو فیلمانەی لە ڕێی مۆبایلەوە بەرهەم دەهێنرێن، بەو پێیەی مۆبایل کۆی هەنگاو و ئۆپشنەکانی وێنەگرتن و بەرهەمهێنانی تێدا کۆبۆتەوە، ئەمەش دەرفەتی بەرهمهێنان بۆ ئەو فیلم و فیلمە دۆکیومێنتری و کورتە فیلمانە دەسازێنێت کە توانای کێبڕکێ کردنی ئەو فیلمانەیان هەبێت کە لە فیستڤاڵە جیهانییەکانی هولیود و کاندا نمایش دەکرێن، فیستڤاڵی نێودەوڵەتی سینەما مۆبایل بۆ کورتە فیلم لە ئیسپانیا، فیستڤاڵی سینەما موبایلی قاهیرە نموونەی ئەو فیستیڤالانەن، فیلمی زەیتون (Olive)یش یەکێکە لەو فیلمەنەی بە مۆبایل بەرهەمهێنراوە، توانی ناوبانگ پەیدا بکات و بگاتە هولیود.[2]

(1) هشام سمير زقوت،(استخدام الصحفيين الفلسطينيين لتطبيقات التواصل الاجتماعي من خلال الهواتف الذكية)، رسالة ماجستير غير منشورة، (غزة: الجامعة الإسلامية، كلية الآداب- قسم الصحافة، 2016)، ص54.

(2) عزيزة محمد نور، (استخدام الهاتف المحمول في إثراء محتوى الإعلام- الجزيرة أنموذجا)، ورقة بحثية، (معهد الجزيرة للإعلام، 2020)، ص12-22.

* فیلمی (Olive) لە جۆری دراما- فەنتازییە و ماوەکەی (89) چرکەیە لە ساڵی (2011) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرهەم هێنرا (هوومان خلیلی) دەرهێنەری فیلمەکەیە.یەکەم فیلمی بوو کە تەواوی کاری وێنە گرتنی بە ئامێری مۆبایڵی (Nokia,N8) ئەنجام دا، بڕی تێچوونەکەشی (500) هەراز دۆلار بوو.

## پاری دووەم: پێگەی ئەلیکترۆنی

### یەکەم: دەرکەوتنی پێگەی ئەلکترۆنی

بڵاوکراوەی ئەلکترۆنی لە یەکەم ساتی دەرکەوتنیەوە توانی بە شێوەیەکی بەرچاو لە مەیدانی میدیایدا خۆی بسەپێنێت، و ببێتە سەرچاوەیەکی بەهێزی زانیاری و سەرنجی جەماوەر رابکێشێت و کاریگەری دوو ئاڕاستە دروست بکات، و تیۆرە کلاسیکیەکانی بواری میدیا سەراوژێر بکات بە جۆرێک نێرەر بکاتە وەرگر و بەپێچەوانەشەوە. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بڵاوکراوەی ئەلکترۆنی بایەخێکی زۆری پێدرا لە بواری سیاسی وکۆمەڵایەتی ئابووری و تەواوی لایەنەکانی تری پەیوەست بە ژیان . [1] سەرەتای جموجوڵی بەکارهێنانی سیستمی بڵاوکردنەوەی ئەلکترۆنی لە بواری پیشەسازی میدیادا دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکانی سەدەی رابردوو، کاتێک ئامێرە کۆمپیوتەرییەکان لە کۆتایی شەستەکاندا تێکەڵ بە کاری دامەزراووە میدیاییەکانی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو لە سەرەتای حەفتاکانیشدابە شێوەیەکی پراکتیکی پەیڕەوی لێکرا. جیاواز لە جاران سیستمێکی نوێ ئەلکترۆنی پێکهێنرا بۆ هەڵگرتن (Save) و ئەرشیف و گەڕاندنەوە و بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی رۆژنامە و گۆڤارەکان کە بووە سیستمێکی زانیاری تەکنەلۆژی و ئەلکترۆنی میدیایی.[2]

ئەم گۆڕانکارییەش چەندین قۆناغی بڕیوە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم کە شەستەکانی سەدەی رابردوو سەرەتای بەکارهێنانی سیستمە ئەلکترۆنییەکان بوو لە رۆژنامەدا، بەجۆرێک لەسەرەتای سالانی حەفتاکاندا بەرەبەر لە ژوورەکانی هەواڵی رۆژنامە ئەمریکی و کەندییەکان ولاتانی تریشدا تا دەهات زیاتر بەکار دەهێنرا. دواتر ئینتەرنێت بوو بە ئامرازی سەرەکی کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و پەیوەندیکردن، ئەمەش گۆڕانکاری گەورەی لە ئەدا و فۆڕمی کاری میدیایدا خوڵقاند هەتا دەهات پشتی زیاتری پێدەبەسترا بە جۆرێک بەکارهێنانی ئینتەرنێت یەکێک بوو لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی و شارەزایی میدیاکاران. ساڵی (1976) کە لە ئەنجامی هاوکاری نێوان هەردوو دامەزراوەی هەواڵگری (BBC) و ئیندپێندنت برۆتکاستین ئوتۆرتی (IBA) لەچواچێوەی خزمەتگوزاری تلیتێکست کە سیستمێکی تایبەت بوو بە دامەزراوەی یەکەم بەناوی (Ceefax) وهەروەها

---

(1) فاضل محمد حسيني البدراني، اسس التحرير الصحفي والتليفزيوني والإلكتروني، (عمان:دار البداية ناشرون وموزعون، 2014)، ص203.

(2) عباس ناجي حسن، الوسائط المتعددة في الإعلام الإلكتروني، (عمان: دار صفاء للنشر والتوزيع، 2016)،ص87.

سیستمی دامەزراوەی دووەم بەناوی (Oracle) دەرکەوت. هەر لە بەریتانیا لە ساڵی(1979) خزمەتگوزارییەکی تر بە ناوی خزمەتگوزاری ڤیدیۆیی تێکست لەگەڵ سیستمی پریستڵ (Prestel) سەریهەڵدا کە بەرهەمی کۆمپانیای بریتشت تێلفون ئۆتۆرتی بوو. دەستەواژەی رۆژنامەی ئەلکترۆنی زیاتر ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی داتا بەیس، هاوکات ئاماژەشە بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت بە مەبەستی دەسکەوتنی زانیاری و سەرچاوە و بەڵگەنامەکان سەبارەت بە چەندین پرس و بابەت. رۆژنامەی ئەلکترۆنی بە دەستەواژەی Electronnic News Paper وەک ئاماژەیەک بۆ رۆژنامەی کاغەزی لەسەر ئینتەرنێت دەرکەوت. چەمکی رۆژنامەی ئەلکترۆنی گرێدراوی چەمکێکی ترە ئەویش چەمکی بڵاوکردنەوەی ئەلکترۆنییە کە خۆی لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەردا دەبینێتەوە لە پڕۆسەی نوسین و چاپ ودیزان و بڵاوکردنەوەی چاپکراوەکان .[1]

بڵاوکردنەوەی ئەلکترۆنیش وایکرد جۆرێک نوێ لە کاری میدیایی سەرهەڵبدات ئەویش میدیای ئینتەرنێتە کە خۆی لەو پێگە ئەلکترۆنییەنەدا دەبینێتەوە کە تەواو دیجیتاڵین یاخود ئەو رۆژنامە و گۆڤارە چاپکراوانەن کە بە مەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ رەوتی تەکنەلۆژی و سوود بینین لە سیما و تایبەتمەندییەکانی پێگەی ئەلکترۆنییان لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت دامەزراندووە، و ناوەڕۆکی ئەو بابەتە هەمە جۆرانە لە خۆ دەگرن کە دەشێت لەگەڵ سروشتی ئینتەرنێتە بگونجێت و بەپێ گۆڕانکارییەکان توانای ئەبدەیتکردنەوەی بەردەوامیان هەبێت سەرباری دەرفەتی کارلێکی بەردەوامی بەکارهێنەران وبەشداریکردنیان بە گفتوگۆ و کۆمێنتی راستەوخۆ لە بارەیانەوە.[2]

## دووەم: پێناسەی پێگەی ئەلکترۆنی

بڵاوکردنەوەی ئەلکترۆنی تەکنیکێکی سەردەمە و کار لەسەر بڵاوکردنەوەی مەعریفە وگەیاندنی دەکات بۆ هەموو شوێنێکی جیهان، هەربۆیە رۆژنامەوانی ئەلکترۆنی خۆی بەسەر واقعی کەشی میدیاییدا سەپاندوە، بەجۆرێک بۆتە کێبڕکێکارێکی بەهێزی رۆژنامەی چاپکراو. لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو نەوانەی کە رۆژنامەوانی چاپکراویان بەلاوە پەسەند نیە.[3]

---

(1) علي عبدالفتاح كنعان، الصحافة الإلكترونية في ظل الثورة التكنولوجية، (عمان: داراليازوري العلمية،2014)، ص3-12.

(2) حسين علي الفلاحي، الإعلام التقليدي والإعلام الجديد، (عمان:دار غيداء للنشر والتوزيع،2014)، ص159.

(3) سالم محمد معوض، الصحافة الإعلامية و تقنياتها الإتصالية، (عمان: دار غيداء للنشر والتوزيع،2020)، ص198.

له حەفتاکـانی سـەدەی رابـردووەوە بڵاوکـراوەی ئەلکترۆنـی لە هەوڵـی ئەوەدایە وەک ناوەنـدێکی پەیوەنـدیکردنی فـۆرم و تایبەتمەنـدی پەیوەسـت بە خـۆی دەسـتەبەر بکـات . هەرچەندە پەیوەندی بنەرەتی هەیە لە نێوان هەموو شێوازەکانی رۆژنامەوانی ئەلکترۆنی کە ئەویـش خسـتنەگەڕی تەکنیـک و پرۆسـە ماتماتیکیەکـانە لە بـواری بڵاوکـردنەوەی بـابەتە ئەلکترۆنییەکان، بەڵام هێشتا پێناسەیەکی گشتگیر نەهاتۆتە کایەوە هەمووان لەم بوارەدا لە سەری کۆک بن.

**هەربۆیە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە لەوانە:**

**یەکەم:** ئەو پێگە ئەلکترۆنیانەیە کە سیفەتی رۆژنامە چاپکراوەکانیان بە سەردا جێبەجێ دەبێت و بە شێوەیەکی زۆر خێرا بڵاودەبنەوە، و چەندین بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کلتوری و وەرزشیان لە خۆ گرتووە لە دوو توێی چەندین ژانری وەک (هەواڵ، چاوپێکەوتن، شیکردنەوە، لێکۆڵینەوە و وتار)دا بڵاودەکرێنەوە، بەڵام ئەوەی لە رۆژنامەی چاپکراو جیایان دەکاتەوە سەرباری خێرایی گەیشتن ، فرەیی بەردەست بوونی بابەتە میدیاییەکانە لە شێوەی تێکستدا و دووبارە گەڕاندنەوە بۆیان و نووسینەوە و سەیڤ و ئەبدەیت کردنیانە وەک تێکستێکی ئەلکترۆنی.[1]

**دووەم:** هەموو ئەو بڵاوکراوە ئەلکترۆنییانەیە کە رووداوە جۆراوجۆرە گشتی و تایبەتیەکانیش لە خۆ دەگرێت، و دەتوانرێت لە رێی ئامێرە کۆمپیوتەرییەکانەوە و لە سایەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بخوێنرێتەوە. بیرۆکەی سەرەکی پێگەی ئەلکترۆنیش خۆی لە دەستەبەرکردنی بابەتە میدیاییەکانی وەک (هەواڵ، کۆمێنت، وتار، راپۆرت، بابەتی بەدواداچوون...) دەبینێتەوە کە بەهۆی تۆڕە خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێتەوە پەخش دەکرێن.[2]

**سێیەم:** گوزارشتە لە پرۆسەیەکی تەواوکاریی تەکنەلۆژی نێوان ئامێرە ئەلکترۆنییەکان کە بەهۆی توانای لە رادەبەدەری چونیەتی سەیف کردن و رێکخستن و گەڕاندەوە و پۆلێن کردنی زانیارییەکانیان لە چەند چرکەیەکدا، و هەروەها توانای پەرەپێدانی بەردەوام بە ئامرازە پەیوەندییە جەماوەرییەکان وایکردووە جهیان ببێتە گوندێکی ئەلکترۆنی بچووک.[3]

(1) عبدالعزيز الشريف، الإعلام الإلكتروني، (عمان: دار يافا للنشر والتوزيع، 2009)، ص35-36.

(2) نهلة أبو رشيد، الصحافة الإلكترونية والنشر الإلكتروني، (دمشق: الجامعة الافتراضية السورية،2020ص91.

(3) علي خليل شقرة، الإعلام الجديد-شبكات التواصل الاجتماعي، (عمان: دار اسامة للنشر والتوزيع،2014)، ص141.

**چوارەم:** ئەو پێگە ئەلکترونیانەیە کە ناونیشانی جێگیریان هەیە و لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت خزمەتگوزاری میدیایی وەک (هەواڵ و دۆکیومێنتری و راپۆرت و لێکۆڵینەوە و وتار...هتد) لە ماوەیەکی دیاریکراودا پەخش و بڵاو دەکەنەوە.1

**پێنجەم:** ئەو پێگە ئەلکترۆنییانەیە کە بە زمانی ئینگلیزی بە (Web Site) ناو دەبرێن و دەتوانرێت لە رێگەی (Web Browser) وە یاخود بە هۆی ناونیشانی دیاریکراوی پێگەکەوە بیان دۆزیتەوە، کە چەندین جۆر لە خۆ دەگرێت. هەروەها بە کۆمەڵێک رەگەز پێناسە دەکرێت کە دەشێ بە پەیج ناوببرێت کە هەر پێگەیەک لە کۆمەڵەیەک پەیج پێکهاتووە.2

**شەشەم:** مەبەست لە پێگەی ئەلکترۆنی ئەو پرۆسەیەیە کە پشت بە سیستمی زنجیرە فایلەکانی نێو کۆمپیوتەر دەبەستێت کە دەشی بە شێوەیەکی خولی بابەتە ئەلکترۆنییەکان بڵاو بکرێنەوە و دەشێ خولیش نەبن جا ئیتر بابەتەکان گشتی یان تایبەت یاخود کۆمەڵایەتی یاخود سیاسی بن. لە رێی ئامێری کۆمپیوتەرەوە یاخود هەر ئامێرێکی ترەوە کە بەستراوە بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە لە نێویاندا ئامێری (مۆبایل) بڵاو بکرێنەوە. پێگە ئەلکترۆنییەکانیش بە دوو شێوە بڵاو دەکرێنەوە کە دەکرێ رۆژنامەیەی چاپکراو بێت و پێگەیەکی ئەلکترۆنی لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت بۆ خۆی دابمەزرێنێت، یاخود هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بە شێوەیەکی ئەلکترۆنی دەستبەکار بێت و پاشکۆی هیچ رۆژنامەیەکی چاپکراو نەبێت.[3]

**حەوتەم:** بریتیە لە رۆژنامەوانی سکرین ئوفیس کە تەواوی جهیان لە نێو ژوورێکدا کۆ دەکاتەوە و لە رێی ئەم پێگە ئەلکترۆنییەکانیەوە بابەتە میدیاییەکانی لە سەر تۆرەکانی ئینتەرنێت پەخش دەکات، و دیزاینێکی جێگرە و نەگۆڕی هەیە کە لایەنی پەیوەندیدار بە پێدانی مۆڵەتی یاسایی دەرکردنی پەیوەست بە رۆژنامە ئەلکترۆنییەکان رێگەی پێداوە.

---

(1) حارث عبود، مزهر العاني، الإعلام والهجرة الى العصر الرقمي، (عمان: دار ومكتبة الحامد للنشر والتوزيع، 2015)، ص84.

(2) عباس ناجي حسن، سەرچاوەی پێشوو،ص114.

(3) يعقوب بن محمد الحارثي. المسؤولية المدنية عن النشر الإلكتروني،(عمان: دار وائل للنشر والتوزيع، 2015)، ص18.

بابەتی پێگە ئەلکترۆنییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام و بێ وەستان پەخش دەکرێن کە (دەنگ، وێنە، ڤیدیۆ، تێکست و ریکلامی وەستاو وجوڵاوو) لە خۆ دەگرێت. [1]

لە کۆی ئەم پێناسانە دەرکەوت: پێگە ئەلکترۆنییەکان ئەو پلاتفۆرمە دیجیتاڵییە، کە لە چەندین پەیجی پێکەوەبەستراو پێکهاتووە ، لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت مەدوایەکی فراوانی بۆ فایلە دەنگی و وێنەیی و ڤیدیۆیی و تێکستیەکان تارخانکردووە.

## سێیەم: تایبەتمەندییەکانی پێگەی ئەلکترۆنی

ئەگەر پەیامەکانی رادیۆ دەنگ بێت، و تەلەفزیۆنیش وێنە ودەنگ بێت ، رۆژنامەش پەیامەکانی لە رێی تێکستەوە پێشکەش بکات، ئەوا پێگەی ئەلکترۆنی تاکە ئامرازە کە دەتوانێت هەر سێکیان پێکەوە و بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ و پێکەوە بەستراو پێشکەش بکات و ببێتە مایەی سوود بەخشین. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆگا دیجیتاڵییەی کە لەسایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا بۆ پەیڕەو کردنی کارە میدیاییەکان فەراهەم کراوە، و دەتوانرێت کاری کۆکردنەوە و ئەرشیف و پەخش و هەموو جۆری زانیارییەکی تێدا سەیڤ بکرێت و بکرێتە دۆکیومێنتێکی دیجیتاڵی و بخرێنە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت. لەو سۆنگەیەشەوە پێگەی ئەلکترۆنی چەندین تایبەتمەندی لە خۆ گرتووە لەوانە:

1- **خێرایی و ئەبدەیتی بەردەوام:** پێگەی ئەلکترۆنی بەوە جیا دەکرێتەوە کە خێرایە لە بڵاوکردنەوە و گەیاندنی زانیاری بە توێژێکی بەرفراوانی کۆمەڵگەی لۆکاڵی و جیهانی لە ماوەیەکی کەم و بە تێچوونێکی کەم. هاوکات ئەبدەیتی خێرا و بەردەوامی زانیارییەکان بە پێی ئەو گۆڕانکارییانەی لە رووداوەکاندا روودەدەن وبە خێرای بوونی توانای لێکوڵینەوەی دەستەجێ لە رووداوەکان لە رێی سەرچاوە جیاوازەکانی ئینتەرنێتەوە.[2]

2- **کارلێکی:** کارلێکی تایبەتمەندی سەرەکی دیجیتاڵ میدیاییە لە نێوشیاندا پێگەی ئەلکترۆنی کە رەگەزی کارلێکی رێی لە بەردەم بەکارهێنەرانی پێگە ئەلکترۆنییەکان هەموار دەکات تا مشتومڕی راستەوخۆ لەگەڵ نووسەری هەواڵ یاخود وتار یان هەر کام لە ژانرە میدیاییەکانی تر بکات و رای خۆی لەو بارەیەوە بدات بە بێ بوونی هیچ ناوەندگیریەک راستەوخۆ بگاتە نووسەری بابەتەکە.

---

(1) نزار بشير جديد، الإعلام المقروء بين الصحافة الورقيةو الصحافة الإلكترونية، (عمان: دار الإعصار العلمي للنشر والتوزيع، 2015)، ص117.

(2) علي عبدالفتاح كنعان، سەرچاوەی پێشوو، ص20.

3- **هەمەجۆری:** لە رۆژنامەی کلاسیکدا میدیاکار کێشەی مەودا و پانتایی دیاریکراوی هەبوو بۆ بەرهەمهێنانی وتارێک بەو پێیەی دەبوو هاوسەنگی نێوان پانتایی دیزاینکراو و گونجاندنی تێکست رابگرێت. ئەرکی میدیاکاریش لەو دەسکەوتەدا خۆی دەبینیەوە کە هاوسەنگی رابگرتایە لە نێوان تێکست و پانتای دیاریکراو دواجاریش یەکانگیربوونەوەی لەگەڵ داواکارییەکانی جەماوەردا، بەڵام ئینتەرنیت ئەم سنور و هێڵکارییەی لەبەردەم پێگەی ئەلکترۆنی رەواندۆتەوە و چەندین رۆژنامەی فرە رەهەندی فەراهەمکردووە کە دەتوانرێت لە رێیەوە پێویستی و بایەخی جیاواز و جۆراوجۆرەکانی جەماوەر پڕ بکاتەوە.[1]

4- **رووماڵکردنی خێرا و بەردەوامی رووداوەکان:** خێرا یاخود گەرماوگەرم مەبەست لە پێدانی هەواڵ و زانیاری خێرا و یەک بەیەکی رووداوەکانە بە وەرگر، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت زۆرێک لە هەنگاوە کلاسیکیەکانی وەک پابەند بوون بە کات ئامادە کردن و چاپ و بڵاوکردنەوەی تێپەڕاندووە، ئەم تایبەتمەندییەش گوزارشتە لە قەڵەمبازێکی مەزن بەراورد بەو هەوڵەی لە رۆژنامەی چاپکراوە لە رێی ئامرازە کلاسیکیەکانەوە دەدرا کە دەبووە کۆسپێک و دەرئەنجامەکەی دروستبوونی کەلێنی لێدەکەوتەوە لە رووی خێرایی و بەدواداچوونی گەرماوگەرمی رووداوەکان، ئەم سروشتی نەرمی مامەڵە کردنەش کار لە پرۆسەی بەرهەمهێنان دەکات کە دەبێتە مایەی بە ئاگا بوون لە سەرجەم گۆڕانکاری رووداوەکان بە شێوەیەکی بەردەوام بە جۆرێک وا دەردەکەوێت کە چەند رۆژنامەیەک لە ناو رۆژنامەیەکدا بێت، نەک بە تەنها کاری رۆژنامەیەک بیت. واتا ریتمی خێرای کارکردن هاوشانی خێرایی سەردەم دەڕوات، ئەم ریتمەش ئاسوودە دەبەخشێتە وەرگر و لەرێی پێدانی چەندین هەواڵەوە هەستی کۆنترول کردنی رووداوەکانی جهیانی لا دروست دەکات.

5- **زاڵبوونی نیودەڵەتی بەسەر لۆکاڵیدا:** بەرفراوان بوونی مامەڵەی جەماوەر لەگەڵ بڵاوکراوە ئەلکترۆنییەکاندا بۆتە بنەمایەک بۆ رێکخستنەوەی بایەخبەندییەکانی جەماوەر، بە جۆرێک چیتر لە روانگەیەکی کورت مەودا و دیاریکراودا مامەڵە لەگەڵ رووداوەکاندا ناکرێت، بەڵکو تێڕوانینی سەرتاپاگیری و گەردوونی خۆی بەسەر هەمووواندا سەپاندووە لەم جهیانە بەرتەسکەی نەک بۆتە گوندێکی بچووک بەڵکو لە تەنها ژورێکدا قەتیس

---

[1] الشفيع عمر حسنين، الصحافة الإلكترونية المفهوم و الخصائص والانعكاسات، (أبوظبي: مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية،2011)، ص21.

بووە. بۆیە زۆرێک لە پێگە ئەلکترۆنییەکان بەراورد بە هەواڵە لۆکاڵییەکان تیشک دەخەنە سەر هەواڵ و دۆزە جهیانییەکان و لە سەرەتا و دەستپێکی پێگەکانیاندا بڵاوی دەکەنەوە کە ئەم جۆری مامەڵە کردنەش بۆتە بەشێکی لە زەروورەتی کاری میدیایی.[1]

6- **توانا بەخشین و ویستی هەڵبژاردن:** توانا بەخشین بە جەماوەر لە نێو پێوەرە روژنامەوانی ئەلکترۆنیدا بیرۆکەی پەسەندە کراوە بە جۆرێک جەماوەر لە هەژموونێکی سادەوە بێتە بابەتێکی بەهاداری پرۆسەی کۆمیونیکەشن لە رێی بژاردەکانی ئەو دەنگ و وێنە و تێکستانەی کە بەردەستە، هەروەها سروشتی گونجاویی رۆژنامەوانی ئەلکترۆنی و پشت بەستنی بە تەکنەلۆژیا وا دەکات هەر بەرکارهێنەرێک کە سەردانی پێگەکان دەەکات بتوانێت بە ویستی خۆی شێوازی بەرکەوتنی بە هەر پێگەیەک دەستنیشان بکات.[2]

7- **دابینکردنی ئەرشیفی ئەلکترۆنی:** بەکارهێنەرانی پێگە ئەلکترۆنییەکان دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ هەر بابەت و وتار و توێژینەوەیەک کە جێی بایەخیانە پێشتر لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت ئامادە کراون ئەم هەنگاوەش رێگە بۆ توێژەران و فێرخوازان هەموار دەکات بانکێکی زانیاری بێشومار لە بەردەستیاندا والا بێت، و بە ویستی خۆیان سوود لەو داتا و زانیارییانە وەرگرن کە مەبەستیانە، لە کاتێکدا ئەم خزمەتگوزارییە لە رێی ئەرشیف رۆژنامەی کلاسیکیەوە بە ئاسانی بەدەست نایەت کات و ماندووبوونێکی زۆری دەوێت بە هۆی ئەوەی کاری ئەرشیف کردنی دەستی بێ کەمووکورتی نابێت و دەشێ زۆربەی کاتیش هەوڵێکی بێهودە دەرچێت.[3]

8- **نەبوونی سانسۆر و دەستەبەرکردنی داتا ئامارییەکان :** ئەو دەرفەتی نوێ لەم بوارەدا فەراهەم کراوە، وایکردووە پێگە ئەلکترۆنییەکان کەمتر لە رێی ئینتەرنێتەوە رووبەری کۆتوبەندی جوگرافی و سانسۆر ببنەوە و ئاسانتر بە جەماوەر بگەن، و بە کەم ترین کات وتێچوونی دارایی ئەم هەلەش یارمەتیدەرە بۆ پێگە نەناسراوەکان بەربەستەکانی پەیوەست بەکات و شوێن تێپەڕێنن و بکەونە کێبڕکێ لەگەڵ رۆژنامە بەناوبانگەکانەوە. هاوکات داتا وئامارەکانی پەیوەست بە جەماوەر تایبەتمەندییەکی تری پێگە ئەلکترۆنییەکانە کە رۆژانە لە رێی سەردانی بەکارهێنەرانەوە بە شێوەیەکی دیجیتاڵی

---

(1) خالد محمد غازي، الصحافة الإلكترونية العربية، (الجيزة: وكالة الصحافة العربية، 2016)، ص183-180.

(2) فريد صالح فياض، الإنترنيت و صحافة المدونات الإلكترونية، (بغداد: مجلة الباحث الإعلامي- جامعة بغداد- كلية الإعلام، العدد 18، 2012)، ص118.

(3) علي خليل شقرة، سەرچاوەی پێشوو، ص154.

هەموو پێگە ئەلکترۆنییەکان ژمارەی بەکارهێنەران تۆماردەدکەن، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات تا بڕیار بەدەستانی بواری میدیایی بتوانن بڕیاری گونجاو بدەن، و سوود لە ئاماژە ئامارییەکان وەرگرن سەبارەت بە پەسەند کردنی بابەتی پێگەکانیان لە لایەن جەماوەرەوە. [1]

9- **هەموارکردنەوە لە پێناو پڕکردنەوی خواستی بەکارهێنەر:** بەو پێیەی پێویستی بە دابەشکردنی جەماوەری کلاسیکی نیە، کە بە کەسی کردنی ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان ناسراوە، بە جۆرێک پڕۆدیوسەری پێگە ئەلکترۆنییەکان دەتوانن پێش وەخت لیستێک لەو هەواڵانە ئامادە بکەن کە لەگەڵ خواستەکانی بەکارهێنەردا دەگونجێت، واتا کاتێک بەکارهێنەرسەردانی هەرپێگەیەک بکات دەستبەجێ ئامانجەکەی بپێکێت. [2]

10- **نا کاغەزی:** یەکێک لە تایبەتمەندە هەر دیارەکانی پێگە ئەلکترۆنییەکان ئەوەیە کە کاغەزی نیە ئەم تایبەتمەندییەش لە ڕۆژنامەی کاغەزییەکان جیایی دەکاتەوە، ئەمەش بە یەکێک لە باشییەکانی پێگەی ئەلکترۆنی هەژمار دەکرێت، چونکە دەزگاکە لە گرفتی کەلوپەلی چاپ و کاغەز و پاشماوەکانی رزگار دەکات، هاوکات ڕووبەڕوی گرفتی دابەشکردن نابێتەوە بەو پێیەی لە سەرتۆڕەکانی ئینتەرنێت بە تەواوی جیهاندا پەخش و بڵاو دەکرێتەوە، هەروەها دەزگاکە ناچار نابێت بڕە پارەیەکی زۆر تەرخان بکات بۆ کرینی کاغەز.[3]

11-**بونیادی رۆشنبیری:** یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی پێگە ئەلکترۆنییەکان بڵاوبوونەوەی رۆشنبیری ئەلکترۆنییە لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت لە بواری فێربوونی ئەلکترۆنیدا بە جۆرێک بۆتە جانتایەک ئەلکترۆنی بۆ خوێندکاران، هاوکات زیادبوونی بازاڕ و بازرگانی ئەلکترۆنی کە پڕۆسەیەکی رەواجپێدان و فرۆشتنی کەلوپەلە، لە ڕێی بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە کڕیاران دەتوانن لێ سوودمەند بن.[4]

---

(1) یاس خضير البياتي،الإعلام الجديدة الدولة الافتراضية الجديدة، (عمان: دار البداية ناشرون وموزعون،2014)، ص182.

(2) انتصار ابراهيم عبدالرزاق، صفد حسام ساموک، الإعلام الجديد، (بغداد: الدار الجامعية للطباعة والنشر والترجمة، 2011). ص28.

(3) عبدالباسط أحمد هاشم شاهين، سەرچاوەی پێشوو،ص100-101.

(4) محمد نعمان عبد السميع، العمل الصحفي، (دسوق: دار العلم والإيمان للنشر والتوزيع، 2015)، ص118-119.

## چوارەم: جۆرەکانی پێگە ئەلکترۆنییەکان لە رووی خاوەندارێتیەوە

مەودا فراوان و بێ ئەندازەکانی ئینتەرنێت و فرە جۆری لە خستنە رووی زانیاری لە هەموو کایە و بوارەکاندا وایکردووە سەرجەم دامەزراوەکان بە حکومی و ناحکومیەوە هەر لە رێکخراو و سەندیکا و کۆمەڵە و تەنانەت خەڵکیشەوە پێگەی ئەلکترۆنی تایبەت بە خۆیان هەبێت. سەرباری بوونی چەندین پیگەی ئەلکترۆنی میدیایی تایبەتمەند بە هەواڵ و زانیاری کە لە لایەن ئەودامەزراوانەوە بەرێوە دەبرێن کە میدیا چالاکی سەرەکیانە لە رووی ئابوورییەوە، و بە ستاندارده پشەییەکانی میدیا تاوتوێ دەکرێت جا لە سەر ئاستی نوسین و دەرهێنان بێت یاخود لە سەرئاستی ئیتیکی پیشەیی بێت. پێگەکانیش لە رووی خاوەندارییەوە دابەش دەبن بۆ:

1- **پێگە فەرمییەکان:** ئەم جۆرەیان لە لایەن دەوڵەت و دامەزراوە رەسمییەکانەوە چاودێری دەکرێت وەک پێگە حکومیەکان و پیگەی زانکۆ و پارت و کۆمەلە و سەندیکا رەسمییەکان کە لایەنێکی پەیوەندیداری دەوڵەت پاڵپشتیان دەکەن ناوەڕۆکەکانیان بە پێی چالاکیەکانیان دەبێت کە زیاتر کار لە سەر ناساندنی چالاکی و خواست و ئامانجەکانیان دەکەن.[1]

2- **پێگە تایبەتەکان:** کەسانێک بە مەبەستی پێکهێنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێ و دەبڕینی بیروڕایان پێگەی تایبەت بە خۆیان دادەمەزرێنن کە چەندین جۆری وەک پەیجە کەسی و چات و سەکۆی گفتوکۆ و بلۆگەکان دەگرێتەوە. ئەم چالاکیە کۆمەڵایەتیەش لە بواری بڵاوکردنەوەی کەسی و کۆمیونیکەیشنی ئەلکترۆنیدا بۆتە دەرهاویشتەی کۆمەڵێک یاسا ئەو کەسانە پابەند دەکات کە وتوویژ و گفتوگۆ دەکەن و ئەم پێگە کەسییانەی پێدەناسرێتەوە، هەروەها سەرچاوەیەکی دامەزراوەیی نییە تا ئەو یاسایەیانە پسەپێنێت بەڵکو دەرئەنجامی پێکهاتنێکی گشتی خۆرسکی نێوان بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتە کە دەشێ بە کۆنترۆڵکردنی خودی ناو بنرێت.[2]

3- **پێگە میدیاییە تەواوکارییەکان:** ئەم جۆرەیان رۆڵێکی تەواوکاریی دەگێرێت لەپاڵ دەمەزراوە میدیاییە سەرەکیەکاندا جا رۆژنامەوانی بیت یاخود ئیزگە یان کەناڵی ئاسمانی وەک(پێگەی رۆژنامە چاپکراوەکان، پێگەی کەناڵی ئاسمانییەکانی ئەلجەزیرە،

---

(1) عباس ناجي حسن، سەرچاوەی پێشوو، ص115-116.

(2) جليلة عبدالله خلف، الوضيفة الإخبارية للبوابات الإلكترونية، (العين: دار الكتاب الجامعي، 2014)، ص121.

ئەلعەرەبیە و پێگەکانی CNN,BBC).بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرەیان کار دەکات بۆ ڕەواجدان و پاڵپشتی کردنی دامەزراوەکە بەمەش ڕۆڵی تەواکاری دەگێرێت. هیچ بابەتێکش لە دەرەوەی دەزگا سەرەکیەکە بەرهەم ناهێنرێت، جگە لە هەندێ بابەت نەبێت کە دەشێ لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دووبارە بەرهەم بهێنرێتەوە تا لەگەڵ سروشتی ئینتەرنێتدا بیگونجێنن.

4- **پێگە میدیاییەکان:** ئەم جۆرەیان پێگەیەکی میدیایی تەواون لە بنەرەتدا لە ڕێی دەزگایەکی بازرگانی دانەمەزراوە ،یاخود ئەرکێکی تەواکاری دامەزراوەیەکی میدیایی لە ئەستۆدا بێت، بەڵکو لە سەرەتای دروست بوونیەوە ڕۆڵی میدیایی سەرەکی خۆی دەگێریت پشت بە ستراکچەرێکی کارگێری سستماتیک دەبەستێت و فۆکەس دەخاتە سەر پێشکەش کردنی بابەتەکان بە گوێرەی بنەما میدیاییەکان کە زیاتر لە لایەن کەسانی پڕوفیشناڵەوە بەرێوە دەبرێت.[1]

5- **بلۆگە ئەلکترۆنیەکان (Blogs):** پێکهاتووە لەو پێگە کەسیانەی کە (نوسراو، وتار، ڤیدیۆ...) بڵاو دەکاتەوە کە زۆربەی کات لە لایەن تاکەکانەو یان دامەزراوە و دەستە میدیایی و بازرگانی و ڕۆشنبیرییەکانەوە خاوەنداری دەکرێت، لە پەخش کردنی بابەت و ناوەڕۆکانیان پشت بە ریزبەندی کرۆنۆلۆجی دەبەستن بە گوێرەی مێژووی نووسینەکەی، کە خوێنەر دەتوانیت کارلێکی لەگەڵ بابەتەکان هەبێت و ڕەخنە وکۆمێنتیان لە بارەوە بدات. بە هۆی سەرکەوتن وتوانای گوزارشتکردنی لە خواست و ئارەزووەکانی دەستە و توێژە پەراوێزخراوکان بلۆگەکان (Blogs) بەرەو پێشچوونی زۆری بە خۆیەوە بینیوە لە زیاد بوونی بەکارهێنەراندا و بەردەوامیش لە هەڵکشاندایە.[2]

6- **پێگە بازرگانیەکان:** کاری ئەم جۆرەیان ناساندنی کاڵا بەرهەمهێنراوەکانی ئەو کۆمپانیایانیە کە سپۆنسەری پێگەکە دەکات ئەمەش کاری فرۆشتنی بەرهەمی کۆمپانیاکە ئاسان دەکات لە ڕێی بازاڕکردنی ئەلکترۆنییەوە. ئەوەی تێبینی دەکرێت پێگە بازرگانییەکان هیچ بابەتێکی میدیایی لە جۆری هەواڵ و زانیاری لەخۆ ناگرێت بەڵکو

---

(1) بیرق حسین جمعة موسی، فن الإخراج الصحفي لمواقع و الجرائد الإلکترونیة، (عمان: دار غیداء للنشر والتوزیع،2015)، ص135-136.

(2) إبراهیم بعزیز، تکنولوجیا الاتصال الحدیثة وتاثیراتها الاجتماعیة والثقافیة، (القاهرة: دار الکتاب الحدیث،2012)،ص70.

* کرۆنۆلۆجی: ئەو زانستەیە کە مامەڵە لەگەڵ پێوانە کردنی کات دەکات، و پشت بە دابەشکردنێکی سستماتیک دەبەستێت و تایبەتە بە ڕووداو، مێژووی ڕوودانەکەی بە شێوەیەکی ڕاست.

زیاتر کارەکانیان لە بواری بازرگانیدا چڕ دەبێتەوە، هەروەها پسپۆڕی تایبەتمەند و کەسانی خاوەن ئەزموون لە بواری میدیادا بەدی ناکرێت، بەڵام دەشی هەندێک لە خاوەنی کۆمپانیا گەورەکان لە بواری ریکلامدا پێویستیان بە کەسانی پسپۆڕ هەبێت تا کاری پێگە بازرگانیەکانیان بۆ بەرێوەبەرن.[1]

7- **پێگە رێنوێنیەکان:** ئەو پێگە گەورانەیە کە بە رێنوێنیکاری توێژینەوەی زانستی دەناسرێن لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت، هەروەها ئامێرەکانی گەران(Search Engine)ی وەک یاهوو، و گوگڵ(Yahoo-Google) و چەندین جۆری تر لە هاوشێوەی ئەم پێگەنە کە مەودایەکی زۆری ریکلامیان لە خۆ گرتووە.[2]

8- **پێگە کۆمەڵایەتییەکان:** پێگە کۆمەڵایەتییەکان زۆرترین رەواجی هەیە لە لایەن جەماوەرەوە لەبەر ئەوەی هۆکارێکە بۆ یەکتر ناسین و دروستکردنی پەیوەندی و ئاڵگۆڕکردنی کلتور بەتایبەت لەم چەند ساڵانەی دوایدا بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاو بوەونەوە و پێشوازییەکی بێ ئەندازەی لێکرا کە لە رێی ئەم پێگەنەوە پرۆسەی شێرکردن و ئاڵوگۆر کردنی بیرۆکە و زانیاری و وێنە و رووداوەکان بۆتە کارێکی ئێجگار ئاسان لە پێگەکانی وەک (Facebook, Linkedin, Myspace, Instagra ) و چەندین پێگەی تریش کە بەشێوەکی باو لە نێو جەماوەردا کاردەهێنرێت. [3]

9- **پێگەی سەرگەرمی و کات بەسەربردن:** ئەم جۆرەشیان بەشێوەیەکی بەرچاو باوە ئامانجیش لێان سەرگەرم کردن و چێژ وەرگرتنی بەکارهێنەرانە لە رێگەی پەخشکردنی یاری و میوزیک و گۆرانی و فیلمەکان و... [4]

## پێنجەم: جۆرەکانی پێگە ئەلکترونییەکان لە رووی پرۆگرامین و دیزاینەوە

بەو پێیەی پێگە ئەلکترۆنییەکان لە کۆمەڵێ پەیج پێکهاتووە کە بەرنامەسازی بۆ کراوە بە پێ بنەماکانی زمانی ئینتەرنێت بە مەبەستی پەخش کردن و وەرگرتنی داتا لە سەر تۆرەکانی ئینتەرنێت. پێگەکانیش بە پی جۆری پرۆگرام وشێوازی کار کردنیان دەگۆڕێت

---

(1) حسين أبو شنب، حسين سعد، إنتاج المواد الإعلامية، (غزة: بدون ناشر، 2016)، ص134.

(2) جاسم رمضان الهلالي، الدعاية والإعلان والعلاقات العامة في المدونات الإلكترونية ، (عمان: دار النفائس للنشر والتوزيع، 2013)، ص72.

(3)https://tawajod.ae/ar/%D8%A7%D9%86%D9%88%D8%A7%D8%B9-%D8%A7
کاتی سەردان6/6/2021- 9:22PM.

(4) نهلة أبو رشيد، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٨.

PHP with MYSQL DATABASES- ASP.NET with SQL SERVER ) هەریەک لە.
DATABASES) نموونەی ئەو زمانانە لە پرۆگرامینی پێگە ئەلکترۆنییەکاندا بەکارهاتووەن.[1]

**پێگە ئەلکترنییەکانیش لە رووی دیزاینەوە دابەش دەبن:**

1- **پێگە ستاتیکەکان** (Static Web Site): لەم جۆرەدا پێگەکان هەندێ تێکست و وێنە و بابەتی نوسراو و گرافیکی جێگیر و جۆلاو یاخود ستاتیک و داینامیکی لە خۆ دەگرێت کە لەگەڵ بیرۆکەی سەرەکی و سیاسەت و بەرێوەبردنی پێگەکەدا یەکانگر دەبن. بەڵام بەرێوەبەرانی پێگە ناتوانن بە شێوەیەکی داینامیکی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە پێگەکە ئەبدەیت بکەنەوە و ئەوانەشی سەردانی پێگەکە دەکەن ناتوانن بە کۆمێنت و وەڵام بەشدار بن، لەبەرئەوەی ئەو پێگەنەی لەم جۆرەیە(ستاتیک) بنەمای ئەبدەیت کردنەوەی داتا بەیسیان(Data Base) نیە بە جۆرێک بتوانرێت گۆڕانکاری لە هەر زانیاری و وێنەیەکدا بکرێت بە بەکارهێنانی کەرەستە زمانەوانی پەرەپێدانی پەیوەست بە پێگەکان و پاشان دووبارە بڵاوکردنەوەیان لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت.

2- **پێگە داینامیکیەکان** (Dynamic Web Site): ئەم جۆرەیان بە هۆی تایبەتمەندی داتا بەیسەکەیەوە جیا دەکرێتەوە بەمەش جیاواز دەبێت لە لە پێگە جێگیرەکان(ستاتیکەکان) بە جۆرێک خاوەن و بەرپرسانی پێگەکان بە شێوەیەکی بەردەوام دەتوانن بەبێ گەڕانەوە بۆ کۆمپانیاکانی دیزان کردنی پێگەکان کاروباری خۆیان بەرێوەبەرن سەبارەت بە هەر گۆڕانکاری و نوێ کردنەوە لابردن و زیاد کردن و ئەبدەیت کردنەوەی زانیاری و رێکخستنی وێنە، ئیتر رۆژانە بێت یاخود بۆ چەند کاتژمێرێکی دیاریکراو بێت، تەنانەت هەندێک لە پێگەکان ئەبدەیتی زانیارییەکانیان لە کاتژمێرێک کەمترە وەک پێگەی کەناڵەکانی(CNN-BBC...) بەرپرسی پێگەکانیش ئەم گۆڕانکاری و ئەبدەیت کردنەوە خێرایە لە رێی بەکار هێنانی کۆدی نهێنییەوە کۆنترۆڵ و پێشاندانی داتا و وێنە و خشتەی نێو پێگە داینەمیکیەکان ئەنجام دەدات. ئەمەش لە رێی ئەو داتابەیسانەوە رێکدەخرێت کە رێگە بە زیاد کردن و ئەبدەیتی بەردەوامی پەیجەکان دەدات هەر بۆیە بە پێگە داینەمیکیەکان ناودەبرێت.[2]

---

[(1)] يوسف صالح الجرعي، تصميم المواقع الإلكترونية،الإصدار 1، (كتاب الإلكتروني ،2014)، ص 10.

[(2)] حسن السوداني، محمد المنسور، شبكات التواصل الاجتماعي وتاثيرها على جمهور المتلقين، (عمان: مركز كتاب الاكاديمي، 2016)، ص54.

جیاوازی سەرەکی لە نێوان ئەم دوو جۆرە لە پێگە ئەلکترۆنییەکان لە چۆنیەتی نمایش کردنی زانیارییەکاندا چڕ دەبێتەوە بە جۆرێک پێگە ستاتیکەکان(جێگیرەکان) زانیارییەکان هەروەک چۆن کە لە داتا بەیسدا سەیڤ کراوە وەک خۆی و بێ دەستکاری کردن نمایش دەکرێت، یاخود هەر داتا بەیس بەکارناهێنرێت و لە ڕێگەی زمانی (HTML)ەوە دروست دەکرێت. بەڵام لە پێگە داینەمیکیەکان (بزوێنەرەکان) دەتوانرێت لە ڕێگەکی کیبۆردی کۆنترۆڵکردنی کاری بەڕێوەبردنی پێگەکە مەیسەر بکرێت و ناوەڕۆکی داتا بەیسەکان گۆڕانکاری تێدا بکرێت. [1]

**جیاوازی نێوان پێگە ستاتیکەکان و پێگە داینەمیکەکان**

| ژ | پێگە ستاتیکەکان | پێگە داینەمیکیەکان |
|---|---|---|
| 1 | ناتوانرێت گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی پێگەکەدا بکرێت لە لایەن بەکارهێنەرانەوە | دەتوانرێت گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی پێگەکەدا بکرێت لە لایەن بەکارهێنەرانەوە |
| 2 | ناتوانرێت پرۆسەی کارلێک لەگەڵ داتا بەیسی پێگەکەدا ڕوو بدات و گۆڕانی بەسەردا بێت | دەکرێت پرۆسەی کارلێک لەگەڵ داتا بەیسی پێگەکەدا ڕوو بدات و گۆڕانی بەسەردا بێت |
| 3 | دامەزراندن ودروستکردنی خێرایە وتێچونێکی کەمی پێویستە | دامەزراندن و دروستکردنی درێژتر دەخایەنێت وتێچونێکی زیاتری پێویستە |
| 4 | برەو پێدانی بە پێ پرۆگرامە زمانەوانییەکانی وەک( HTML, CSS, Javascript) دەبێت. | برەو پێدانی بە پێ پرۆگرامە زمانەوانییەکانی وەک(PHP,Node.js)دەبێت. [2] |

## شەشەم: جۆرەکانی پێگە ئەلکترونییەکان لە ڕووی پێکهاتەوە:

**1- ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی ئۆنلاین** (Online Newspaper): ئەو ڕۆژنامەیە ئەگەرچی هەڵگری هەمان ناوی ڕۆژنامە چاپکراوکەش بێت. بەڵام تەواو ئۆنلاینە ئەو

---

(1) احمد فهمي عبدالمنعم عميرة، بناء المواقع الإلكتروني ذات الطابع الديناميكي، (مكتبة حسونة، 2011)، ص10.

(2) https://www.geeksforgeeks.org/static-vs-dynamic-website ، -Static vs Dynamic Website کاتی سەردان 6/6/2021 -.11:24 PM.

تایبەتمەندییانەش کە جیای دەکاتەوە، هەمان خزمەتگوزاری میدیاییەکانی وەک (هەواڵ و راپۆرت و وێنە...) فەراهەم کراوە کە رۆژنامەی چاپکراو پێشکەشی وەرگری دەکات. هاوکات چەند خزمەگوزارییەکی تری و تەکنەلۆژیای هایپەر تێکست (Hypertext)ی وەک گەڕان لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت فەراهەم کراوە. سەرباری خزمەتگوزاری گرێدانەوە بە پێگەکانی تر و وەڵامدانەوەی خێرا و ئەرشیف کردن کە رۆژنامەی کلاسکی توانای پێشکەش کردنی ئەم خزمەتگوزارییانەی نییە. [1]

2- **کۆپی ئەلکترۆنی رۆژنامەی چاپکراو:** مەبەست لەم جۆرەیان پێگەی رۆژنامە چاکراوەکە لە سەر تۆرەکانی ئینتەرنێت کە کار دەکات لە سەر پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پەخشکردنی ناوەڕۆکی رۆژنامەی چاپکراو واتە ئەوەی لە رۆژنامەکەدا بڵاو دەکرێتەوە هەمان ناوەڕۆک بابەت بەشێوەیەکی ئەلکترۆنی جارێکی دی لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت پەخش دەکرێتەوە، لەگەڵ هەندی خزمەتگوزاری تری وەک بەشداری کردن لە رۆژنامەی چاپکراو و پێشکەشکردنی ریکلام و گرێدانەوە بە پێگەکانی تر. [2]

**دابەشکارییەکی تر بۆ رۆژنامەی ئەلکترۆنی کراوە بەم شێوەیە**

**دەشێ پۆلێنی رۆژنامەی ئەلکترۆنی لە سایەی پەخشی ئەلکترۆنییەوە بۆ ئەم جۆرانە دابەش بن:**

1- کۆپییەکی ئەلکترۆنی لە رۆژنامەی چاپکراوی بە هەمان ناو و مێژوو پێشکەش دەکرێت تەنها کۆپییەکی ئەلکترۆنییە وەک خۆیی بە هەمان ناوەڕۆک رۆژنامە چاپکراوەکە.
2- رۆژنامەی ئەلکترۆنی هەڵگری هەمان ناوی رۆژنامەی چاپکراوە ، بەڵام بە ناوەڕۆک و خزمەتگوزاری و ئاڕاستەی جیاوازەوە کە پشت بە ئەبدەیت کردنەوەی بەردەوام و کارلێکی و راپرسی دەبەستێت.
3- رۆژنامەی ئەلکترۆنی کە بنەمایەکی چاپکراوی نیە.
4- پێگە میدیاییەکان کە مەبەست لێی تۆڕی هەواڵییەکانی سەر ئینتەرنێت، و پێگەی پارتە سیاسی و ئابوورییەکانە.

(1) إبراهيم السيد حسنين، الاتجاهات الحديثة في الإعلام الحصفى، (القاهرة: مؤسسة طبية للنشر والتوزيع، 2015)، ص 290.

(2) محمد عبد البديع السيد، فن التحرير الصحفي في عصر المعلومات، بدون تاريخ و الناشر. ص99.

5- ئێزگە ئاسمانییەکان مەبەست لێیان پێشکەش کردنی راپۆرتە هەواڵیە دەنگی و تێکستە دەنگیە روونکارییەکان و دروستکردنی گفتوگۆی کارلێکیە.

6- پێگە و ئاژانسە هەواڵییە جیهانیی و عەرەبییەکان کە خزمەتگوزاری بە چەند زمانێک پێشکەش دەکەن، هاوکات رووماڵکردنی رووداوە جیهانییەکان پەخشکردنییان لە پێگەکانەوە. [1]

**جۆرێکی تر لە دابەشکارییەکی رۆژنامەی ئەلکترۆنی:**

1- رۆژنامەی چاپکراو کە لە سەر تۆڕی ئیتەرنێت پێگەی ئەلکترۆنی هەیە.

2- پێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنی و ئاسمانییە هەواڵیەکان.

3- پێگە هەواڵییەکان.

4- رۆژنامە ئەلکترۆنییەکان.

5- بلۆگەکان.

6- پەیجە هەواڵییە نێو پێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەک فەیسبووک.

7- بلۆگە بچووکە هەواڵییەکانی وەک توتیتەر.

8- پێگە و ئامێرەکانی گەڕان لە شێوەی گوگڵ (Google)،،،هتد.

9- پێگە زانستییەکانی پەیوەست بە میدیا وەک کۆلێژە میدیاییەکان.

10- پێگەی کۆپییە دیجیتاڵییەکانی وەک (PDF) کە پەیوەستە بە بابەتە چاپکراوەکان. [2]

## حەوتەم: جیاوازی نێوان رۆژنامەی ئەلکترۆنی و پێگەی ئەلکترۆنی

هەرچەندە بەشێوەیەکی تیۆری سەرچاوەیەکی کەم ئاماژە بە جیاوازی نێوان رۆژنامەی ئەلکترۆنی و پێگەی ئەلکترۆنی دەدەن، هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە پێگە بەشێکە لە رۆژنامەی ئەلکترۆنی، یاخود هەر بابەتێک لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت پەخش بکرێت ئەوا بە بڵاوکراوی دیجیتاڵی یان ئەلکترۆنی ناودەبرێت. ئەگەرچی لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت بەزمانی ئینگلیزی نەک کتێب ، بەڵکو راپۆرتیکیش بەدی ناکرێت ئاماژە بە جیاوازی نێوان رۆژنامەی ئەلکترۆنی و پێگەی ئەلکترۆنی بکات ، بەڵکو جیاکارییەکە لە نێوان رۆژنامەی چاپکراو، و رۆژنامەی ئەلکترۆنیە، و روژنامە و پێگەی ئەلکترۆنیش وەک پێشتر لە جۆرەکاندا توێژەر ئاماژەی پێکردووە ناوی جۆراو جۆری لێنراوە، بەڵام چەند

---

(1) خالد محمد غازي، سەرچاوەی پێشوو، ص 117.

(2) محمد سيد ريان، الإعلام الجديد، (القاهرة: مركز الأهرام للنشر والترجمة والتوزيع، 2012)، ص79-80.

سەرچاوەیەک بە زمانی عەرەبی ئاماژە بە جیاوازی نێوانیان دەکەن کە دوای گەڕانێکی زۆر تەنها دوو سەرچاوە و راپۆرتێک بەم شێوەی خوارەوە ئاماژە بە بوونی ئەم جیاوازییانە دەکەن.

**جیاوازییەکان:**

رۆژنامەی ئەلکترۆنی وەک رۆژنامەی چاپکراو پرۆسەی جێبەجێکردنی هەر لە تێکست و دیزاین و دەرهێنانی لە سەر سکرینی ئەلکترۆنی ئەنجام دەدرێت لەگەڵ بەکارهێنانی تەکنیکی هایپەر تێکست و مەڵتی میدیای وەک( دەنگ و وێنە تێکست و ڤیدیۆ)، کە لە کاتێکی دیاریکراو و بە شێوەیەکی خولی دەردەچێت کە دەبێ پەیوەندی راستەوخۆ هەبێت لە نێوان دەستە و بەرێوەبەرانی رۆژنامەکە لە لایەک و خوێنەران لە لایەکی تر.هەروەها لە دەرەوەی کارمەندانی رۆژنامەکە پشت بە پەیامنێرانی لۆکاڵی و نێودەوڵەتی و ئاژانسەکانی هەواڵ و مانگە دەستکرد و هەواڵسازان و بەشداربووان دەبەستێت. ئەو ناوەڕۆک و قاڵبە جێگیرەی لە سەر ریسیفەرێکی نەگۆڕ و دیاریکراو هەیەتی بە گرنگترین جیاوازیی رۆژنامەی ئەلکترۆنی دادەنرێت. بەڵام پێگەی ئەلکترۆنی مەبەست لێیان پێگەی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێتە کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ و هەنووکەیی هەواڵەکان پەخش دەکان بە شێوەیەکی خێرا کە پشت بە فرە ئامرازەکان(مەڵتی میدیا)، و ژووری هەواڵ و تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن دەبەستێت. بڵاوکردنەوەی هەر بابەتیک بەگەیشتنی بۆ پێگەکە بە شێوەیەکی زۆر خێرا ئامادە دەکرێن و سات بەسات پەخش دەکرێن، دەشێ پێگە ئەلکترۆنییەکان بە هۆی تەکنیکی سازاندن و بڵاو کردنەوە و کورتبڕی لە هەموو قۆناغەکانی نووسین و سازاندن لە ئێزگە و تەلەفزیۆن و رۆژنامەی کلاسیکی باڵا دەست و لە پێشتر بێت، بەڵام کارکردن لە پێگەی ئەلکترۆنی وەک تەواوکاریی کاری ئێزگەی و تەلەفزیۆنی دێت، سەرباری ئەرشیفکردن و نەبوونی قاڵبێکی ناجێگیر.[1]

**جیاوازییەکان بە پێی سەرچاوەیەکی تر:**

1- **سروشتی دامەزراندنی:** بنەمای رۆژنامەی ئەلکترۆنی رۆژنامەی چاپکراوە، بەڵام بەرێوەبەرانی بوونی کۆپیەکی ئەلکترۆنی رۆژنامەیان بە پێویستیەک زانی بۆ ئەوەی لەگەڵ زمانی پێشکەووتوو سەردەمدا یەکانگیر بێتەوە، هەر بۆیە لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنیت پێگەیان بۆ دروست کرد واتە بە هەموو ناوەرۆکەکەیە کۆپی رۆژنامە چاپکراوەکەیە، بەڵام پێگە ئەلکترۆنییەکان لە سەرەتای دروست بوونیەوە لە سەر

---

(1) نزار بشیر جدید، سەرچاوەی پێشوو، ص185.

تۆڕەکانی ئینتەرنیت دامەزراوون و هیچ بنەمایەکی چاپکراویان نییە، بەڵکو ژینگەی گریمانەی بێ کۆتایی نێو تۆڕی ئینتەرنێت بنەمای سەرەکیەتی.

2-**گروپی کارمەندان:** کارمەندانی رۆژنامەی ئەلکترۆنی زیاتر پێکهاتوون لە کۆمەڵێک کارمەندی هونەری کە بایەخێکی زۆر دەدەن بە باشتر کردنی ناوەڕۆکی رۆژنامەی چاپکراو و بڵاو کردنەوەی لە سەر پێگەی ئەلکترۆنی، بەڵام سەبارەت بە گروپی کارمەندانی پێگە ئەلکترۆنییەکان کارێکی جیاوازترە بە جۆرێک کارمەندان لە ژووری هەواڵ مەودای کاریان فراوانترە، و پێکهاتوون لە سەرنووسەر و هەواڵساز و وردبینکاری زمانەوانی و ئەو کارمەندانەی ریزبەندی بابەتەکان دەکەن و هەروەها بەشی مەڵتی میدیا کە دەبێت وێنە ئامادە بکەن بۆ بڵاوکراوەکان.

3- **کاتی ئەبدەیت کردنەوەی هەواڵ:** لە رۆژنامەی ئەلکترۆنیدا کاتی ئەبدەیت کردنەوەی زیاتر پەیوەستە بە بە ماوەی دەرچوونی رۆژنامە چاپکراوەکە کە دەشێ رۆژانە یاخود هەفتانە بیت، بەلام لە پێگەی ئەلکترۆنیدا کێبرکێیە لەگەڵ کاتی بڵاو بوونەوەی هەواڵەکە و روودانی دوای بەدەستهێنانی لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە، هاوکات کار لە سەر بڵاوکردنەوەی هەواڵ بەپەلە دەکات . [1]

راپۆرتی ئاماژە پێکراو ناوەڕۆکەکی هەمان ئەو جیاوازیانەیە کە نهلة أبو رشید ئاماژەی پێ دەکات لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە.

**پوختە:**

شۆڕشـــی تەکنەلۆژیـــا بـــۆتە دەســـتەواژە و تایتـــڵ و چەمکـــی گرێـــدراوی هەمـــوو گۆڕانکارییەکانی سەردەم ،لەگەل باسکردنی هەربابەتێکی ئەلکترۆنی و دیجیتاڵی ئاماژە بەم شۆڕشــە دەکرێـت. میـدیای دیجیتـاڵی و لە نێویشـدا پـێگەی ئەلکترۆنـی وەک دیـاردەیەکی سەردەم، کە سیما و خەسڵەتی جیاواز لە رابردووی هەیە، زادەی ئەو شۆڕشە تەکنەلۆژییە، بە جۆرێک بابەتە میدیاییەکان لە جیهانێکی پێکەوە گرێدراوی (بینراو،و بیستراو، و نوسـراو) و لە پانتـاییەکی فـراوان و بـێ سـنوردا پەخـش و بڵاودەبـنەوە. بە هـۆی ئەو بـژاردە تەکنەلۆژیانەی میدیا لە سایەیدا گەشتێکی خێرای گەشەسەندنی بریوە پێگە ئەلکترۆنییەکان توانیویانە رۆڵێکی چالاکی میدیایی بگێڕن لە هەموو کایەکانی کۆمەڵگەدا. هەربۆیە شۆڕشـە میـدیاییەکان بە هەمـوو رەهەنـدە جیاوازەکـانیەوە سـەرتاپای ژیـانی مرۆڤـایەتی لە ئـاڵودە و

---

(1) نهلة أبو رشید، سەرچاوەی پێشوو، ص 140-141.

هۆگربوون بە بابەت و بەرهەمە میدیاییەکانەوە هەڵکێشاوە، کە بابەت و بەرهەمە هونەریی و چێژ بەخشەکان ریزی پێشەوەی ئەم ئاڵودە بوونەیان بەرجەستە کردووە ئەویش لە ڕێگای ئەو سکرینە بچووکەی موبایل، کە ڕێڕەوی ژیانی هەموومانی گۆڕیوە. فەراهەم بوونی ئاسانی بەدەستهێنانی بابەت و بەرهەمە میدیاییەکانیش وایکردووە کە پێگە و پلاتفۆڕمە دیجیتاڵییەکان ببنە بابەتی بە هەندوەرگیراوی توێژینەوە زانستییەکان.

# بەشی سێیەم: میدیای هونەری و بابەتە سینەماییەکان

**پاری یەکەم: میدیای هونەری**

**پاری دووەم: بابەتە سینەماییەکان**

## پاری یەکەم: میدیای هونەری

### یەکەم: دەرکەوتنی میدیای هونەری

میدیای هونەری وەک ئامرازێک لە هئامرازەکانی کۆمیونیکەیشنی مرۆیی و بڵاوکردنەوەی مەعریفی لە نێو شارستانیە دێرینەکاندا پەیرەو کراوە، تا ببێتە پاڵنەرێک سەقامگیری بۆ کۆمەڵگە مرۆییەکانی ئەو سەردەمە، و برەودان بە وتووێژی کۆمەلایەتی کارلێکی کە مایەی پەیدابوونی سیستمێکی پەیوەندی بەردەوامی نێوان تاکەکان بووە. بەو پێیەی پەیڕەوە نەریتی و کۆمەلایەتییەکان گۆڕەپانێکی پەسەندکراوی رەگەزەکانی پەیوەندیکردن بوون کە لە شێوەی ئاماژە و جووڵە و زماندا دەردەکەت. مرۆڤ لە سەردەمە دێرینەکاندا پێویستی بەوە بووە لە رێی ئەو ئامراز و چالاکیە هونەرییە سەرەتاییانەی پەیڕەوی لێدەکرد داهێنانەکانی خۆیی بگەیەنێتە هاودەم و یاوەرەکانی، بە جۆرێک سوود گەیاندنی تەنها لە چوارچێوەی پێداویستیە سەرەتاییەکانی رۆژانەیدا کورت نەبۆتەوە، بەڵکو پەلی کێشاوە بۆئەو جوانی و سەلیقەیەی لە دەرەوەی سنووری پێداویستییەکانی رۆژانە بوون. وێنە یەکێک بووە لەو ئامرازە گونجاوە گوزارشت ئامێزانەی کە توانای بەدیهێنانی ئەو خواستانەی هەبووە، کاتێک کە گرنگترین چالاکیەکانی رۆژانەی خۆیان تۆمار دەکرد لە رێی ئەو وێنەنانەی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان یاخود پێستی بزن دەیانکێشا. میدیای هونەری بە چەندین شێواز یارمەتیدەر بووە لە رێی شوێنەوار و وێنەی دێرینی گەلان و بیروباوەری ئاینی و ئەفسانە جۆراوجۆرەکانیانەوە بە شیوەیەکی سادە وساکار شی بکاتەوە کە گوزارشتە لە بیرکردنەوەی مرۆڤی ئەو سەردەمە، وەک ئاگر کردنەوە و سەما کردن بە دەوریدا و کۆکردنەوەی خەڵکی بە مەبەستی دەربڕینی بۆچوونەکانی بەو پێیەی هەمیشە پێویستی بە باسکردن هەموو شتەکانی دەوروبەری بووە، وێنەش ئامرازێکی میدیایی گونجاو بووە بۆ هێنانەدی ئەم خواستە.[1]

هەربۆیە میدیای هونەری بە یەکێک لە کۆنترین بوارە تایبەتمەندەکان دادەنرێت بەو پێیەی بواری میدیایی لە سەرەتاکانیدا چالاکیەکی ئەدەبی بووە، لەو سۆنگەیەشەوە ئەدەب وهونەر دروشمی زۆرێک لە رۆژنامە وگۆڤارەکان بووە. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی رۆژنامەوانی چەمکی ئەدەبیش گەشەی سەندووە، و بڵاوکراوە و گۆڤاری تایبەتمەند لە بوارە هونەرییەکانی وەک هۆنراوە و رەخنە و چیرۆک و شانۆ دامەزرا. پاشان لە سالانی

---

(1) مصطفى داخل الشحماني، الإعلام الفني: نشأة والتطور، (البصرة: دار الفنون والأدب للطباعة والنشر، 2020)، ص25.

دواتر بە هۆی زیاد بوونی چالاکیە هونەرییەکان و دەرکەوتنی سینەما و تەلەفزیۆن کارکردنی ژمارەیەکی زیاتری هونەرمەندان و دەرکەوتنیان لەبوارەکەدا و زۆر بوونی کاری هونەریش، وایکرد چەندین گۆڤاری هونەری دەربچێت. [1] ئەرکی راستەقینەی بابەتە هونەرییەکانیش گوزارشتە لە هەست گەیاندن و تێگەشتن، ئەمەش ئەو کارە بووە کە گریکیەکان بە وردیی لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە دەکرد، مەبەستی (ئەرستۆ)ش هەر ئەمە بوو کاتێک دەیوت ئامانج لە دراما دەرخستنی هەستەکانمانە، کە بەرەو پیری کارێکی هونەری دەچین هەڵگری باوەرێکی ویژدانی دیاریکراوین دواجار بۆ ئێمەش ئەو کارە هونەرییە رەسەنانە نابێتە بەدیهێنانی ئەو هەستانە یاخود هاوتا بوون لە گەڵیدا، بەڵکو ئاشتی و سەقامگیری و هاوسەنگی ئەقڵی تێدا دەدۆزینەوە.

بابەتە هونەرییەکان کاردانەوەی فسیۆلۆجی دیاریکراو لە مرۆڤدا دەوروژێنێت و بە ئاگا دەبێت لە بەرامبەر ریتم و هارمۆنی و یەکگرتوویی ئەم تایبەتدمەندییانەش کار لە مێشک دەکات و هێوری دەکاتەوە. بەو پێیەی هونەر بەشێکە لە چالاکیە ئەقڵییەی کە مرۆڤ پەیڕەوی لێدەکات و لە رێی دۆخی ژیری مروڤەوە دەستنیشان دەکرێت. بێگومان ئەم ژیرییەش دەرئەنجامی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە زاڵەیە جا لە لایەنی جوگرافی یاخود ئابووری یاخود سیاسی یان فیکری بێت، چونکە هونەر کاتێک دەستپێدەکات کە مرۆڤ هەوڵی وروژاندنی هەستێک یان بیرۆکەیەکی دیاریکراو لە خۆیدا دەدات. لە رووی ئەرکەوە خاڵی جیاوازی هونەر لەگەڵ زانستدا لە نێو کۆمەڵگەدا تەنها لەو شێوازی چارەسەرکردندایە کە واقعی کۆمەڵایەتی یاخود متافیزیکی پێ دەکرێت، ئەو واقیعەی هونەرمەند بابەتەکی لێ وەردەگرێت، هونەریش هەوڵێکی مرۆییە کە مۆرکێکی ویژدانی لە خۆ گرتووە بە مەبەستی شیکردنەوەی سروشت و کۆنترۆڵ کردنی. ئەوەش لە قۆناغێکی مێژوویدا بووە بۆ هێزی سروشت و رازیکردنی.[2]

ئەگەر چی تێروانینی جیاواز و قسەی زۆر هەیە لە بارەی مێژووی هونەرەوە ،بەڵام دواجار زۆرینە جەخت لەوە دەکەنەوە کە هونەر بێ نیشتمان و بێ مێژووە، و لۆژیکی خۆرسکی مرۆڤایەتیە لە هەموو کات وشوێنێکدا زادەی بەرهەمێکی مرۆیی ناو کۆمەڵگەیە. [3]

---

(1) ماهر عودة شمايلة و الاخرون، الصحافة المتخصصة، (عمان: دار الاعصار العلمي للنشر والتوزيع،2015)، ص30-31.

(2) هربت ريد، معنى الفن، ترجمة:سامى خشبة، (القاهرة: مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1988)، ص 164-168.

(3) محمود ابراهيم السعدنى، محاضرات في تاريخ الفن، (القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية، 2003)، ص19.

هەر لەم چوارچێوەیەشدا هونەری کاتبەسەربردن کۆنترین جۆری هونەرە کە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی لە ئەستۆدایە ئەویش دەستەبەرکردنی ئاسودەی و خۆشبەختییە هەر ئەمەش مایەی زامن بوونی جوانی ئەدەب بوو، بۆ گوزارشت کردن لە هونراوە و چیرۆک و داستان و رۆمان و شانۆکان لای گەلانی دێرین. فەلسەفی جوانناسی مارکسیش بایەخی بە روونکردنەوە و دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان هونەر و ئاسودەی داوە بە پێی تێڕوانینی ئەم فەلسەفەیە ئاسودەیی ئەو حاڵەتە گشتیە تەندروستی و رۆحییە کە مرۆڤ هەستی پێدەکات هەربۆیە گوزارشتێکی زاتیە کە دەشێ بۆ هەمووان هەمان ئاسودەی بەدی نەهێنێت.[1] گەشتی میدیای هونەریش لە نێو شارستانیەکاندا دێرینەکاندا هەڵگری پەیام و گوزارشتی تایبەت بە قۆناغە بووە، بە جۆرێک لە نێو شارستانی (میزۆپۆتامیا)دا نوسراو (مێخی) کە پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا وەک داهێنانێکی سۆمەرییەکان جگە لەوەی بۆتە دۆکیومێنتێکی مێژووی بۆ ناساندنی ئەو قۆناغە، هاوکات شێوازێکی گوزارشت و پەیوەندی کردن بووە وچەندین نوسراوی بەردین دۆزراونەتەوە کە لەئێستادا وەک بەڵگەنامەیەکی میدیایی تەماشا دەکرێت وەک باخچە هەڵواسراوەکان و هەڵکنراو، وێنەی پادشا و پەیکەری شێری بابل وەک مانای نەمر، و واتایەک بۆ جوانی کە ئاماژەیە بۆ پێشکەوتویی و بەکارهێنانی میدیای هونەری ئەو سەردەمە. دروستکردنی هەڕەمەکان و پەرستگا گەورەکان وەک دەسکەوتێکی نێو (شارستانییەتی فرعەونی-میسری) بەتەنها بۆ پارێزگاریکردن لە تەرمی فەرمانڕاوەکانیان نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازێکی میدیاییش بۆ تۆمار کردنی گرنگترین دەسکەوت و سەرکەوتنەکانی فیرعەونەکان لە سەر دیوارەکانیان (پەرستگا، هەڕەم). میدیای هونەری سەردەمی (گریک-یۆنان) بە دوو قۆناغی گەشەسەندندا تێپەڕیوە، کە یەکەمیان (هۆنراوە ) و دوومیان (فەلسەفە)ە بووە. دراما شانۆییەکان دیارترین بابەتی میدیا هونەری سەردەمی رۆمانییەکان بووە لە رێی نمایشە شانۆییەکانەوە باسیان لە جەنگەکان دەکرد وێنایەکی روونی بۆ هەوڵەکانی دەسەڵاتی ئەو سەردەمە دەکرد. لە سەدەکانی ناوەراستیشدا ئاینی مەسیحی بۆ ناساندنی پایەمبەر(عیسا) و سەپاندنی یاسا توندەکانی کڵێسا، پیاوانی ئاینی لە رێی نواندنە شانۆییەکانەوە پشتیان بە میدیایی هونەری بەستبوو بەو پێیەی نواندن ئامرازێکی وروژێنەر بوو بۆ ناساندنی باوەڕی مەسیحی. لە دەرئەنجامی گۆڕانکاری لە چەمکە زانستییەکاندا و دەرکەوتنی زانستی نوێ لە (سەردەمی رێنیسانس)دا دوای چەند سەدەیەک لە هەژمونی کەنیسە بەسەر کۆمەڵگەدا چەمکە رووپۆشکراو ئاینیەکان گۆڕانی

---

(1) كمال عيد ، جماليات الفنون، (بغداد: دار الجاحظ للنشر، 1980)، ص 124.

بەسەردا هات بە هۆی ئەو گۆڕانکارییە بەرفراوانەی کە لە بواری سیاسیی و ئاینی کۆمەڵایەتییەکاندا روویاندا وایکرد میدیا و هونەر و رەخنەگرانیش بە مودێلی گریک و رۆمانیەکانەوە نەگیرسێنەوە، بەڵکو پشتیان بە مۆدێلە هاوچەرخە ئەوروپییەکان بەست کە رەخنەگرانی فەرەنسا رۆڵێکی بەرچاویان تێدا دەگێڕا، میدیای هونەری رەخنەیی و رەخنەگرتن بوە مایەی پەرەسەندنێکی بەرچاو. [1] دافنشی یەکێک بوو لەو داهێنەرە هونەریانەی کە نوێنەرایەتی سەردەمەکەی خۆیی دەکرد بلیمەتی و خەمخۆریە زیهنیەکەی وایکرد بوو پولێک لە زانست و هونەر بخاتە نێو رێڕەوی لێکۆڵینەوەکانییەوە بە جۆرێک بایەخیبۆ تاقیکردنەوە و مەعریفەت وایکردووە بەردەوام لە هەوڵی تاقیکردنەوەی نوێدا بێت.[2]

## دووەم: چەمکی میدیای هونەری

لەگەڵ پێشکەوتنی رۆژنامە، چەمکی ئەدەبیش سەریهەڵدا، بڵاوکراوەی خولی و گۆڤاری تایبەتمەندی هونەری ئەدەبی پەیوەست بە(هۆنراو، چیرۆک و رەخنە) دەرکەوتن. لە لایەکی ترەوە گەشەندنی جموجوڵی سینەما و شانۆ دەرکەوتنی تەلەفزیۆن و میوزیک و هونەری شێوەکاری چەمکی هونەری بایەخدارتر کرد چەند هۆکارێکیش یارمەتیدەر بوون لە بڵاو بوونەوەی میدیای هونەری . [3] میدیای هونەری کۆی ئەو هونەر و فۆرمە میدیایانە دەگرێتەوە کە ڕووماڵی بابەتە هونەرییەکان دەکەن وەک: هەواڵی هونەرمەندان، سینەما، شانو و وێنە کێشان. هاوکات بەشێکە لە میدیای تایبەتمەند جا هەر جۆرێکیان بێت لە خوێندراو (رۆژنامە)، بینراو (تەلەفزیۆن)، بیستراو(رادیۆ). ئەم جۆرەی میدیا لە بنەمادا بایەخ بە لایەنی هونەری دەدات تا ئاڕاستەی جەماوەرێکی تایبەتمەندی بکات کە چەند خاسیەتێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە. فراوانبوونی چەمکی میدیای هونەری وایکرد هەریەک لە فۆرمەکانی هونەر بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیی هەبێت وەک:

♦ **رۆژنامەی پەیوەست بە شانۆ:** بایەخ بە شرۆڤە و هونەری نوسین لە بواری شانۆ و گرفت و چارەسەرەکانی، و هەروەها نمایش کردنی تێکستە شانوییە مێژوو و هاوچەرخەکانی دەدات.

♦ **رۆژنامەی پەیوەست بە سینەما:** بایەخدانە بە تێکست و سیناریۆی فیلم و رەخنەی سینەمایی.

---

(1) مصطفى داخل الشحماني، سەرچاوەی پێشوو، ص29-39.

(2) سلامة موسى، تاريخ الفنون وأشهر الصور، (القاهرة: مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، 2018)، ص37.

(3) محمد خليل الرفاعي، الصحافة المتخصصة ، (دمشق: الجامعة الافتراضية السورية،2020)، ص105.

♦ **ڕۆژنامەی پەیوەست بە میوزیک:** بایەخ بە دیراسەکردنی میوزیک و مێژوو و تێکستەکانی دەدات.

♦ **ڕۆژنامەی پەیوەست بە هونەری شێوەکاری:** بایەخ بە دیراسەکردنی هونەری شێوەکاری و کردنەوەی پێشەنگە و چالاکیە لۆکالی و نێودەوڵەتییەکان دەدات. [1]

## سێیەم: پێگەی هونەر لە ناو ڕووماڵە میدییەکاندا

کارکردن لە بوارە جیاوازەکانی کایەی ڕۆژنامەوانیدا بێگومان سەلیقە و لێهاتووی خۆی دەوێت لەو سۆنگەیەوە کاری میدیای بۆ خۆی هونەرێکە کارامەیی مەمەڵەکردن لەگەڵیدا دەبێتە ناسنامەی سەرکەوتن و بەرجەستەکردنی بەرهەمێکی میدیایی سەرنجراکێش و پەسەندکراو لای جەماوەر. بەو پێیەی لێشاوی بەرهەمە میدیاییەکان وایکردووە بەردەوام میدیا لە هەوڵی ئەبدەیتکردنەوە و داهێنانسازیدا بێت تاوەکو بتوانێت شانبەشانی گۆرانکارییەکان گوزەر بکات و لەقاڵبە کلاسیکیەکاندا قەتیس نەبێت. ڕووماڵکردن و بەرهەمهێنانی هەر بابەتێکی میدیایش پاکێجێکی تەواوکاری و کۆمەڵێ هەنگاوی لێک دەنەبڕاوە لە چوارچێوەی گەشتێکی هونەریدا بەرهەمێک لە دایک دەبیت کە زادەی سەلیقە و دەسترەنگینی خاوەنەکەیەتی بەتایبەتی و دامەزراوە میدیاییەکە بەگشتی، هەڵبەتە بە پیی جیاوازی ئامرازەکانیش شێوازەکانی ڕووماڵکردن و بەرهەمهێنان جیاواز دەبن. تایبەتمەندی بوارەکانیش مامەڵەکردنی جیاواز دەخوازێت. یەکێک لەو بوارانەش کارە هونەرییەکان کە میدیا لە چوارچیوەی تایبەتمەندیدا مامەڵە لەگەڵ ڕووماڵکردنیدا دەکات واتا هونەر لە هەناوی هونەرێکی تردا دەخولقێت کەرەنگە مامەڵەکردنێکی وردتر بخوزاێت بەوپێیەی چەندین جۆری وەک فیلم، شانو، هۆنراوە، میوزیک، گۆرانی، نیگارکێشان و... لە خۆ دەگرێت بە هۆی جیاوازی جۆری جەماوەرکەش ئەرکەکە قورستر دەکات، بۆیە گەر جارێک ڕووماڵکردن و بەرهەمهێنان بۆ خۆی هونەرێک بێت ئەوا مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بابەتە هەستیارانەدا هونەرێکی ترە، و لەو گۆشەنیگایەشەوە هەریەکێکیان بایەخی خۆی دەسەپێنێت.

رووماڵی میدیایی کارە هونەرییەکان بە چەند جۆرێک دەکرێت وەک رومالکردنی ئەو هەواڵانەی کە کار لەسەر بەدواداچوونی ڕووداوە هونەرییەکانی پەیوەست بە داهێنان و بەرهەمهێنان و ڕووداوەکانی ژیانی کەسایەتییەکان دەکەن ئەم جۆرەیان زیاتر مۆرکێکی

---

[1] الإعلام المتخصص ،طلاب الفرقة الثالثة بقسم الاعلام، إشراف: فاطمة الزهراء، احمد جمال، (الوادي الجديد: دار المعرفة للطباعة والنشر، 2019)، ص94.

ئامادەسازی لە خۆ گرتووە و رەگەزی ناوداری پێگەیەکی سەرەکی هەیە لە بەها هەواڵیەکەدا لە کـاتی بـڵاو کردنەوەیـدا. جـۆرێکی تریـان رووماڵکردنی شـیکارییانە کە کـار لە سـەر دەرخستنی بابەتە هونەرییەکان دەکات و ئەو لێکدانەوە و شیکردنەوانەیان لەبارەوە دەخاتە روو کە گوزارشتە لە رەهەند و واتا سیاسی ،کۆمەڵایەتی ، هزری یاخود هونەرییەکان. کە ئامـانجی ئاسـانکاری تێگەیشـتنی خـوێنەرە بـۆ کـارە هـونەرییەکە و ئاشـانا کردنیـان بەو مەبەسـتانەی کە لە پشـتی کـارەکەوەیە ،ئەم جـۆرە زیـاتر مـۆرکێکی تۆمـارکراوی هەیە و لەشـــێوەی وتـــووێژ یـــان لێکـــۆڵینەوەی رۆژنامەوانیـــدا دەخـــرێتە روو. رووماڵکردنی هەڵسـەنگێنەرانە جۆرێکی ترە کە پشـت دەبەسـتێت بە رەخنەگرتن لە کـارە هونەرییەکـان و نمایشـکردنی لایەنە ئەرێنـی و نەرێنیەکـانی بە مەبەسـتی رێنـوێنی کردنـی خـوێنەران و هاوکاریکردنیان لە هەڵبژاردنی باشترین کاری هونەری کە گونجاو بێت بۆ بینینی یاخود بیسـتنی، وتـاری رەخنەیـی کە بە باشـترین جـۆری هـونەری نووسـینی میـدیایی دادەنرێـت سەبارەت بە ئەدای ئەم پیشەیە.

**♦ رەگەزەکانی رووماڵکردنی کارە هونەرییەکان**

چوار رەگەزی سەرەکی پەیوەستن بە ڕووماڵکردنی کارە هونەرییەکان، ئەوانیش:

1- **بەشدارانی کاری هونەری:** پێویستە ئاماژە بە توانا مرۆییەکان بکەین لە برەودان بە داهێنانی هونەری و پێشکەشکردنی بەجەماوەر، لێرەشدا رەگەزی ناوبانگ رۆڵێکی سەرەکی دەگێرێت، تا ناوبانگی کەسی بەشداربووش لەو کارە هونەرەییەدا زیاتر بێت بایەخی ئەو کارە هونەریە زیاتر دەبێت، بەوەش بایەخی بەدواداچونە رۆژنامەوانیەکەش زیاتر دەبێت. ناوە بەناوبانگەکان هەواڵی سەرنجڕاکێش دروست دەکەن، خوێنەریش بە سروشتی خۆی حەزی لە بەدواداچونە بۆ هەواڵی کەسە بەناوبانگ و ئەستێرە درەوشاوەکانی هونەر، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەسانی ئاسایی فەرامۆش بکرێن، و رۆژنامەوانیی هونەری پابەندکراوە بە پشتیوانیکردن لە کەسانی بەهرەمەند ئەگەرچی لەسەرەتای کاری هونەریشیاندا بن.

2- **ناوەرۆکی کاری هونەری:** پێویستە بەدواداچونی رۆژنامەوانی بابەتی کارە هونەرەییەکە و بیرۆکە و ناوەرۆک و رەهەندەکانی لەخۆ بگرێت، تا خوێنەر لە کارە هونەرەییەکە تێبگات و بە رەهەندەکانی ئاشنا بێت، هاوکات نابێت بیرۆکەی نوێش فەرامۆش بکرێت کە کارە هونەرەییەکە پێشکەشی دەکات.

3- **شێوەی کاری هونەری:**مەبەست لەشێوەی هونەری ئەو شێوازە هونەریانەیە کە کارە هونەرەییەکەی پێ ئەنجام دەدرێت و پێویستە گونجاو بێت لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا و بۆ ئەو جەماوەرەش کە ئاراستەی دەکرێت.

4- **هەڵویستی جەماوەر:** بەدواداچونی رۆژنامەوانی پابەندکراوە بە دیاریکردنی کاردانەوەی ئەو جەماوەرەی کارە هونەرییەکەی ئاراستە دەکرێت و مەودای قبوڵکردن و رەتکردنەوەی لەلایەن جەماوەرەوە و هۆکارەکەشی بەهەند وەرگیرێت. [1]

## چوارەم: هۆکاری بڵاو بوونەوەی میدیای هونەری

هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هۆکارەکانی پەیوەست بە سەرهەڵدانی میدیای تایبەتمەند چەند هۆکارێکیش بوونە هۆی سەرهەڵدانی میدیای هونەری وەک:

1- رێنیسانسی (نوێگەری) هونەری لە ئەوروپا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم لە بواری وێنە کێشان، وێنە گرتن.

2- زیاد بوونی بایەخی گروپە شانۆییەکان لە وولاتانی جیهان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا.

3- سەرهەڵدانی سینەما لە فەرەنسا و بڵاوبوونەوەی بە زۆربەی جیهاندا.

4- دەرکەوتنی تەلەفزیۆن کە بووە مایەی زیاد بوونی ژمارەی هونەرمەندان و بەرنامە تەلەفزیۆنیە هەمەرەنگەکان، و دروست بوونی ئەو گۆڤارە هونەریانەی بوونە مایەی راکێشانی سەرنجی خوێنەران لەرێی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەرخستنی نهێنیە تایبەتییەکانی ژیانی هونەرمەندە ناودارەکان و ئەنجامدانی چاوپیکەوتن لەگەڵیاندا.

5- بەرەوپێشچوونێکی زۆر لە هونەری چاپ و دەرهێنانی میدیایدا لە ناوەڕاستی دووەمی سەدەی بیستەم، بە جۆرێک ئەم جۆرەی میدیا( رۆژنامە – گۆڤار) پشتی بە چاپی باشتر و کاغەزی گرانبەها و وێنە و رەنگ و دەرهێنانی سەرنجراکێشتر دەبەست بەراورد بە بڵاوکراوە ئاساییەکانی تر. [2]

---

(1) فاروق ابوزيد، الصحافة المتخصصة، (القاهرة: عالم الكتب، 1986)، ص156-157.

(2) محمد خليل الرفاعي، سەرچاوەی پێشوو، ص112-113.

## پێنجەم: ئامانجی میدیای هونەری

میدیای هونەری چەند ئامانجێکی هەیە کە دەشێ لە چەند خاڵێکدا بخرێنە روو:

1- میدیای هونەری کار لە سەر دەرخستنی هەموو جۆرەکانی هونەر و رۆڵی نوسراوە و بڵاوکراوە و کاریگەرییان دەکات، هەروەها کار لە سەر کاریگەری رۆژنامەوانی دەکات بە تیشک خستنە سەر نوسەر و هونەرمەندان بە مەبەستی ناساندنیان.

2- دروستکردنی گۆرانکاری لە شێوازی بیرکردنەوە و جوانکردنی شێوازی ژیان، چونکە هونەر ئامرازێکی گەڕانە بە دوای خۆشنودیدا میدیا ئامڕازی گەیاندنی ئەم خۆشبەختیەیە.

3- نزیک کردنەوەی جەماوەر لە شکۆمەندی تا هەموو ئەو رەهەندە مرۆییانەی لە مرۆڤدا هەن دەیانهێنێتە دەرەوە و دەیانکاتە داهێنەر ، دواجار ناوی بە زیندووی و کارەکانی بە نەمری دەمێنێتەوە وەک ئەو هونەرمەندانەی لە ژیاندا نەماون بەڵام کارەکانیان لە رێگەی بەهرەکانیانەوە هەمیشە چیرۆکی ژیانیان دەگێڕنەوە.

4- میدیای هونەری کار لە سەر ناساندنی گەیاندنی هونەر دەکات بۆ گۆڕینی هەستی جەماوەر و بەخشینی چێژی ژیان پێان و دابین کردنی ئاسوودەی بۆیان.

5- فەراهەمکردنی پرۆگرام و بابەتی تایبەتمەند کە هەڵگری ناوەرۆکێکی قووڵن، و توانای دابین کردنی خواستی ئەو جەماوەریەن هەیە کە ئامانج لێیان گەیاندنی بابەتی جیاوازە بۆیان.[1]

## شەشەم: گرنگی سەلیقەی هونەری لە بەدیهێنانی ئامانجە میدیاییەکاندا

مشتومڕ لە بارەی پەیوەندی نێوان میدیا و هونەر لەو پرسیارە جەوهەرییەی نێوان هاوتایی یاخود کارلێکی یا یەکتربڕییەوە سەرچاوەی گرتوە، کە دەشێ ئەم پەیوەندییە یەکتربڕ و بەیەکگەیشتن و هاوتا بێت. بەیەکگەیشتن بێت لە پەیامدا هاوتا بیت لە ئامڕازدا و جیاواز بێت لە ئامانجدا، بەو واتایەی میدیا تەکنیکەکانی خۆی لە هونەرەوە وەردەگرێت و هونەریش بابەتەکانی لە میدیاوە وەردەگرێت بەو پێیەی هەردووکیان بە دوای راستیدا وێڵن، و لەو سۆنگەیەشەوە کە هونەر نابێت وەک بەهرەیەک لە خاوەنەکەیدا قەتیس بکرێت بەڵکو پێویستە بگات بە جەماوەر لەبەرئەوەی گوتارێکی مرۆییە پەیوەستە بە ویژدانی ناو ناخی

---

(1) طلاب الفرقة الثالثة بقسم الاعلام ، سەرچاوەی پێشوو، ص94-95.

وەرگر، هەربۆیە لە سەرتاوە مرۆڤ بابەتەکانی خۆی بە پیتێک ، وشیەک یاخود وێنەیەک دەکێشا تا دەربارەی خۆی و هەر مەترسی و باوەڕ و عورفێک بدوێت کە دەورەی داوە .[1] بە بڕوای (تۆلستۆی) هونەر یەکێکە لە ئامرازەکانی کۆمیونیکەیشنی نێوان تاکەکان کە دەرفەتی ئالوگۆڕی هەست و بیرۆکەکانیانی بۆ رەخساندوون، بەو مانایەی بە هۆی بەرکەوتنی سۆزی و هارمۆنی ویژدانی نێوانیان لە رێی جوڵە و ئاواز و رەنگ و دەنگ و چەندین شوەی تری زارەکی، بەهرەوەرییەکانیان دەگەیێنە یەکتر، لەبەرئەوەی هەموو ئەو حاڵەتە ویژدانییانەی لە دەوروبەرمان پێدا تێئەپەڕن دەرهاویشتەی هەستەوەرەکانمانە.[2] هەمیشە هونەر زادەی ئەو سەردەمەیە کە تێدا دروست دەبێت و بە جۆرێک نوێنەری مرۆڤایەتی دەکات تا ئەو ئەندازەی لەگەڵ تێڕوانینە باو و زاڵەکاندا خۆی دەگونجێنێت سەبارەت بە دۆخێکی مێژووی دیاریکراو وخواست و ویست و هیواکانی ئەو دۆخە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو بەرەو مەودایەکی زۆر دورتر لەو رەهەندە پەل دەکێشێت و وادەکات ساتێکی مێژووی بکاتە ساتێکی مرۆیی و ببێتە مایەی والا کردنی هیوایەکی بەردەوام [3]

کارە هونەریەکانیش لە یەکتر جیاوازن، دەشێ سەمفۆنیەک بە ناوەڕۆک و بوونە فیزیاییەکەی جیاواز بێت لە هۆنراوە (چامە) یەک، یان شانۆیەک، تەلارێک یاخود فلمێکی سینمایی. هەموو ئەم فۆرم و شێوازانەی کە هونەر لە خۆی گرتووە دەشێ لە جەوهەر و بوونە فیزیاییەکەیاندا لەیەکتر جیاواز بن بەڵام سەرباری ئەو جیاوازیە ئاماژە پێکراوانە، هەموویان بە هونەر ناو دەبەین و لەو کەرەستە سروشتی و سادانە جیایان دەکەینەوە کە رۆژانە بۆ پڕ کردنەوەی پێویستەکانمان بەکاریان دێنین، هەروەها ناکرێ هیچ باسێک لە بارەی هونەرەوە بکرێت، گەر کارلێکێکی هەستی و خەیاڵی لەگەڵدا نەکرێت واتا باس لە سیفەتی جوانی یاخود ئەزموونی جوانی یان حوکمدانی جوانی بکرێت گەر هەستەوەر درکی پێ نەکات وسیفاتە هونەرییەکانی تێدا نەدۆزێتەوە. [4]

پرۆسەی چێژی هونەریش بە گوێرەی پێناسەی میدیایی بە پرۆسەی کۆمیونیکەیشنی دەرونی دێت بە پلەی یەکەم ئەمەش لە روانگەی گرنگی دەستنیشانکردنی سروشتی

---

(1) https://alsabaah.iq کاتی سەردان 26/9/2021 - 10:35 PM.

*لیو تۆلستۆی: (1828-1910) رۆماننووسی بەناوبانگی روسی، بە رابەری ئەدەبی روسی ناودەبرێت، هەریەک (شەر و ئاشتی) و (ئانا کارنینا) لە رۆمانە بەناوبانگەکانی تۆلستوین.

(2) أبو طالب محمد سعيد، علم النفس الفني، (بغداد: مطابع التعليم العالي،1990)، ص21-22.

(3) إرنست فيشر، ضرورة الفن، ترجمة: اسعد حليم، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1998)، ص20.

(4) كلايف بل. الفن، ترجمة: عادل مصطفى، (رؤية للنشر واالتوزيع،2013)، ص9-10.

پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگرەوە، سەرچاوە زانستییەکان ئاماژە بەوە دەکەن بازنەی پرۆسەی کۆمیونیکەیشن (پێشبینی، سەرنجراکێشان، هەڵچوون، پێراگەیاندن، بیرۆکە و رەفتار)ە کە میدیا رۆڵ دەگێرێت لە سەرجەم قۆناغەکانی ئەم بازنەیەدا، سەرباری ئەوەی میدیا خۆی لە دوای سێ قۆناغی یەکەمدا دەبێتە جێی بایەخ. هەروەها چێژی هونەری هەر لە سێ قۆناغی یەکەمدا رۆڵی خۆی بە روونی دەبینێت. سەرکەوتنی پرۆسەی چێژی هونەری لە کارێکی هونەریدا دەبێتە مایەی ئەفراندنی وزەیەکی میدیایی و دروست بوونی بیرۆکە دواجار بە دیهێنانی، هەربۆیە جۆرێک لە جۆرەکانی میدیا رۆڵ دەگێرێت لە سەرجەم هۆکارە چێژ بەخشەکانی پەیوەست بە کۆمیونیکەیشن. سەرجەمی هۆکارەکانی وەک کاتبەسەربردن و پەروەردە و هەواڵ و ریکلام ئامانجیان ئاراستە کردنی بیرکردنەوەیە بەرەو رەفتار، بەڵام بە گوێرەی ئەو رەفتاری دەکرێتە ئامانج جیاواز دەبێت، هەروەها بە گوێرەی ئەو بەرگری کردنەش جیاواز دەبێت کە پێویستی بە زاڵبوون هەیە بەسەریدا. ئەم جیاوازیانەش لە پرۆسەی چێژی هونەریدا زۆر گرنگن، ئەمەش بە گوێرەی ئەو گۆران و رادەی بەربەرکانیانە دەبێت کە پێویستە سەبارەت بە بیرۆکە و توانا فەراهەمکراوەکانی هەر ئامرازێکی کۆمیونیکەیشن یاخود ئامرازی هونەری و ئامانجەکانیانیشیان بە گشتی. چێژی هونەری زیاتر لە رێگەی بیرۆکە میدیاییەکانەوە رۆڵ دەگێرێت نەک لە رێگەی ئەو بیرۆکە دیارانەوە کە راستەوخۆ لە ئامرازەکانی تری کۆمینیکەیشنەوە هەستی پێدەکەین وەک مەزهەبێک یان باوەرێک یان بنەمایەک کە دەتوانین لە رستەیەکدا گوزارشتی لێبکەین. دەشێت پرۆسەی کۆنترۆڵ کردنی رادەی چێژ لەو کەنارە بچێت کە لە راستیدا تەنیا چوارچێوەیەکە لە کاریگەرییەکان لە کاتێکدا رەنگە زاڵبوونی چێژی هونەری سیفەتی ئەو روبارە بەهێزەی هەبێت کە توانای گۆرانی چوارچێوەکەی هەبێت. [1]

## حەوتەم: میدیای سینەمایی

گەشەی شارستانی تەکنەلۆژیای سینەمای لێ پەیدابوو. بۆیە رۆژنامە و سینەماش لە رووی پێشکەوتن و ململانێوە هاوشێوەن ، مێژووی رۆژنامەگەری بە شێوەیەکی بەرچاو گرێدراوی ئەو پێشکەوتنە ناوخۆییە گرنگانە بوو بێت کە لە نێو دامەزراوە ئابووری و سیاسیەکانی کۆمەڵگەی رۆژئاواییدا سەریهەڵدا، بەشداریکردنی سیاسی و قازانج لە

---

[1] أحمد المغازى، التذوق الفني والفن الصحفي الحديث، مجلد3، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٤)، ص8 -9.

گرنگترین خەسڵەتەکانی بازرگانی بوو کە پەیوەندییەکی بەهێزی بە رۆژنامە و گەشەی رۆژنامەوە هەبوو، ستراکچەری دارایی رۆژنامەش بە توندی پشتی بە ریکلامە بازرگانییەکان بەستبوو، هاوکات چالاکی سیاسی وەک بەرپرسیارێتیەکی سەرەکی رۆژنامە بوو. لە لایەکی دیکەوە سینەما بە مانا راستەوخۆکەی پەیوەست نەبوو بە بڵاوکردنەوەی ریکلامی بازرگانی، تەنها بەشێوەیەکی لاوەکی نەبێت. ئەگەر چی سینەما لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی گرنگی لە خۆگرتووە، بەڵام لانی کەم لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا وەک هەلێک بۆ برەودان بە هزری سیاسی بە شێوەیەکی راستەوخۆ نەقۆسراوەتەوە، بەڵکو ئەوەندەی بۆ کاتبەسەربردن بووە بۆ رۆشنبیرکردن و قەناعەت پێهێنانی باوەڕێکی دیاریکراوە نەبووە، بلیتی سینەماکانیش گرنگترین هۆکاری دارایی بووە نەک وەک پاڵپشتێکی حکومی. بەڵام بە گشتی لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان رۆڵیان گێڕاوە لە پێکهێنانی سینەما وەک هۆکارێکی راگەیاندن. سیستمی ئابووریش ئەوە روون دەکاتەوە بۆچی ناوەڕۆکی سیستمی سینەما لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە. [1]

میدیای سینەما ئەو میدیا هونەریەیە کە بایەخ بە کاری سینەمایی، و ڕووماڵی چالاکی و کارە هونەرییەکان دەدات لە رێی بایەخدان بە پێشکەشکردنی تێکست و پوختەی سیناریۆ و رۆمانە سینەماییەکان، و هەروەها بایەخ بە فۆڕمە رەخنەییە هونەرییەکانی میدیای سینەمایی بیانی و لێکۆڵینەوەی سینەمایی پەروەردەیی دەدات. میدیای سینەمایی لە پاڵ رەخنەی سینەمایی کار لە سەر بڵاو کردنەوەی هەندێ لێکۆڵینەوەی و زنجیرە دراما دەکات کە سنوری زانیاری پەروەردە خێرا و کاتییەکان تیدەپەڕێنن بۆ رەگ و ریشەی قوڵتر جا ئیتر پەیوەست بێت بە ئێستای سینەما و مێژووەکەی، یاخود پەیوەست بێت بە پێشبینیەکانی داهاتوو و یان دەسکەوتەکانی ئێستا و گرفتە هونەرییەکانی. هاوکات بە دواداچوونی بۆ پەرەسەندنی پیشەسازی سینەما دەکات و تێکست و وانە و توێژینەوە ئەکادیمییەکانی پەیوەست بە سینەمای دەرەکی بڵاو دەکاتەوە. بایەخدان بە توێژینەوە شیکارییە مێژوویەکان یەکێکی ترە لەو بابەتانەی جێی بایەخی میدیای سینەماییە کە مەبەست لەو توێژینەوانە، لێکۆڵینەوەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە مێژوویی و گرفتە زیندووەکان کە لە فۆڕمێکی لێکۆلینەوەی میدیایی چڕوپڕدا بڵاو دەکرێنەوە. تەرخانکردنی پەنتاییەکی زۆرە بۆ بە دواداچوونی چالاکیە سینەماییە لۆکاڵی و جیهانییەکان و خستە رووی تێڕوانینی ئەستێرە سینەماییە لۆکاڵی و جیهانییەکان لە نمایشە سینەماییەکان و بایەخدان بە کێبڕکییە

---

(1) ملڤین ل. دیفلر و ئەوانی تر، تیۆرەکانی راگەیاندن، و: سەنگەر حاجی، (دهۆک: چاپخانەی خانی، 2012)، ل97-99.

هونەرییەکان و ناساندنی بەهرەوەرە هونەرییەکان و پاڵپشتیکردنیان لە بواری نواندن و دەرهێنان و نوسینی سیناریۆدا هەموو ئەمانە دەکەونە نێو بازنەی بایەخپێدانی میدیای سینەمایی. [1]

## هەشتەم: ئەو پێگە ئەلکترۆنی و (Streaming Services) تایبەتن بە بابەتە سینەماییەکان

Streaming پرۆسەی ناردن و وەرگرتنی داتایە زیاتر (فایلی دەنگ و ڤیدیۆ) لە خۆ دەگرێت. ئەم پرۆسەیە لە سەر ئامێرەکانی کۆمپیوتەر لە رێی ئینتەرنێتەوە مەیسەر دەبێت. واتا ئامڕازێکی نمایش کردنی ناوەڕۆکەکانی مەڵتی میدیایە و پەخشێکی جێگر و بەردەوامە .

Platform مەودایەکی ئینەرنێتیە بایەخ بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کارلێکی دەدات. بە گوێرەی سروشتی چالاکی و زانیارییەکانی جیاواز دەبێت.

زۆرن ئەو پێگە ئەلکترۆنیانەی کە یاسایین و تایبەتمەندن بە بابەتە سینەمایەکان و بایەخێکی زۆر دەدەن بە چالاکییە هونەری و سینەماییەکان بە گشتی ، ئیتر لە ژێر ناوی پێگە یان پلاتفۆرم یاخود ستریمینگدا بێت، ئەگەر چی هەریەکەیان لە ناوەڕۆک و ئەرکدا جیاوازیشیان هەبێت بەڵام دواجار یەک ئامانج کۆیان دەکاتەوە کە ئەوەش بواری هونەر و سینەمایە. هەندێک لەم پیگە و پلاتفۆڕمانە بەرادەیەک ناوبانگیان دەرکردووە نەک بە تەنها نمایشی بابەتە سینەماییەکان دەکەن بەڵکو خۆیان بوونەتەوە کۆمپانیای بەرهەمهێنانیان. (Netflix)ش نموونەی یەکێکە لەو کۆمپانیایانە. ژمارەیەکی بەرچاوە لەم پێگە و پلاتفۆڕمانە بەدی دەکرێن کە هەندێکیان لە رێگەی بەشداری و هەندێکیشان بێبەرامبەر زانیاری لە بارەی بابەتە سینەمای و فیلم و زنجیرە دراماکان نمایش دەکەن وەک ( IMDb TV,Sling TV, Fubo TV,Crackle ,Starzplay, Movies Found Online, Popcornflix,Tubi, Yidio,Snag Films, vudu, kanopy, Free movies cinema, classic cinema online, Internet Archive, pluto TV, Viewster, Shoof MAX, 3ichk). ئەمانە و چەندین پێگەی تر کە تایبەتمەندن بە بواری سینەما ، بەڵام لە روانگەی ناوبانگ و ڕادەی بەرفراوانی بەکارهێنانیانەوە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکرێت.

---

(1) محمد خليل الرفاعي، سەرچاوەی پێشوو، ص107.

**1- نێتفلێکس (Netflix):** نێتفلێکس کۆمپانیایەکی خزمەتگوزاریی میدیایی ئەمریکیە و بەشێک لەو بەرهەمانەش کە پەخشیان دەکات خۆی بەرهەمیان دەهێنێت. نێتفلێکس (Netflix) لەسەر داوای بینەرەکانی بەرهەمەکان پەخش دەکات لەو کتێبخانە سینەمایی و تەلەفزیۆنیەوە کە لەبەردەستیدایە و لەسەدا 40ی بەرهەمەکانیشی لەلایەن خودی کۆمپانیاکەوە بەرهەمدەهێنرێت، . (Netflix) رۆڵێکی بەرچاویشی گێڕاوە لە پەخش و بڵاوکردنەوەی فیلمە سەربەخۆکاندا. تا مانگی تەمموزی ساڵی 2021 209 ملیۆن سەبسکرایبەری هەبووە، کە 72 ملیۆنیان لەناو خودی ئەمریکا و کەنەدا بوون(Netflix) ئەندامی کۆمەڵەی وێنە جوڵاوەکانی ئەمریکا (MPA)ە. (Netflix) لە سەرانسەری جیهاندا بەردەستە، جگە لە چین و سوریا و کۆریای باکور و تەنانەت نیمچە دورگەی (قرم)یش، ئەویش بەهۆی ئەو گەمارۆ ئابوری و بازرگانیەی لەسەر لکاندنی ئەو نیمچە دورگەیەی ئۆکرانیا بە خاکی روسیاوە لەلایەن مۆسکۆوە، ئەمریکا بەسەریدا سەپاندوویەتی ئەم کۆمپانیا ئەمریکیەیە (Netflix) کە لە لایەن رید هاستنگس (Reed Hastings) و مارک راندولف (Marc Randolph) لە ساڵی 1997 لە شاری (سکوتس)ی سەر بەر ویلایەتی کالیفۆرنیا دامەزرا. لە ساڵی (2013) بەرەو بواری پیشەسازی فیلم و دراما هەنگاوی نا، و برەوی بە کارەکانی داو دەستی کرد بەکاری بەرهەمهێنانی فیلم و بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان. یەکەم بەرهەمی نمایشکراوی (Netflix) درامای سیاسی(House of Cards)ئەمریکی بوو بۆ ساڵی (2013) لە ئێستادا هەریەک لە مۆرگان ستانلی و رێد هاستینگ خاوەنداریێتی دەکەن. پێشبینی دەکرێت لە ساڵانی داهاتوو بەکارهێنەری زیاتر بێت. (6ی کانوونی دووەمی 2016)ەوە ئۆڤەری خزمەتگوزاریەکانی (Netflix) لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەردەستە..[1]

بوونی4 ستریمین (Streaming) لە یەک کاتدا یەکێکە لە بژاردە سەرکەوتووەکانی نێت فلێکس، لەسەر پلاتفۆرم و ئامێرەکانی وەک (ئەندرۆید، ئای ئۆ ئێس، کرۆمکاست ئەپڵ تی ڤی، فایەر تی ڤی ، سمارت تی ڤی ی، پلەی ستەیشن4 و ئێکس بۆکس) و چەند ئامێرێکی تر بەردەستە. هەڵبژاردنێکی ئاستبەرز،کارلێک لە ئاستێکی بەرزدا،سیستمێکی باشی

---

(1) https://www.britannica.com/topic/Netflix-Inc,William L. Hosch, Netflix–American company 13/10/2021 - 8:35 PM. کاتی سەردان

* MPA: کۆمەڵەی وێنە جوڵاوەکانی مریکا : لە سەرانسەری جیهاندا پشتوانی پیشەسازی فیلم و تەلەفزیۆن و ستریمن دەکەن. هەریەک لە کۆمپانیاکانی ( Disney, Paramount, Warner bros, Universal, Sony Pictures+ Netflix) ئەندامن لەم کۆمەڵەیە.

پێشنیارکردن پاساون بۆ کڕینی. پاساویش بۆ نەکڕینی ئەوەیە لە هەموو خزمەتگوزاریەکانی تر گرانترە، تایتڵەکانی بەردەوام دێن و دەڕۆن.[1]

لە ڕێگەی بەشداری کردنەوە ئەندامەکانی (Netflix) دەتوانن لە سەر تۆری ئینتەرنێت سوودمەند بن لە بینینی بەرنامە تەلەفزیۆنی و فیلمە سینەماییەکان بە بێ بوونی ریکلامە بازرگانیەکان.[2]

ئێکستراکشن(Extraction) فیلمێکی ئەکشنی ئەمریکیە، بەرهەمی ساڵی 2020 ە، لە دەرهێنانی (سام هارگرەیڤ)ە. ئەم فیلمە یەکێکە لە پڕبینەرترین فیلمەکانی نێتفلێکس (Netflix) و لە 99 ملیۆن ئەکاونتی (Netflix) ەوە بینراوە.[3]

درامای بریجیرتن(Bridgerton) کە لە ژانری رۆمانسیی مێژووییە و لە 8 بەش پێکهاتووە و لە مانگی دیسەمبەری رابردوودا پەخشکرا، لە ریزبەندیی ئەو کارانەی کە لە(Netflix)ەوە پەخشکراوە لە پلەی یەکەمدایە و 625 ملیۆن سەعات بینراوە، و فیلمی بێرد بۆکس (Bird Box) بەرهەمی ساڵی 2018 ش کە ساندرا بولۆک کارەکتەرە سەرەکیەکەی بەرجەستە کردووە، و لە ژانری ترسناکە، 282 ملیۆن سەعات بینراوە و ئەم فیلمەش بە یەکێک لە پڕبینەرترین فیلمەکانی (Netflix) دادەنرێت.[4]

**2- دیزنی پڵەس (Disney+)** : دیزنی پڵەس ساڵی 2019 چووە ناو جەنگی ستریمینەوە و ئێستا زیاتر لە 100 ملیۆن کڕیاری هەیە. ئەم ئەپڵیکەیشنە بەرهەمەکانی دیزنی پەخش دەکات کە (توێنتی سێنچری فۆکس) و (مارڤڵ) و (پیکسار) و (ناشناڵ جیوگرافیک) و (لۆکاسفیلم) یش دەگرێتەوە. دیزنی خزمەتگوزاریەکی ستریمینە، رکابەری نێتفڵێکسە کە بە یەکێک لە خزمەتگوزاریە بەهێزەکانی ئەو بوارە دادەنرێت، و، لەسەر پلاتفۆرم و ئامێرەکانی وەک (ئەندرۆید، ئای ئۆ ئێس، ئەپڵ تی ڤی، ئەمەزۆن فایەر تی ڤی ، سمارت تی ڤی سۆنی، ئامێرەکانی سامسۆنگ و ئێل جی، پلەی ستەیشن4 و ئێکس بۆکس) و چەند ئامێرێکی تر بەردەستە .

---

(1) https://www.tomsguide.com4 , کاتی سەردان 13/10/2021 - 9:43 PM.

(2) https://help.netflix.com/en/node/412 , کاتی سەردان 13/10/2021 - 9:50PM.

(3) https://www.google.com , BYJAY CARTER TAYLORMost Watched Movies On Netflix, کاتی سەردان 16/10/2021 - 9:59 PM.

(4)https://www.marketwatch.com/story/netflix-says-bridgertonis-its-most-watched-series-ever-but-maybe-not-for-long-11632788864 , کاتی سەردان 16/10/2021 - 10:46 PM.

ئەم خزمەتگوزاریە کە لەسەر داوای بینەر کارە هونەریەکان پەخش دەکات، خاوەنی کتێبخانەیەکی تایبەت بە بەرهەمە سینەمایی و تەلەفزیۆنیەکانە، فیلمەکانی دیزنی و بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان و فیلمەکانی پیکسار و کورتە فیلمەکان و فیلمەکانی مارڤڵ و زنجیرە فیلمەکانی ستار ۆرز و ناشناڵ جیوگرافیک لەخۆدەگرێت.

(Disney+)خزمەتگوزارەیەکی پێشەنگی بوارەکەیە بۆ خێزان. (Disney+) بە کوالێتیەکی بەرز پەخش دەکات کە سیستەمەکانی فۆرکەی و ئەڵترا ئێچ دی لەخۆدەگرێت.دایکان و باوکان دەستکراوەن لەوەی کۆنترۆڵی ئەو بابەتانە بکەن کە رەنگە بۆ منداڵەکانیان شیاو نەبێت.[1]

تا مانگی تەمموزی 2021 دیزنی پڵەس نزیکەی 116 ملیۆن سەبسکرایبەری هەبووە لەسەر ئاستی جیهان. ئەم خزمەتگوزاریە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2019 لە ئەمریکا و کەنەدا و هۆڵەندە خراوەتەگەڕ و دوای هەفتەیەکیش مەوداکەی فراوانتر کراوە و گەیەنراوەتە ئوستralیا و نیوزلاند و پۆرتۆریکۆ. لە مارسی 2020 دا گەیەنراوەتە بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپا و تا مانگی سێپتەمبەری 2020 گەیەنراوەتە وڵاتانی ئەمریکای لاتین. زنجیرەی (فالکۆن ئەند وینتەر سۆڵجەر) بەرهەمی مارڤڵ، پڕبینەرترین بەرهەم بووە کە لە (Disney+)ە وە پەخشکرابێت.[2]

**3- ئەمەزۆن پرایم (Amazon prime video):** یا پرایم ڤیدیۆ، خزمەتگوزاریەکی ستریمینی ترە، بە شێوازی سەربەخۆ و وەک بەشێکیش لە (ئەمەزۆن پرایم سەبسکریپشن) کار دەکات.ئەم خزمەتگوزاریە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەو فیلم و زنجیرە تەلەفزیۆنیانە دابەش دەکات کە لەلایەن ستۆدیۆکانی ئەمەزۆنەوە بەرهەمهێنراون و خزمەتگوزاریەکی لاوەکیشی هەیە تایبەت بەو فیلم و زنجیرانەی لەلایەن کۆمپانیاکانی ترەوە بەرهەمهێنراون.

ئەم خزمەتگوزاریە لە 7 ی سێپتەمبەری ساڵی 2006 لە ئەمریکا بەناوی ئەمەزۆن ئەنبۆکسەوە خرایەگەڕ. لە 4 ی سێپتەمبەری ساڵی 2008 ناوەکەی گۆڕدرا بە (ئەمەزۆن ڤیدیۆ ئۆن دیماند). 22 ی شوباتی 2011 ناوەکەی جارێ:ی تر گۆڕدرا بە ئەمەزۆن ئینستانت ڤیدیۆ و 5 هەزار فیلم و بەرهەمی تەلەفزیۆنی بۆ زیادکرا.

---

(1) https://www.usnews.com , By Marisa Méndez and Timothy J. Forster, Disney, کاتی سەردان 18/10/2021 - 8:48 PM.

(2) https://www.cnet.com ,کاتی سەردان 25/10/2021 - 9:12 PM.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە لە یەکاتدا دەتوانرێت 3 ستریمینگ (Streaming)بکرێت. لەسەر ئامێرەکانی وەک (ئەپڵ تی ڤی ،کرۆمکاست ، فایەر تی ڤی ، سمارت تیڤیەکان، پلەی ستەیشن4 و ئێکس بۆکس) و چەند ئامێرێکی تر بەردەستە. بەرفراوانی ناوەڕوکەکانی و کوالیتی و ئۆرجینالی شۆکانی دەبنە پاساوێک بۆ کڕینی، بەردەست نەبوونیشی لەسەر هەندێک لە پلاتفۆڕمەکان پاساوێکن بۆ نەکڕینی.[1]

**4- پیکۆک (Peacock):** پیکۆک خزمەتگوزاریەکی ستریمینە لەلایەن بەشی تەلەفزیۆن و ستریمینی تۆڕی میدیایی ئێن بی سی یونیڤێرساڵ (NBC Universal)ەوە خاوەندارێتی دەکرێت و بەڕێوەدەبرێت. ئەم خزمەتگوزاریە لە 15 ی حوزەیرانی ساڵی 2020 ەوە خراوەتەگەڕ و بەشێوەیەکی سەرەکی ئەو فیلم و زنجیرە تەلەفزیۆنیانە پەخش دەکات کە لە ستۆدیۆکانی ئێن بی سی یونیڤێرساڵدا بەرهەم دەهێنرێن، شانبەشانی ئەو بەرهەمانەی تریش کە لەلایەن کۆمپانیاکانی ترەوە بەرهەم دەهێنرێن، کە زنجیرە و فیلم و هەواڵ و بەرنامەکانی وەرزشیش لەخۆدەگرێت.

خزمەتگوزاریەکانی بە ڤێرژنێکی بێ ریکلام بە ناوەرۆکێکی سنوردار بەردەستە، لەکاتێکدا ڤێرژنی پرمیەری خزمەتگوزاریەکە پەیوەستکراوە بە کتێبخانەیەکی گەورە و ناوەرۆکێکی گەروەترەوە. بەگوێرەی گرێبەستێک لە 6 ی مایسی ساڵی 2020 دا لەگەڵ کۆمپانیای ئەپڵدا ، ئەم خزمەتگوزاریە خرایە سەر ئەو مۆبایلانەی بە سیستمی ئای ئۆ ئێس کاردەکەن و لە تی ڤی ئەپڵیش بەردەستە.[2]

ئۆڤەری بێبەرامبەر یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی (Peacock)، و هەروەها لە یەکاتدا دەتوانرێت 3ستریمینگ (Streaming) بکرێت. لەسەر ئامێرەکانی وەک (ئەپڵ تی ڤی، کرۆمکاست، فایەر تی ڤی ، سمارت تیڤیەکان، پلەی ستەیشن4و5 و ئێکس بۆکس) و چەند ئامێرێکی تر بەردەستە. بوونی زۆرێک لە بەرنامە تەلەفزیۆنیە کلاسیکە بێبەرامبەرە کان بۆ کڕیارانی ئێکس فینیتی و لایف ئیڤێنتەکانی زۆرانبازی پاساو بۆ کڕینی (Peacock) وەک خزمەتگوزاریەکی ستریمینگ لە هەمان کاتدا سێرچینی لاواز و چاوەڕوانیی زۆر بۆ بەرنامە دڵخوازەکانیش دەبنە پاساو بۆ نەکڕینی.

---

(1)https://www.tomsguide.com ,کاتی سەردان 19/11/2021 - 9:04 PM.

(2)https://deadline.com/2019/09/nbcu-streamer-peacock-name-slate-of-reboots-dr-death-mike-schur-ed-helms-series-amber-ruffin-parks-recreation-1202736689/ By Nellie Andreeva, NBCU Streamer Gets Name, ,کاتی سەردان 20/11/2021 - 11:15 PM.

**5-هۆلۆ (Hulu):** لە بنەمادا (Hulu) وەک کۆمپانیایەکی هاوبەش لەنێوان نیوز کۆرپۆرەیشن (News Corporation) و ئێن بی سی یونیڤێرساڵ(NBC Universal) و پرۆڤایدنس ئیکویتی پاردنەرز(Providence Equity Partners) و دواتریش کۆمپانیای واڵت دیزنی (Walt Disney)دا دامەزرا، بۆ پەخشکردنی بەرهەمەکانی ئەو کۆمپانیایانە. ساڵی 2010، (Hulu) بوو بە یەکەمین خزمەتگوزاریی ستریمین کە پاشگری پڵەس بخاتە پاڵ ناوەکەی، ئەودەمەی خزمەتگوزاریی کردنەوەی بە پارەی خستەگەڕ، و بەناوی هولو پڵەسەوە خۆی ناساند .ساڵی 2017 کۆمپانیاکە خزمەتگوزاریی (Hulu) لایڤ تی ڤی خستەگەڕ، کە چەند کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی لەخۆگرت. ساڵی 2021 ژمارەی سەبسکرایبەرەکانی هولو گەیشتە 42 ملیۆن و 8 سەد هەزار کەس. دیزنی خاوەنی بەشی هەرە زۆری پشکەکانی (Hulu) و کۆمکاستیش ژمارەیەک پشکی کەمی تێدا هەیە و ئەگەری ئەوە هەیە تا ساڵی 2024 ئەو پشکانەی بفرۆشێت. [1]

بەهۆی بەرز کواڵیتیەکەیەوە (Hulu) یەکێکە لە پێگەیە رەواجدارەکان لای بەکارهێنەرانی ئینتەرنیت زمانی ئەم پێگەیە ئینگلیزیە، سەیرکردنی فیلم بێبەرامبەری بۆ ماوەی مانگێک ئۆڤەرێکە (Hulu) بۆ بەکارهێنەرانی دابینی کردووە .[2] (Hulu) باشترین بژاردە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت لە تەلەفزیۆنەوە بچن بۆ خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت. لەسەر ئامێرەکانی وەک (ئەندرۆید، کرۆمکاست، ئەپڵ تی ڤی، فایەر تی ڤی ، سمارت تی ڤی ی، پلەی ستەیشن3و4،ماک وئێکس بۆکس)و چەند ئامێرێکی تر بەردەستە. لە یەکاتدا دەتوانرێت 3ستریمینگ(Streaming) بکرێت، هەرزانی وکواڵیتیی بەرز پاساون بۆ کڕینی ، ریکلامی زۆر و پەخشکردنی سیزنە کۆنەکانیش بەشێوەیەکی رەمەکی پاساوێکن بۆ نەکڕینی. [3]

**6- ئێچ بی ئۆ (HBO):** (Home Box Office)،(HBO) تۆڕێکی تەلەفزیۆنیی ئەمریکیە لەلایەن تۆڕ و ستۆدیۆکانی وارنەر میدیا (WarnerMedia Studios & Networks) وە خاوەنداری دەکرێت. ئەو بەرنامانەی لەسەر تۆڕی (HBO) پەخش دەکرێت، بەشێوەیەکی سەرەکی لە فیلمە سینەماییەکان و بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان و فیلمە دۆکیومێنتریەکان و و

---

(1)https://www.britannica.com/topic/Hulu, by William L. Hosch ,کاتی سەردان 21/11/2021 - 8:28 PM.

(2) https://www.postroots.com ,أشهر المواقع لمشاهدة الأفلام الأجنبية , کاتی سەردان21/11/2021 - 8:38 PM.

(3)https://www.tomsguide.com کاتی سەردان 21/11/2021 - 8:50 PM.

نمایشە کۆمیدیەکان و کۆنسێرتە میوزیکیەکان پێکدێن. (HBO) کۆنترین و بەردەوامترین خزمەتگوزاریی ئابونەییە لە ئەمریکا و لە 8 ی نۆڤەمبەری ساڵی 1972 وەوە خراوەتەگەڕ، و بەوەش دەبێتە پێشەنگ لەو بوارەدا. (HBO) یەکەمین خزمەتگوزاریی تەلەفزیۆنی بووە کە راستەوخۆ لەڕێی سیستمی تەلەفزیۆنیی کەیبڵیەوە خرابێتەگەڕ، بەبێ ریکلام و بەبێ لێبڕین. دواجاریش بوو بە یەکەمین کەناڵی تەلەفزیۆنی لەسەر ئاستی جیهان کە لەڕێی مانگی دەستکردەوە بەرنامەکانی پەخش بکات. تۆڕی (HBO) لە 7 کەناڵ پێکدێت کە 24 سەعات پەخشی بەردەوام دەکەن. (HBO Max) یش پلاتفۆرمێکی پەرەپێدراوی (HBO) ە، و ئەو بەرنامانە لەخۆدەگرێت کە بەشێوەیەکی تایبەت بۆ ئەو خزمەتگوزاریە بەرهەم دەهێنرێن، لەپاڵ ئەو بەرنامانەشدا کە لەلایەن (WarnerMedia) وە بەرهەم دەهێنرێن. (HBO Max) لە سەر ئامێرەکانی وەک (ئەندرۆید،ئەپڵ، پلەی ستەیشن 4، ماک و ئێکس بۆکس1)، و چەند ئامێرێکی تر بەردەستە. لەئێستادا کەناڵەکانی (HBO) لە (HBO Max) بەردەست نین، بەڵام بۆ ئەو بەشداربوانە بەردەستە کە سوود لە خزمەتگوزاریەکانی (Hulu) و (Roku)وەردەگرن. [1]

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە لە یەکاتدا دەتوانرێت 3ستریمینگ(Streaming) بکرێت، پاساو بۆ کڕینی ئەوەیە کە زۆرێک لەو فیلم و بەرنامانە پەخش دەکات کە خەڵاتیان وەرگرتووە. گرانیی نرخەکەی و سڕینەوەی ناوەرۆکیشش کە زۆر دوبارە دەبێتەوە پاساوێکن بۆ نەکڕینی.[2]

**7- ئیجی بێست ( Egybest):** پێگەیەکی ناسراوی میسرییە بۆ نمایش کردنی فیلم و زنجیرە دراما عەرەبی و جیهانیەکان لە سەرەتاکانی ساڵی 2010دا وەک پێگەیەکی سەرەتایی دامەزرا بۆ نمایش کردنی زنجیرە دراما و فیلمە دۆکیمێنترییەکان، و بووە مایەی پێشوازی لێکردنیکی زۆر لە لایەن وڵاتانی عەرەبییەوە.[3] ئەم پێگەیە دەرفەتی بینین و داونلۆدکردنی بێبەرامبەر فیلمەکانی بۆ بەکارهێنەران رەخساندووە، هەروەها زانیاری لە بارەی پۆلێنکاری و جۆرەکەی ساڵی بەرهەم هێنانەکەی و هەلسانگاندنی رادەی پڕ بینەری دەخاتە روو. لە 14 /2019/5 دادگای میسر بریاری لە سەر داخستنی( Egybest) و چەند

(1) https://edition.cnn.com/2019/07/09/media/hbo-max-warner-media/, کاتی سەردان22/11/2021 - 8:32 PM.

(2) https://www.tomsguide.com, کاتی سەردان 22/11/2021 – 10:30 PM.

(3) https://khaleej-trend.online , کاتی سەردان 23/11/2021 - 10:52 PM.

پێگەیەکی تری دەرکرد . [1] بە تۆمەتی کۆپی و چاوپۆشی کردن لە مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی خاوەن بەرهەم، بەڵام دواتر بە شێوەیەکی رەسمی کەوتەوە کار، هەموو ئەو فیلم و درامایانەی سریەوە کە بوونە هۆی راگرتنی پێگەکە. [2]

**8- شاهد.نت ( Shahid ):** پێگەی ( Shahid) خزمەتگوزارییەکی ڤیدیۆییە بۆ پێشکەش کردنی فیلم و زینجرە دراما بە پێ خواستی بەکارهێنەرانی، کە لە نێو وڵاتانی عەرەبیدا رەواجێکی زۆری هەیە . بینەر دەتوانێت سەیری هەر بەرنامە و بەرهەمێک بکات کە لە جیهانی عەرەبیدا بە بەرهەمی نایاب لە قەڵەم دەدریت بە کواڵیتی بەرز و ئەبدەیتی بەردەوام.[3]

( Shahid) نوێترین زنجیرە درامای ئەکشن و فیلمە عەرەبییەکان لە رێی پێگەکەیەوە یان لە رێی ئەپڵیکەیشنی سەر تەلەفون و ئامێرە زیرەکەکانەوە پەخش دەکات. ئەم پێگەیە بەشێکە لە گروپی کەناڵەکانی(MBC) کە وڵاتی سعودیە خاوەندارێتی دەکات. ( Shahid) وەک خزمەتگوزارییەکی بێبەرامبەری بینینی فیلم و زنجیرە دراما عەرەبییەکان بۆ یەکەم جار لە ساڵی (2011) لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقادا دامەزرا. [4] گروپی (MBC) پلاتفۆڕمی (Shahid VIP) دامەزراند کە چەندین بەرنامە و فیلم و دراما پەخش دەکات کە بۆ یەکەم جار لەم پلاتفۆرمە نمایش دەکرێت لە هیچ شوێنێکی تر پەخش نەکراوە تەنانەت لە هۆڵەکانی سینەماش. (Shahid VIP) لە رێی بەشداریکردنی مانگانەوە دەرفەت بۆ بەکارهێنەرانی دەرەخسێنێت بە بێ ریکلام تەماشای ناوەڕۆک و بابەتەکانیان بکەن هەروەها تەماشای کەناڵەکانی(MBC MAX,MBC2, MBC1) لەگەڵ نوێ کردنەوەی بەشداریکردنێش مانگێک بێبەرامبەر دەبەخشێتە بەکارهێنەرانی. [5]

## نۆیەم: پێگە ئەلکترونییە سینەماییە کوردییەکان

بەگشتی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان لە سەرەتای دروست بوونیانەوە بۆ سێ جۆر (پۆلێن) کراون

(1) https://www.maghnaoui.com , کاتی سەردان 24/11/2021 - 9:42 PM.
(2) https://paltoday.ps/ar/post , کاتی سەردان 24/11/2021 - 10:08 PM.
(3) http://www.altechnoe.com , کاتی سەردان 25/11/2021 - 12:09 AM.
(4)https://www.alqiyady.com , کاتی سەردان 26/11/2021 - 7:51 PM.
(5) http://www.altechnoe.com , کاتی سەردان 26/11/2021 - 8:59 PM.

**یەکەم:** رۆژنامە و گۆڤار و کەناڵە ئاسمانییەکان پێگەی پەیوەست بە خۆیان لە سەر تۆری ئینتەرنێت دامەزراند، تا بتوانن شانبەشانی گۆرانکارییە تەکنەلۆژییەکان هەنگاو بنێنن و خۆیان بگونجێنن. سەرپەرشتیاری ئەم پێگە ئەلکترونییانەش هەمان ئەو کارمەندانە بوون کە لە کەناڵ و گۆڤار یاخود رۆژنامەکەدا کاریان دەکرد. پێگەکەش کۆپییەک بوو لە هەمان رۆژنامەی چاپکراوی دامەزراوەکە لەگەڵ هەندێک خزمەتگوزاری کارلێکی. وەک رۆژنامەی( کوردستانی نوێ، رۆژنامەی خەبات، هاوڵاتی و ئاوێنە).

**دووەم:** پێگە هەواڵییەکان، ئەم جۆرە بایەخی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ داوە، و رووبەرێکی زیاتری هەواڵ و رووماڵکردنی بۆ خوێنەران رەخساندووە، کە رەنگە لە رۆژنامە چاپکراوەکاندا فەرامۆش کرابێت. وەک ( دەزگای هەواڵی پەیامنێر، کوردستان ئۆنلاین و کوردستان فۆڕ نیوز).

**سێیەم:** ئەو رۆژنامە ئەلکترۆنیانەی راستەوخۆ لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت پەخش دەکران و هیچ وێنەیەکی چاپکراویان نەبووە وەک (کوردستان نیوز). [1]

جگە لەو توێژینەوەی پێشتر ئاماژەم پێکردووە، و لە دوای بێ ئەنجامی سۆڕاغێکی زۆر بۆ بە دەستهێنانی سەرچاوەی تر باس لە پێگە ئەکترۆنییە کوردییەکان بکات، تەنانەت ئەو توێژینەوانەشی سەبارەت بە رۆژنامەوانی ئەلکترۆنی کوردی ئەنجام دراون، بە گشتی باس لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی دەکەن نەک پێگە ئەلکترونییە کوردییەکان. هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا راستەوخۆ سوودم لە زانیارییەکانی خودی پێگە ئەلکترۆنییەکان وەرگرتووە واتە خۆیان بوونەتەوە سەرچاوەی بەدەستهێنانی زانیارییەکان کە هەندێکیان گۆشەی(دەربارە)یان هەیە کورتەیەک زانیارییان لە بارەی خۆیانەوە بڵاویان کردۆتەوە. هەروەها پەیوەندیکردن بە هەندێک لەو کەسانەی بەرێوەبەر و سەرپەرشتیاری ئەو پێگە ئەلکترۆنییانەن، رێگەیەکی تری بەدەتستهێنانی زانیارییەکانم بووە **(توێژەر).**

1- **کورد فیلم (KURD FILM):** پێگەیەکی تایبەتمەندە بە بواری سینەما، کار دەکات لە سەر ناساندن و نمایش کردنی بابەت و کارو چالاکییە سینەماییە لۆکاڵی و جیهانییەکان وەک لە دروشمی پێگەکەیاندا ئاماژەیان پێکردووە ئامانجیان بە کەلتورکردنی سینەما و پڕ کردنەوەی ئەو کەلێنانەیە کە لەم بوارەدا بەدیان کرووە. ئەو بابەتە سینەماییانەی (KURD FILM) پەخشی دەکات بریتییە لە(کورتە فیلم، فیلم جیهانییەکان بە هەموو

---

[1] صادق حمە غريب حمە صالح (الصحافة الإلكترونية الكردية) رسالة غير منشورة، (بغداد: جامعة بغدد/ كلية الاعلام- قسم الصحافة، 2008)، ص 181-187.

ژانرەکانییەوە، زنجیرە دراماکان، وتار و گفتوگۆ و شیکردنەوە و زانیاری دەربارەی دەرهێنەران). بینەر دەتوانێت بێبەرامبەر و بێ بوونی هیچ هەژمارێک سەیری هەموو فیلم و زنجیرە دراماکان بکات کە لەم پێگەیەدا پەخش دەکرێت. تایبەتمەندییەکی تری ئەم پێگەیە ئەوەیە پابەندە بە یاسای (DMCA) تا بە دوور بێت لە هەر بابەتێکی کۆپی کراو یاخود کارێکی ساختە. ژمارەی فۆلۆوەرسەکانی (KURD FILM) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (Facebook) زیاترە لە (179,500).[1]

2- **کورد سینەما (Kurdcinema)** یەکێکە لەو پێگە کوردییە ناسراوانەی کە تایبەتمەندە بە بواری سینەما لە (1-6-2013) لە شاری سلێمانی دامەزراوە. توانیویێتی بینەرێکی زۆر بۆ خۆیی رابکێشێت بە هۆی بایەخدانی بە بابەتەکانی وەک(فیلم، زنجیرە دراما، هەواڵ و زانیاری دەربارەی ژیاننامەی ئەستێرەکانی سینەما و براوەی خەڵاتە جیهانییەکان) و چەند بابەتێکی تر. ئەم پێگەیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ( Facebook, Youtube Instagram,) و (کەناڵی لۆکاڵیKurdcinema) لەسەر رسیفەری (HDBOX) بابەتەکانی پەخش دەکات. لە ڕووی یاسییەوە پێگەیەکی فەرمی نیە، بەڵام بە پێی داتاکانی (similarweb) لە ریزبەندیدا یەکێکە لە پێگە پڕ بینەرەکانی پەیوەست بە بواری سینەما. ئەم پێگەیە فیلمە بیانییەکان بە هەر زمانێک بێت بە ژێر نووسی کوردی و فیلمە کوردییەکانیش بە ژێر نووسی ئینگلیزی پەخش دەکات. ژمارەی فۆلۆوەرسەکانی (Kurdcinema)ە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (Facebook) زیاترە لە (139,500).[2]

3- **تۆلیپ سینەما (Tulip Cinema):** پێگەیەکی تایبەتمەندە بە بواری سینەما لە شاری هەولێردامەزراوە، و هاوکات وەک رێکخراوێکی سەربەخۆی فەرمی ناحکومی لە لایەن فەرمانگەی رێکخراوە ناحوکمییەکانەوە لە کۆتایی ئاداری ساڵی (2021) دانپێدانراوە . لە ئێستادا بە شێوەیەکی فەرمی لە چوارچێوەی رێکخراوەکەیاندا بەردەوامن لە کار و

---

(1) https://kfilmone.com/ , کاتی سەردان 10/12/2021 - 7:55 PM.

* DMCA ئەو یاسایە لەبارەی مافی بەرهەم و بڵاوکردنەوەی دیجیتاڵی لە ساڵی 1998 لەلایەن ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دەرکرا. بە پێی ئەم یاسایە هەر بابەتێکی دیجیتاڵی بەشێوەیەکی نایاسایی بەکار بهێنرێت دەبێتە تاوان. ئەگەر چی بەکارهێنەران لە سەر ئاستی جیهان سەردانی پێگە ئەلکترۆنییەکان دەکەن، بەڵام دەبێت پابەند بن بە یاسای ئەو وڵاتەی خاوەنی خزمەتگوازرییە دیجیتاڵییەکانە.

(2) https://www.kurdcinama.com , کاتی سەردان 10/12/2021 - 8:05 PM.

* Similarweb دابینکردنی داتا و ئامارە سەبارەت بە جموجوڵی دیجیتاڵی بە پێگە ئەلکترۆنییەکان و زانیاری پەیوەست بە بەکارهێنەران.

چالاکییەکانیان. ئەم پێگەیە جەخت لە سەر بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری سینەمایی دەکات نەک پەخشکردنی فیلم ، هەروەها هەواڵ و زانیاری هەمەجۆر لەبارەی( فیلمەکان بە هەموو ژانرەکانیەوە، ئەکتەر، دەرهێنەر، چەمکە سینەماییەکان، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان وچەند بابەتێکی تر) پەخش دەکەن. ژمارەی فۆڵۆوەرسەکانی ئەم پێگەیە لە تۆری کۆمەڵایەتی (Facebook) بۆ پەخشکردنی کارو چالاکییەکانیان زیاترە لە (12,500).[1]

4- **کورد سەبتایتڵ (KURD SUBTITL):** پێگەیەکی نافەرمی تایبەتمەندە بە سینەما کە لە سەرەتای ساڵی(2016) لە سلێمانی دامەزراوە. بایەخ بە ژێر نووس کردنی کوردی فیلم و زنجیرە دراماکانی وەک (هولیود، بۆڵیود و کۆری) و نمایش کردنیان دەدات. ئەم پێگەیە هەواڵ زانیاری دەربارەی بابەتە سینەماییەکان یاخود رۆشنبیری سینەمایی بڵاو ناکاتەوە، بەڵام هەر فیلم و زنجیرەیەک پەخش بکرێت کورتەیەک زانیاری لە گەڵدا دەخرێتە روو کە دەبێتە مایەی بەرچاو روونی بینەر. وەک لە گۆشەی دەربارەدا ئاماژەی پێدەکەن ئامانجی پێگەکە (KURD SUBTITL) ئاشنا کردنی کۆمەڵگەی کوردییە بە جوانی و لایەنی باشەکانی سینەما و باشتر کردنی سینەمای کوردی. ئەم پێگەیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەک( Facebook, Instagram,snapchat,telegram) بابەتەکانی پەخش دەکات. ژمارەی فۆڵۆەرسەکانیشی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی(Facebook) زیاترە لە (105,500)هەوەیە.[2]

5- **بینەر (Beenar):** پێگەیەکی نافەرمی تایبەتمەندی بواری سینەمایە. کار دەکات لە سەرئاشنا بوون و تێگەشتن لە کاریگەرییەکانی سینەما. ئەم پێگەیە بایەخ بە و نمایشکردنی دراما و فیلمە وسینەماییەکان بە هەموو ژانرەکانیانەوە دەدات. هاوکات بە زمانی کوردی ژێرنووس دەکرێن، هەروەها بایۆگرافی و هەواڵ و زانیاری لە بارەی بابەتە سینەماییەکانەوە پەخش دەکات. ئەم پێگەیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەک(Facebook, Instagram ,snapchat,telegram)بابەتەکانی پەخش دەکات. ژمارەی فۆڵوەرسەکانیشی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی(Facebook) زیاترە لە (38,400).[3]

---

([1]) https://www.tulipcinema.com , کاتی سەردان 11/12/2021 - 9:14 PM.

(2) https://kurdsubtitle.net/ , کاتی سەردان 11/12/2021 - 9:43 PM.

(3) https://beenar.net, کاتی سەردان 14/12/2021 - 11:10 PM.

6- **کورد دۆبلاژ (Kurd Doblazh):** پێگەیەکی تری نافەرمی بواری سینەمایە، لە ساڵی(2019) دامەزراوە لە لایەن کۆمەڵێک کەسی خۆبەخشەوە بەڕێوە دەبرێت. ئەم پێگەیە کار دەکات لە سەر بڵاو کردنەوەی فیلمە جیهانیەکانی هۆڵیود و بۆڵیود و فیلمی فارسی و تورکی و عەرەبی و هندی و هتد بە هەموو ژانرەکانەوە. لەم پێگەیەدا فیلمەکان بە دۆبلاژی کوردی پەخش دەکرێن. ژمارەی فۆڵۆوەرسەکانیشی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی(Facebook) زیاترە لە (20,800). لە تۆڕە کۆمەڵایەتی (telegram) بابەتەکانی پەخش دەکات.[1]

7- **کوردینگ (KURDING):** یەکێکی ترە لەو پێگە ئەلکترۆنییە نافەرمیانەی تایبەتمەندە بە بابەتە سینەمابییەکان. گرنگی بە دۆبلاژ و نمایش کردنی فیلمە بیانییەکان دەدات و تەواوی فیلمەکانیش بە دۆبلاژکراوی پەخشدەکرێن. ژمارەی فۆڵۆوەرسەکانیشی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی(Facebook) زیاترە لە(10,320).[2]

8- **کوردموڤی (Kurd Movie):** پێگەیەکی تری تایبەتمەندە بە بواری سینەمایە، لە سەرەتای مانگی (10)ی (2016) دامەزراوە . بایەخ دەدات بە ژێر نووسی کوردی و پەخشکردنی فیلمە سینەمابییەکانی هۆڵیود بە پلەی یەکەم، و هەندێک لە فیلمەکانی بۆڵیود و کۆرییەکان. فیلمە فارسیەکانش بە دۆبڵاژکراوی و بەشێکی کەمی بە ژێرنووسی کوردی پەخش دەکرێن. ئەم پێگەیە تەنیا فیلم پەخش دەکات، هیچ گۆشیەکی تری نیە پەیوەست بێت بە بابەتەکانی تری سینەما. ژمارەی فۆڵۆەرسەکانی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (Facebook) زیاترە لە (5,950).[3]

9- **شا فیلم (SHAFILM):** یەکێکی ترە لەو پێگە ئەلکترۆنییانەی کە تایبەتمەندە بە بابەتە سینەمابییەکان. ئەم پێگەیە لە (21-9-2021) دامەزراوە. خاوەنی سێرڤەری تایبەت بە خۆی هەیە بە بێ ریکلام زنجیرە دراما و فیلمە جیهانییەکان بڵاو دەکاتەوە، بەڵام زیاتر فیلمەکانی هولیوودی لە خۆ گرتووە. لەم پێگەیەدا فیلم و دراماکان بە هەموو ژانرەکانەوە بە ژێرنووسی کوردی بڵاو دەکرێنەوە. لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەک (Instagram,Youtube Facebook,) بابەتەکانی پەخش دەکات. ژمارەی فۆڵۆوەرسەکانیشی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی(Facebook) زیاترە لە (6000).[4]

---

(1) https://www.kurddoblazh.com , کاتی سەردان 14/12/2021 - 11:34 PM.
(2) https://kurding.com/ , کاتی سەردان 14/12/2021 - 11:49 PM.
(3)https://www.kurdmovie.net/genre/drama/ , کاتی سەردان 14/12/2021 - 11:57 PM.
4 https://shafilm.net/categories ,کاتی سەردان 26/12/2021 - 8:51 PM.

10- **فیلمسازان (FILMSAZAN):** پلاتفۆرمێکی تایبەتمەندە بە نمایش کردنی بابەتە سینەماییەکان بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری سینەمایی نەک پەخشکردنی فیلم کە لە وڵاتی ئەمریکاوە ئەم پلاتفۆڕمە بەڕێوە دەبرێت. لە رێی کەسانی ئەکادیمی و خاوەن ئەزموون و فیلمسازە کوردییەکانەوە وەک فێرگەیەک کار دەکات لە سەر ناساندن و گەیاندنی زانیاری و بنەما تیۆرییەکانی فیلمسازی. لە رێی پەخشکردنی بابەتەکانی وەک (دیدار، ئەدەبیاتی سینەما، وانەکانی کامێرا، مێژوو، نواندن، میوزیک، بەرهەم، تەکنیک و سیناریۆی فیلم). ئامانجی ئەم پێگەیە (پلاتفۆرمە) رەخساندنی دەرفەتە بۆ گەشەپێدانی بەهرەوەری و توانای ئەو کەسانەی ئاشنا و خولیای فیلمسازیان هەیە لە هەر تەمەن و توێژێکدا بن. ژمارەی فۆڵۆوەرسەکانیشی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (Facebook) زیاترە لە (6000). [1]

11- **کوردیۆ ئەنیمی (Kurdio Anime):** پێگەیەکی نا رەسمی و قازانج ئامێز، و تایبەتمەندە بە (Anime)ئەنیمی کە یەکێکە لە بابەتە بایەخپێدراوەکانی بواری سینەما، نزیکەی (9) ساڵە لە شاری کفری دامەزراوە بۆتە خاوەنی کەناڵێکی ناوخۆیی. لەم پێگەیە فیلم کارتۆن و ئەنیمەیشنە جیهانییەکان بە ژێرنوسی کوردی و لەبەرامبەر برێک باڵانسدا پەخش دەکرێن، پاش ئەوەی بەشدار بوولە گۆشەی تۆمارکردنی پێگەکەدا دەبێتە خاوەنی ئەکاونتی خۆی، بەمەش بۆ ماوەی (30) رۆژ ئەکاونتەکەی ئەکتیڤە و دەتوانێت بینەری بەرهەمەکان بێت و داونلۆدیشیان بکات. ژمارەی فۆڵۆەرسەکانیشی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (Facebook) زیاترە لە(12,180). [2]

12- **کورد پڵەس ئەنیمی (KurdPlus Anime):** پێگەیەکی تری نارەسمی تایبەتمەندە بە ئەنیمەیشنە لە ساڵی(2018) لە شاری هەولێر دامەزراوە. بایەخ بە نمایشکردنی زنجیرە دراما و فیلمە ئەنیمەیشنەکان دەدات بە هەموو ژانرەکانییەوە، و بە ژێرنووسی کوردی بڵاویان دەکاتەوە. چەندین کارو چالاکی پەیوەست بە ئەنیمی بە هاوئاهەنگی لەگەڵ قونسولگەری ژاپۆنی لە شاری هەولێر ئەنجام داوە. ژمارەی فۆڵۆەرسەکانیشی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی(Facebook) زیاترە لە(9,400). [3]

---

(1)https://filmsazan.info/ ,کاتی سەردان 27/12/2021 - 9:24 PM.

(2) https://www.kurdio-anime.net ,کاتی سەردان 30/12/2021 - 11:11 PM.

3 https://kpanime.net/kpstaff/ کاتی سەردان 3/1/2022 - 10:00 PM.

### دەیەم:سیستمی پەخشی خزمەتگوزارییە ئۆنلاینەکان(SVOD– TVOD– AVOD)

VOD بە واتای ڤیدیو بە پێی خواست دیت ،کە خزمەتگوزارییەکە رێ لە بەردەم بینەر هەموار دەکات کەی و چۆن لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت سەیری گرتە ڤیدیۆییەکان بکەن.هەریەک لە (SVOD –TVOD–AVOD) ستراتیژیەتی جیاوازییان هەیە بۆ بەدەستهێنانی داهات لە رێی زیاد بوونی ژمارەی بینەرەوە.[1]

خزمەتگوزارییە ئۆنلاینەکانی هاوشێوەی یوتیوب و نێتفلیکس و هۆلۆ شێوازی بینینی بەرنامە تەلەفزیۆنی و ڕووداوە وەرزشییەکانی ئێمەی لە ریشەوە گۆڕیوە، بە جۆرێک کە ئێستا 70%ی بەکاربەران پێیان وایە خزمەتگوزرایی ستریمینگ بە بەراورد لەگەڵ تەلەفزیۆنی تەقلیدیدا زۆر باشترە. لە ڕاستیدا، ئێستا ستریمکردن لە ئەمریکادا بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت، بەجۆرێک کە خزمەتگوزاریی (VOD) لە دوو ساڵی ڕابردوودا بە ڕێژەی زیاتر لە ٢٥% گەشەی کردووە. دەستەواژەی (VOD) بۆتە سیمبوڵی میدیا و کات بەسەربردنی ئەم سەردەمە. هاوشێوەی پاکێجی تەلەفزیۆنی تەقلیدی، (SVOD) ڕێ لەبەردەم بەکاربەردا هەموار دەکات دەستی بگا بە سەرجەم ناوەڕۆکی ئەو خزمەتگوزاریانە بە نرخێکی گونجاو، کە بە شێوەیەکی گشتی مانگانە دەدرێت. بەکارهێنەران دەتوانن چەندین ناوەڕۆکی بێ ڕێکلام بەکاربهێنن کە ئارەزووی دەکەن بە مەرجێک بەردەوام بن لە بەشداریکردنەکەیان. لە ڕاستیدا ئێستا گەورەترین کۆمپانیاکانی ستریمینگ (SVOD) بەکاردەهێنن، لەوانە نێتفلێکس و هولو و ئەمازۆن پرایم ڤیدیۆ، جگە لە کۆمپانیا نوێیەکانی وەک ئەپڵ تیڤی+ و دیزنی+ و ئێچ بی ئۆ. بەگوێرەی ئامارێکی پێگەی فۆربێس، 55%ی ئەمریکییەکان بەشدارییان لە نێتفلێکسدا کردووە، کە هەفتانە زیاتر لە یەک ملیار سەعات ڤیدیۆی تێدا بەکاردەهێنرێت، 52%یشیان ئەمازۆن پرایم ڤیدیۆ بەکاردەهێنن. شارەزایانی بازاڕ پێشبینی دەکەن بازاڕی ئەو خزمەتگوزاریانە لە 97 ملیار دۆلارەوە لە ساڵی 2017 بۆ 332 ملیار دۆلار تا ساڵی 2025 گەشە بکات.[2]

(SVOD) هاوشێوەی پاکێجەکانی تەلەفزیۆنی ئاساییە، و رێ لەبەردەم بەکاربەردا هەموار دەکات چەند بخوازن ناوەرۆک بکڕن بە نرخێکی گونجاو. نمونەی ئەوەش پلاتفۆڕمەکانی

---

(1)https://www.lightcast.com کاتی سەردان 4/1/2022 – 6: 23 PM.

*SVOD:Subscription Video On Demand

*TVOD:Transactional Video On Demand

*AVOD:Advertising Video On Demand

(2)https://www.harmonicinc.com کاتی سەردان 4/1/2022 – 7:09 PM.

نێتفلیکس و ئەمازۆن پرایم ڤیدیۆ و هولو، لەگەڵ خزمەتگوزارییە نوێیەکانی کۆمپانیاکانی وەک ئەپڵ و ئێچ بی ئۆ و دیزنی. بە پێچەوانەی خزمەتگوزاریی (SVOD) ەوە، خزمەتگوزاریی (TVOD) ڕێ لەبەردەم بەکاربەردا هەموار دەکات لەسەر بنەمای پارەدان بۆ هەر بینینێک ناوەڕۆک بکڕن. بەگشتی بەکاربەر ئەو بژاردەیەی هەیە ناوەرۆک بکڕێت یا بەکرێ بیگرێت.[1]

بە پێچەوانەی خزمەتگوزاریەکانی (SVOD)و (TVOD) ەوە ، خزمەتگوزاریی (AVOD) بابەتەکان بێ بەرامبەر دەخاتە بەردەست بەکاربەر. خزمەتگوزاریی (AVOD) هاوشێوەی کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسایی، فیلم و زنجیرە تەلەفزیۆنیەکان لەگەڵ ریکلامدا دەخاتە بەردەست، نمونەی ئەوەش لە خزمەتگوزاریەکانی ( YouTube, Tubi, Hulu , The Roku Channel) دا بەدی دەکرێت. ئەم خزمەتگوزارییە لای کۆمپانیاکانی دابەشکردنی فیلم و زنجیرە تەلەفزیۆنەکان زۆر پەسەند نییە، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە داهاتی ئەو خزمەتگوزارییە بەبەراورد لەگەڵ خزمەتگوزاریەکانی تردا کەمترە، دڵنیاشن لەوەی بەکاربەران بەبەردەوامی پارە بەو بەرهەمانە دەدەن، لەکاتێکدا ئەو داهاتەی کە لەو خزمەتگوزاریەوە دەستیان دەکەوێت بۆ بەرهەمهێنانی فیلم و زنجیرەی نوێ و بۆ بەگەڕخستنی ئەو خزمەتگوزاریە تەرخان دەکرێت.[2]

---

(1)https://imagen.io/blog کاتی سەردان 4/1/2022 - 8:31 PM.

2 https://www.harmonicinc.comکاتی سەردان 4/1/2022 - 10:11 PM.سەرچاوەی پێشوو

# پاری دووەم: بابەتە سینەماییەکان

## یەکەم : مێژووی سینەما

سەرباری هەموو داهێنانەکانی پەیوەست بە وێنە و وینەی جوڵاو کە چەندین قۆناغی بڕیوە، لکاندنی مێژووی سینەما بە کەسیکی دیاریکراوەوە رەنگە ئەستەم بێت، لەو سونگەیەوەی بیرۆکەی تێپەڕ بوونی رووناکی بە ژووری تاریکدا گەلاڵەی ئەزموونی زۆرێک لە زانایان بووە، هەنگاوی هەر داهێنەرێکیش بۆتە مایەی برەودان بە داهێنانێکی تر و ترۆپکی کامڵ بوونی ئەم هونەرەش لە ئێستادا بۆتە پیشەسازی و بازرگانی گەورەی پێوە دەکرێت. هەرچەندە کامێرا بە شێوەیەکی پراکتیکی و زانستی لە سەرەتای سەدەی (19) کەوتە گەر،بەلاَم داهێنانەکەی دافنشی لە سەردەمی رێنیسانسدا بووە پزیسکی گەشتی دوور و درێژی سینەما.

یەکێک لەو چەمکە زانستیانەی کە سەرنجی لیۆناردۆی بەلای خۆیدا راکێشاوە چەمکی بینراوەکان بووە، ئەو زانستەی لەپشت چۆنێتیی کارکردنی چاوی مرۆڤەوەیە. لە سەردەمی لیۆناردۆدا، ئەو باوەڕە لە کایەدا بوو کە چاو تیشکێک ئاڕاستە دەکات و ئەو تیشکەش بەر شتەکان دەکەوێت و دەگەڕێتەوە بۆ چاو، ئەوەش توانای بینین لای کەسەکە دروست دەکات. دافینشی گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەمە هەڵەیە، لەبەرئەوەی دەرچوونی ئەو تیشکە لە چاوەوە کاتێکی درێژی پێویستە تا بەر شتەکان دەکەوێت و دەگەڕێتەوە بۆ چاو. بۆ راڤەکردنی ئەم گومانەش، خۆری بە نمونە هێناوەتەوە و وتوویەتی خۆر زۆر لە ئێمەوە دوورە، بەجۆرێک کە ئەگەر کەسێک بیەوێت تیشکێک رەوانە بکات بۆ بینینی بەدڵنیاییەوە پێویستی بە مانگێک دەبێت بەرلەوەی ئەو تیشکە بگەڕێتەوە. لیۆناردۆ شێوازێکی دۆزیەوە بۆ توێکاریی گلێنەی چاو، ئەویش بە کوڵاندنی لەناو ئاودا و لەتکردنی بۆ چەند بەشێک. لەو باوەرەدابوو کە چاوی مرۆڤ گرنگترین ئەندامی جەستەیە. لە یادداشتەکانیدا نووسیویەتی ئەوە چاوە کە سەرۆک و فەرماندەی هەموو ئەوانی ترە، و سەدان لاپەڕەی لەسەر چۆنێتیی کارکردنی چاو نووسیوە. تێبینیەکانی بەکارهێناوە بۆ پەرەپێدانی ئامێری پیشاندان و چاویلکەی دوو هاوێنەیی و گەیشتە بیرۆکەی هاوێنەی لکاویش، هەرچەندە هەرگیز دروستی نەکرد. [1]

---

[1] https://owlcation.com , کاتی سەردان 27/1/2022 – 8: 08 PM.

ئەگەر چی شانازی سینەما بە برایانی لۆمێرەوە گرێدەدرێتەوە، بەڵام مانای وانیە ئەوانیش لە هەناوی نەبووە(عدم)دەریانهێنابێت، بەڵکو لە دایک بوونی سینما پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە شەش هونەرەکەی پێش خۆی(بیناسازی، میوزیک، وێنەکێشان، شێوەکاری، هۆنراوە، سەما)و وابەستەی توانای تۆمارکردنی وێنەیە کە گرێدراوی باکگراوندی چەندین ساڵەی شێوەکاری و کۆنترین ئەزموونی هێڵکاری و میراتی هزرو بیرو تێکۆشانی چەندین بیرمەند و هونەرمەندی گومناوە، کە لەبوارە جیاجیاکانی زانست و هونەردا هەنگاویان ناوە رێنیسانسیان خوڵقاندووە پێیان ناوەتە دنیای مۆدێرنەوە. [1]

گرتە وێنەییەکانی مرۆڤ و ئاژەڵ لە حاڵەتی جوڵەدا یەکێک بوو لە دەسکەوتەکانی ئێدوارد مایبریدج (Eadweard Muybridge) کە نەک بە تەنها رۆڵی هەبوو لە پەرەسەندنی کاری وێنەگرتندا، بەڵکو کاریگەری راستەوخۆی هەبوو لە سەر سەرەتاکانی سینما. زووپراکسسکۆپ (Zoopraxiscope)کە ئامێرێکی سەرەتایی نمایش کردنی وێنەی جووڵاوە، لە ساڵی(1879) داهێنانێکی تر مایبردیجە، کە بووە مایەی دروستکردنی کاریگەریی لە جیهانی وێنەگرتندا لە رێگەی ورد بوونەوەی لە رەگەز لێکترازاو و چەسپاوەکان، و دووبارە بونیادنانەوەیان ، و کێشانەوەی وێنە فۆتۆگرافییەکان لەسەر پلیتە شوشەیەکی روونی بازنەیی بە مەبەستی نیشاندانی وێنەکان لە شێوەیەکی جوڵاودا. لە ناوەڕۆکدا (Zoopraxiscope) لە رووناکییەک پێک دێت لە سەر سکرینێکی سپی بۆ پیشاندانی ئەو وێنە فۆتوگرافییە لەبەرگیراوانەی کە لە سەر دیسکێکی شوشەی خولاوەیە، بەمەش جوڵە دەبەخشێتە وێنەکان. [2]

لەو سەردەمدا بە هۆی داهێنانەکانییەوە، مایبردیج ناوبانگی پەیدا کردو وێنەگرتنی پێشبرکێی ئەسپسواری هۆکارێک بوو تا لە رێیەوە بگاتە هەنگاوێکی سەرکەووتوتر بۆ دۆزینەوەی شێوازی وێنەگرتنی ئەندامەکانی لەش لە کاتی جووڵەدا. ساڵی(1882) لە پاریس توانی بە هۆی ئامێری پراکسینۆسکۆپ (Praxinoscope)ەوە لە پشتی پەردەوە نمایشی وێنە فۆتۆگرفییەکانی بکات.

(تۆماس ئەدیسۆن)یش یەکێک بوو لەو زانایانەی رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە داهێنانی سینەمادا، لە رێی تاقیکردنەوەکانی هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی سینەما ببێتە کایەیەکی

---

([1]) تەها کەریمی، سینەماتیک، چ2 (ناوەندی غەزەلنووس:2020)، لا18.

* ئێدوارد مایبریدج: (1830-1904) زانای بەریتانی بە نەژاد هۆڵەندیە.

[2] ترجمة: خالد آقلعي، السينما والجذور، (الرياض: مجلة العربية،2013)، ص 30-34.

راستەقینە. ئەدیسۆن بۆ یەکەمین جار ساڵی(1893) یەکەمین ستۆدیۆی بە ناوی( The Blak Maria) بۆ شتنەوەی فیلم لە ئەمریکا دامەزراند یەکەمین فیلمیش کە وێنەی گرت ماوەی نیو خولەک بوو.[1]

لە ساڵی (1895) کینتۆسکۆپ (KintoScope)، ڤیتا سکۆپ (VitaScope)، بایۆسکۆپ (Bio Scope)، سینەما تۆگراف (Cinema Tograph) ئەو ئامێرە جۆراوجۆرانە بوون کە لە هەریەک لە وڵاتانی ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا دەرکەوتن ئەم ئامێرانەش بەکار دەهێنران بۆ وێنە گرتن و کاری سینەمایی.[2]

هەموو ئەو هەوڵانەی پێشووتر لە بارەی دروست بوونی سینەماوە درا بوو، هیچی نەگەشتە ئەو ئاسۆ روونەی کە لە فەرەنساوە دەرکەوت و بووە سەرکەوتنی راستەقینە، ئامێری سینەماتۆگرافەکەی برایانی لۆمێر (لویس- ئوگست) لە (28-12-1895) کە بۆ یەکەم جار لە (گراند کافی) شاری پاریسی فەرەنسا یەکەمین نمایشیان پێشکەش کرد. لویس لۆمێر کە باوکی و براکەی کارگەیەکی گەورەی کەلوپەلی وێنە گرتنیان بەرێوە دەبر ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی لە ئاداری (1895) ئامێری سینەماتۆگراف بەرهەم بهێنن .[3] داهینانی ئەم خێزانە وایکرد سینەما وەک ئامرازێکی کۆمیونیکەیشن ببێتە کۆگایەک زیندوو بۆ کۆکردنەوەی تەواوی هونەرەکانی وەک هونراوە و مێژوو و ئەفسانە و ئاین و زانست و فەلسفە و ئەدەب و شانۆ و شێوەکاری و میوزیک .[4]

جۆرج میلیس (Georges melies) نوسەر و دەرهێنەر و ئەکتەری سینەمای فەرەنسی وەک یەکێک لە رابەرەکانی سینەما دەرکەوت، میلیس بناغە سەرەتاییەکانی وێنەگرتنی سینەمایی و تەکنیکی مونتاژ و میکساژ و کەتکردن و سیناریۆ و دیکۆرو گاریگەری دەنگی دانا. لە ماوەی(1896)تا ساڵانی دواتر چەند فیلمێکی بەرهەم هێنا بەڵام یەکەم بەرهەمی راستەقینەی میلیس وەک فیلمی سینمایی (گەشتیک بۆ سەر مانگ) بوو لە ساڵی(1902)دا کە بە یەکەم فیلمی خەیاڵی زانستی لە قەڵەم دەردرێت لە مێژووی سینمادا. شێوازی وێنەگرتن و

---

[1] هاوار مستەفا خان، سینەما تۆگراف،چ 2 (سلێمانی: چاپخانەی کارۆ، 2018)، لا68-96.

[2] حوسێن عەبدوڵلا زادە، مێژووی سینەمای جیهان، (هەولێر: چاپخانەی رۆشنبیری،2011)، لا15.

[3] جورج سادول، تاريخ السينما في العالم، ت: ابراهيم الكيلاني-فايز كم نقش، (بيروت: المنشورات عويدات، 1968)، ص24.

[4] لؤي الزغبي، مدخل إلى الصورة والسينما، ( دمشق: الجامعة الافتراضية السورية،2020)، ص114.

کواڵیتی گرتەکانی و دیزان و میوزیک وکەشی داهێنەرانەی ئەم فیلمە وایکرد بوو چەند هەنگاوێک پێش سەردەمی سینەما بکەوێت. [1]

به هۆی لاوازی تەکنیکی میکساژە دەنگییەکان لەم بوارەدا، سینەما بۆ ماوەی(25)ساڵ بە بێدەنگی مایەوە کە لە (1902-1927) بە دوو قۆناغ بەردەوام بوو. قۆناغی یەکەمیان تا ساڵی (1911) خایاند، ئەم قۆناغە فیلمی دەرهێنەرانی وەک(David Georges melies Griffith,Edwin Porter,Louis Feuillade,)لە خۆ گرتبوو. قۆناغی دووەمی بێدەنگی سینەما تا ساڵی(1926) درێژەی کێشا. ئەم قۆناغەش فیلمی دەرهێنەرانی وەک( Sergei Eisenstein, Buster Keaton, Charlie Chaplin)لە خۆ گرتبوو هاوکات ( Chaplin, Laurel and Hardy) بەناوبانگترین ئەستێرە کۆمیدییەکانی سینەمای بێدەنگ بوون.[2]

بەرەو پێشچوونی سینما کاروانێکی دوور و درێژی مێژووی بڕی ، کە نزیکەی(50)ساڵی خایاند. پێشکەوتنی سینەما وەک هونەر زادەی قۆناغ لە دوای قۆناغ بووە، و تایبەت بە وڵاتێکی دیاریکراو نەبوو. بەڵام فەرەنسا بەو پێیەی هەر لە سەرەتاوە دەستپێشخەر بوو، کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لە بەرەوپێشبردنی سینەمادا بەراورد بە وڵاتانی تر لە نێوان ساڵانی (1900-1907)سەرکەوتووتر بوو.دواتر وڵاتانی وەک ئیتاڵیا، سوید رۆڵی کاریگەریان هەبوو، سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهان سەردەمی زێرین بوو بۆ ئەڵمانیا، هەروەها یەکێتی سۆڤێتیش رۆڵی بەرچاوی گێڕا لە بەرەوپێشبردنی سینەمادا. دوای جەنگی دووەمی جیهانیش ئەم رەوتی پێشکەوتنە لە نێو فیلمە بەریتانی و ئیتاڵی و ژاپۆنییەکاندا رەنگدایەوە. [3]

## دووەم: گەشەسەندنی سینەما و سینەمای کوردی

راگوزەرکردنی سینەما لە قۆناغی بێدەنگیەوە بۆ قۆناغی دەنگدار، خاڵی جیاکەرەوەی سەردەمێکی پڕ کێشمەکێشی کاریگەرئامێز و دەرکەوتنی بەهرەوەرە دەگمەنەکانی بوو لە مێژووی سینەمادا. ئەم تەکنیکە نوێیە جۆرێک لە دڵەراوکێی دروست کرد، بەڵام ئەزموون و بیرکردنەوە لە فۆرمێکی نوێی بۆ سینەما هێنایە کایەوە. بە هۆی تەکنیکی دەنگەوە سینەمای هۆلیود بووە خاوەنی پێگەیەکی جیهانی، پیشەسازیە سینەما نەتەوەییە جیاوازەکانیش لە

---

(1) سهير عبدالرحيم ابو العيون، البيدايات الحقيقية لفن السينما و عصر الرياده1890-1910 محاضرة ( كلية الفنون الجميلة، بدون سنة، الاربعاء، ساعة 1:00-2:30) ص3.

(2)https://www.aljazeera.net , کاتی سەردان 4/2/2022 - 10: 35 PM.

(3)حوسێن عەبدوڵلا زادە، بەرگی 1، سەرچاوەی پێشوو، لا 37-38.

تەواوی جیهاندا سەر لەنوێ بەرگێکی زیندووی پۆشیەوە. گەرچی دەنگ کاریگەرییەکی زۆری لە سەر سینەما دروست کرد، بەڵام سینەمای بێدەنگیش بە تەواوی داماڵراو نەبوو لە ئاماژە دەنگییەکان، بەڵکو هەوڵی ئەدا بینەر گوێگریش بێت، لە ڕێی میوزیکی پیانۆ ژەنێک یان تیپێکی تەواوی ئۆرکسترا بە شێوەی زیندوو ئاوێتەی ئەو فیلمانەیان دەکرد کە لە سینەما نمایش دەکرا. داهێنەران چ لە ئەمریکا یاخود ئەورووپا بووبن، لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە دەنگ هاوتای وێنەی جوڵاو بکەن. گرێدانەوەی ئامێری فۆنۆگراف لەگەڵ ئامێری نمایش کردنی سینەما یەکێک بوو لە کۆنترین ڕێگەکانی ئەو هاوتا بوونە. قەوانەکەی تۆماس ئەدیسۆن کە بە مەبەستی تۆمارکردنی دەنگ بەکاردەهێنرا، لە سەرەتاکانی سینەمادا زۆر پشتی پێدەبەسترا، بەڵام دەسکەوتی ڕاستەقینە لە (1927-1928) بوو کاتێک کۆمپانیای وارنر برۆس (Warner Bros) فیلمی (The Jazz Singer) نمایش کرد کە فیلمکە دەنگی گۆرانی و دیالۆگەکانی لە خۆ گرتبوو، و لەگەڵ جوڵەی لێو(لیپسن) هاوتا بوون .دەرهێنەری فیلمەکەش ئالان کرۆسلاند (Alan Crosland) بوو. [1] کاریگەری پەیدا بوونی دەنگ، گۆڕانکاری گەورەی بەرپا کرد. ئەم فیلمە بووە مایەی گۆڕینی ڕێڕەوی سینەماتۆگراف، و سەروەتی کۆمپانیای وارنریشی کردە دوو هێندە، و گۆڕانکاری ریشەیی بەرپا کرد، تەنانەت فۆرمی نواندنی سیما و جوڵەی روخساری ئاکتەرەکانیشی گۆڕی بەو پێیەی فۆرمی نواندنی سینەمای بێدەنگ هەندێک جار شانویی و زیادەڕۆ ئامێز بوو. هەربۆیە مێژوو نوسان بە کۆتایی سەردەمێک و سەرەتایی سەردەمێکی تر ناوی دەبەن و ئیتر لێرە بەدواوە ئامرازی گوزارشتی سینەمایی بەتەنها وێنە نەبوو ، بەڵکو وێنە ئاوێزانی دیالۆگ و میوزیک و دەنگ بوو. [2] هەرچەندە برایانی لۆمێری فەرەنسی لە هێنانە کایەی سینەما دەستپێشخەر بوون بەڵام هەر زوو سینەمای ئەمریکی هێز و قورسایی خۆی سەپاند، و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە پیشەسازی سینەمادا، ساڵانە چەندین فیلمی بەرهەم دەهێنا. سەرباری ئەوەی بووە سەرمەشق بۆ سینەمای وڵاتانی تر، هۆلیود (HOLLYWOOD) بە دێرینترین پیشەسازی سینەمایی ناوزەد دەکرێت، کە چەندین ستۆدیۆی و کۆمپانیای بەرهەم هێنانی فیلم تێدا دامەزراوە، ولانەی ژانرە جیاوازەکانی

---

(1) جیوفری نوویل سمیث، موسوعة تاريخ السينما في العالم- السينما الناطقة (القاهرة: مركز القومي للترجمة، مجلد2،2010)، ص21-23.

(2) سعيد شيمى، الصورة السينمائي من السينما الصامتة إلى الرقمية، (القاهرة: شركة الأمل للطباعة والنشر،2013)، ص130.

سینەمایە لە (کۆمیدیا، دراما، ئاکشن، رۆمانسی، ترسناک ...)[1] بە گشتی سینەمای ئەمریکی چوار قۆناغی سەرەکی بڕیوە ئەوانیش (قۆناغی سینەمای بێدەنگ، سینەمای کلاسیک هولیوود، سینەمای نوێ هولییود، سینەمای هاوچەرخی ئەمریکا).

هەرچەندە هۆلیودیش لە سەرەتاوە تەنها ناوچەیەکی ئاسایی شاری لۆس ئەنجلس بوو چەند فیلمێکی تێدا بەرهەم هێنرا، بەڵام دوای ئەوەی بەشیک لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی فیلم بەهۆی گونجاوی ناوچەکە لە هولیود نیشتەجێ بوون. هەندێ خاڵی ئەرێنی پەیوەست بە یاسای کار و رێژەی باجیش لە ویلایەتی کالیفۆرنیا وایکرد ئیتر لەو ساتە بەدواوە تا ئەم سەردەمەش هولیوود ببێتە پایتەختی بەرهەمە سینەماییە ئەمریکی و جیهانییەکانیش. [2]

## سینەمای کوردی:

(زارا) یەکەمین فیلمی کوردیە کە بە دەستپێکی مێژووی فیلمی کوردی هەژماردەکرێت، لە چوارچێوەی فیلمی چیرۆک ئامێزدا لە ساڵی(1926) لە یەکێتی سۆڤێتی جاران لە لایەن دەرهێنەری ئەرمەنی(هامۆبێک نازاریان) بەرهەمهێنرا کە وێنا کردنێکی ئەنثرۆپۆلۆژیانەی هەلومەرجی ژیانی ژنانی کوردی ئەرمەنستان بووە. [3] هەندێکی تریش دەستپێکی ئەم بزاوتە دەبەنەوە بۆ یەڵماز گیونای و هەنگاوەکانی . لە باشووری کوردستان لە ساڵی 1960 کامەران موکری سیناریۆی فیلمێکی نوسیوە داویەتی بە مەکی عەبدوڵڵا بە ناوی (ڕەهێڵە) و ئەویش لە هەوڵی بەردەوامدا بووە تا لایەنی بەرهەمهێنی بۆ پەیدا بکات بۆیە بۆ بەرهەمهێنانی ئەم فلیمە چۆتە بەغدا بۆ لای بەڕێوەبەری تەلەڤیزیۆنی بەغدا کە ناوی (یوسف

---

(1) https://mimirbook.com , کاتی سەردان 12/2/2022 - 9:03 PM.

* سینەمای کلاسیکی هولیوود: کە زیاتر شێوازێکی گێڕانەوە و میلۆدرامی و شانۆ ئامێزە کە باڵی بەسەر سینەمای ئەمریکیدا کێشا بوو لە نێوان ساڵانی (30-60) دا.

* سینەمای نوێ هۆلیوود: کە هەندێ جار بە رێنیسانسی هولیوودیش ناودەبرێت کە لەنیوەی ساڵانی شەستەکانەوە بۆ سەرەتای هەشتاکانی خایاند کە نەوەیەکی نوێ هاتنە کایەوە بایەخیان دەدا بە بەرهەمهێنانی فیلمی گەنجانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، و توانیان کاریگەری لە سەر جۆرەکانی فیلم و دۆزینەوەی بازار بۆیان دروست بکەن، کەتیایدا دەهێنەر رۆڵی سەرەکی هەبووە و بەشداری کارای لە نووسینی سیناریۆدا هەبووە نەک ستۆدیۆ باڵا دەستەکان.

* سینەمای هاوچەرخی ئەمریکا: بەو وەرچەرخانە دەوترێت کە لە دوای ساڵی هەشتا بەدواوە هەژموونی خۆی بەسەر پیشەسازیی فیلم لە ئەمریکادا سەپاندووە. دەرهێنەرە ناسراوەکانی وەک فرەنسیس فۆرد کۆپۆلا و جۆرج لۆکاس و مارتن سکۆرسیزی بە پێشەنگی ئەو وەرچەخانە لە سینەمای ئەمریکادا دادەنرێن.

(2) حوسێن عەبدۆڵلا زادە، سەرچاوەی پێشوو،لا 57-69.

(3)http://www.rwangauraxna.com , کاتی سەردان 14/2/2022 - 10:57 PM.

جەرجیس) بوو دامەزراوەیەکی ئۆتۆکارۆنی هەبوو دوای ئەو وێنەگرێکی ناسی ناوی نیهاد عەلی بوو لە ڕۆژنامەی ئەهلی نەوت ئیشی ئەکرد و ڕێککەوتوون لەسەر کارکردن. دوای هەوڵێکی زۆر داوایان لێکردووە سیناریۆکە بکاتە عەرەبی و لەم هەنگاوەشدا چیرۆکنووس

ڕەئووف حەسەن هاوکاری کردووە. هەوڵەکانی مەکی عەبدوڵڵا بەردەوام بووە لە نێوان ساڵانی 1960- 1964 دواجار لە ساڵی 1964دا مۆڵەتی فلیمەکەی دەرچووە تا لە سلێمانی وێنە بگیرێ. ئەم هەوڵە لە ژێر کاریگەری خۆشویستنی ئەو هونەرە و بیرکردنەوەی لە بەرهەمهێنانی یەکەم فیلمی کوردی لە شاری سلێمانی بەردەوام بووە، بەڵام بە هۆی کودەتای بەعسییەکان و درێژبوونەوەی شەڕی حەرەس قەومیەوە لە کوردستان ئەو پرۆژەیە ڕۆشنایی نەبینیوە. حاجی مەکی لە هەوڵ نەوەستاوە و بەردەوام لە دوی بەدیهێنانی ئەو خەونەی دەگەڕا تا دواجار بە بەرهەمهێنای فیلمێکی دۆکیومێنتری دەربارەی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار کە لە ساڵی 1964 دا وێنەگیرا ئەو خەونەی هاتەدی. فیلمی سەرچنار کە بە کامێرای 35ملم وێنە گیراوە ولەمانگەکانی کۆتایی هەمان ساڵدا بۆ ماوەی 29 ڕۆژ لە سینەما ڕەشیدی شاری سلێمانی نمایش کراوە وێنەگری فیلمەکە کورد بووە بە ناوی نیهاد عەلی و حاجی مەکی دەرهێنەری فیلمە کە بوو ە و لە بەغدا مۆنتاچ کراوە و ئەمەل پۆرت تێکستەکانی خوێندۆتەوە.

گۆڕانی بارودۆخی سیاسی کوردستان و تا ڕادەیەک سەقامگیربوونی لە دوای بەیانی 11ی ئازاری 1970، دەرگای کەلتور هونەر تا ڕادەیەکی باش لە بەردەم هونەرمەندانی کورددا والا بوو. هاوشانی کارە تەلەڤیزیۆنییەکان تەکنیکەکانی سینەما وەکو کامێرا و ڕوناکی مونتاژ پەرەی سەند و ئەم هەنگاوە ژمارەیەک فیلمی دۆکیومێنتری تری لێکەوتەوە و لەوانە فیلمێک دەربارەی کارگەی جگەرەی سلێمانی، بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمارکراوە کە زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەی دەست ناکەوێت. [1]

لە کوردستاندا بە هۆی بارودۆخی سیاسی و پارچە پارچەبوونییەوە، سینەما لە ژینگەیەکی ئارام و دروستدا لە دایک نەبووە، و بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئامادەیی نەبووە، لە هەر بەشێکی کوردستاندا کارێکی سینەمایی کرا بێت کاریگەری دەوڵەتی سەردەست و ڕەگەزی سینەمایی ئەو دەوڵەتەی پێوە دیار بووە. هێواش هێواش دەستی پێکردووە، و تاوەکو ئێستاش گەشەیەکی ئەوتۆی بە خۆیەوەنەبینیوە [2] سینەما زادەی سەردەمی مۆدێرنە،

---

(1) دلّشاد مستەفا رحيم، گفتوگۆ لە ڕێی پەیوەندی تەلەفونەوە، 5-6-2022.

(2) حوسێن عەبدۆڵڵا زادە، مێژووی سینەمای جیهان، ب2 (هەولێر: چاپخانەی رۆشنبیری،2011)، لا43.

و پیشاندانی دیمەنگەلێکە لە ژیان و کارو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی خەڵک و نیشانە شارستانییەکانی کە ئەو سەردەمەی پێدەناسرێتەوە کە دەشی کارخانە، شەقام، ناوەندەکانی شار، وێستگە، فرۆکەخانە و پارک... بەشێک بن لەو سیمایانەی کە لە نێو سینەمادا دەردەکەون. وەک یەکەم فیلمی برایانی لۆمێر کە پیشاندانی دیمەنێکی ریالستی شێوازی ژیانی شار بوو، کە بە کردووە شاریان هێنایە نێو سینەماوە. بەڵام لە کوردستاندا چیرۆکەکە بەشێوەیەکی ترە کامێراکان مەیلی ئەوتۆیان لەگەڵ شاردا نەبووە کەمتر دیمەن و سیما شارییەکانیان دەرخستووە سینەمای کوردی سینەمایەکی بێ شارە. لەو ڕوانگەیەوەی زۆربەی چیرۆکە سینەماییەکان لە نێو گوند یاخود شوێنگەلێکی کاتی یان کەمپی ئاوارەکاندا بەرهەمهێنراون. یەکەمین دەرکەوتنی شار لە سینەمای کوردیدا لە نێو فیلمەکانی یەڵماز گیونەیدا بوون وەک (ئومێد،گەل...).[1] یەلماز گیونەی سینەماکاری دیاری کورد لە ماوەی 47 ساڵی تەمەنیدا نزیکەی 12ساڵ لە زینداندا دەبێت. 25 ساڵ وەک ئەکتەر، سینارست، دەهینەر، بەرهەمهێن، نوسەر و شۆڕشگێڕ کار دەکات. نواندن لە 110فیلمدا ، کاری دەرهێنان بۆ 25فیلم ، کاری بەرهەمهێنان بۆ15 فیلم ، نووسینی سیناریۆ بۆ فیلمەکانی خۆی و چەندین فیلمی تر ئەو دەستکەوتانەن کە گیونەی لە مێژووی خۆی و سینەمای کوردیدا تۆماری کردوون، کە زیاد لە 65 سیناریۆی کراونەتە فیلم. جگە لەوەی ئەدەبدۆست بووە و خاوەنی چەندین ڕۆمان و کورتە چیرۆک و هۆنراوە و سەدان وتار بووە. هەرچەندە گیونەی هیچ کاتێک دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە بە زمانی کوردی فیلمێک بەرهەم بێنێت، بەڵام ئازار و نەهامەتییەکانی نەتەوەکەی (کورد) بە ڕوونی لە فیلمەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە و سینەماکارێکی شۆڕشگێر بووە. فیلمەکانی گیونەی لە هەمووان زیاتر سانسۆر یا قەدەغە دەکرا، یاخود دەبوو گۆڕانکاری تێدا بکرێت پاساویش بۆ قەدەغە یا گۆڕینی ئەوە بوو، کە گوایە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەتی تورکیا و هانی گەنجان دەدات یاخی بن، یا تێڕوانیی شۆڕشگێڕانە و چەپگەرانە دژ بە دەوڵەت لەخۆ دەگرێت. [2] گیونەی لە ساڵانی پەنجا وشەستەکاندا ئەستێرەیەکی دیاری سینەمای تورکیا و ئەوروپاش بوو، توانی خەڵاتی فیستڤاڵی(کان) بۆ فیلمی(ڕێگە-yol)لە ساڵی(1982) بە دەست بێنێت. [3] لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش فیلمەکی بەهمەنی قوبادی بە ناوی (ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان) یەکەم فیلمی

---

[1] خوسرەو سینا، شوناسی کولتووری و سینەمای کورد ،و: چەمشید بەهرامی، (2018)، لا186-187.

[2] کارزان کاردۆزی، یەڵماز گیونەی، (سلێمانی: ناوەندی غەزەلنوس، 2018 ) ،لا795-797.

[3] إبراهيم العريس، السينما التاريخ والعالم، (دمشق: وزارة الثقافة، 2008) ص111-112.

درێژی دەرهێنەرێکی کورد بوو کە وەک شوناس خۆی ناساند، فیلمەکەش بە زمانی کوردی لە سینەمای ئێراندا لە ساڵی(1999) بەرهەم هێنرا، و توانی سنوری جواگرافیای لۆکاڵی و هەرێمییەکان تێپەڕێنێ و بچێتە نێو فیستڤاڵە جیهانیەکانەوە، ولەساڵی (2000) خەڵاتی کامێرای زێڕینی فیستڤاڵی(کان) لە فەڕەنسا بە دەستبهێنێت، وەک نوێنەری وڵاتی ئێرانیش بۆ کێبرکێی خەڵاتی(ئۆسکار) لە هەمان ساڵدا بەشداری بکات.

لە باشوری کوردستانیش فیلمی (مەم و زین) لە سەردەمی دەسەڵاتی رژێمی بەعسدا لە ساڵی (1989)بووە دەستپێکی هەنگاوی بەرهەمهێنانی فیلم بە زمانی کوردی، بەڵام بە هۆی تێچونی دارایی، سانسۆری رژێمی ئەو سەردەمە، نەبوونی کەسانی شارەزا لە بواری تەکنیکی و سەرهەڵدانی ئاڵۆزییەکانی شەڕی کوێت فیلمەکە بە تەواونەکراوی مایەوە.لە ساڵی(1990) لە گەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی کوێت هەریەک لە(جەعفەر عەلی)وەک دەرهێنەر،(مەکی عەبدوڵا) وەک بەرهەمهێن دەستیان کرد بە بەرهەمهێنانی فیلمی(نێرگز بووکی کوردستان)ە کە دوایین دیمەنەکانی ئەم فیلمە لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان ریکۆرد کرا. [1] هەرچەندە هەوڵی زۆر دراوە بۆ بەرەوپێشچوونی سینەمای کوردی، بەڵام وەک بوارەکانی تر لە کاروانی بەرەوپێشجوون دواکەوتووە، کە بە بڕوای خەمخۆرانی سینەما چەند هۆکارێک بوونەتە هۆی ئەو دواکەوتنە کە ئەوانیش (لاوازی ژێرخانی ئابووری، کەمی پشتگیری و هاننەدانی پێویست و نە بوونی چوارچێوەیەکی گشتی پەیوەست بە سیاسەتێکی رۆشنبیری، کەمی هۆڵی سینەما،نەبوونی زەمینەی کەلتووری و رۆشنبیری پێویست کە سینەما لە ئامێز بگرێت و مامەڵە نەکردن لە گەڵ سینەمادا وەک بەرهەمێکی بە بەها لە بواری پیشەسازی و وەبەرهێناندا). [2] ئەو هۆکارەی پەیوەستە بە پیشەسازیەوە خاڵی سەرەکی ئەم دواکەوتنە بێت، لەبەر ئەوەی سینەما پیشەسازییە پێویستی بە سەرمایە هەیە و سەرمایەدارانی کوردیش ئامادەی ئەو ریسککردنە نین بەشێک لە سەرمایەکانیان بخەنە بواری وەبەرهێنانی سینەماییەوە، بەڵکو بیر لە قازانجێکی خێرا و مسۆگەر دەکەنەوە.خاڵێکی تری ئەم دواکەوتنە بەگشتی وێڕای ئەوەی کورد دەوڵەتێکی فەرمی نییە، بەڵام نیشتمانێکی هەیە بەو ناوەوە لەو سۆنگەیەشەوە هەر هەوڵێک درا بێت وەک دەسکەوتێک ناچێتە خانەی سینەمای کوردییەوە ئەگەر چی بە دەسکەوتێکی کەلتوری و نەتەوەییش هەژمار بکرێت.سینەمای نیشتمانی و نەتەوەیی هەر میللەتێک، ئەو سینەماییە کە

---

(1)https://www.khaktv.net , کاتی سەردان 15/2/2022 - 9:43 PM.

(2) نەوزاد جەمال، سینەما و فەلسەفە، (سلێمانی: ناوەندی رەهەند،2020) ص122.

بتوانێت بە زمانی خۆیی باسی ئەو میللەتە بکات و بە سەرمایەیەکی نیشتمانی وتیمێکی سینەمایی لە ڕۆڵەکانی ئەو میللەتە ببنە خاوەنی بەرهەمە سینەماییەکانیان. بۆیە دەشێ بوترێت سینەماکارانی کورد هەن، بەڵام سینەمای کوردی نییە، بەڵکو بزوتنەوەیەکی سینەمایی کوردی هەیە. هەرچەندە گەنجانی کورد لە ناوەندە ئەکادیمییە جیهانییەکاندا هەوڵی بە دەستهێنانی بڕوانامەی سینەمایی دەدەن بەڵام ناتوانن تەنیا بەو هەوڵ و نیەتە سینەما دابمەزرێنن. [1] ئەم سەردەمی تەکنەلۆژیایە دەرگا و پەنجەرەکانی بۆ کورد لە سەر گازەرەی پشت کردۆتەوە و بەشیکی زۆری جوڵەی سینەمایی کوردی خۆکردیش لەو قۆناغەوە دەکەوێتە جوڵە و سەردەردێنێ و چیدیکە سینەمایەکی کۆت و بەندی داگیرکارانی نیە و نابێت، بە دیوێکی تریشدا، زۆر بەلەنگاز و ئازایە و توانیویەتی بە هەموو دونیادا بفرێت. سینەمای کوردی ڕەنگە لە بارەی بەرهەمهێنانەوە سست وخاو هەنگاوی نابێت، بەڵام دەرکەوتنی جۆرێکی تری ئەو بایەخدانە لە نێو پێگە و پەیج و پلاتفۆڕمەکاندایە کە ئەمڕۆ کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە کوردستانی دەرەوەش زۆر بە زەقی خەباتی خۆیان بۆ سەرخستنی دۆزو سینەمای کوردی لە کاردان و هەوادارانیان لە دەیان هەزار ڤیوەر و فۆڵۆوەرس تێپەڕیوە، ئەگەر چی هێشتا هەنگاوی گەورەتر و لۆبیکردنێکی گەورەتری گەرەکە و مەزەندەی دەکەم لە داهاتوودا ئەو کایە گرنگە زۆر زەقتر دەرکەوێت. بۆیە ئەو پلاتفۆڕمانە بە دیوێکدا پشت و پەنای وەبەرهێنانی فیلم و درامان، بە دیوەکەی تریشدا بناغەن بۆ کایەی ڕۆشنبیری و رەخنە و ڕۆژنامەڤانی تایبەتمەندی سینەمایی. [2]

## سێیەم: بایەخی سینەما

لەگەڵ دەرکەوتنی سینەما هەموو سیستمە سیاسیەکانی جیهان درکیان بەوە کرد، سینەما وەک ئامڕازێکی چالاک و کاریگەر لە سەر جەماوەر بەها و بایەخی ئێجگار زۆری هەیە، لە بەر بەهێزی کارتێکردن و هۆشیارکردنەوەیان بە راورد بە هەموو هونەرەکانی تر. ئیتر بە هۆی سەرنجڕاکێشی ستراکچەرە چیرۆکییەکەی(بینراو- بیستراو)، یاخود ڕێژەی بەربڵاوی سینەماوە بێت. بەتایبەت دوای دەرکەوتنی تەلەفزیون ئەو ڕاستییە بە تەواوی چەسپا کە کاریگەری سینەما تەنها کار لە ئاستی هۆشیار ناکات بەڵکو کار لە ئاستی

(1) بورهان شاوی، دەروازەیەک بۆ سینەمای کوردی، و:حەمە کەریم عارف، (سلێمانی: ناوەندی سارا،2021) ص15-16.

(2) هاوار مستەفا خان، گفتوگۆ لە ڕێی پەیوەندی تەلەفونەوە،6-6-2022.

دەرونیش دەکات.[1] بە بڕوای هەندێک لە شارەزایانی سینەما، گرنگە سینەما وەک ئامڕازێکی گوزارشتکردن سەربەست بێت تا ببێتە ئامڕازێکی هونەری نموونەیی و بەرفراوانتر بەراورد بە هەموو هونەرەکانی تر، لەبەر ئەوەی لە سایەی سینەمادا دەتوانرێت فرە دەنگی زۆلال بێت. [2] فیلم دەتوانێت ببێتە سەنتەر و سەرچاوەیەکی راڤەکردنی بەها ئاکاری و پرسیارە گشتی و فەلسەفەییەکان بە هۆی ئاسانی بەردەستی و سەرنجڕاکێشی، هاوکات چێژبەخشیشە و کار لە سۆز و بیر و هۆش دەکات. بە گشتی تێگەیشتن لە فیلم وەک تێکستە فەلسەفی و پاساوە مشتومڕ ئامێزەکان ئالۆز نییە، بەڵکو ئامڕازێکە، جەماوەری زیاترە و بە شێوەیەکی زۆر ئاسان فەراهەمکراوە، لە رووی سۆزداریشەوە زۆر سرانجڕاکێشە. فرۆید ئاماژەی بەوە کردووە دەشێ فیلم رێگەیەکی گەڕاونەوە بێت لە خەیاڵەوە بۆ ناو دنیای واقع. کنە و پشکنینی چەند لایەنەێکی فەلسەفی یەکێکە لە سودەکانی سینەما. لە پاڵ مامەڵە کردن لە گەڵ دۆزە فەلسەفیە کۆمەلایەتیی و سیاسیەکان فیلم توانای چارە کردنی دۆزە مۆراڵی و میتافیزیکی و ئاین و ئیستاتیکاییەکانی هەیە . [3] هەندێ فیلم لە هەندێ کاتدا بۆ هەندێ کەس بایەخی هەیە، فیلم دەتوانێت لە رێی لایەنە عەقڵییەکانی وەک رادەی تێگەشتن و درک و راڤەکردن کاریگەری لە سەر ژیانی کۆمەڵگە دروست بکات. چارەسەر لە رێی سینەماوە یەکێکە لە ئامڕازەکان بۆ چارەسەری دەرونییەکان، بەهۆی ئەوەی فیلم پەیوەندییەکی خوازراو(مجازی) لە نێوان ناوەڕۆکی فیلمەکە و جیهانی واقیع بۆبینەر فەراهەم دەکات. کە چارەسازی لێهاتوو دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە بەدیهێنانی پرۆسەی چارەسەر دەروونییەکان ، بەو مانایەی دەبێت سینەما وەک ئامرازێک بۆ چارەسەرکردن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت نەک سینەما خۆی جۆرێک بێت لە چارەسەر. لێهاتووی چارەسازی دەروونی رۆڵدەگێرێت لەوەی کە فیلم دەتوانێت هەڵگری چ مانایەکی رەمزی بێت کە چەندین رێگەی خوازراو هەیە تا لەو پێناوەدا بەگەڕ بخرێت. لەوانە: بەکارهێنانی فیلم ئامڕازێکی یارمەتیدەرە بۆ تێگەشتنی هەندێک حاڵەتی بیرکردنەوەی بێزراو لە چارەسەرێکی مەعریفی و رەفتاریی پەنای بۆ دەبرێت، رەنگە چارەسازێکی تر مەبەستی تێگەشتن بێت لە بەها و خواست و ویستەکان لە پێناو چارەسەرە مرۆییەکان، یاخود بۆ هەندێک لە چارەسازانی تر بەکارهێنانی فیلم رێگەیەک بێت بۆ تێگەشتن لە ململانێکانی ناخی

[1] نوار جلاجح، سلطة السينما..سينما السلطة (مجموعة من الدراسات و مقالات السينمائية) ص،146.
[2] هنري آجيل، علم جمال السينما، ت: ابراهيم العريس، (دمشق: وزارة الثقافة،2005) ص50-51.
[3] داميان كوكس و مايكل ليفين، السينما و الفلسفة، ت: نيڤين عبد الرؤوف، (وندرسور: مؤسسة هنداوي، 2017)، ص16-18.

مرۆڤ لە پێناو چارەسەرە داینامیکییە دەروونییەکان.[1] بەرهەمهێنانی فیلم لە هەر کەلتورێکی دیاریکراودا رەنگدانەوەی تێڕوانین و چۆنیەتی شێوازی ژیان و زادەی ئەو کەلتورەیە. بۆیە کارە سینەماکان وێنایەکە بۆ تێگەشتن لە خاڵە بەهێزو لاوازەکانی کۆمەڵگە، رووبەڕوو بوونەوەی بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیا زاڵەکان لەرێی فیلمەکانەوە توانای بە خۆداچوونەوە و دروست بوونی هەڵوێستی پێچەوانەی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە زیاتر دەکات. سەرباری زمانی رەسەن هەر کۆمەڵگەیەک ، لە سایەی هونەری وەرگێڕاندا هەمووان دەتوانن بینەری تەواوی فیلمە جیهانییەکان بن و لە کەلتوری ولاتانی تریش بە ئاگا بن.[2] سینەما وەک پێوستییەکی دانەبڕاوەی هەموو توێژەکانی جەماوەری مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت روڵ دەگێرێت لە پێکهێنانی رایگشتیشدا، هەر بۆیە زۆرێک لە ولاتان لە پێناو راکێشانی رایگشتی لۆکاڵی و جیهانی سەبارەت بە پرسە گرنگەکان پەنای بۆ دەبەن . بێ بوونی ئاماژەی راستەوخۆ هەوڵدەدرێت لە رێی بەرهەمهێنانی فیلمەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پرسەکانی کۆمەڵگە بخرێتە روو، لە چوارچێوەی فۆرمێکی درامیدا کار دەکرێت بۆ چارەسەری گرفت و دروستکردنی کاریگەریش لە سەر جەماوەر.[3]

## چوارەم: بابەتە سینەماییەکان

هەموو بوارێک چەندین بابەت و پێشە لەخۆ دەگرێت و هەریەکەیان بە پێ بەها و بایەخی خۆی رۆڵی تێدا دەگێڕێت ، سینەماش وەک بوارێکی زیندووی پەخشکاری کلتوری و فێرکاری و چێژبەخش بابەتگەلێکی زۆری لە خۆ گرتووە، کە هەریەکەیان هەڵگری ئەرک و باسێکی تایبەتە کە خزمەت بە بواری سینەما دەکات. بۆیە خستنەروویان پێویستی بە مەودایەکی زۆر وشەگەلێکە تا ببێتە مایەی روونکردنەوەیان، بەلام بە پێ گرنگی وبایەخیان لە سینەمادا لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکرێت.

**1- سیناریۆ:** کەرەستەی سەرەکی و کرۆکی فیلمە لە سەر کاغەز، بەڵکو دەتوانین بڵێن خۆی فیلمەکەیە. لە نێو فیلمدا سیناریۆ ئەو پرۆسە هونەرییە کە ستراکچەر و بەشەکانی فیلم بەیەکەوە دەبەستێتەوە وەک(کارکتەر، دیالۆگ، رووداو، دیمەن، ئێکسسوارات، میوزیک و روناکی...). رەنگە نووسینی سیناریۆ چەند مانگ یاخود چەند ساڵێک بخایەنێت، بەلام

---

(1) سكيب داين يونج، السينما وعلم النفس،ت:سامح سمير فرج (القاهرة: مؤسسة هنداوي،2015)، ص165-195.

(2)https://www.aljazeera.net , کاتی سەردان 24/2/2022 - 9:57 PM.

(3)https://e3arabi.com , کاتی سەردان 24/2/2022 - 10:46 PM.

چەندە ورد و درشتتر بایەخی پێبدرێت ئەوەندە چانسی سەرکەوتن و جێبەجێکردنی باشتر دەبێت. [1] روون و بێخەوشی گێڕانەوە لە بنەماکانی سیناریۆیە، کە پێویستە گونجاو بێت لەگەڵ ریزبەندی گرێکە(حبکە)دا ، مەرجە سیناریۆ بە زمانێکی ورد و سادە و راستەوخۆ بنوسرێت تا بتوانێت بەکەمترین ماوە و وشە ڕادەیەکی زۆر لە زانیاری پێشکەش بکات، بنەمایەکی تری سیناریۆ ئەوەیە کە گێڕانەوەکە بە شێوازێکی چیرۆک ئامێز و بابەتیانە بێت. [2] یەکالا (معالجە) بنەمایەکی گرنگی سیناریۆیە بەرچاو روونییە بۆ رێڕەو و هەنگاوەکانی داهاتوو، هاوتا بوون گرنگترین بەشی یەکالایە (چیرۆکێکی بەهێز دەبێت تەوەرێکی سەرەکی بەهێزی هەبێت) گەرچی بابەت و گرێی لاوەکیشی لەگەڵدا بێت، دواجار مەرجە ملکەچی پلانی سەرەکی بێت. چارەسەریش سێ ئەرکی لە خۆ گرتووە (دەستنیشانکردنی زۆرترین مەودای پێشنیار کراوی نێو سیناریۆ، بەرجەستە کردنی چیرۆک، گرێدانەوەی هەستی سوز بەخش بە چیرۆک). [3]

**2- گرێ (حبكە):** ئەو شێوازەیە کە رووداوەکانی پێ رێک دەخرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی مەبەستدار (پلانێکە بۆ بەدیهێنانی مەبەستێک) بونیادنانی گرێ لە پێناو گەیاندنی مانایەکی دیاریکراو بۆ گەشتن بە ترۆپکێکە کە زادەی دەرئەنجامێکی دیاریکراوە. فۆکس کردن لە سەر خاڵی کۆتایی و چارەی یەکلاکەرەوە ئاماژەی سەرکەوتنی گرێیە لە ڕاستیدا گرێ بەکارهێنانی زانیارییەکانە لە پێناو بەخشینی چێژی زیاتر بە چیرۆکەکە و رازی کردنی بینەر. [4] زۆربەی ئەو فیلمانەی کاریگەری لەسەر بینەر دروست دەکات و بەرەو وەروژاندنی هەست و سۆز و هەڵچوونە دەرونییەکانی وەک شادی و نیگەرانی پەلکێشی دەکات تەنیا لە ڕێی پرۆسەی گرێوە بەرجەستە دەبێت. بەو پێیەی گرێ کەرەستەی سەرەکی بەدیهێنانی تیمە(Theme)یە لە ڕێی دۆزینەوەی ململانێی نێوان هێزە دژ و پێچەوانەکان تا دەگاتە ترۆپکی روداوەکان و کردنەوەی گرێیەکانی. [5]

---

(1) عادل النادي، مدخل إلى فن كتابة الدراما، (تونس: المطبعة العربية،1987)، ص122-123.

(2) http://www.moqatel.com , کاتی سەردان 3/3/2022 - 10:51 PM.

(3) داويت سوين، كتابة السيناريو للسينما، ت: أحمد الحضرى، (القاهرة: دار الطناني للنشر والتوزيع،2010)، ص143.

(4) لينداج. كاوغيل، فن رسم الحبكة السينمائية،ت: محمد منير الأصبحي، (دمشق: مطابع الهيئة العامة السورية للكتاب،2013)، ص25-28.

(5) https://www.aljazeera.net , کاتی سەردان 4/3/2022 - 9:44 PM.

* تیمە (Theme) : چەمکێکی گشتگیرە، ئەو چوارچێوە گشتییە کە چەندین بابەت و بیرۆکەی جیاواز لە خۆ دەگرێت.

**3- سيناريست:** ئەو کەسەیە کە تێکست بۆ فیلم یان تەلەفزیۆن یاخود بۆ رادیۆ دەنوسێت .[1] دانەر و نوسەری تێکستی فیلمە، بە وردی بەرپرسە لە دەستنیشانکردن ودانانی دیالۆگ بۆ ئەو ئەکتەرانەی دیاریکراون بۆ گێرانی رۆڵی نێو فیلمەکە لە چەندین لایەنی وەک: سایکۆلۆژی، ئیتیکی، کۆمەڵایەتی، رەفتاری، ئەویش لە رێی پارچە پارچە کردنی چیرۆکەکە بۆ چەندین گرتە و دیمەنی جیاواز و بەرجەستە کردنی شوێن و کاتی ڕووداوەکان ... سیناریست لەگەل کۆمپانیای بەرهەمهێن گرێبەست دەکات بۆ بەرهەمهێنانی فیلمەکە.[2] نووسینی سیناریۆ پیشەیەکی سەربەخۆیە وەک پیشەی کارمەندێکی سەر بە دەزگایەک مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت و ئاستێکی خوێندەواری دیاریکراو مەرج نیە بۆ پرۆفێشناڵی نووسەرەکەی، بەڵکو توانا و سەلیقەی لە هۆنینەوە و گێڕاونەوەی چیرۆکەکاندا دەبنە سەلمێنەری لێهاتووی سیناریست.[3]

**4-دەرهێنان:** پیشەیەکی سەرەکیە لە پیشەسازی سینەمادا، زۆربەی یاسا و بنەماکانی ئەم پیشەیە پشت بە لێهاتووی وهەستی هونەری و رادەی پڕۆفیشناڵی دەرهێنەر دەبەستێت سەبارەت بە هەڵبژاردنی دروست و رەتکردنەوی هەر نادروستییەک لە کارەکانیدا . ئەگەرچی کاری دەرهێنان لە رێی پڕۆسە تەکنیکیەکانەوە نەبێ مەیسەر نابێت، بەڵام نابێتە بەربەستیش لە بەردەم کارە داهێنەرەکاندا، دەوترێت لێهاتووی و داهێنان دەکەونە پێش بنەما پیشەییەکانەوە، ئەم وتەیەش بە تەواوی بە سەر لێهاتووی کاری دەرهێناندا پراکتیزە دەبێت.[4] هەرچەندە پیشەیەکی سەخت و ئاڵۆزە بەڵام دەرهێنان لە سینەمادا کارێکی مشتومڕ ئامێزو سەرنجڕاکێشە دەرهێنەر دەبێتە رێنوێنکاری ئەو تیمەی کە کارە سینەماییەکە ئەنجام دەدەن خاوەنی هیچ ئامرازێک نیە گوزارشت لە لهێاتوو و تواناکانی بکات. فلّچە چەکی دەستی وێنەکێشێک و ئەسکەنە چەکی دەستی پەیکەرتاشێکە، قەڵەم چەکی دەستی نوسەر و ئاوازدانەر و دەنگ چەکی گورانیبێژ و...هتد. دەرهێنەر هیچ کام لەم کەرەستانەی بەدەست نیە لە کارەکەیدا، بەڵام یەکێکە لە گرنگترین وبالاترین کارە

---

(1)https://dictionary.cambridge.org.

(2) جميل حمداوي، كيف تكتب السيناريو السينمائي، (الناظور: دار الريف للطبع والنشر الإلكتروني،2017) ص8-9.

(3) https://stringfixer.com , کاتی سەردان 8/3/2022 - 9:53 PM.

(4) حيدر حسون الفزع، فن الاخراج، بدون سنة. ص 111.

پسپۆڕییەکان لە بواری هونەریدا. درەهێنەر دەبێتە وەرگێڕ لە نێوان سیناریست و ئەکتەردا، تێڕوانینەکانی نوسەر لە وشەوە دەکاتە گرتەی سینمایی.[1]

**5-بەرهەمهێنان:** ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان پێداویستییە ئیستاتیکی و دارایی و سستماتیکیەکاندا ئەو پرۆسە ئالۆزانەیە کە بەرهەمهێنانی سینەمایی لە خۆی دەگرێت. ئەم پرۆسانەش بەپێی کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە بەهۆی جیاوازی جۆرەکانی پیشەسازی سینەماوە. بەڵام بە گشتی قۆناغە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان دابەش دەبێت بۆ: (برەو دان بە پێداچوونەوەی بیرۆکەی فیلم و پلان و سەرمایەی پێویست بۆ پرۆژەکە، پاشان ئامادەکاری بۆ وێنەگرتن دوای کۆکردنەوەی پێکهاتە سەرەکییەکانی وەک تیمی هونەری و ئەکتەرەکان و لۆکەیشنەکانی وێنە گرتن، دواتر قۆناغی وێنەگرتن دەستپێدەکات کە ئەو ماوەییە کاری وێنەگرتنی تێدا ئەنجام دەدرێت،مۆنتاژ و زیاد کردنی ئیفێکتە وێنەی و نەوارە دەنگییەکان دەبێتە دوا قۆناغی بەرهەمهێنان).[2]

**6-ئەکتەر:** کەسێک ڕۆڵی کەسێکی تر دەگێرێت، ئەوەش لە ڕێی بەرجەستە کردنی کارکتەرێکی نێو فیلم یان شانۆ یاخود بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی و رادیۆ دەبێت.[3] کاری ئەکتەر لە کارەکتەری نێو ئەو سیناریۆیەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێشتر بۆی دیاریکراوە و ڕۆح دەکات بە بەرگی تێکستەکانی سیناریۆکەدا و جوڵەی ژیانی پێ ئەبەخشێت، لەبەر ئەوەی کارکتەر لە نێو سیناریۆدا جگە لە ناوەڕۆکێکی وێل کە لە ڕێی ئەکتەرێکەوە بە دوای چوارچێوەیەکدا دەگەرێت شتێکی تر نیە تاوەکو ئەو کەرەستە بێ گیانە بکاتە بابەتێکی وزە بەخش و کارلێک ئامێز لە سەر دەروبەر.[4] ئەکتەر لە نێو فیلمدا هەڵگری پەیامێکی کۆد ئامێزە کە لە سەر سێ ئاستی سیماتیکی (سیمبوڵ) خۆدەنوێنێت (ئاستی دەرهێنان، ئاستی ڕەفتاری ڕۆژانە، ئاستی نواندن).[5]

**7- نواندن:** هونەری بەرجەستە کردنی ڕووداوە ڕاستییەکانی ژیانە، لە ڕێی بەرجەستە کردنی ئەو هەست و بیرۆکانەی ڕاستی ڕووداوەکەکان لە خۆیان گرتووە، سینەماکاران مەبەستێانە کە ئەکتەر لەگەڵ ڕووداوەکاندا بژین بۆ ئەوەی لە دیاردەکانی نیو ژیانی

---

(1) میخائیل روم، احادیث حول الاخراج السینمائي،ت: عدنان مدانات، (بیروت: دار الفارابي،1981)، ص 10-16.

(2) باری كیث جرانت، موسوعة السینما (شیرمر ج3)،ت: احمد یوسف، (القاهرة: مركز القومی للترجمة، 2016)، ص903.

(3)https://dictionary.cambridge.org.

(4) https://amccinema.ma , کاتی سەردان 14/3/2022 - 7:37 PM.

(5) یوري لونمان، مدخل الي سیمیائیة الفیلم،ت: نبیل الدبس، (دمشق: مطبعة عكرمة،1989)، ص118.

تێبگەن، هەربۆیە دەشێت سینەما هونەری دووبارە دروست کردنەوەی ژیان و کاریگەرییەکانی بێت. کرۆکی هونەری نواندینیش ئەفراندنی کارەکتەرێکە لە لایەن ئەکتەرەوە بۆ ئەو کردەوە و رووداوە مرۆییە جیاوازانەی کە کەرەکتەرەکانی پێدەناسرێتەوە ئەوەش لە ژێر کاریگەریی ئەو ژینگەییەوە بە دی دێت کە مرۆڤ تێدا دەژی. [1] نواندن لە فیلمدا رەگەزێکی تەواوکاری، لەبەر ئەوەی فیلم بۆ خۆی جیاوازییەکی فراوان لە نێو جۆرەکانیدا هەیە، ناکرێت لە رێی پێوەرێکی جێگیرەوە هەڵسەنگاندن بۆ نواندنی ئەکتەر بکرێت، دەشێ لە رێگەی دیراسەکردنی فرە جۆری فیلمەوە لەوە تێبگەین کە نواندن لەگەڵ رەگەزە سینەماییەکانی تردا رۆڵی تەواوکاری دەگێرێت و مەودای فراوانی فۆرمەکانی نواندنیش ئەو دەردەخات لە سیمایەکی دیاریکراودا قەتیس نابێت .[2]

**8-سینەماتۆگرافی:** تێۆرەکەی مارک روجیت لە ساڵی (1824)بە ناوی تێۆری(مانەوەی ڕوانین) ئەو دیاردە گشتییەی چاوی مرۆڤە کە لە وێنەگرتنی سینەمایی پشتی پێ ئەبەسترێت بەو مانایەی تۆڕی چاو توانای مانەوەی وێنەی هەیە بۆماوەی چرکەیەک، فیلمە سینەماییەکانیش پێکهاتووە لە کۆمەڵە وێنەیەکی جیا جیای بە دوای یەکدا هاتوون، هەریەکێکیان بریتین لە وێنەیەکی فۆتۆگرافی جێگیری تۆمارکراوە بە جوڵەی کەمێک جیاوازتر لە وێنەکەی پێش خۆی. [3] کۆمەڵێ رەگەزی جیاواز دەبنە پێکهاتەی وێنە سینەماییەکان، کە دەشێ تەنیا دیمەنێک ببێتە رەگەزێکی گرنگ بەو پێیەی گوزارشتە لەو ژینگەیەی رووداوەکانی تێدا روودەدات و دێتە سەر ئەو شاشەی بینەر تەماشاکارێتی. [4] جگە لە سەرجەم کارەهونەرییەکانی لۆکەیشنی وێنەگرتن سینەماتۆگرافەر (DOP) بەرپرسە لە بەرێوەبردنی تیمی هونەری پەیوەست بە رووناکی و دیکۆر،هاوکات سینەماتۆگرافەر(DOP) و تیمی تەکنیکی و هونەری جۆڵە و مامەڵەیان بە پێ ئەو تێڕوانینانە دەبێت کە دەرهێنەر بۆ فیلمەکە بە گونجاوی دەزانێت. [5]

**9-ئیدیت:** یەکێک لەو زاراوە دژوارانەی تێگەیشتنی ئاسان نیە، بە پێی تێڕوانینێک ئەوروپییەکان هەموو پرۆسەیەکی برین بریتیە لە ئیدیت، بەلام بە پێی تێڕوانینی

---

(1) شاهر يوسف، ورشة التمثيل101، ص 13.

(2) باری کيث جرانت، موسوعة السينما(شيرمرج1)،ت: احمد يوسف، (القاهرة: مركز القومى للترجمة، 2014)، ص37.

(3) ادم ادم، التصوير والاخراج السينمائي، (2014)،ص5.

(4) نسيمة نويوة، أحمد حمومي، جماليّات السينوغرافيا بين العرض المسرحي والفيلم السينمائي، (وهران: امجلة آفاق سينمائية،المجلد1، جامعة وهران، العدد1)، ص426.

(5)https://www.for9a.com , کاتی سەردان 26/3/2022 - 10:29PM.

شارەزایانی سینەمای ئەمریکا و بەریتانیا بریتیە لە گرێدانەوەی کەرەستەکان کە بە شێوەیەکی گشتی بۆ مەبەستی گوزارشتکردن و گواستنەوەی مەودای کات یان چەند شوێنێکی رووداو لە فیلمدا بەکار دێت. [1] بە شێوەیەکی گشتی ئیدیت ئەو قۆناغەیە لە دوای کۆتایی هاتنی کاری وێنەگرتن دەست پێدەکات، کە بریتیە لە رێکخستنی ستراکچەری کات و شوێنی گرتە جیاوازەکانە کە ریتمێکی بەردەوامی گێڕانەوەی سینەمایی دەبەخشێتە فیلمکە.

تیۆرستەکانی وەک (ئەیزنشتاین) جەخت لەوە دەکەنەوە کە مۆنتاژ تەنها دوبارە بونیادنانەوەی کات و شوێن نییە لە رێی رێکخستنی گرتەکانەوە، بەڵکو یاریکردنیشە بە واقع. [2] مۆنتێر لە سەر بنەمای سیناریۆ و دیکۆپاژ(دەستکاریکراو) و لە ژێر چاودیری دەهێنەردا، گرتە و دیمەنەکانی فیلم هەڵئەبژێرێ و کاری برین و لێکدانی بۆ ئەنجامدەدات. هەروەها سەرپەرشتی کرداری دەنگ و وێنە دەکات.[3] مۆنتاژ جۆرێکە لە جۆرەکانی برین بە شێوەیەکی لێهاتووانەیە بە بەکارهێنانی زنجیرەیەکی تێکەڵکردنی خێرای گرتەکان. [4]

**10–فیستڤاڵە سینەماییەکان:** پێشکەشکردنی پرۆگرامێکی تایبەتە بۆ نمایش کردنی ئەو فیلمانەی کە ماوەیەک یاخود ساڵێک پێش ڤیستڤاڵەکە بەرهەم دەهێنرێن. فیستیڤاڵەکانیش بە پێی ئەو وڵاتەی تێدا بەرێوە دەچێت میکانیزمی تایبەت بە خۆی هەیە، دەشێت هەندێک لە فستیڤاڵەکان جەخت لە سەر بوارێکی تایبەت یاخود لەسەر هەموو بوارەکانی سینەما بکەنەوە. [5] سەرباری ئەوەی زۆربەی فیستیڤاڵە سینەماییەکان سیمای چیژئامێزیان لە خۆ گرتوە بەو پێیەی لە شێوەی ئاهەنگگێراندا بەرێوە دەچیت وکەساییەتییەکانی وەک سینارست و ئەستێرەکانی سینەما و دەرهێنەران و جەندین کەسایەتی تریش دەبنە میوان فیستیڤاڵەکە، بەڵام چالاکی و ئیڤێنتەکانی نێو فیستڤاڵەکە بەوپەڕی بایەخەوە تەماشا دەکرێت، لای سینەما دۆستان و پسپۆڕانی پیشەسازی سینەما

---

[1] ستیڤن د.کاتز، دەرهێنانی فیلم ..گرتە لە دوای گرتە،و: کاسترۆ مەجید، (چاپخانەی شڤان، 2008)، لا392.

[2] فران فينتورا، الخطاب السينمائي،ت: علاء شنانة،(دمشق: المؤسسة العامة للسينما،2012)، ص342.

* سیرجی میخاییلوڤیچ ئەیزنشتاین :دەرهێنەری سینەمایی روسییە، کە بە باوک و داهێنەری مونتاژ لە قەڵەدەدرێت لە لای پسپۆڕانی بواری سینەما.

[3] یون کارتنبێرگ، فەرهەنگی فیلمۆگرافیک، و: ئاوات عەبدوڵڵا، (سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،2003)، لا71.

[4] كين دالي، الاساليب الفنية في الانتاج السنمائي،ت: عصام الدين المصري، (بيروت: الدار العربية للموسوعات،1987 )، ص189.

[5] حوسێن عەبدۆڵلا زادە، بەرگی 1، سەرچاوەی پێشوو،لا25.

و میدیاکارانەوە. [1] یەکەمین فیستڤاڵی سینەمایش لە جهیاندا لە ساڵی(1932) لەشاری ڤینیسیا لە ئیتاڵیا. زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهان فیستڤاڵی سینەمایی سازدەدەن بەڵام لە گرنگترین فیستیڤاڵە سینەما جیهانییەکان (ڤێنس، کان، لەندەن، بەرلین، سانفرانسیسکۆ، ملبورن، هۆنگکۆنگ،سندانس). [2]

**11-خەڵاتە سینەماییەکان:** ئەو خەڵاتانەی تایبەتن بە بواری سینەما، ساڵانە لە رویۆرەسمێکی شایستە و رووماڵێکی میدیایی جیهانیدا دابەش دەکرێن باشترین فیلمەکانی کە لە تەواوی وولاتانی دنیادا بەرهەمهێنراون و نمایش دەکرێن لە گەڵ بابەتەکانی تری پەیوەست بە تەکنیکی سینەماتۆگرافی و دەرهێنان و کاریگەرە دەنگی و وێنەییەکان و سیناریۆ. خەڵاتی ئۆسکار کە بەیەکێک لە گرنگترین خەڵاتە سینەماییەکان لە قەڵەم دەدرێت لە ئەمریکا و جیهانیشدا. لە لایەن ئەکادیمیای زانست و هونەرە سینەماییەکانەوە دەبەخشرێت.[3] ئەم رێورەسمە بە شێوەیەکی راستەوخۆ بڵاو دەکرێتەوە و بە یەکێک لە پڕ بینەرترین رێورەسمەکانی پەیوەست بە سینەما هەژمار دەکرێت. بیرۆکەی ئۆسکار بۆ یەکەم جار لە ساڵی(1927)دا بوو کە بڕیار درا چەندین خەڵات پێشکەشی بە چالاکییە نایابەکانی هونەرمەندان بکرێت. یەکەمین رێورەسمی ئوسکاری لە ساڵی (1929) لە هۆلیوود بەرێوە چوو. [4] چەندین خەڵاتی تری گرنگی وەک(گۆڵدن گلۆب، بافتا، ئێمی، گیڵد...) هەن کە ساڵانە بۆ کار و چالاکە نایابەکانی سینەما پێشکەش دەکرێت. خەڵات بە تەنها بۆ کار و بابەتە شایستەکانی سینەما پێشکەش ناکرێت، بەڵکو خەڵاتی خراپترین فیلم و ئەکتەریش هەیە کە ساڵانە پێشکەش دەکرێت وەک خەڵاتەکانی (رازیس،ستینکەر). [5]

**12-رەخنەی سینەمایی:** بە هۆی هەستیارییەوە، پەیوەندی نێوان رەخنەی سینەمایی و سینەماکاران لەو پەیوەندییە مشتومڕئامێزانەیە کە گفتوگۆیەکی زۆر لەخۆدەگرێت. لە خۆ رازیبوونی هەندێک لە سینەماکاران و رەخنەگرانیش دەبێتە مایەی ئەو هەستیارییە ، بە جۆرێک بە هۆی رازیبوونی پێشەوەرانی فیلم لە کارەکانیان ئامادەی قبوڵکردنی ئەو

---

[1] باری کیث جرانت، موسوعة السینما (شیرمرج2)،ت: احمد یوسف، (القاهرة:مرکز القومی للترجمة، 2015)،ص537.

[2] http://www.soutalomma.com , کاتی سەردان 31/3/2022 - 9:17 PM.

[3] https://www.aljazeera.net , کاتی سەردان 31/3/2022 - 11:12 PM.

[4] حوسێن عەبدوڵلا زادە، بەرگی 2، سەرچاوەی پێش، لا110-111.

[5] باری کیث جرانت، (شیرمر ج3)، سەرچاوەی پێش، لا844-848.

ڕەخنانە نابن کە ئاڕاستەی فیلمەکانیان دەکرێت، لەبەرامبەریشدا ڕادەی باوەڕ و ڕازی بوونی ڕەخنەگران لە خۆیان وا دەکات بە ویستی خۆیان ڕەخنە بگرن، ئەویش یان بە جەختکردنە لە لایەنە لاوازەکانی فیلمەکە و ڕەخنەباران کردنی، یان بە درێژایی باسەکەی ستایشکردنی فیلمکەیە ، کە لە هەردوو بارەکەشدا سینەما دەبێتە قوربانی ئەم پەیوەندییە مشتومڕ ئامێزە.[1] ئەگەر هۆنراوە بناغەی هونەرەکان بوبێت کە شانۆش لە سایەیدا لە دایک بووە، ئەوا سینەما بە هۆی بژێویەکەیەوە لە مەدوای فراوانی نێو زەمەن و هەڵپەی خێراییەوە بە سەر سەرجەم ئاستە کلاسیکییەکاندا بازی دا و بووە بە ڕۆڵەی شەرعی شانۆ. لەبەر ئەوەی ئەو دەرفەتەی بۆ سینەما ڕەخسا هیچ کام لە هونەرەکانی پێش خۆی نەیانتوانی پێبەگەن، هەر لێرەشەوەیە کە تایبەتمەندێتی ڕەخنە و سەلیقەی سینەمایی سەرهەڵدەدات ئەویش بە تێگەشتن لە ڕەگ و ڕیشە و فۆڕم و میتۆدی هۆنراوە و شانۆ هەروەها ڕۆمان و میوزیک و هونەری شێوەکاری هونەری تەلەفزیۆن لەلایەک و پراکتیزە نەکردنی میتۆدو فۆڕمی ئەم هونەرانە لە لایەکی تر، لەبەرئەوەی سینەما کۆکەرەوەی سەرجەم هونەرەکانی ترە، بە شێوازێکی باڵاتر (ڕاقی). بە زمانە تایبەتەکەی(زمانی سینەما) گوزارشت لە خۆی دەکات لە ڕێی کەرەستە تەکنیکیە پێشکەوتووەکانیەوە دەیگەێنێتە جەماوەر.[2] (تێگەشتن و قبوڵکردنی فیلم و ڕازیکردنی بینەر بەوەی چی پەسەندە و ناپەسەندە، هەروەها پێشکەشکردنی هەندی وردەکاری لە بارەی فیلمەوە کە دەشێ بینەر پێی ئاشنا نە بووبێت، و دروستکردنی بەراوردکاری و دەرخستنی لایەنی جیاوازی لە نێوان فیلمەکان و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان فیلم و ڕێرەوە کلتورییەکانی تر بۆ تیشکخستنە سەر هەریەک لەو کلتورانە و جۆری ئەو فیلمانەی لەبارەیانەوە دەکرێت) ئەمانە مەبەستگەلێکن لە مەبەستەکانی ڕەخنەی سینەمایی. [3] لە پێناو دیراسەکردن و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و پێگەی فیلمەکە لە نێو مێژووی سینەمادا. لەبەر ئەوەی ڕەخنەی سینەمایی کار دەکات بۆ لێکدانەوەی مانا و شیکردنەوەی ستراکچەر و و فۆڕم و بڕیاردان لە بەهای فیلمەکە و بەراورد کردنی بە فیلمەکانی تر و خەملادنی ڕادەی کاریگەری لە سەر بینەر. [4]

---

(1) أمير العمري، عين على سينما و عين على نقد، (موقع عين على السينما، 2022)، ص 14.

(2) مصطفى يحيى، التذوق الفنى والسينما، (القاهرة: دار غريب للطباعة،1991)، ص41.

(3) تيموثى كوريجان، كتابة النقد السينمائي، ت: جمال عبدالناصر، (القاهرة: مجلس الأعلى للثقافة، 2003)، ص21.

(4)https://web.archive.org , کاتی سەردان6/4/2022 - 1:25 PM.

**13-ڕاڤەکردنی فیلم:** ئەوەی دەرفەتی ڕاڤەکردنی فیلم بۆ ڕاڤەکاری سینەمایی دەرەخسێنێت پرسیارگەلێکی وەک: (کامەیە ئەو میتۆدی هونەرییەی کە سینەماکاران بەکاریان هێناوە تا بینەر بە تەواوی هەستی بۆ فیلمەکە بجوڵێت، نەک بە تەنها تەماشاکار بێت؟ - ئایا دەکرا جگە لە فیلم کارێکی تر وەک ڕۆمانێک یان کورتە چیرۆکێک یان شانۆیەک هەمان پلەی کاریگەری هەبووایە، یاخود نەخێر ئەوە فیلمە کە ئامرازێکە گەشتۆتە پلەی باڵا؟ - ئەو ڕێژەیە چەندە کە فیلم پشتی پێبەستووە لە گێڕانەوە بە وێنە و جوڵە و وێنەگرتن بە بێ پەنابردن بۆ تێکست؟ - ئایا کاری سینەماتۆگرافی و سیناریۆ کارێکی هاوئاهەنگ بووە بە جۆرێک وێنە و وشە پێکەوە تەبا یاخود دژ بەیەک بوون؟) دەسکەوتنی وەڵامی ئەم پرسیارانە ڕێگە خۆشکەرە بۆ ڕاڤەکردنی فیلم و مانا دەبەخشێتە ئەزموون بینینی فیلم. بینینی فیلم بە چاوێکی ڕاڤەکارانەوە وا دەکات هەر گەڕانەوەیەک بۆ دوووبارە سەیرکردنەوەی ببێتە مایەی زیاتر تێگەشتی فیلمەکە و لایەن هونەرییەکانی. [1] ڕاڤە کردنی فیلم پڕۆسەیەکە لە ڕوانگەی سیماتیکی و ستراکچەری گێڕانەوە کۆنتێکستی کلتورییەوە ئەنجامدەدرێت. ڕاڤەکردنی فیلم وەک ڕاڤەکردنی تێکستێکی ئەدەبی وایە شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕاڤەی وتاربێژی ڕەخنەئامێز، بەڵام بە پێچەوانەی تێکستە ئەدەبیەکانەوە فیلم ڕەگەزە دەنگی و وێنەییەکان لە خۆدەگرێت هەربۆیە ڕەگەزێکی جیاوازتر لە ڕاڤەکەدە دێتە ئاراوە،هەرچەندە وەک بیرۆکە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نیە. [2] هەندێک کەس نیگەرانی ئەوەن کە ڕاڤەکردن و لێکۆڵینەوە لە فیلمە سینەماییەکان ڕێگر بێت لەوەی چێژیان لێ ببینین. بەڵام لە ڕاستیدا زۆربەی بینەران دەگەنە ئەو دەرەنجامەی کە لەڕێی ڕاڤەکردن و لێکۆڵینەوەوە چێژی زیاتر لە فیلمە سینەماییەکان دەبینین، و پێزانینمان بۆ هەوڵ و ماندووبوون و ئەفراندنەکانی فیلمسازان زیاتر دەبێت. هەر لەو ڕێیەشەوە زۆرێک لە ئێمە چێژی زیاتر لە چەندین جۆری تری فیلمە سینەماییەکان دەبینین، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێکی تر کە بەر لە ڕاڤەکردن و لێکۆڵینەوە لێیان درکمان پێ نەکردوون. لێکۆڵینەوە لە فیلمە سینەماییەکان یارمەتیدەر دەبێت بۆ بینەر تا بزانێت کە فیلمسازەکان هەر یەکەیان بە چ شێوازێک ئەو ئامرازەیان بەکارهێناوە و باشتر درک بە توانا و سنورەکانی ئەو هونەرە دەکات . [3]

---

(1) برنارد ف. دیک، تشریح الأفلام،ت: محمد منیر الأصبحي(دمشق: المؤسسة العامة للسینما،2013)، ص539.

(2) Writing Center, INTRODUCTION TO FILM THEORY A Guide to Viewing and Analyzing Films,University of North Carolina, P, 8-9 .

(3) William H. Phillips, Film An Introduction, 4E,(Boston, University of Wisconsin- Eau Claire),

**14- جۆر و ژانرە سەرەکیەکانی فیلم:** (فیلمی درێژی چیرۆک ئامێز(Feature Film)، دۆکیومێنتری،ئەنیمەیشن، کورتە فیلم...) لە جۆرە سەرەکییەکانی فیلمن. [1] (دۆکیومێنتری: وەک جۆرێکی سەرەکی، فۆڕمیکی جیاوازی بەرهەمی سینەماییە کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە پەیوەندی نێوان فیلمسازان و ژیانی راستەقینە، لە رێی تێروانین و راڤەکردنی راستییەکان لە فۆڕمێکی هونەریدا دەیخرێتە روو). [2] (کورتە فیلم: جۆرێکی تری فیلمی سینەماییە، کە بەراورد بە فیلمی درێژ بە کورتی ماوەکەی دەناسرێتەوە). [3]هەر فیلمی درێژی چیرۆک ئامێزش کە بەرهەم دەهێنرێت لە چوارچێوەی ژانرێکدا دەخرێتە روو،کە پۆلێن کراون بۆ: (کۆمیدیا: یەکێکە لە ژانرە سەرنجڕاکێش و پڕ بایەخەکانی سینەما بۆ گەور و بچوک، بەو پێیەی دەبێتە جێی دڵخۆشبوونی بینەر، هەر بۆیە هونەرمەندە کۆمیدییەکان مێژوویەکی لە بیرنەکراویان بۆ خۆیان تۆمار کردووە،وەک : چارلی چاپلن، لوسیڵ بوڵ، باستەر کیتن).[4] (ترسناک:فیلمە ترسناکەکان تیمە(theme) ی نەمری بەرجەستە دەکەن بە شێوازێکی راستەوخۆ، هەوڵیش دەدەن هەستی ترس و تۆقان و دڵەڕاوکێ لای بینەر دروست بکەن. گرێی ئەم فیلمانە بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە مردنی توندوتیژئامێز، و رووداوە ناسروشتیەکان،گۆڕانکاریە ترسناکە بایۆلۆژیەکان ، گۆڕانکاریە فیزیکیەکان و نەخۆشیە دەروونیەکان). (وێسترن : بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بە ئەمریکای سەردەمی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، بەتایبەت ناوچەکانی خۆرئاوای روباری میسیسیپی. تیمەکانی ژانری وێسترن بریتین لە توندوتیژی و کوشتار لەپێناو سەقامگیرکردنی نەزم و یاسادا). (ئەکشن: هەموو چیرۆکێک پێویستی بە جۆرێک لە کردار (ئەکشن) هەیە، جا بۆ گۆرانکاریەکی دراماتیکی دەروونی بێت یا فیزیکی.فیلمە ئەکشنەکان بەشێوەیەکی گشتی تەکنیکی زمانێکی توندی گوزارشتکردن بەکاردێنن). (رۆمانسی :ژانری گێڕانەوەی چیرۆکی خۆشەویستی و بەرجەستەکردنی کۆسپ و بەربەستەکانە بۆ دۆزینەوەی خۆشەویستیەکی راستەقینە). (خەیاڵی زانستی: بەشێوەیەکی گشتی مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتانەدا دەکات کە پەیوەستن بە

---

P 3.

(1)https://liupalmer.libguides.com, سەردان6/4/2022 - 3:41 PM.

(2) کاظم مرشد السلوم، سینما الواقع، (دمشق: دار افکار للدراسات والنشر،2012) ص13.

(3)https://www.oxfordreference.com , سەردان7/4/2022 - 5:08 PM

(4) https://www.premiumbeat.com/blog/guide-to-basic-film-genres/ سەردان7/4/2022 - 5:21 PM.

تەکنەلۆژیا، پێشکەوتنە زانستیەکان و پێگەی مرۆڤ لە گەردوندا). (تاوان :ژانری تاوان بەرجەستەکردنی جیهانی تاوان و تاوانکارانە و بەشێوەیەکی گشتی سەروکاری لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسدا هەیە لە هەوڵەکانیاندا بۆ رووبەڕووبونەوەی تاوانکاران و ئەو کەسە ئاساییانەش کە پەلکێش کراون بۆناو ئەم جیهانە). [1]

## پێنجەم: پیشەسازی سینەما

پیشەسازی فیلم هەموو هونەرەکان و تەواوی زمانەکانی تری هونەری وەک(پەکەرتاشی، وێنەکێشان، میوزیک،هۆنراوە، ئەدەب،رەنگ،سەما)ی لە خۆگرتووە.لە رابردوودا پیشەسازی و بەرهەمهێنانی فیلم سەخت و دژوار بووە چ لە رووی دارایی یاخود کەرەستە تەکنیکی و هونەرییەکانییەوە بوبێت، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی پێشکەوتنی زانست وتەکنەلۆژیاوە بەراورد بە رابردوو دەرفەتی بەرهەمهێنانی فیلم باشتر بووە، بەو پێیەی فیلم چەند جۆرێکی هەیە، هەریەکەیان فۆرم و چوارچێوەی تایبەت بە خۆی هەیە. فیلمی (دۆکیومێنتری، فیلمی میوزیکاڵ، ئەنیمەیشن، کۆمیدیا، ترسناک، دراما، سەرکێشی...)هەریەک لەم ژانرانە وەک کارێکی هونەری رەگەز و چەند قۆناغێکی سەرەکی هەیە کە دەبێت ببیرێت. [2] سەردەمانێک لە وڵاتە بەرهەمهێنە گەورەکان، بەرهەمهێنانی سینەمایی بە زیادبوونی پسپۆڕی و دابەش بوونی کار جیا دەکرانەوە، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی پیشەسازی سینەما ببێتە بەشیک لە پرۆژە سەرمایەدارییەکان. پێشتر پیشەسازی فیلم پڕۆژەیەکی هاوئاهەنگ بوو. بەڵام دەرکەوتنی دەرهێنەر، پسپۆڕییەکانی تری وەک سیناریست و ئەکتەر کاریان بە پێی ئەو رێنماییانە دەکرد کە پێشتر بۆیان دەستنیشان دەکرا. لەو ساتەوە ستودیۆ ئەمریکییەکان چەند دەرهێنەرێکیان دامەزراند بۆ هەریەکێکیان تیمێکیان لە ئەکتەر و تەکنیککاران دابین کردبوو بۆ ئەوەی بتوانن لە ماوەی هەرهەفتەیەکدا فیلمێک بەرهەم بهێنن. ئەمەش جۆرێکی تری لە فۆڕمی کارکردن هێنا کایەوە ئەویش بەرهەمهێن بوو کە سەرپەرشتی سەرلەبەری پڕۆسەکە، و هاوئاهەنگی لە نێوان یەکەکاندا دەکرد. لە ساڵی (1906) ستۆدیۆی ڤیتاگراف (Vitagraph Studios) گەورەترین ستۆدیۆکانی ئەمریکا بوو کە لە سێ یەکەی بەرهەمهێنانی جیا جیا پێکهاتبوون و لەلایەن هەریەک لە (جیمز ستوارت بلاکتون، ئەلبرت ئی سیمث، جیمز برناردفرنچ) بەرێوە دەبران. هەریەک لەو بەرێوبەرانە

---

(1)Moving image art, Fime Genre,p5-20

(2) سولیوود، صناعة الافلام للمبتدئين،2020. ص3.

بەرپرس بوون لە کامێرا و بەڕێوەبردنی کارەکان بە هاوکاری یاریدەرەکانیان.لە ساڵی(1907) ڤیتاگراف سەرلەنوێ کاری بەرهەمهێنانی ڕێکخستەوە دەرهێنەرێکی دامەزراند بۆ خستنە ئەستۆی بەرپرسیارێتی بۆ هەر یەکەیەک و بلاکتونیش کردە بەرهەمهێنەری سەرەکی.[1] فیلم لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە کەمەندکێشی گەشەسەندنێکی بەردەوامی حەفتا ساڵی بوو، بەتایبەت فیلمی درێژی چیرۆک ئامێز(Feature Film). لە دەیەی یەکەمی تەمەنی سینەمادا تەنیا بە خاوەن داهێنان نەدەوترا داهێنەر، بەڵکو بە پیشەوارانی بواری پیشەسازی فیلمیش دەوترا. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی چالاکیە ڕوژنامەوانی و زانستی و چێژ بەخشەکان، هەریەکەیان بە شێوەیەک کاریگەرییان لە سەر پیشەسازی سینەما و بیەرانی دروستکرد. (سینەمای نمایشە سەرنجراکێشەکان) دەستەواژەیەکی باو بوو لەو ماوەیەدا کە مایەی گەلاڵە بوونی بیرۆکەیەک بوو لە سەر سینەما. لەگەڵ گەشەسەندنی ئەم دەستەواژەیە (سینەمای نمایشە سەرنجراکێشەکان) لە نیوەی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا بیرۆکەیەکی بەهێز و ناوازەی سەبارەت بە سینەماوە هێنایە کایەوە، سەرباری ئەنجامەکەی ئەم بیرۆکە نایابە فرە جۆرییەکی لە خۆ گرتبوو کە وردە وردە شێوازێکی چیرۆک ئامێزی سستماتیک شوێنی گرتووە و کە دواتر ناونرا (سیستمی کلاسیکی یاخود سیستمی ستۆدیۆ) ئەم بیرۆکەیەش تەنیا بە سەر پیشەسازییە چێژبەخشەکاندا پراکتیزە نەدەبوو، بەڵکو وێنا کردنی ئەو بەرهەمانە بووکە ئەم پیشەسازییە پرشنگدارە (البراق) بەرهەمی دەهێنا ئەویش فیلمی چیرۆک ئامێز(Feature Film) بوو جا ئیتر بەرهەمی ستۆدیۆکانی هۆلیوود یان بەرهەمی هەر وڵاتێکی تری دنیا بووایە. [2] ئەو شەپۆلە گۆڕانکارییە تەکنەلۆژیانەی قۆناغ لە دوای قۆناغ گەشەی بە دوای خۆیدا هێنا سینەمای گەیاندە سەردەمی دیجیتاڵی، هەرچەندە گشتی سینەمای دیجیتاڵی مێژوویەکی ڕوونی نیە، لەبەرئەوەی تەکنیکە دیجیتاڵییەکان پلە بە پلە باڵیان بە سەر سینەمادا کێشا بە بێ بوونی ئاماژەیەکی دیاریکراو بەو فیلمانەی کە تەواوی هونەرە سینەماییە دیجیتاڵییەکانی بە سەردا پراکتیزە بوبێت. زۆربەی ئەو فیلمانەی دەکەوتنە خانەی سینەمای دیجیتاڵییەوە لە سەرەتادا تەکنیکە دیجیتاڵییە زۆر سادەکانیان تێدا بەکارهاتووە تەنیا بواری تەکنیکە دەنگییەکانی بڕیوە، کە لە فیلمی دەرهێنەری بەناوبانگی جیهانی(فرانسیس فۆر کۆپۆلا) بە ناوی (One From The Heart) بەکار هێنراوە، کە لە

---

(1) جیوفری نوویل سمیث، سەرچاوەی پێشوو، لا99-100.

(2) دادلي اندرو، ماهي السينما من منظور أندريه بازان،ت: زياد إبراهيم، (وندسور: مؤسسة هنداوى سي آي سي، 2018)، ص15.

ساڵی (1981) بەرهەمهێنراوە. [1] سینەمای دیجیتاڵیش بریتیە لە تەکنیکی نوێی ریکۆرد و نمایش کردن، کە ئەویش بریتیە لە مامەڵە کردن بە بنەمای (0,1) (بیت، بایت) ، بەو مانایەی فیلم لە سەر ئامێرە زیرەکەکانی وەک (کۆمپیوتەر، موبایڵ...) ریکۆرد دەکرێت لە بری بەکرە(فیلم) بەمەش فیلمەکان لە ڕێگەی دەستلێدانەوە هەستی پێ ناکرێت بەڵکو لە ڕیی هەستی بینینەوە دەتوانرێت ببینرێت و لە نێو مێمۆری ئامێرە زیرەکەکاندا دوور لە ئاڵۆزی و سەختی مەمەڵەی(بەکرە) سەیڤ بکرێت.[2] بەو پێیەی کریاڕ لە کاتی کرینی مۆبایڵدا فۆکەسی تەواوی لە سەر کواڵیتی کامێراکەیەتی، ئەمەش یەکێکە لە سوودەکانی پەیداکردنی بازار بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و دروستکردنی کامێرا کە بەردەوام لە هەوڵی برەودانن بە بەرهەمەکانیان. زیاد لە سێ بەشی دانیشتوانی جیهان خاوەنی مۆبایڵن و لە 90% تەماشاکاری پلاتفۆڕمە دیجیتاڵی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن لە ڕێی مۆبایڵەکانیانەوە، نیوەی ئەم بەکارهێنانەش بۆ تەماشاکردنی گرتە ڤیدیۆیەکانە. گۆڕانکاری گەورە بەسەر فەلسەفەی ژیان و ململانێ سکرینە گەورە و بچوکەکان هاتووە بۆ پەلکێش کردنی جەماوەر بە جۆرێک فەرامۆشکردنی کارێکی ئەستەمە، بە تایبەتی بە هۆی ئەو داهاتووەی لە کە گرتە ڤیدیۆییەکان بەدی دەکرێت، و لە ئێستاداشدا 80% ناوەڕۆکی تۆرەکانی ئینتەرنێت پێکدێنێت. لەبەرئەوەی فیلمیش ڕێگە خۆشکەرە بۆ دەرخستنی

سەرساميەکانی ژیان و پێشبینیکردنیشی ئیتر مانەوەی بەتەنها لە نێو ئامڕازە ڕەسەنەکانی خۆیی و تەلەفزیۆن چ سودێکی هەیە، لە کاتێکدا جەماوەر چاوی بڕیوەتە شوێنێکی تر. هەر بۆیە بە داهاتێکی کەم و و بەو بژاردە تەکنەلۆژیانەی وەک(وێنەگرتن، مۆنتاژ، گرافیک و پەخش) کە لە نێو ئاپەکانی موبایڵی ناوگیرفانی هەموو تاکێکدا هەیە. پیشەسازی فیلم و سینەما مۆبایڵ دەرگایەکی واڵایە بۆ هەر کەسێک گەر توانا هونەرییەکانی یارمەتیدەر بن تا ببێتە خاوەنی فیلمێکی سینەمایی خۆیی و مۆبایڵەکەی ڕۆڵی دامەزراوەیەکی بەرهەمهێنان بگێڕن و دەشێ توانای بەشداریکردنیشی هەبێت لەو فیستیڤاڵە سینەماییانەی تایبەتن بە سینەما مۆبایڵ، کە ساڵانە زیاترلە (30) فیستیڤاڵ لەو بارەیەوە ڕێکدەخرێت. [3]

---

[1] عبدالباسط سلمان، مفهوم الصحافة والسينما والتليفزيون والملتيميديا رقميا، (القاهرة: الدار الثقافية للنشر،2008)، ص144.

[2] http://egyptartsacademy.kenanaonline.com , کاتی سەردان 13/4/2022 – 12:03 AM.

[3] إياد الداود، سينما الموبايل، (دليل إنتاج الأفلام الوثائقية والروائية بالموبايل، معهد الجزيرة للإعلام)، ص7.

## شەشەم: کۆمپانیا بەناوبانگەکانی بەرهەمهێنانی سینەمایی

(ئەندری تارکۆفسکی) نوسەر و دەرهێنەر و سینەماکار و تیۆریسیانی بەناوبانگی روسی جەختی لە سەنگ و قورسایی سینەما کردوە، و ئاماژەی بەوە کردوە کە بە هۆی هەژموونی سینەماوە مرۆڤ دەتوانێت دژوارترین کێشە وگرفتەکانی سەردەم بخاتە روو. بۆیە دەبێت سیستمە حوکمڕانییەکان سینەما تەنها وەک ئامرازێکی کاتبەسەربردن لەقەڵەم نەدەن، بەڵکو لەو ناوەڕۆکەی براونن کە گرێدراوی خواستەکانی مرۆڤە و بۆ درککردن و تێگەیشتن لە جیهان. سینەمای ئەمریکیش نموونەیەکی زیندووە، کە گوزارشت لەو هەژموونە کلتوری و میدیایەی ئەمریکا دەکات چۆن باڵی بەسەر بازارە جیهانییەکانی ساغکردنەوەی فیلمدا کێشاوە. ئەگەرچی لە ڕووی ژمارەی بەرهەمهێنانی فیلمەوە لە دوای وڵاتی هیندستان بە پلەی دووەم دێت، بەڵام سینەمای ئەمریکی خاوەنی زۆرترین داهات و سەرکەوتنە لە جهیاندا، و یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی فیلمی ئەمریکی پێ جیادەکرێتەوە ئەوەیە لە تای تەرازوی بازرگانی ئەمریکدا بەروارد بە هەموو پیشەسازییەکانی تر زۆرترین قازانجی هەیە، و هیچ پڕۆژەیەکی بازرگانی تر توانای بەدەستهێنانی ئەو سوودە داراییەی نییە کە سینەما بە دەستی دەهێنێت.[1]

ئەم ناوانەشی لەم بوارەدا کە ساڵانێکی زۆرە پێیان ئاشنا بووین: (کۆلۆمبیا، دیزنی، ئێم جی ئێم، پاراماونت، توێنتی سێنتری فۆکس، یۆنایتید ئارتیست، یونیڤێرساڵ، وارنەر برەزەرس) هەرچەندە لە رووی ئابووریەوە کاری ئەم کۆمپانیایانە لە بنچینەدا وەک خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام پێکهاتە و مەرجەکان و خاوەندارێتیان بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕاوە. ئەم کۆمپانیایانە وەک کۆمپانیای گەورە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، بەڵام بە وردبوونەوەوی زیاتر لێیان دەبینین کە ئەوانە تەنها بەشێکی بچووکن لە بیزنزێکی زۆر گەورەتری فرە نەتەوەیی. لە کۆتاییەکانی ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا زۆرێک لە کۆمپانیا سەرەکیەکان تێکەڵ بوون، یان لەلایەن کۆمپانیا گەورەکانی ترەوە دەستیان بەسەردا گیرا، ئەمە تەنیا قۆناغی یەکەمی نوێبوونەوەی پیشەسازیی فیلم بوو، بەجۆرێک کە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی فیلمە سینەماییەکان گۆڕان بۆ چەند کۆمپانیایەکی مەڵتی میدیا بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمێک لەڕێی ژمارەیەک میدیای تێکچڕژاوەوە، بەڵام خاوەنداریی ئەو کۆمپانیایانە بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکارییان بەسەردا هات. ساڵی 1982 کۆمپانیای کۆکا

---

[1] مجد نبيل محمود عثمان، (الدعاية والتضليل الإعلامي في الأفلام الأمريكية)، رسالة ماجستير غير منشورة، (عمان: جامعة البترا،كلية الإعلام،2015)، ص57 – 58.

کۆلا کۆمپانیای کۆلۆمبیای کڕی و لەهەمانساڵدا (کۆلۆمبیا ترایستار پیکچەرز)ی بەمەبەستی هەمەجۆرکردنی کارەکانی پێکهێنا و دوای پێنج ساڵ هەردوو کۆمپانیاکە یەکخران. لە ئەنجامدا ئەوەی کە ئێستا بە ترێستار کۆلۆمبیا ناسراوە دروست بوو. سەروکاری کۆکا کۆلا لەگەڵ جیهانی فیلمدا لە ساڵی 1989 کۆتایی هات، کاتێک کۆمپانیای سۆنی ترایستار کۆلۆمبیای کڕی. سۆنی بەنیازبوو دڵنیایی بدات لەوەی کە هێڵی بەرهەمهێنانی تایبەت بە ئامێرە هاردوێرە میدیاییەکانی ئاوێتەی سۆفتوێری میدیا دەبێت ، بەڵام ئەوەش وەک پێویست سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا کاتێک سیستەمی ڤیدیۆیی خۆی لە 1970کاندا پەرەپێدا. دیزنی یەکێک نەبوو لە ستۆدیۆ سەرەکیەکان تا ساڵی 1923 دەستی نەکرد بە بەرهەمهێنانی فیلم. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمپانیای والت دیزنی ئێستا یەکێکە لە گەورەترین ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە جیهاندا، زۆرترین چالاکیەکانی لە شاری یاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپایە.. [1]

لە ئێستاشدا والت دیزنی سێهەمین گەورە کۆمپانیایەکانی بەرهەمهێنان لە جهیاندا و بە رابەری بەرهەمهێنانی سینەمای ئەمریکی دادەنرێت کە خاوەنی زۆرترین بەرهەمی منداڵانە لەوانەش:(The lion King،Peter Pan،Mickey Mouse،Finding Nemo) لە بە ناوبانگترین بەرهەمەکانی دیزنیە کە بۆ سەرجەم زمانەکانی دنیا وەرگێڕدراوە و سەرکەوتنێکی زۆری بە دەستهێناوە.[2]

پاراماونت هاوشێوەی ستۆدیۆ گەورەکانی تر ئێستا بەشێکە لە مەڵتیمیدیایەکی گەورە.پاراماونت، کە بە یەکێک لە ستۆدیۆ سەرەکیەکان دادەنرێت، وەک مەحەکێک بەکار دەهێنرا بۆ( یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی پاوانخوازی) کە ساڵی 1948 لە لایەن دادگای باڵای ئەمریکا دەرکراوە، وبە کەیسی پاراماونتیش ناسراوە.ساڵی 1966 پاراماونت لەلایەن (گەڵف ئەند ویسترن)ەوە کڕدرا و سەرەنجام ناوەکەی کرا بە (پاراماونت کۆمیونیکەیشن ئای ئێن سی). لە ساڵی 1994دا (ڤیاکۆم) دەستی بەسەر کۆمپانیاکەدا گرت، و کاری تەلەفزیۆنی و چاپ و بڵاوکردنەوە و رادیۆ و فیلمی دەکرد. ڤیاکۆم خاوەنی کەناڵی (ئێم تی ڤی) و

---

(1) Narthan Abrams&Others,Studying Film,(New York,Oxford University press,2001),p62-63.

(2) https://q8yusa.com کاتی سەردان 25/4/2022 - 10: 30 PM.

*یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی پاوانخوازی (Hoolywood Antitrust Case): تایبەتە بە دیاریکردنی جارەنووسی ئەو ستۆدیۆیانەی کە هۆڵی سینەمای تایبەت بە خۆیان هەیە، و دەستکراوەن لە نمایشکردنی فیلمەکانی خۆیان لەو هۆڵانەدا.

کۆمپانیای (بلۆکبەستەر)یشە، کە تایبەتمەندە لە بەکرێدانی ڤیدیۆ. (کۆمپانیای توێنتی سێنتری فۆکس) لە ساڵی 1915ەوە دامەزراوە. ساڵی 1985 ڕوبەرت موردۆک داوای مافی هاووڵاتیبوونی لە ئەمەریکا کرد بۆ هەموارکردنی رێ لەبەردەمیدا بۆ خاوەندارێتیی ناوەندە میدیایەکانی ئەمریکا .هەمان ساڵ توێنتی سێنتری فۆکسیشی کڕی. کۆمپانیای نیوز کۆرپۆرەیشنی موردۆک لە سەرانسەری جیهاندا کاری میدیایی دەکات، لەوانە کاری تەلەفزیۆن و کۆمپانیاکانی سەتەلایت و رۆژنامە.یونیڤیرساڵ ستۆدیۆز ساڵی 1912 دامەزراوە، و لەو ماوەیەدا گۆڕانکاریی زۆری تێدا کراوە. ساڵی 1962 لەلایەن (میوزیک کۆرپۆرەیشن ئۆف ئەمێریکا)وە دەستی بەسەرداگیرا.[1] پیشەسازیی فیلمش مامەڵە لەگەڵ گەشەسەندن، بەرهەمهێنان، دابەشکردن و نمایشکردنی فیلمەکاندا دەکات.تەنها ژمارەیەکی زۆر سنووردار لە کۆمپانیاکانی فیلم، کە هەمووشیان لە هۆلیوودن و ئەو کۆمپانیایانە بەهاکانیان بە شێوەیەکی ستوونی ئاوێتە دەکەن.ئەو ستۆدیۆ سەرەکیانە لە دەستپێکەوە بۆ دابەشکردن بەرپرسیارن لە فیلمێکی دیاریکراو، نمونەی ئەوانەش( یونیڤێرساڵ پیکچەرز، دیزنی پیکچەرز، یان وارنەر برۆس)ە. سەرەڕای ئەوەی کە زۆرجار بە بەرهەمهێنەری سەرەکی وەسف دەکرێن، ستۆدیۆ گەورەکان وەک ئامێری دارایی و دابەشکردن دەبینرێن کە ئامانجی سەرەکییان بەدەستهێنانی مافی فرۆشتنی فیلمە سینەماییەکانە. زۆربەی کۆمپانیاکانی فیلم، بە تایبەتی لە ئەوروپا، سەر بە سێکتەرێکی سەربەخۆن کە بە ستراکچەرێکی پارچە پارچەکراو ناو دەبرێن. جۆرێکی تریش بە ستۆدیۆ سەربەخۆکان ناو دەبرێن. کۆمپانیاکانی وەک ستۆدیۆی ئێس ئێف لە سوید و نۆردیسک فیلمی دانیمارک و ستۆدیۆکانال لە فەرەنسا بەرهەمی زۆروزەوند و چالاکیەکی فراوانی دابەشکردنیان هەیە .بەڵام، هیچ کام لەوانە هێز و توانای کۆمپانیا زەبەلاحە ئەمریکیەکانیان و ئەو ستۆدیۆیانە نیە کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە تۆڕی هاوبەشەکانیان دەبەستن. [2]

---

(1) Narthan Abrams سەرچاوەی پێشوو،لا 64.

(2) Paulina Merle Knbloch, Business Model Innovation in the Film Industry .(Stockholm,2021) ,p7.

**پوختە:**

سینەما بە هەموو وردەکاری و لێکەوتەکانیەوە لە رابردوو و لە ئێستاشدا وەک کایەیەکی زیندو رۆچۆتە نێو هەموو کلتورە جیاوازەکانەوە، و نوێبوونەوە و بەردەوامیش ئەو سیفەتانەی سینەمان کە هەنگاوەکانی گەشەکردنی خێراتر کردووە. لە سەردەمی مۆدێرنەشدا وەک چالاکیەکی کلتوری و هونەری هەمان رۆڵی پرپەهای شانۆی سەردەمی شکسپیر، و هەمان پێگەی هونەری وێنەکێشانی سەردەمی دافنشی لە سەر مرۆڤایەتی دەگێرێت. هەژموونی سینەما لە رووی ئابووریە هاوتای پیشەسازییە زەبەلاحەکانی جهیانە ، لە ڕووی ئایدۆلۆژی و سیاسیشەوە گۆڕەپانێکە لە بەرگێکی هونەرییدا ئاڕاستە فیکرییەکانی تێدا ساغ دەکرێتەوە. لە سەردەمی یۆنانی کۆندا شانۆ وەک هونەرێکی هاوشێوەی سینەما تەنیا مەبەست لێی کاتبەسەربردن نەبوو، بەڵکو رێگەیەک بوو بۆ ئاسوودە بوونی رۆح و زاڵبوون بەسەر نەهامەتییەکانی ژیاندا. ئەرستۆ لەوباوەڕەدا بوو سەیرکردنی تراژیدیا جەماوەر لە هەستکردن بە زوڵم و بەزەیی خودی رزگار دەکات. هەروەک چۆن بە بڕوای فەیلەسوفی بەریتانی(ئالّن دی بوتن-Alain de Botton)یش دەشێ فیلم یارمەتیدەر بێت بۆ باشترکردنی شێوازی ژیان و جڵەوگیرکردنی هەندێک لە گرفتەکانیشی لە فۆڕمێکی تەنزئامێزە ، کە رەنگە فیلمەکانی دەرهێنەری بەناوبانگ ئەمریکی (وودی ئەڵن) ئەو تێڕوانینەی تێدا بەرجەستە بێت. بۆیە چیتر بوارێک نەماوەتەوە بۆ ئەوەی سینەما تەنیا وەک ئامرازێکی کاتبەسەربردنی جەماوەری سەیر بکرێت، بەڵکو زەبر و رەنگ و دەنگی زوڵالی سینەما لە سەرجەم سیکرین و پێگە و پلاتفۆڕمە دیجیتاڵییەکانەوە وەک ئامرازێکی گرێدراوی میدیایی، لە رووی ئەکادیمیەوە بە دواداچوونی مەعریفی و رۆشنبیری ورد و درشت دەخوازێت.

# بەشی چوارەم: لایەنی مەیدانی

## پاری یەکەم: شیکاری خشتەکانی بەشی شیکاری ناوەڕۆکی سامپڵێ توێژینەوەکە

## پاری دووەم: شیکاری خشتەکانی بەشی ڕووپێوی سامپڵێ توێژینەوەکە

## پاری یەکەم: شیکاری خشتەکانی بەشی شیکاری ناوەڕۆکی سامپڵێ توێژینەوەکە

لە دوای کۆکردنەوەی بابەتەکانی ئەم دوانزە پێگە ئەلکترۆنییەی کە سامپڵی یەکەمی توێژینەوەکەیە توێژەر دەستی کرد بە تاوتوێکردنی داتا شیکارییەکان بەم شێوەیە:

**یەکەم( کورد فیلم)**

**خشتەی (1) یەکەی شیکار لە سەر بنەمای بابەت**

**دەستەی سەرەکی شیکار لە سەر بنەمای بابەتە هونەرییەکانی بواری سینەما، لەو سۆنگەییەوە کە هەندێک لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بە تەنها کار لە سەر بڵاو کردنەوەی فیلم ناکەن، بەڵکو بابەتگەلیکی زۆری پەیوەست بە کایەی سینەما بڵاو دەکەنەوە هەر وەک لەم خشتەیەدا پۆلینکاری بۆ کراوە:**

| ژ | یەکە | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فیلم | 1758 | 62.12 | یەکەم |
| 2 | زنجیرە فیلم | 179 | 6.32 | چوارەم |
| 3 | کورتە فیلم | 452 | 15.97 | دووەم |
| 4 | زنجیرە دراما | 275 | 9.71 | سێیەم |
| 5 | هەوال | – | – | – |
| 6 | ئینفۆگرافیک | – | – | – |
| 7 | ئەنیمی | 126 | 4.45 | پێنجەم |
| 8 | مانگا | – | – | – |
| 9 | دەرهێنەر | 40 | 1.43 | شەشەم |
| 10 | ئەکتەر | – | – | – |
| 11 | بۆکس ئۆفیس | – | – | – |
| 12 | ژیاننامە | – | – | – |
| 13 | چەمکەکان | – | – | – |
| 14 | خەلاتەکان | – | – | – |
| 15 | کۆمپانیاکان | – | – | – |
| 16 | کارتۆن | – | – | – |
| 17 | کۆمیکس | – | – | – |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | کۆمیک | – | – | – |
| | کۆی گشتی | 2830 | %100 | |

خشتەی(1) پۆلێنی ئەو داتایەنە لەخۆ دەگرێت کە دەبێتە مایەی دەرخستەی ناوەڕۆکی ئەوە بابەتانەی پەیوەستە بە پێگەی(کوردفیلم) کە کۆی گشتی ئەم خشتەیە(2830) بابەتە، لە (18) یەکە و(6) ئاستی جیاواز پێکهاتووە. کە فیلم وەک یەکە و بابەتی سەرەکی بە ڕێژەیەکی بەرز، پلەی یەکەمی ریزبەندی خشتەکە پێک دێنێت، و (1758)جار دووبارە بۆتەوە لەم شیکارییەدا.

کورتە فیلم وەک دووەم یەکە بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتر لە فیلمی درێژ (فیچەر فیلم) ئاستی دووەمی ریزبەندییەکە پێک دێنێت، و(452) جار دووبارە بۆتەوە لەم خشتەی شیکارییەدا. زنجیرە دراما بە ڕێژەیەکی کەمتر لە کورتە فیلم بۆتە سێیەمی ریزبەندییەکە، و(275) جار دووبارە بۆتەوە.

زنجیرە فیلم بە ڕێژەی نیو هێندەی زنجیرە دراما بۆتە ئاستی چوارەمی خشتەکە، و(179) جار دووبارە بۆتەوە. فیلمی ئەنیمەیشن بەراورد بە یەکەکانی پێشوتر بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتر دەبێتە پێنجەمی ریزبەندییەکە، و(126) جار دووبارە دەبێتەوە. زانیاری لە بارەی ژیاننامە و بەرهەمەکانی دەرهێنەرانەوە وەک بچوکترین یەکەی ئەم خشتە شیکارییە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم ئاستی شەشەمی ریزبەندییەکەی پێکهێناوە، کە دوا پلەیە، و(40)جاریش دووبارە بۆتەوە.

کەواتە:

– هەرچەندە بەروارد بە جۆرەکانی تر فیچەرفیلم یاخود فیلمی درێژ زۆرترین مەودای بۆ تەرخانکراوە، بەڵام فیلم بە جیاوازی جۆرەکانییەوە بابەتی سەرەکی بەهەند وەرگیراو و پەخشکراوی ئەم پێگەیەیە( کوردفیلم).

– گەرچی زنجیرە دراماکان جەماوەرێکی زۆریان هەیە، بەڵام ئەنجامی ڕێژەکان دەریدەخەن، لەم پێگەیەدا کەمتر بایەخی پێدراوە. کە دەشێت وەک یەکێک لە هۆکارەکان، وەرگێڕان و دۆبلاژکردن و ژێرنووس کردنی چەند ئەڵقەیەک ئەرکی گرانتر بێت لە فیلمێک. یا دەشێت لە روانگەی بەرێوەبەرانی ئەم پێگەیەوە پەخشکردنی فیلم گرنگتر بێت.

– لەو روانگەییەوە فیلمی ئەنیمەیشن بەراورد بە جۆرەکانی تری فیلم هێشتا بە رێژەیەکی ئەوتۆ نەبۆتە جێ بایەخی بینەری کورد، بۆیە مەودای کەمتری بۆ تەرخان کراوە. ئەمەش بێگومان رەنگدانەوەی لەسەر  بژاردەکانی پێگەکە دەبێت.
– بە ئاگا بوون لە بەرهەم و ژیانی دەهێنەران وەک کارکتەرێکی سەرەکی بواری فیلمسازی، هەمیشە بابەتێکی سەرنجبەرە لای بینەر بە گشتی و لای ئارەزوومەندان و فیلمسازانیش بە تایبەتی، هەرچەندە بەراورد بە گرنگیەکەی کەمترین مەودای بۆ تەرخانکراوە لەم پێگەیەدا.

**خشتەی (2) دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای ژانر**

**دەستەی لاوەکی شیکارلە سەر بنەمای ژانرە سینەماییەکانی پەیوەست بە فیلم لەو سۆنگەییەوە هەر بەرهەمێکی سینەمایی دەبێت لەسەر بنەمای ژانرێک یاخود زیاتر پێناسە بکرێت، کە بە شیوەیەکی گشتی زیاد لە ژانرێک لە خۆ دەگرێت، هەرفیلمێک ژانرێکی تێپەڕاند بە ئاوێتە پۆلێن دەکرێت هەروەک لەم خشتەیەدا دیارە:**

| ژ | دەستە | دووبارە | رێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دراما | 202 | 11.49 | دووەم |
| 2 | رۆمانس | 4 | 0.22 | نۆیەم |
| 3 | دۆکیومێنتری | 10 | 0.57 | حەوتەم |
| 4 | کۆمیدی | 22 | 1.25 | سێیەم |
| 5 | ترسناک | 20 | 1.14 | چوارەم |
| 6 | تاوان | – | – | – |
| 7 | ئاکشن | 12 | 0.68 | شەشەم |
| 8 | خەیاڵی | 2 | 0.11 | دەیەم |
| 9 | زانستی خەیاڵی | – | – | – |
| 10 | سەرکێشی | – | – | – |
| 11 | هەستبزوێن | – | – | – |
| 12 | خۆرئاوایی | 4 | 0.23 | نۆیەم |
| 13 | خێزانی | 8 | 0.46 | هەشتەم |
| 14 | ژیاننامە | 1 | 0.06 | یازدەیەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 15 | کۆمەڵایەتی | 7 | 0.40 | پێنجەم |
| 16 | میوزیکاڵ | 1 | 0.06 | یازدەیەم |
| 17 | مێژووی | 1 | 0.06 | - |
| 18 | ئاوێتە | 1464 | 83.27 | یەکەم |
| کۆی گشتی | | 1758 | %100 | |

خشتەی(2) ئەو داتایانەی لەخۆ گرتووە کە تایبەتن بە ژانرە سینەماییەکانی پەیوەست بە فیلم. بە(18) دەستەی لاوەکی و(10) ئاست کۆی ریزبەندی خشتەکە پێکدێنن. لە نێو(18) ژانردا ئاوێتە ریزبەندی یەکەمی خشتەکە پێک دێنێت کە مەبەست لێی هەر فیلمێکی بەرهەمهێنراو زیاد لە ژانرێک لەخۆ دەگرێت، بۆیە دەبێتە فیلمێکی ئاوێتە. لەم خشتەیەشدا ئاوێتە (1464) دووبارە بۆتەوە.

بە رێژەیەکی زۆر جیاوازتر لە ئاوێتە، دراما دەبێتە دووەم دەستە و ژانری ئەم ریزبەندییە، کە(202) جار دووبارە بۆتەوە. بەهەمان شێوە ژانری کۆمیدی بە رێژەیەکی زۆر جیاوازتر لە دراما دەبێتە ریزبەندی سێیەمی خشتەکە، و(22) جار دووبارە بۆتەوە.

بەڵام دەستە و ژانری ترسناک بە رێژەیەکی ئێجگار نزیک لە ژانری کۆمیدی دەبێتە چوارەم ئاستی ئەم خشتەیە، و(20) جار دووبارە بۆتەوە. ئاکشن پێنجەمی ریزبەندییەکە پێکدێنێت، و(12) جار دووبارە بۆتەوە. دەستەی لاوەکی دۆکیمێنتری کە ژانرێکی گرنگی هەردوو بواری (میدیا- سینەما)یە دەبێتە شەشەمی ریزبەندییەکە و تەنها(10) جار دووبارە بۆتەوە. ژانرەکانی تر بە رێژەیەکی زۆر کەمتر لە خوار ژمارە(10)ەوە دووبارە بوونەتەوە، یاخود هیچ رێژە و پلەیەکیان نیە لە نێو ریزبەندییەکەدا.

کەواتە:

- بەهۆی سروشتی بەرهەمهێنانی فیلمەوە کە بە شێوەیەکی گشتی زیاد لە ژانرێک لەخۆ دەگرێت، ئاساییە بەو رێژە زۆرە فیلمە ئاوێتە زۆرترین مەودا بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن.
- دراما وەک ژانرێک کە زۆرترین بابەتەکانی پەیوەست بە هەڵچونە دەرونییەکانی مرۆڤ لە خۆ دەگرێت خێراتر سۆزی بینەر دەدوێنێت، بۆیە رەواجێکی زیاتری هەیە لە ژانرەکانی تر.
- ئاماژەکان دەریدەخەن ژانرە ترسناک و کۆمیدییەکان کەمتر بەها و بایەخیان هەیە هەم لەم پێگەیەدا و هەم لە ڕووی جەماوەریشیانەوە.

– هەرچەندە فیلمە دۆکیومێنترییەکان گێڕانەوە و نیشاندانی ڕاستی چیرۆک و بابەتەکانە بە تەرزێکی سینە،مایی، بەڵام مانای وانییە تێروانینی دەرهێنەر هیچ ڕەنگدانەوەیەکی نەبێت لە سەر بەرهەمهێنانی فیلمەکە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بە گشتی ڕادەی جەماوەریی لە ژانرەکانی تر کەمترە بە تایبەت لە نێو هەرزەکارو لاواندا.

– هەندێک لە ژانرەکان هێشتا نە گەشتوونەتە ئاستێک وەک بەرهەمێکی سینەمایی بایەخ و بەهایەکی ئەوتۆیان هەبێت، هەربۆیە لە هەندێک پێگەدا ڕەنگدانەوەی دەبێت هاوشێوەی ئەم پێگەیە.

**خشتەی (3) دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای شوناس**

**دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای شوناس کە مەبەست لیی دیاریکردنی ولاتانی بەرهەمێنی فیلمەکانە کە هەندێک جار دەشێ بەرهەمێکی هاوبەش بێت بەڵام لەم خشتەیدا ئاماژە بە وڵاتی بەرهەمهێنەری سەرەکی فیلمەکان کراوە کە، ئامانج لە دانانی ئەم خشتەیە ئەوەیە، فیلم زۆرترین پانتایی لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا داگیر کردووە، بە مەبەستی دەرخستنی ڕیزبەندییان بە پی وڵاتانی ئاماژە پێکراوی ناو خشتەکە.**

| ژ | دەستەی لاوەکی | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەمریکی | 1144 | 65.1 | یەکەم |
| 2 | بەریتانی | – | – | سیازدەیەم |
| 3 | هیندی | 61 | 3.5 | پێنجەم |
| 4 | کۆری | 120 | 6.8 | سێیەم |
| 5 | ژاپۆنی | 27 | 1.5 | حەوتەم |
| 6 | چینی | 19 | 1.1 | دەیەم |
| 7 | روسی | – | – | – |
| 8 | ئەڵمانی | 29 | 1.6 | شەشەم |
| 9 | فەرەنسی | 63 | 3.6 | چوارەم |
| 10 | ئیسپانی | 20 | 1.1 | نۆیەم |
| 11 | ئیتاڵی | 24 | 1.4 | دوازدەیەم |
| 12 | بیانی | – | – | – |
| 13 | تورکی | – | – | – |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 14 | فارسی | 214 | 12.2 | دووەم |
| 15 | عەرەبی | 17 | 1.0 | یازدەیەم |
| 16 | کوردی | 20 | 1.1 | هەشتەم |
| کۆی گشتی | | 1758 | %100 | |

خشتەی(3) دەرخستەی زانیارییەکانی پەیوەست بە شوناسی بەرهەمێنەرانی سەرەکی فیلمەکانە کە فیلمی ئەمریکی بە ڕێژەیەکی زۆر پلەی یەکەمی ریزبەندییەکە پێکدێنێت، و(1144) جار دووبارە بۆتەوە و گەورەترین دەستەی شیکاری ئەم خشتەیە. فیلمی فارسی هەرچەندە بەراورد بە فیلمی ئەمریکی بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتر بەشدارە لەم ریزبەدییەدا، بەڵام ئاستی دووەم پێکدێنێت، و(214) جار دووبارە بۆتەوە.

فیلمی کۆریش دەبێتە ریزبەندی سێیەم و،(120) جار دووبارە بۆتەوە. فیلمی فەرەنسی بە ڕێژەیەک نزیک لە نیو هێندەی فیلمی کۆری دەبێتە ریزبەندی چوارەمی ئەم دەستە لاوەکییە، بە جۆرێک(63)جار دووبارە بۆتەوە. بەشێک لە فیلمە بیانی و ئاسیاییەکان بە ڕێژەیەکی کەمتر لە ریزبەندییەکەدا بەشدارن، ولە(100) جار کەمتر دووبارە بۆتەوە.

هەندێک لە فیلمەکان هیچ ڕێژەیەکیان نیە لەم ریزبەدییەدا. فیلمە کوردییەکان بە ڕێژەیەکی ئێجگار کەم بەشدارن لەم رێزبەدییەدا کە ئاستی هەشتەم پێکدێنێت، وتەنها(20) جار دووبارە بۆتەوە.

کەواتە:

- لە روانگەی هێز و هەژموونییەوە، فیلمی ئەمریکی زۆرترین مەودای ئەم پێگەیەی بۆ تەرخانکراوە، رکابەرێکی نەک هاوشیوە بەڵکو هیچ نزیکیەکیش نیە لێیەوەی.
- بە هۆی ئاشنا بوونی زیاتر بە سینەمای فارسی چ لە روانگەی نزیکی جوگرافی و کەلتورییەوەشەوە بێت، جەماوەرێکی زۆری کورد بینەری فیلم و دراما فارسییەکانن.
- لەم چەند ساڵانەی دواییدا بە هۆی رەواجدانی زیاتر بە فیلم و دراما کورییەکان لە نێو میدیای کوردیدا، جەماوەری خۆیان هەیە ، ئەمەش پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی پێگەکان بە پێی رادەی جەماوەریان مەودایان بۆ تەرخان بکەن.
- کەمی رێژەی هەندێک لە فیلمەکان یاخود نەبوونی هیچ رێژەیەک، ئاماژەیە بۆ ئەوەی بینەری کورد کەمتر ئاشنان پێیان یا هەر جێی بەیەخیان نین، بە هەمان شێوە دەشێت ئەم تێڕاونینە لەبارەی ریزبەندی بایەخی پێگەگە بۆ ئەم جۆرە فیلمانە هەر راست بێت.

– داتاکان گوزارشتن بۆ کەمی ئامادەگی بەرهەمە کوردییەکان لە نێو ئەم پێگەیەدا، جا هۆکارەکەی گرفتی کەمی بەرهەمی کوردی بێت، یاخود رەنگە بەرهەمە کوردییەکان بە ئاسانی دەست پێگە ئەلکترۆنییەکان نەکەون، چونکە بە ئاسانی ناچنە سەر(DVD) یان بلو رەی و هەر پلاتفۆرمێکی تر.

**خشتەی (4)دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای ژانرە میدیاییەکان**

**دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای ژانرە میدیاییەکان بۆ دەرخستنی بابەتە سیینەماییەکان لە چوارچێوەی ژانرە میدیاییەکاندا تا چ رادەیەک بایەخیان پێدراوە .**

| ژ | دەستەی لاوەکی | دووبارە | رێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەواڵ | – | – | – |
| 2 | وتار | 17 | 28.3 | دووەم |
| 3 | چاوپێکەوتن | – | – | – |
| 4 | راپۆرت | – | – | – |
| 5 | شیکردنەوە | 43 | 71.7 | یەکەم |
| 6 | رەخنە | – | – | – |
| 7 | زانیاری | – | – | – |
| کۆی گشتی | | 60 | 100% | |

خشتەی(4) دەرخستنی داتاکانی پەیوەست بەو ژانرە میدیاییانەی لەم پێگەیەدا مەودای بۆ تەرخانکراوە، کە بە پێنچ دەستەی لاوەکی هەریەک لە ( هەواڵ، وتار، چاوپێکەوتن، راپۆرت، شیکردنەوە، رەخنە، زانیاری) بونەتە ریزبەندی ئەم خشتەیە. جگە لەو دوو ژانر(وتار–شیکردنەوە) هیچ کام لەوانیتر بە تەنها ژمارەیەکیش لە نێو ریزبەندییەکەدا نین.

نوسینی وتار لە بارەی بابەتە سینەماییەکانەوە بە پلەی دووەمی ریزبەندییە دێت کە بچوکترین دەستەی خشتەکەیە، و(17) جار دووبارە بۆتەوە. ئەو بابەتانەشی دەچنە خانەی شیکردنەوەوە دەبێتە گەورەترین دەستە و پلەی یەکەمی ریزبەندییەکە پێکدێنێت، و(43) جار دووبارە بۆتەوە.

کەواتە:

– هەرچەندە (هەواڵ، چاوپێکەوتن، راپۆرت و زانیاری) ژانرێکی گرنگی میدیایین بەڵام هیچ مەودایەکیان بۆ تەرخان نەکراوە لەم پێگە ئەلکترۆنییەدا. ئیتر هۆکارەکی بەهەند وەرنەگرتنی ئەم ژانرەنە بێت لە نێو بایەخبەندی پێگەکەدا، یان کەمی توانای بەدەستهێنان و ئامادەکردنیان بێت لە سۆنگەییەوەی دەبێت خۆیان بەرهەمیان بهێنن.

– وتار وەک ژانرێکی گرنگ هەم لەرەهەندی میدیایی، وهەم لە رەهەندی سینەماییشەوە بابەتێکی پڕ بایەخ و بەهەند وەرگیراوە، لەبەرئەوەی گوزارشت لە دیدو تێڕووانینی نووسەرەکەی دەکات کە سەبارەت بە هەر بابەتێکی سینەمایی دەنوسرێت. کەمترین مەودای تەرخانکراو بۆ وتار گوزارشتە بۆ ئەوەی نەک پێگەکان بە تەنها بەڵکو بەشێک لە جەماوەریش لایان پەسەندترە زیاتر بینەر بن نەک بینەر و خۆێنەریش بن.

– هەرچەندە شیکردنەوە(راڤەکردن) ژانرێکی ئێجگار گرنگی جیهانی میدیا و سینەماییە کە تەنها کەسانی شارەزا و بەئەزموون لە هەردوو بوارەکەدا دەتوانن راڤەکاری بۆ فیلمێک بکەن، چونکە پرسیارگەلێک دەبێتە کەرەستەی نووسینان تا بتوانن وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، و لە روانگەی شارەزاییانەوە لایەنێکی یاخود کۆی لایەنەکانی پەیوەست بە فیلمەکە شی بکەنەوە(راڤە). ئەگەرچی  بەراورد بە وتار مەودایەکی زیاتری بۆ تەرخانکراوە بەڵام داتاکان دەریدەخەن ئەو بابەت و ژانرانەی دەچنە خانەی رۆژشنبیری سینەماییەوە کەمتر بەها و بایەخیان هەیە لەم پێگەیەدا.

**خشتەی (5) دەستەی لاوەکی لە سەر بنەمای جوگرافی**

**دەستەی لاوەکی لە سەر بنەمای جوگرافی، ئامانج لێی دەرخستنی بایەخبەندی بابەتەکانە لە رووسنوری جوگرافییەوە چ  رێژبەندییەکیان هەیە لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا:**

| ژ | دەستەی لاوەکی | دووبارە | رێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | لۆکاڵی | 38 | 1.3 | سێیەم |
| 2 | هەرێمی | 234 | 8.1 | دووەم |
| 3 | جیهانی | 2618 | 90.6 | یەکەم |
| کۆی گشتی | | 2890 | %100 | |

خشتەی(5) ئەو زانیارییانە لەخۆ دەگرێت کە کۆی بابەتەکانی ئەم پێگە ئەلکترۆنییە بەسەر(3) دەستەی لاوەکیدا دابەشدەکات، هەروەها بە برگەی( لۆکالّی، هەرێمی و جیهانی) ریزبەندی خشتەکە پێکدێنن . بابەتە لۆکاڵییەکان دەبنە بچوکترین دەستە و کەمترین بابەتی ئەم پێگەیە بە ئاستی سێیەم و(38)جار دووبارە بوونەوە رێژەی خشتەکە پێکدێنن.

هەرچەندە هیچ هاوسەنگی و لێکنزیکیەک نیە لە نێوان رێژەکاندا، بەڵام بابەتە هەرێمییەکان پلەی دووەمی ریزبەندییەکە پێکدێنن، و(234) جار دووبارە بوونەتەوە. بە رێژەیەکی ئێجگار دوور و زۆر لە دوو ئاستەکەی پێشوو بابەتە جیهانییەکان دەبنە رێژەی یەکەمی ریزبەندییەکە، و(2628) جار دووبارە بوونەتەوە.

کەواتە:

– هەژاری بەرهەمی لۆکاڵی و هەنگاوە سەرەتاییەکانی گەشەی بابەتە سینەماییە کوردییەکان هۆکارن بۆ ئەو رێژە کەمەی لەم داتایانەدا بە دەستهاتوون.

– هەرچەندە بەراورد بە بەرهەم و بابەتە لۆکاڵییەکان بە رێژەیەکی زۆر زیاتر پانتایی بۆ بابەتە هەرێمییەکان تەرخانکراوە لەم پێگەیەدا بە تایبەتی بەرهەمە فارسییەکان، بەڵام لەم ریزبەندییەدا بەرهەمە تورکییەکان بە تەنها خاڵێکیش بەشێک نین لە بایەخبەندی ئەم پێگەیە.

– پڕ جەماوەریی و زۆروزەوەندی و باشتر بەردەستبوونیان هۆکاری سەرەکی بوونی ئەو رێژە زۆرەی بەرهەمە جیهانییەکانە لە نێو ئەم پێگە سینەماییەدا.

**دووەم (کورد سینەما)**

**خشتەی (6) دەستەی سەرەکی شیکار لە سەر بنەمای بابەت**

**دەستەی سەرەکی شیکار لە سەر بنەمای بابەتە هونەرییەکانی بواری سینەما، لەو سۆنگەییەوە کە هەندێک لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بە تەنها کار لە سەر بڵاو کردنەوەی فیلم ناکەن، بەڵکو بابەتگەلیکی زۆری پەیوەست بە کایەی سینەما بڵاو دەکەنەوە هەر وەک لەم خشتەیەدا پۆلێنکاری بۆ کراوە:**

| ژ | یەکە | دووبارە | رێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فیلم | 4524 | 81.8 | یەکەم |
| 2 | زنجیرە فیلم | 58 | 1.0 | حەوتەم |
| 3 | کورتە فیلم | 110 | 2.0 | چوارەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 4 | زنجیره دراما | 236 | 4.3 | سێیەم |
| 5 | وێنە هەواڵ | 38 | 0.7 | نۆیەم |
| 6 | ئینفۆگرافیک | 108 | 2.0 | پێنجەم |
| 7 | ئەنیمی | 282 | 5.1 | دووەم |
| 8 | مانگا | – | – | – |
| 9 | دەرهێنەران | 62 | 1.1 | شەشەم |
| 10 | ئەکتەر | – | – | – |
| 11 | بۆکس ئۆفیس | 22 | .4 | دەیەم |
| 12 | ژیاننامە | 43 | .8 | هەشتەم |
| 13 | چەمکەکان | – | – | – |
| 14 | خەڵاتەکان | – | – | – |
| 15 | کۆمپانیاکان | – | – | – |
| 16 | کارتۆن | 7 | .1 | داونزەیەم |
| 17 | کۆمیکس | 33 | 0.6 | نۆیەم |
| 18 | کۆمیک | 8 | .1 | یازدەیەم |
| کۆی گشتی | | 5531 | %100 | |

خشتەی(6) پۆلێنی ئەو داتایەنە لەخۆ دەگرێت کە دەبێتە مایەی دەرخستەی ناوەڕۆکی ئەوە بابەتەنەی پەیوەستە بە پێگەی(کورد سینەما)ەوە، کە کۆی گشتی ئەم خشتەیە(5863) بابەتە، لە (18) یەکە و(13) ئاستی جیاواز پێکهاتووە. فیلم وەک یەکە و بابەتی سەرەکی بە ڕێژەیەکی بەرز، پلەی یەکەمی ریزبەندی خشتەکە پێک دێنێت، کە (4524)جار دووبارە بۆتەوە لەم شیکارییەدا.

فیلمی ئەنیمەیشن بە ڕێژەیەکی کەمتر لە فیلم بۆتە دووەمی ریزبەندییەکە، و(282) جار دووبارە بۆتەوە. زنجیرە دراما بە ڕێژەیەکی نزیک لە ئەنیمی بۆتە ئاستی سێیەمی خشتەکە، و(236) جار دووبارە بۆتەوە. کورتە فیلم بەراورد بە یەکەکانی پێشوتر بە ڕێژەیەکی کەمتر دەبێتە چوارەمی ریزبەندییەکە، و (110)جار دووبارە بۆتەوە.

ئینفۆگرافیک بە ڕێژەیەکی زۆر نزیک لە کورتە فیلم دەبێتە پێنجەمی ریزبەندییەکە، و(108) جار دووبارە دەبێتەوە. زانیاری لە بارەی ژیاننامە و بەرهەمەکانی دەرهێنەرانەوە بە

ڕێژەیەکی کەم ئاستی شەشەمی ریزبەندییەکەی پێکهێناوە، و(62)جاریش دووبارە بۆتەوە.
زنجیرە فیلم بە ڕێژەیەکی نزیک لە یەکەی دەرهێنەرانەوە دەبێتە ریزبەندی حەوتەم، و(58)جار دووبارە بۆتەوە.

ژیاننامەی سینەماکاران دەبێتە هەشتەمی ریزبەندییەکە، و(43) جار دووبارە بۆتەوە. وێنە هەواڵ دەبێتە ئاستی نۆیەم، و(38) جار دووبارە بۆتەوە. هەریەک لە کۆمیکس بە پلەی دەیەم ، بۆکس ئۆفیس بە پلەی پلەی یانزەیەم ، کۆمیک بە پلەی دوانزەیەم و کارتۆن بە پلەی سیانزەیەم دەبنە بچوکترین یەکەی ئەم خشتە شیکارییە. چەند یەکەیەکیش هیج پلەیەکیان نییە لە ریزبەندییەکەدا.

کەواتە:

- فیچەرفیلم یاخود فیلمی درێژ زۆرترین مەودای بۆ تەرخانکراوە، و بابەتی سەرەکی بەهەند وەرگیراو و پەخشکراوی ئەم پێگەیەیە( کوردسینەما).
- لە گەڵ ئەوەی ئەنیمەیش جەماوەری کەمترە بەراورد بە ژانرەکانی تر، بەڵام بە پێی داتاکان لە پێگەیەکەوە بۆ پێگەیەکی تر ڕێژەکان جیاواز دەردەکەون، بۆیە ئەوەی لەم پێگەیەدا دەردەکەوێت مەودایەکی پەسەندی بۆ تەرخانکراوە.
- هەرچەندە زنجیرە دراماکان هەموو کات جەماوەریان هەیە ، بەڵام ئەنجامی ڕێژەکانی ئەم پێگەیەش هەر گوزارشتن لەوەی ، کەمتر بایەخی پێدراوە. کە دووبارە دەشێت ئەم تێڕوانینە بۆ ئەم پێگەیەش دروست بێت وەک یەکێک لە هۆکارەکان، وەرگێڕان و دۆبلاژکردن و ژێرنووس کردنی چەند ئەڵقەیەک ئەرکی گرانتر بێت لە فیلمێک. یا دەشێت لە روانگەی بەرێوەبەرانی ئەم پێگەیەوە پەخشکردنی فیلم گرنگتر بێت.
- لە نێو جۆرەکانی فیلمدا کورتە فیلم یەکێکە لە جۆرە باو رەواجدارەکان، بۆیە وا دەخوازێت پانتاییەکی زۆری بۆ تەرخان بکرێت لە نێو پێگەکاندا.
- نمایشکردنی ژیاننامە و کارو بەرهەمی ئەکتەر و فیلمسازان لە چوارچێوەی چەند وێنەیەکی سەرنجبەر و ئاوێتەکردنی زانیاری(ئینفۆگرافیک) لەو بارەیەو کارێکی جیاوازی ئەم پێگەییە.
- بە هەمان شێوە بە ئاگا بوون لە بەرهەم و ژیانی دەهێنەران وەک کاراکتەرێکی سەرەکی بواری فیلمسازی، هەمیشە بابەتێکە جێی بایەخی جەماوەر و ناوەندە هونەرییەکەش دەبێت،بۆیە لە نێو بایەخبەندی ئەم پێگەیەشدا بەهای خۆی هەیە. هەرچەندە بەراورد بە گرنگیەکەی کەمترین مەودای بۆ تەرخانکراوە.

– سەربارى سەرگەرمى فيلم، زانينى هەواڵ لە بارەى جهيانى سينەما و كارەكتەرەكانييەوە چێژو بايەخى خۆى هەيە لاى جەماوەر بێگومان لە ژانرى وێنەهەواڵدا سەرنجراكێشتر دەبێت، هەرچەندە بە رێژەيەكى كەم مەوداى بۆ تەرخانكراوە، بەڵام بابەتێكى پێويستە بۆ هەردوو رەهەندە ميديايى و سينەماييەكەش.

– ئەوەى جێ سەرنجە لەم پێگەيە بە تەنها فيلم نەبۆتە جێى بايەخبەنديان، بەڵكو بابەتگەلێگ ديكە ئامادەگيان هەيە، كە دەشيت ببێتە مايەى خزمەتكردن بە بوارەكە(سينەما) يارمەتيدەريش بێت وەك هەنگاوێكى سەرەتايى بۆ بڵاوكردنەوەى رۆشنبيرى سينەمايى.

**خشتەى (7) دەستەى لاوەكى شيكارلە سەر بنەماى ژانرە سينەماييەكان**

**دەستەى لاوەكى شيكارلە سەر بنەماى ژانرە سينەماييەكانى پەيوەست بە فيلم لەو سۆنگەييەوە هەر بەرهەمێكى سينەمايى دەبێت لەسەر بنەماى ژانرێك ياخود زياتر پێناسە بكرێت، كە بە شێوەيەكى گشتى زياد لە ژانرێك لە خۆ دەگرێت، هەرفيلمێك ژانرێكى تێپەڕاند بە ئاوێتە پۆلێن دەكرێت هەروەك لەم خشتەيەدا ديارە:**

| ژ | دەستە | دووبارە | رێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دراما | 197 | 4.35 | دووەم |
| 2 | رۆمانس | 27 | 0.6 | هەشتەم |
| 3 | دۆكيومێنترى | 31 | 0.68 | حەوتەم |
| 4 | كۆميدى | 59 | 1.31 | سێيەم |
| 5 | ترسناك | 54 | 1.19 | چوارەم |
| 6 | تاوان | 8 | 0.18 | دەيەم |
| 7 | ئاكشن | 44 | 0.97 | شەشەم |
| 8 | خەياڵى | 4 | 0.09 | يازدەيەم |
| 9 | زانستى خەياڵى | 8 | 0.18 | نۆيەم |
| 10 | سەركێشى | 2 | 0.04 | سيازدەيەم |
| 11 | هەستبزوێن | 48 | 1.06 | پێنجەم |
| 12 | رۆژئاوايى | 3 | 0.07 | دوازدەيەم |
| 13 | خێزانى | 2 | 0.04 | سيازدەيەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| دوازدەیەم | 0.07 | 3 | ژیاننامە | 14 |
| – | – | – | کۆمەڵایەتی | 15 |
| – | – | – | میوزیکاڵ | 16 |
| چواردەیەم | 0.02 | 1 | مێژووی | 17 |
| یەکەم | 89.15 | 4033 | ئاوێتە | 18 |
| | %100 | 4524 | کۆی گشتی | |

خشتەی(7) ئەو داتایانەی لەخۆ گرتووە کە تایبەتن بە ژانرە سینەماییەکانی پەیوەست بە فیلم. بە(18) دەستەی لاوەکی و(14) ئاست کۆی ریزبەندی خشتەکە پێکدێنن. لە نێو(18) ژانردا ئاوێتە ریزبەندی یەکەمی خشتەکە پێک دێنێت کە مەبەست لێی هەر فیلمێکی بەرهەمهێنراو زیاد لە ژانرێک لە خۆ دەگرێت، بۆیە دەبێتە فیلمێکی ئاوێتە. لەم خشتەیەشدا ئاوێتە (4033) دووبارە بۆتەوە.

بە رێژەیەکی زۆر جیاوازتر لە ئاوێتە، دراما دەبێتە دووەم دەستە و ژانری ئەم ریزبەندییە، کە(197) جار دووبارە بۆتەوە. بەهەمان شێوە ژانری کۆمیدی بە رێژەیەکی زۆر جیاوازتر لە دراما دەبێتە ریزبەندی سێیەمی خشتەکە، و(59) جار دووبارە بۆتەوە.

بەڵام دەستە و ژانری ترسناک بە رێژەیەکی ئێجگار نزیک لە ژانری کۆمیدی دەبێتە چوارەم ئاستی ئەم خشتەیە، و(54) جار دووبارە بۆتەوە. ژانری هەستبزوێن پێنجەمی ریزبەندییەکە پێکدێنێت،و(48) جار دووبارە بۆتەوە. دەستەی لاوەکی ئاکشن دەبێتە شەشەمی ریزبەندییەکە و تەنها(44) جار دووبارە بۆتەوە. ژانرەکانی تر بە رێژەیەکی زۆر کەمتر لە خوار ژمارە(40)ەوە دووبارە بوونەتەوە، هەندێکیان تەنها بەسێ یان بە دوو خاڵ بەشدارن لە ریزبەندییەکدا. ژانری مێژووی وەک دوا دەستەی لاوەکی بچوکترین پلەی ئەم خشتە شیکارییە پێکدێنێت، و تەنها(1) جار دووبارە بۆتەوە.

کەواتە:

- بە هەمان شێوەی پێکەکانی تر بەهۆی سروشتی بەرهەمهێنانی فیلمەوە کە بە شێوەیەکی گشتی زیاد لە ژانرێک لەخۆ دەگرێت، فیلمی ئاوێتە لەم پێگەیەشدا زۆرترین مەودا بۆ خۆیان دەستەبەر کردووە. هەروەها دراماش بەهەمان شێوە رەواجێکی زیاتری هەیە لە ژانرەکانی تر

– ئاماژەکان  بە ڕێژەیەکی نزیک لەیەک دەریدەخەن ژانرە ترسناک و کۆمیدییەکان لەم پێگەیەشدا کەمتر بەها و بایەخیان هەیە.
– دووبارە بوونەوی ڕێژە هاوشیوەکان لە نێو پێگەکاندا ئەوە پشتراست دەکەنەوە، کە هەندێک لە ژانرەکان هێشتا نە گەشتوونەتە ئاستێک وەک بەرهەمێکی سینەمایی بایەخ و بەهایەکی ئەوتۆیان هەبێت.

**خشتەی (8) دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای شوناس**

**دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای شوناس کە مەبەست لیی دیاریکردنی  وڵاتانی بەرهەمێنی فیلمەکانە کە هەندێک جار دەشێ بەرهەمێکی هاوبەش بێت بەڵام لەم خشتەیدا ئاماژە بە وڵاتی بەرهەمهێنەری سەرەکی فیلمەکان کراوە کە، ئامانج لە دانانی ئەم خشتەیە ئەوەیە، فیلم زۆرترین پانتایی لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا داگیر کردووە، بە مەبەستی دەرخستنی ریزبەندییان بە پی وڵاتانی ئاماژە پێکراوی ناو خشتەکە:**

| ژ | دەستەی لاوەکی | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەمریکی | 3054 | 67.5 | یەکەم |
| 2 | بەریتانی | 22 | .5 | دەیەم |
| 3 | هیندی | 587 | 13.0 | دووەم |
| 4 | کۆری | 287 | 6.3 | سێیەم |
| 5 | ژاپۆنی | 14 | .3 | چواردەیەم |
| 6 | چینی | 18 | .4 | یازدەیەم |
| 7 | روسی | 14 | .3 | چواردەیەم |
| 8 | ئەڵمانی | 16 | .4 | سیازدەیەم |
| 9 | فەرەنسی | 38 | .8 | نۆیەم |
| 10 | ئیسپانی | 73 | 1.6 | شەشەم |
| 11 | ئیتاڵی | 17 | .4 | دوازدەیەم |
| 12 | بیانی | 56 | 1.2 | هەشتەم |
| 13 | تورکی | 59 | 1.3 | حەوتەم |
| 14 | فارسی | 168 | 3.7 | چوارەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 15 | عەرەبی | 12 | .3 | پازدەیەم |
| 16 | کوردی | 89 | 2 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | 4524 | %100 | |

خشتەی(8) دەرخستەی زانیارییەکانی پەیوەست بە شوناسی بەرهەمێنەرانی سەرەکی فیلمەکانە کە فیلمی ئەمریکی بە رێژەیەکی زۆر پلەی یەکەمی ریزبەندییەکە پێکدێنێت، و(3054) جار دووبارە بۆتەوە و گەورەترین دەستەی شیکاری ئەم خشتەیە. فیلمی هیندی هەرچەندە بەراورد بە فیلمی ئەمریکی بە رێژەیەکی زۆر کەمتر بەشدارە لەم ریزبەندییەدا، بەڵام ئاستی دووەم پێکدێنێت، و(587) جار دووبارە بۆتەوە.

فیلمی کۆریش دەبێتە ریزبەندی سێیەم و،(287) جار دووبارە بۆتەوە. فیلمی فارسی بە رێژەیەک نزیک لە نیو هێندەی فیلمی کۆری دەبێتە ریزبەندی چوارەمی ئەم دەستە لاوەکییە، بە جۆرێک(168)جار دووبارە بۆتەوە. فیلمە کوردییەکان بە رێژەی پێنجەم بەشدارن لەم ریزبەندییەدا، و(89) جار دووبارە بۆتەوە. بەشێک لە فیلمەکان بە رێژەیەکی کەمتر لە ریزبەندییەکەدا بەشدارن، و ژمارەی دووبارە بوونەوەیان لە (80) جار کەمتر و بە پلەبەندی شەشەم تا پانزەیەم دەبنە کۆتایی خشتەکە. دەستەی لاوەکی عەرەبی دەبێتە بچوکترین دەستەی ئەم خشتەیە، و(12)جار دووبارە بۆتەوە.

کەواتە:

– دووبارە بوونەوەی بەردەوامی داتاکان هەژمونی فیلمە ئەمریکیەکان پشتراستدەکاتەوە کە زۆرترین مەودای ئەم پێگەیەی بۆ تەرخانکراوە، و رکابەرێکی نەک هاوشیوە بەڵکو هیچ نزیکیەکیش نیە لێیەوەی.

– بینەری کورد ئاشنایەتی دێرینی لەگەڵ سینەمای هیندیدا هەیە ،بۆیە دەکرێت مەودایەکی زۆر لە نێو پێگە کوردییەکاندا بۆ خۆی دەستەبەر بکات. هەروەها بە هۆی رەواجدانی زیاتر بە فیلم و دراما کورییەکان لە نێو میدیای کوردیدا، لەم چەند ساڵانەی دواییدا هۆکار بوون بۆ زیاتر ئاشنا بوونی بینەری کورد بە بەرهەمە کۆرییەکان

– ئاشنایەتی توندوتۆڵی نێوان بینەری کورد و بەرهەمە فارسیەکان رەگ و ریشەی جوگرافی و کلتوری ،ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی پانتایی زۆرێک لە پێگەکان بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

– بەراورد بە هەندێک لە پێگەکانی تر بەرهەمە کوردییەکان بە ڕێژەیەکی زیاتر لەم  پێگەیەدا هەن، ئەمەش خاڵیکی ئەرێنی ئەم پێگەیەیە کە بەرهەمە کوردییەکانیان فەرامۆش نەکردووە.
– بە هۆی زۆری بابەتەکانیەوە، ئەم پێگەیە تا ڕادەیەک بەرهەمی زۆرێک لە وڵاتانی تێدا پەخشکراوە.ئەمەش دەبێتە خاڵیکی ئەرێنی و گوزارشت لە چالاکبوونی ئەم پێگەیە دەکات.

**خشتەی (9) دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای ژانرە میدیاییەکان**

**دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای ژانرە میدیاییەکان بۆ دەرخستنی بابەتە سینەماییەکان لە چوارچێوەی ژانرە میدیاییەکاندا تا چ ڕادەیەک بایەخیان پێدراوە:**

| ژ | دەستەی لاوەکی | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەواڵ | 332 | 72.8 | یەکەم |
| 2 | وتار | 54 | 11.8 | سێیەم |
| 3 | چاوپێکەوتن | – | – | – |
| 4 | ڕاپۆرت | – | – | – |
| 5 | شیکردنەوە | – | – | – |
| 6 | ڕەخنە | – | – | – |
| 7 | زانیاری | 70 | 15.4 | دووەم |
| کۆی گشتی | | 456 | %100 | |

خشتەی (9) دەرخستنی داتاکانی پەیوەست بەو ژانرە میدیاییانەی لەم پێگەیەدا مەودای بۆ تەرخانکراوە, بە تێکڕای (456) و بە پێنج دەستەی لاوەکی هەریەک لە ( هەواڵ، وتار، چاوپێکەتن، ڕاپۆرت، شیکردنەوە، ڕەخنە، زانیاری) بونەتە ریزبەندی ئەم خشتەیە. لە کۆی(7) بڕگە تەنها(3)یان  (هەواڵ– وتار– زانیاری) بەشدارن لەم ریزبەندییەدا .
هەواڵ گەورەترین یەکەی ئەم خشتەیەیە، کە پلەی یەکەمی ریزبەندییەکەی پێکدێنێت، و(332)جار دووبارە بۆتەوە. زانیاری لە بارەی سینەما و سینەماکارانەوە پلەی دووەمی ریزبەندییەکە پێکدێنێت، و(70) جار دووبارە بۆتەوە. نوسینی وتار لە بارەی بابەتە

سینەماییەکان و سینەماکارانەوە بە پلەی سێیەمی ریزبەندییەکە دێت کە بچوکترین دەستەی خشتەکەیە، و(57) جار دووبارە بۆتەوە.

کەواتە:

- هەواڵ وەک ژانرێکی گرنگی میدیایی بەراورد بە پێگەکانی تر لەم پێگەیەدا بایەخێکی زیاتری پێدراوە، ئەگەرچی لە ئاست گرنگیەکەیدا نییە، و بەراورد بە بابەتەکانی تر مەودایەکی زۆر کەمتری بۆ تەرخانکراوە ، بەڵام ئاماژەیەکی ئەرێینیە و هەنگاوێکی باشی ئەم پێگەیە دەسەلمێنێت کە هەواڵ لەم پێگەیەدا بەها و بایەخی هەیە و ژانرێکی فەرامۆشکراو نییە.

- بڵاوکردنەوەی زانیاریش بەها و بایەخی لە بەهای هەواڵ کەمتر نیە، فرەجۆری چالاکیەکانی ئەم پێگەیە دەردەخات، هاوکات بە تەنها بایەخ بە بڵاوکردنەوەی فیلم نادات، بەڵکو کار لە سەر بڵاو کردنەوەی رۆشنبیری سینەماییش دەکات.

- هەرچەندە (چاوپێکەوتن، راپۆرت، شیکردنەوە و رەخنە) ژانرێکی گرنگی میدیایین بەڵام هیچ مەودایەکیان بۆ تەرخان نەکراوە لەم پێگە ئەلکترۆنییەدا. کە رەنگە بە هەمان شێوە ئەم تێڕوانینەش بەسەر ئەم پێگەیەدا پراکتیزە ببێت، کە هۆکارەکەی بەهەند وەرنەگرتنی ئەم ژانرەنە بێت لە نێو بایەخبەندی پێگەکەدا یان کەمی توانای بەدەستهێنان و ئامادەکردنیان بێت لە سۆنگەییەوەی دەبێت خۆیان بەرهەمیان بهێنن.

- بەهەمان شێوە وتار وەک ژانرێکی گرنگ میدیایی، سینەماییش بابەتێکی پڕ بایەخ و بەهەند وەرگیراوە. چونکە گوزارشت لە دیدو تێڕووانینی نووسەرەکەی دەکات کە سەبارەت بە هەر بابەتێکی سینەمایی دەنوسرێت. تەرخانکردنی پانتایی بۆ وتار گوزارشتە بۆ ئەوەی ئەوەیش ژانرێکی گرنگە ناکرێت فەرامۆش بکرێت.

**خشتەی (10) دەستەی لاوەکی لە سەر بنەمای جوگرافی**

**دەستەی لاوەکی لە سەر بنەمای جوگرافی ،ئامانج لێی دەرخستنی بایەخبەندی بابەتەکانە لە رووسنوری جوگرافییەوە چ ڕێزبەندییەکیان هەیە لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا:**

| ژ | دەستەی لاوەکی | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | لۆکاڵی | 247 | 4.1 | دووەم |
| 2 | هەرێمی | 225 | 3.8 | سێیەم |
| 3 | جیهانی | 5515 | 92.1 | یەکەم |
| کۆی گشتی | | 5987 | %100 | |

خشتەی(10) ئەو زانیارییانە لەخۆ دەگرێت کە کۆی بابەتەکانی ئەم پێگە ئەلکترۆنییە بە تێکڕای (5962) بەسەر(3) دەستەی لاوەکیدا دابەشدەکات، هەروەها بە برگەی( لۆکاڵی، هەرێمی و جیهانی) ریزبەندی خشتەکە پێکدێنن .بابەتە لۆکاڵیەکان بە ڕێژەیەکی زۆر دوور و جیاوازتر لە بابەتە جیهانییەکان دەبنە دووەمی ریزبەندییەکە، و(247) جار دووبارە بوونەتەوە. بابەتە هەرێمییەکان دەبنە بچوکترین دەستە و کەمترین بابەتی ئەم پێگەیە بە ئاستی سێیەم و(225)جار دووبارە بوونەوە ڕێژەی خشتەکە پێکدێنن.

هەرچەندە هیچ هاوسەنگی و لێکنزیکیەک نیە لە نێوانیاندا ، بەڵام بە ڕێژەیەکی ئێجگار دوور و زۆر لە دوو ئاستەکەی پێشوو بابەتە جیهانییەکان دەبنە ڕێژەی یەکەمی ریزبەندییەکە، و(5515) جار دووبارە بوونەتەوە.

کەواتە:

– بەراورد بە پێگەکانی تر لەم پێگەیەدا بابەتە لۆکاڵییەکان بە هۆی جیاوازی ڕێژەیانەوە لە بابەتە هەرێمییەکان پانتایی زیاتریان بۆ تەرخانکراوە، ئەمەش گوزارشتە لەوەی ئەم پێگەیە بایەخ بە بڵاوکردنەوەی بابەتە لۆکاڵیەکان دەدەن.

– هەرچەندە بەراورد بە بەرهەم و بابەتە لۆکاڵییەکان بە ڕێژەیەکی کەمتر پانتایی بۆ بابەتە هەرێمییەکان تەرخانکراوە لەم پێگەیەدا بە تایبەتی بەرهەمە فارسییەکان، بەڵام لەم ریزبەندییەدا بەرهەمە تورکییەکانیش ئامادەگییەن هەیە لە نێو بایەخبەندی ئەم پێگەیەدا.

– وەک هەمیشە بابەتە جیهانییەکان لە لوتکەدان و بابەتێکی فەرامۆشکرو نین، بۆیە زۆرترین بابەتی ئەم پێگەیەشن.

**سێیەم (کوردموڤی)**

**خشتەی (11) دەستەی سەرەکی شیکار لە سەر بنەمای بابەت**

**دەستەی سەرەکی شیکار لە سەر بنەمای بابەتە هونەرییەکانی بواری سینەما، لەو سۆنگەییەوە کە هەندێک لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بە تەنها کار لە سەر بڵاو کردنەوەی فیلم ناکەن، بەڵکو بابەتگەلیکی زۆری پەیوەست بە کایەی سینەما بڵاو دەکەنەوە هەر وەک لەم خشتەیەدا پۆلێنکاری بۆ کراوە:**

| ژ | یەکە | دووبارە | رێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فیلم | 817 | 89.9 | یەکەم |
| 2 | زنجیرە فیلم | 26 | 2.9 | سێیەم |
| 3 | کورتە فیلم | – | – | – |
| 4 | زنجیرە دراما | 1 | 0.1 | چوارەم |
| 5 | وێنە هەواڵ | – | – | – |
| 6 | ئینفۆگرافیک | – | – | – |
| 7 | ئەنیمی | 65 | 7.2 | دووەم |
| 8 | مانگا | – | – | – |
| 9 | دەرهێنەر | – | – | – |
| 10 | ئەکتەر | – | – | – |
| 11 | بۆکس ئۆفیس | – | – | – |
| 12 | ژیاننامە | – | – | – |
| 13 | چەمکەکان | – | – | – |
| 14 | خەڵاتەکان | – | – | – |
| 15 | کۆمپانیاکان | – | – | – |
| 16 | کارتۆن | – | – | – |
| 17 | کۆمیکس | – | – | – |
| 18 | کۆمیک | – | – | – |
| کۆی گشتی | | 909 | %100 | |

خشتەی(11) پۆلێنی ئەو داتایەنە لەخۆ دەگرێت کە دەبێتە مایەی دەرخستەی ناوەڕۆکی ئەوە بابەتەنەی پەیوەستن بە پێگەی(کوردموڤی) کە کۆی گشتی ئەم خشتەیە(909) بابەتە، لە (18) یەکە و(4) ئاستی جیاواز پێکهاتووە. فیلم وەک یەکە و بابەتی سەرەکی بە ڕێژەیەکی بەرز، پلەی یەکەمی ریزبەندی خشتەکە پێک دێنێت، کە (817)جار دووبارە بۆتەوە لەم شیکارییەدا.

فیلمی ئەنیمەیشن وەک دووەم یەکە بە ڕێژەیەکی ئێجگار کەمتر لە فیچەر فیلم ئاستی دووەمی ریزبەندییەکە پێک دێنێت،و (65) جار دووبارە بۆتەوە لەم خشتەی شیکارییەدا. زنجیرە فیلم بە ڕێژەیەکی کەمتر لە ئەنیمی بۆتە سێیەمی ریزبەندییەکە، و(26) جار دووبارە بۆتەوە. زنجیرە دراما بە ڕێژەیەکی ئێجگار کەم و جیاواز لە یەکەکانی تر بۆتە ئاستی چوارەمی خشتەکە، وتەنها(1) جار دووبارە بۆتەوە. جگە لەم چوار یەکەیە هیچ کام لە یەکەکانی تر بە تەنها خاڵێک بەشدار نین لە نێو ریزبەدییەکەدا.

کەواتە:

- بە گشتی هەرچەندە بابەتەکانی ئەم پێگەیە کەمن، بەڵام زۆرترین مەودای بۆ فیچەرفیلم تەرخانکردوە، و بابەتی سەرەکی بەهەند وەرگیراو و پەخشکراوی پێگەکەیە( کوردموڤی).
- کەمی پەخشی بابەتەکانی ئەم پێگەیە کاریگەری لە سەر ژمارەی نمایشکراوەی فیلمە ئەنیمەیشن دروستکروود، هەربۆیە بە دەستهاتنی ئەو داتا کەمە لە بارەیانەوە دەرئەنجامێکی ئاساییە.
- زنجیرە فیلمەکانیش وەک بەشێک لە جۆرەکانی فیلم بەها و بایەخی خۆیی هەیە، بەتایبەت دوای زیاد بوونی جەماوەری فیلمەکانی هەر دوو کۆمپانیای دیاری مارڤڵ و دی سی کۆمیکس.
- وەک پێگەکانی تر کەمی ڕێژەی زنجیرە دراماکان کە جەماوەرێکی زۆریان هەیە، لە نێو ئەم پێگەیەشدا ئەو تێڕوانینە پشراستدەکەنەوە، کەمتر بایەخی بە بڵاوکردنەوەیە دەدرێت، کە هەر دەشێت وەک یەکێک لە هۆکارەکان بۆ ئەم پێگەیەش، وەرگێڕان و دۆبلاژکردن و ژێرنووس کردنی چەند ئەڵقەیەک ئەرکی گرانتر بێت لە فیلمێک. یا بەرێوەبەرانی ئەم پێگەیەوە پەخشکردنی فیلم بە گرنگتر دەزانن.
- لە بەر ئەوەی بابەتەکانی کەمن و تەنها بایەخ بە بڵاوکردنەوەی فیلم دەدات، هیچ بابەتێکی تر پەیوەست بە رۆشنبیری سینەمایی بڵاو نەکردۆتەوە.

**خشتەی (12) دەستەی لاوەکی شیکارلە سەر بنەمای ژانرە سینەماییەکان**

**دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای ژانرە سینەماییەکانی پەیوەست بە فیلم لەو سۆنگەییەوە هەر بەرهەمێکی سینەمایی دەبێت لەسەر بنەمای ژانرێک یاخود زیاتر پێناسە بکرێت، کە بە شیوەیەکی گشتی زیاد لە ژانرێک لە خۆ دەگرێت، هەرفیلمێک ژانرێکی تێپەڕاند بە ئاوێتە پۆلێن دەکرێت هەروەک لەم خشتەیەدا دیارە:**

| ژ | دەستە | دووبارە | رێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دراما | 42 | 5.1 | دووەم |
| 2 | رۆمانس | 1 | 0.1 | هەشتەم |
| 3 | دۆکیومێنتری | – | – | – |
| 4 | کۆمیدی | 12 | 1.5 | پێنجەم |
| 5 | ترسناک | 13 | 1.6 | چوارەم |
| 6 | تاوان | – | – | – |
| 7 | ئاکشن | 14 | 1.7 | سێیەم |
| 8 | خەیاڵی | – | – | – |
| 9 | زانستی خەیاڵی | 4 | 0.5 | شەشەم |
| 10 | سەرکێشی | – | – | – |
| 11 | هەستبزوێن | – | – | – |
| 12 | خۆرئاوایی | 3 | 0.4 | حەوتەم |
| 13 | خێزانی | – | – | – |
| 14 | ژیاننامە | – | – | – |
| 15 | کۆمەڵایەتی | | | |
| 16 | میوزیکاڵ | | | |
| 17 | مێژووی | – | – | – |
| 18 | ئاوێتە | 728 | 89.1 | یەکەم |
| کۆی گشتی | | 817 | %100 | |

خشتەی(12) ئەو داتایانەی لەخۆ گرتووە کە تایبەتن بە ژانرە سینەماییەکانی پەیوەست بە فیلم. بە(18) دەستەی لاوەکی و(8) ئاست کۆی ریزبەندی خشتەکە پێکدێنن. لە نێو(18) ژانردا ئاوێتە ریزبەندی یەکەمی خشتەکە پێک دێنێت کە مەبەست لێی هەر فیلمێکی بەرهەمهێنراو زیاد لە ژانرێک لەخۆ دەگرێت، بۆیە دەبێتە فیلمێکی ئاوێتە. لەم خشتەیەشدا ئاوێتە (728) دووبارە بۆتەوە.

بە رێژەیەکی زۆر جیاوازتر لە ئاوێتە، دراما دەبێتە دووەم دەستە و ژانری ئەم ریزبەندییە، کە(42) جار دووبارە بۆتەوە. بەهەمان شێوە ژانری ئاکشن بە رێژەیەکی زۆر کەمتر لە دراما دەبێتە ریزبەندی سێیەمی خشتەکە، و(14) جار دووبارە بۆتەوە.

دەستە و ژانری ترسناک دەبێتە چوارەم ئاستی ئەم خشتەیە، و(13) جار دووبارە بۆتەوە. بەڵام ژانری کۆمیدی بە رێژەیەکی یەکجار نزیک لە ژانری ترسناک پێنجەمی ریزبەندییەکە پێکدێنێت،و(12) جار دووبارە بۆتەوە.

دەستەی لاوەکی زانستی خەیاڵی و رۆژئاوایی و رۆمانس بەرێژەیەکی زۆر کەم دەبنە دوا ئاستەکانی ئەم خشتەیە کە رۆمانس بچوکترین دەستەی لاوەکی خشتەکەیە، بەپلەی هەشتەم،و تەنها (1)جار دووبارە بوونەوە بەشدارە لەم ریزبەندییەدا. ژانرەکانی تر هیچ رێژە و پلەیەکیان نیە لە نێو ریزبەندییەکەدا.

کەواتە:

- هاوشیوەی پێگەکانی تر، و بە هۆی سروشتی بەرهەمهێنانی فیلمەکانەوە کە زۆربەیان ئاوێتەن لەم پێگەیەشدا زۆرترین مەودایان بۆ خۆیان دەستەبەر کردووە.

- دراماش ژانرێکە خێراتر سۆزی بینەر دەدوێنێت، بۆیە رەواجێکی زیاتری هەیە لە ژانرەکانی تر، بەڵام فیلمە ئاکشنەکان جەماوەریان کەمترە و زیاتر جێ بایەخی هەرزەکارو لاوانە.

- هاوشێوەیی ئامارەکان لە نێوان پێگەکاندا ئاماژەن بۆ ئەوەی ژانرە ترسناک و کۆمیدییەکان کەمتر بەها و بایەخیان هەیە هەم لەم پێگەکاندا و هەم لە ڕووی جەماوەریشیانەوە.

- نەبوونی هیچ ریزبەندییەک سەبارەت بە هەندێک لە ژانرەکان ئەو دەسەلمێنێت هێشتا نە گەشتوونەتە ئاستێک وەک بەرهەمێکی سینەمایی بایەخ و بەهایەکی ئەوتۆیان هەبێت و جەماوەریان لە نێو پێگە کوردییەکاندا نیە، هەربۆیە لەم پێگەیەشدا رەنگیداوەتەوە.

**خشتەی (13) دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای شوناس**

**دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای شوناس کە مەبەست لیی دیاریکردنی وڵاتانی بەرهەمێنی فیلمەکانە کە هەندێک جار دەشێ بەرهەمێکی هاوبەش بێت بەڵام لەم خشتەیدا ئاماژە بە وڵاتی بەرهەمهێنەری سەرەکی فیلمەکان کراوە کە، ئامانج لە دانانی ئەم خشتەیە ئەوەیە، فیلم زۆرترین پانتایی لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا داگیر کردووە، بە مەبەستی دەرخستنی ریزبەندییان بە پی وڵاتانی ئاماژە پێکراوی ناو خشتەکە.**

| ژ | دەستەی لاوەکی | دووبارە | رێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەمریکی | 714 | 87.4 | یەکەم |
| 2 | بەریتانی | – | – | – |
| 3 | هیندی | 7 | 0.9 | پێنجەم |
| 4 | کۆری | 13 | 1.6 | سێیەم |
| 5 | ژاپۆنی | – | – | – |
| 6 | چینی | 11 | 1.3 | چوارەم |
| 7 | روسی | – | – | – |
| 8 | ئەڵمانی | – | – | – |
| 9 | فەڕەنسی | – | – | – |
| 10 | ئیسپانی | – | – | – |
| 11 | ئیتاڵی | – | – | – |
| 12 | بیانی | – | – | – |
| 13 | تورکی | – | – | – |
| 14 | فارسی | 67 | 8.2 | دووەم |
| 15 | عەرەبی | 3 | 0.4 | شەشەم |
| 16 | کوردی | 2 | 0.2 | حەوتەم |
| کۆی گشتی | | 817 | %100 | |

خشتەی(13) دەرخستەی زانیارییەکانی پەیوەست بە شوناسی بەرهەمێنەرانی سەرەکی فیلمەکانە کە فیلمی ئەمریکی بە رێژەیەکی زۆر پلەی یەکەمی ریزبەندییەکە پێکدێنێت،

و(714) جار دووباره بۆتەوە و گەورەترین دەستەی شیکاری ئەم خشتەیە. فیلمی فارسی هەرچەندە بەراورد بە فیلمی ئەمریکی بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتر بەشداره لەم ریزبەندییەدا بەڵام ئاستی دووەم پێکدێنێت، و(67) جار دووباره بۆتەوە.

فیلمی کۆریش دەبێتە ریزبەندی سێیەم و،(13) جار دووباره بۆتەوە. فیلمی چینی بە ڕێژەیەک نزیک لە فیلمی کۆری دەبێتە ریزبەندی چوارەمی ئەم دەستە لاوەیکییە، بە جۆرێک(11)جار دووباره بۆتەوە. فیلمی هیندی بە ڕێژەیەکی کەم دەبێتە پێنجەمی ریزبەندییەکە ، و(7) جار دووباره بۆتەوە.

فیلمی عەرەبی بە ڕێژەیەکی زۆر کەم دەبێتە شەشەم، و(3) جار دووباره بۆتەوە. فیلمە کوردی بە ڕێژەیەکی ئێجگار کەم بەشداره لەم ریزبەندییەدا کە حەوتەم پێکدێنێت، وتەنها(2) جار دووباره بۆتەوە. هەندێک لە فیلمەکان هیچ ڕێژەیەکیان نیە لەم ریزبەندییەدا.

کەواتە:

- هیچ کام لە فیلمەکانی تر ناتوانن ببنە رکابەری فیلمی ئەمریکیەکان، بۆیە هەمیشە پێشەنگن و زۆرترین پانتاییان بۆ تەرخاندەکرێت.
- هەرچەندە بە ڕێژەیەکی کەم بەشدارن بەڵام بە هۆی پڕ جەماوەریانەوە فیلم و دراما فارسییەکانن لەم پێگەیەشدا ئامادەگیان هەیە.
- سەرباری کەمی بابەتەکانی، و بەراورد بە پێگەکانی تر فیلمە کوری و هنیدیەکانیش مەدوایەکی زۆر کەمتریان بۆ تەرخانکراوه لەم پێگەیەدا.
- بەرهەمە کوردییەکان کەمترین ئامادەگیان هەیە لە نێو ئەم پێگەیەشدا، جا هۆکارەکەی گرفتی کەمی بەرهەمی کوردی بێت، یان بەراورد بە فیلمە ئەمریکی و فارسییەکان جەماوەریان کەمتر بێت، یان کەمتر جێ بایەخی پێگەکە بێت.

**خشتەی (14) دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای ژانرە میدیاییەکان**

**دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای ژانرە میدیاییەکان بۆ دەرخستنی بابەتە سینەماییەکان لە چوارچێوەی ژانرە میدیاییەکاندا تا چ ڕادەیەک بایەخیان پێدراوە :**

| ژ | دەستەی لاوەکی | دووباره | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەواڵ | - | - | - |
| 2 | وتار | - | - | - |
| 3 | چاوپێکەوتن | - | - | - |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| – | – | – | راپۆرت | 4 |
| – | – | – | شیکردنەوە | 5 |
| – | – | – | رەخنە | 6 |
| – | – | – | زانیاری | 7 |
| | %100 | | کۆی گشتی | |

خشتەی(14) دەرخستنی داتاکانی پەیوەست بەو ژانرە میدیاییانەی لەم پێگەیەدا مەودای بۆ تەرخانکراوە، کە بە پێنچ دەستەی لاوەکی هەریەک لە ( هەواڵ، وتار، چاوپێکەتن، راپۆرت، شیکردنەوە، رەخنە، زانیاری) بونەتە ریزبەندی ئەم خشتەیە. لە بەرئەوەی ئەم پێگەیە تەنها بایەخ بە بڵاوکردنەوەی فیلم دەدات ئەم ژانرانە هیچ پلە بەندییەکیان بە دەستنەهێناوە.

**خشتەی (15) دەستەی لاوەکی لە سەر بنەمای جوگرافی**

**دەستەی لاوەکی لە سەر بنەمای جوگرافی ،ئامانج لێی دەرخستنی بایەخبەندی بابەتەکانە لە رووسنوری جوگرافییەوە چ ریزبەندییەکیان هەیە لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا.**

| ئاست | رێژە | دووبارە | دەستەی لاوەکی | ژ |
|---|---|---|---|---|
| سێیەم | 0.2 | 2 | لۆکاڵی | 1 |
| دووەم | 7.4 | 67 | هەرێمی | 2 |
| یەکەم | 92.4 | 840 | جیهانی | 3 |
| | %100 | 909 | کۆی گشتی | |

خشتەی(15) ئەو زانیارییانە لەخۆ دەگرێت کە کۆی بابەتەکانی ئەم پێگە ئەلکترۆنییە بەسەر(3) دەستەی لاوەکیدا دابەشدەکات، هەروەها بە برگەی( لۆکاڵی، هەرێمی و جیهانی) ریزبەندی خشتەکە پێکدێنن .بابەتە لۆکاڵییەکان دەبنە بچوکترین دەستە و کەمترین بابەتی ئەم پێگەیە بە ئاستی سێیەم و(2)جار دووبارە بوونەوە رێژەی خشتەکە پێکدێنن.

هەرچەندە هیچ هاوسەنگی و لێکنزیکیەک نیە لە نێوان رێژەکاندا، بەڵام بابەتە هەرێمییەکان پلەی دووەمی ریزبەندییەکە پێکدێنن، و(67) جار دووبارە بوونەتەوە. بە رێژەیەکی زۆر لە

دوو ئاستەکەی پێشوو بابەتە جیهانییەکان دەبنە ڕێژەی یەکەمی ریزبەندییەکە، و(747) جار دووبارە بوونەتەوە.

کەواتە:

- سەرباری کەمی بابەتەکانی پێگەکە، هەژاری بەرهەمی لۆکاڵی و هەنگاوە سەرەتاییەکانی گەشەی بابەتە سینەماییە کوردییەکان، دیسانەوە دەبنە هۆکار بۆ ئەو ڕێژە کەمەی لەم داتایەندا بە دەستهاتوون.

- ئەو پانتایی بۆ بابەتە هەرێمییەکان تەرخانکراوە لەم پێگەیەدا بە تەنها بۆ بەرهەمە فارسییەکانە، بەرهەمە تورکییەکان بە تەنها خاڵێکیش بەشێک نین لە بایەخبەندی ئەم پێگەیە.

- دووبارە بوونەوەی ڕێژەی داتاکان دەبێتە مایەی جەختکردنەوە لەوەی پڕ جەماوەریی و زۆروزوەندی و باشتر بەردەستبوونیان هۆکاری سەرەکی بوونی ئەو ڕێژە زۆرەی بەرهەمە جیهانییەکانە لە نێو ئەم پێگەسینەماییەدا.

**چوارەم (کورد سەبتایتڵ)**

**خشتەی (16) دەستەی سەرەکی شیکار لە سەر بنەمای بابەت**

**دەستەی سەرەکی شیکار لە سەر بنەمای بابەتە هونەرییەکانی بواری سینەما، لەو سۆنگەییەوە کە هەندێک لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بە تەنها کار لە سەر بڵاو کردنەوەی فیلم ناکەن، بەڵکو بابەتگەلیکی زۆری پەیوەست بە کایەی سینەما بڵاو دەکەنەوە هەر وەک لەم خشتەیەدا پۆلێنکاری بۆ کراوە:**

| ژ | یەکە | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فیلم | 1375 | 56.3 | یەکەم |
| 2 | زنجیرە فیلم | 167 | 6.8 | چوارەم |
| 3 | کورتە فیلم | 150 | 6.1 | پێنجەم |
| 4 | زنجیرە دراما | 290 | 11.9 | سێیەم |
| 5 | وێنە هەواڵ | - | - | - |
| 6 | ئینفۆگرافیک | - | - | - |
| 7 | ئەنیمی | 434 | 17.8 | دووەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 8 | مانگا | 28 | 1.1 | شەشەم |
| 9 | دەرهێنەر | – | – | – |
| 10 | ئەکتەر | – | – | – |
| 11 | بۆکس ئۆفیس | – | – | – |
| 12 | ژیاننامە | – | – | – |
| 13 | چەمکەکان | – | – | – |
| 14 | خەڵاتەکان | – | – | – |
| 15 | کۆمپانیاکان | – | – | – |
| 16 | کارتۆن | – | – | – |
| 17 | کۆمیکس | – | – | – |
| 18 | کۆمیک | – | – | – |
| کۆی گشتی | | 2444 | %100 | |

خشتەی(16) پۆلێنی ئەو داتایەنە لەخۆ دەگرێت کە دەبێتە مایەی دەرخستەی ناوەڕۆکی ئەوە بابەتەنەی پەیوەستە بە پێگەی(کورد سەبتایتڵ) کە کۆی گشتی ئەم خشتەیە(2444) بابەتە، لە (18) یەکە و(6) ئاستی جیاواز پێکهاتووە. کە فیلم وەک یەکە و بابەتی سەرەکی بە ڕێژەیەکی بەرز، پلەی یەکەمی ریزبەندی خشتەکە پێک دێنێت، کە (1375)جار دووبارە بۆتەوە لەم شیکارییەدا.

فیلمی ئەنیمەیشن بە ڕێژەیەکی کەمتر لە فیلم بۆتە دووەمی ریزبەندییەکە، و(434) جار دووبارە بۆتەوە. زنجیرە دراما بە ڕێژەیەکی کەمتر بۆتە ئاستی سێیەمی خشتەکە، و(290) جار دووبارە بۆتەوە. زنجیرە فیلم بەراورد بە یەکەکانی پێشوتر بە ڕێژەیەکی کەمتر دەبێتە چوارەمی ریزبەندییەکە، و (167)جار دووبارە بۆتەوە.

کورتە فیلم  بە ڕێژەیەکی نزیک لە زنجیرە فیلم دەبێتە پێنجەمی ریزبەندییەکە، و(150) جار دووبارە دەبێتەوە. مانگا بە ڕێژەیەکی ئێجگار کەمتر لە یەکەکانی پێشوو دەبێتە شەشەمی ریزبەندییەکە، و(28) جار دووبارە بۆتەوە، و ، چەند یەکەیەکیش هیج پلەیەکیان نیە لە ریزبەندییەکدا.

کەواتە:

– به هەمان شێوەی پێگەکانی تر فیچەرفیلم یاخود فیلمی درێژ زۆرترین مەودای بۆ تەرخانکراوە، و بابەتی سەرەکی بەهەند وەرگیراو و پەخشکراوی ئەم پێگەیەشە( کوردسەبتایتڵ).

– هەرچەندە ئەنیمەیش جەماوەری کەمترە ، بەڵام بە پێی داتاکان لە پێگەیەکەوە بۆ پێگەیەکی تر ڕێژەکان جیاواز دەردەکەون، بۆیە ئەوەی لەم پێگەیەدا دووبارە دەبێتەوە، ئەوەیە کە مەودایەکی پەسەندی بۆ تەرخانکراوە.

– بەراورد بە پێگەکانی تر زنجیرە دراماکان لەم پێگەیەدا هاوشیوەی چەند بابەتێکی تر مەودایەکی زۆریان بۆ تەرخانکراوە.

– زنجیرە فیلم و کورتە فیلم ئەو جۆرانەن کە بایەخی زۆریان هەیە، بۆیە دەشێت لە سۆنگەیەوە بێت کە لەم پێگەیەشدا پانتاییەکی زۆریان بۆ تەرخانکراوە.

– ئەوەی جێ سەرنجە لەم پێگەیە جیاواز لە پێگەکانی تر، مانگا کە جۆرە وێنەکیشانێکی چیرۆک ئامێزی ژاپۆنییە و زۆر جار دەکرێنە ئەنیمەیشن، یەکێکە لەو بابەتە پەخشکراوەکانی کە لە دەرەوەی پۆلێنبەندی فیلمە ئەنیمەیشنەکان پانتای بۆ تەرخانکراوە.

**خشتەی (17) دەستەی لاوەکی شیکارلە سەر بنەمای ژانرە سینەماییەکان**

**دەستەی لاوەکی شیکارلە سەر بنەمای ژانرە سینەماییەکانی پەیوەست بە فیلم لەو سۆنگەییەوە هەر بەرهەمێکی سینەمایی دەبێت لەسەر بنەمای ژانرێک یاخود زیاتر پێناسە بکرێت، کە بە شیوەیەکی گشتی زیاد لە ژانرێک لەخۆ دەگرێت، هەرفیلمێک ژانرێکی تێپەڕاند بە ئاوێتە پۆلێن دەکرێت هەروەک لەم خشتەیەدا دیارە:**

| ژ | دەستە | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دراما | 94 | 6.9 | دووەم |
| 2 | ڕۆمانس | 18 | 1.3 | پێنجەم |
| 3 | دۆکیومێنتری | 48 | 3.6 | سێیەم |
| 4 | کۆمیدی | 29 | 2.2 | چوارەم |
| 5 | ترسناک | 11 | .8 | شەشەم |
| 6 | تاوان | 7 | .5 | حەوتەم |
| 7 | ئاکشن | 18 | 1.3 | پێنجەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 8 | خەیاڵی | – | – | – |
| 9 | زانستی خەیاڵی | – | – | – |
| 10 | سەرکێشی | – | – | – |
| 11 | هەستبزوێن | 18 | 1.3 | پێنجەم |
| 12 | خۆرئاوایی | 6 | .4 | هەشتەم |
| 13 | خێزانی | – | – | – |
| 14 | ژیاننامە | – | – | – |
| 15 | کۆمەڵایەتی | | | |
| 16 | میوزیکاڵ | | | |
| 17 | مێژووی | – | – | – |
| 18 | ئاوێتە | 1126 | 81.7 | یەکەم |
| کۆی گشتی | | 1375 | %100 | |

خشتەی(17) ئەو داتایانەی لە خۆ گرتووە کە تایبەتن بە ژانرە سینەماییەکانی پەیوەست بە فیلم. بە(18) دەستەی لاوەکی و(8) ئاست کۆی ریزبەندی خشتەکە پێکدێنن. لە نێو(18) ژانردا ئاوێتە ریزبەندی یەکەمی خشتەکە پێک دێنێت کە مەبەست لێی هەر فیلمێکی بەرهەمهێنراو زیاد لە ژانرێک لەخۆ دەگرێت، بۆیە دەبێتە فیلمێکی ئاوێتە. لەم خشتەیەشدا ئاوێتە (1126) دووبارە بۆتەوە.

بە رێژەیەکی زۆر جیاوازتر لە ئاوێتە، دراما دەبێتە دووەم دەستە و ژانری ئەم ریزبەندییە، کە(94) جار دووبارە بۆتەوە. دەستەی لاوەکی دۆکیومێنتری کە ژانرێکی گرنگی هەردوو بواری (میدیا- سینەما)یە دەبێتە ریزبەندی سێیەمی خشتەکە، و (48) جار دووبارە بۆتەوە. ژانری کۆمیدی دەبێتە چوارەم ئاستی ئەم خشتەیە، و(29) جار دووبارە بۆتەوە

هەریەک لە ژانرەکانی رۆمانس، ئاکشن و هەستبزوێن  بە رێژەیەکی یەکسان پێنجەمی ریزبەندییەکە پێکدێنێت،و(18) جار دووبارە بوونەتەوە. دەستەی لاوەکی دەبێتە شەشەمی ریزبەندییەکە و تەنها(44) جار دووبارە بۆتەوە. ژانرەکانی تاوان و ترسناک و خۆرئاوایی بە رێژەیەکی کەمتر لە خوار (15)ەوە دووبارە بوونەتەوە، لە ریزبەندییەکدا. ژانری خۆرئاوایی وەک دوا دەستەی لاوەکی بچوکترین پلەی ئەم خشتە شیکارییە پێکدێنێت، و تەنها(6) جار دووبارە بۆتەوە.

کەواتە:

- به هەمان شێوەی پێکەکانی تر بەهۆی سروشتی بەرهەمهێنانی فیلمەوە کە بە شێوەیەکی گشتی زیاد لە ژانرێک لە خۆ دەگرێت، فیلمی ئاوێتە لەم پێگەیەشدا زۆرترین مەودا بۆ خۆیان دەستەبەر کردووە. هەروەها دراماش بەهەمان شێوە هەیە لە ژانرەکانی تر زیاتر دووبارە بۆتەوە.

- لە هەندێ ریژەدا پێگەکان هاوشێوە و نزیک لە یەکن، لە هەندێکی تردا جیاواز و دوور لە یەکن،بۆیە لەم پێگەیەدا فیلمە دۆکیومێنترییەکان مەودای زیاتری لە هەندێک لە ژانرەکانی تر بۆ تەرخانکراوە، ئەمەش بەها و بایەخی دۆکیومێنتری دەردەخات لەم پێگەیەدا.

- دووبارە بوونەوی ریژە هاوشێوەکان لە نێو پێگەکاندا ئەوە پشتراست دەکەنەوە، کە هەندێک لە ژانرەکان هێشتا نە گەشتوونەتە ئاستێک وەک بەرهەمێکی سینەمایی بایەخ و بەهایەکی ئەوتۆیان هەبێت، لای بینەری کورد.

- کۆی ژانرەکانی تر بە ریژەیەکی لاواز بەشدارن لە نێو بایەخبەندی ئەم پێگەیەدا، یاخود هەر بوونیان نیە.

**خشتەی (18) دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای شوناس**

**دەستەی لاوەکی شیکارلە سەر بنەمای ژانرە سینەماییەکانی پەیوەست بە فیلم لەو سۆنگەییەوە هەر بەرهەمێکی سینەمایی دەبێت لەسەر بنەمای ژانرێک یاخود زیاتر پێناسە بکرێت، کە بە شیوەیەکی گشتی زیاد لە ژانرێک لە خۆ دەگرێت، هەرفیلمێک ژانرێکی تێپەڕاند بە ئاوێتە پۆلێن دەکرێت هەروەک لەم خشتەیەدا دیارە:**

| ژ | دەستەی لاوەکی | دووبارە | ریژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەمریکی | 423 | 30.8 | دووەم |
| 2 | بەریتانی | 17 | 1.2 | هەشتەم |
| 3 | هیندی | 497 | 36.1 | یەکەم |
| 4 | کۆری | 200 | 14.5 | سێیەم |
| 5 | ژاپۆنی | 7 | 0.5 | دەیەم |
| 6 | چینی | 32 | 2.3 | شەشەم |
| 7 | روسی | - | - | - |
| 8 | ئەڵمانی | - | - | - |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 9 | فەڕەنسی | 78 | 5.7 | پێنجەم |
| 10 | ئیسپانی | – | – | – |
| 11 | ئیتاڵی | 20 | 1.5 | حەوتەم |
| 12 | بیانی | – | – | – |
| 13 | تورکی | – | – | – |
| 14 | فارسی | 85 | 6.2 | چوارەم |
| 15 | عەرەبی | 13 | .9 | نۆیەم |
| 16 | کوردی | 3 | 0.2 | یانزەیەم |
| کۆی گشتی | | 1375 | %100 | |

خشتەی(18) دەرخستەی زانیارییەکانی پەیوەست بە شوناسی بەرهەمێنەرانی سەرەکی فیلمەکانە کە فیلمی هیندی بە ڕێژەیەکی زۆر پلەی یەکەمی ریزبەندییەکە پێکدێنێت، و(497) جار دووبارە بۆتەوە و گەورەترین دەستەی شیکاری ئەم خشتەیە. فیلمی ئەمریکی بە ڕێژەیەکی کەمتر بەشدارە لەم ریزبەندییەدا ئاستی دووەم پێکدێنێت، و(421) جار دووبارە بۆتەوە.

فیلمی کۆریش دەبێتە ریزبەندی سێیەم، و(200) جار دووبارە بۆتەوە. فیلمی فارسی بە ڕێژەی کەمتر لە نیو هێندەی فیلمی کۆری دەبێتە ریزبەندی چوارەمی ئەم دەستە لاوەکییە، بە جۆرێک(85)جار دووبارە بۆتەوە. فیلم فەڕەنسی بە ڕێژەی پێنجەم بەشدارە لەم ریزبەندییەدا، و(78) جار دووبارە بۆتەوە. بەشێک لە فیلمەکان بە ڕێژەیەکی کەمتر لە ریزبەندییەکەدا بەشدارن، و ژمارەی دووبارە بوونەوەیان لە (50) جار کەمتر و بە پلەبەندی شەشەم تا یانزەیەم دەبنە کۆتایی خشتەکە، و دەستەی لاوەکی کوردی دەبێتە بچوکترین دەستەی ئەم خشتەیە، بە پلەی یانزەیەم و تەنها(3)جار دووبارە بونەوە دەبێتە دوا ڕێژەی ئەم ریزبەندییە.

کەواتە:

– هاوکێشەکە لەم پێگەیەدا پێچەوانە دەبێتەوە، و فیلمە هندییەکان دەبنە رکابەری فیلمە ئەمریکییەکان و بە ڕێژەیەکی زیاتر پانتایی ئەم پێگەیەیان بۆ تەرخانکراوە.

– هەروەها بە هۆی رەواجدان بە فیلم و دراما کورییەکان لە نێو میدیای کوردیدا، لەم چەند ساڵانەی دواییدا بەرهەمە کۆرییەکان لەم پێگەیەشدا بایەخێکی تا رادەیەک باشی پێدراوە.

– ئاشنایەتی توندوتۆڵی نێوان بینەری کورد و بەرهەمە فارسیەکان رەگ و ریشەی جوگرافی و کلتوری هەیە، بۆیە لە نێو بایەخبەندی ئەم پێگەیەشدا رەنگدانەوەی دەبێت.
– هەندێک لە فیلمەکان هیچ بەها و بەیاخێکیان نیە لە نێو ئەم پێگەیەدا هەروەک لە هەندێک لە پێگەکانی تردا ئەم ئەنجامە بەدەستهاتووە دووبارە دەبێتەوە.
– فیلمە کوردییەکان کەمترین مەودا و بەیەخیان هەبووە لە پێگەیەدا بە رێژەیەکی کەم بەشدار بوون.

**خشتەی (19) دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای ژانرە میدیاییەکان**

**دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای ژانرە میدیاییەکان بۆ دەرخستنی بابەتە سیینەماییەکان لە چوارچێوەی ژانرە میدیاییەکاندا تا چ رادەیەک بایەخیان پێدراوە :**

| ژ | دەستەی لاوەکی | دووبارە | رێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەواڵ | – | – | – |
| 2 | وتار | – | – | – |
| 3 | چاوپێکەوتن | – | – | – |
| 4 | راپۆرت | – | – | – |
| 5 | شیکردنەوە | – | – | – |
| 6 | رەخنە | – | – | – |
| 7 | زانیاری | – | – | – |
| | کۆی گشتی | | 100% | |

خشتەی(19) دەرخستنی داتاکانی پەیوەست بەو ژانرە میدیاییانەی لەم پێگەیەدا مەودای بۆ تەرخانکراوە، کە بە پێنچ دەستەی لاوەکی هەریەک لە ( هەواڵ، وتار، چاوپێکەتن، راپۆرت، شیکردنەوە، رەخنە، زانیاری) بونەتە ریزبەندی ئەم خشتەیە. بە هەمان شێوەی هەندێک لە پێگەکان، ئەم پێگەیەش لە بەرئەوەی تەنها بایەخ بە بڵاوکردنەوەی فیلم دەدات ئەم ژانرانە هیچ پلە بەندییەکیان بە دەست نەهێناوە.

**خشتەی (20) دەستەی لاوەکی لە سەر بنەمای جوگرافی**

**دەستەی لاوەکی لە سەر بنەمای جوگرافی ،ئامانج لێی دەرخستنی بایەخبەندی بابەتەکانە لە رووسنوری جوگرافییەوە چ ڕێزبەندییەکیان هەیە لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا :**

| ژ | دەستەی لاوەکی | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | لۆکاڵی | 3 | 0.1 | سێیەم |
| 2 | هەرێمی | 85 | 3.5 | دووەم |
| 3 | جیهانی | 2356 | 96.5 | یەکەم |
| | کۆی گشتی | 2444 | %100 | |

خشتەی(20) ئەو زانیارییانە لە خۆ دەگرێت کە کۆی بابەتەکانی ئەم پێگە ئەلکترۆنییە بەسەر(3) دەستەی لاوەکیدا دابەشدەکات، هەروەها بە برگەی( لۆکاڵی، هەرێمی و جیهانی) ریزبەندی خشتەکە پێکدێنن .بابەتە لۆکاڵییەکان دەبنە بچوکترین دەستە و کەمترین بابەتی ئەم پێگەیە بە ئاستی سێیەم و(3)جار دووبارە بوونەوە ڕێژەی خشتەکە پێکدێنن.

هەرچەندە هیچ هاوسەنگی و لێکنزیکیەک نیە لە نێوان ڕێژەکاندا، بەڵام بابەتە هەرێمییەکان پلەی دووەمی ریزبەندییەکە پێکدێنن، و(85) جار دووبارە بوونەتەوە. بە ڕێژەیەکی زۆر دوور وئێجگار جیاواز لە دوو ئاستەکەی پێشوو، بابەتە جیهانییەکان دەبنە ڕێژەی یەکەمی ریزبەندییەکە، و(2356) جار دووبارە بوونەتەوە.

کەواتە:

– ئەگەرچی بابەتێکی زۆر لە نێو پێگەکەدا نمایش کراوە، بەڵام بەرهەمە لۆکاڵییەکان کەمترین ئامادەگیەن هەیە لەم پێگەیەدا لەگەڵ دوو ئاستەکەی تردا هیچ بەراوردکارییەک نیە لە نێوانیاندا.

– بە هەمان شێوە لەم پێگەیەشدا ئەو پانتاییەی بۆ بابەتە هەرێمییەکان تەرخانکراوە تەنها بەرهەمە فارسییەکان لەخۆ دەگرێت، بەرهەمە تورکییەکان بە تەنها خاڵێکیش بەشێک نین لە بایەخبەندی ئەم پێگەیەش.

–دیسانەوە بەرزی ڕێژەی داتاکانی پەیوەست بە بابەتە جیهانییەکان گوزارشت لە هەژموونی خۆسەپینەریان دەکات لە نێو ئەم پێگەیە و گشت پێگە سینەماییەکانی تریشدا.

**پێنجەم (کورد دۆبلاژ)**

**خشتەی (21) دەستەی سەرەکی شیکار لە سەر بنەمای بابەت**

**دەستەی سەرەکی شیکار لە سەر بنەمای بابەتە هونەرییەکانی بواری سینەما، لەو سۆنگەییەوە کە هەندێک لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بە تەنها کار لە سەر بڵاو کردنەوەی فیلم ناکەن، بەڵکو بابەتگەلیکی زۆری پەیوەست بە کایەی سینەما بڵاو دەکەنەوە هەر وەک لەم خشتەیەدا پۆلێنکاری بۆ کراوە:**

| ژ | یەکە | دووبارە | رێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فیلم | 406 | 83.4 | یەکەم |
| 2 | کورتە فیلم | – | – | – |
| 3 | زنجیرە فیلم | 13 | 2.7 | سێیەم |
| 4 | زنجیرە دراما | 8 | 1.6 | چوارەم |
| 5 | وێنە هەواڵ | – | – | – |
| 6 | ئینفۆگرافیک | – | – | – |
| 7 | ئەنیمی | 60 | 12.3 | دووەم |
| 8 | مانگا | – | – | – |
| 9 | دەرهێنەر | – | – | – |
| 10 | ئەکتەر | – | – | – |
| 11 | بۆکس ئۆفیس | – | – | – |
| 12 | ژیاننامە | – | – | – |
| 13 | چەمکەکان | – | – | – |
| 14 | خەڵاتەکان | – | – | – |
| 15 | کۆمپانیاکان | – | – | – |
| 16 | کارتۆن | – | – | – |
| 17 | کۆمیکس | – | – | – |
| 18 | کۆمیک | – | – | – |
| کۆی گشتی | | 487 | %100 | |

خشتەی(21) پۆلێنی ئەو داتایەنە لە خۆ دەگرێت کە دەبێتە مایەی دەرخستەی ناوەڕۆکی ئەوە بابەتەنەی پەیوەستە بە پێگەی(کورد دۆبلاژ) کە کۆی گشتی ئەم خشتەیە(487) بابەتە، لە (18) یەکە و(4) ئاستی جیاواز پێکهاتووە. کە فیلم وەک یەکە و بابەتی سەرەکی بە رێژەیەکی بەرز، پلەی یەکەمی ریزبەندی خشتەکە پێک دێنێت، کە (406)جار دووبارە بۆتەوە لەم شیکارییەدا.

فیلمی ئەنیمەیشن بە رێژەیەکی کەمتر لە فیلم بۆتە دووەمی ریزبەندییەکە، و(60) جار دووبارە بۆتەوە. زنجیرە فیلم بە رێژەیەکی کەمتر بۆتە ئاستی سێیەمی خشتەکە، و(13) جار دووبارە بۆتەوە. زنجیرە دراما بەراورد بە یەکەکانی پێشوتر بە رێژەیەکی کەمتر دەبێتە چوارەمی ریزبەندییەکە، و (8)جار دووبارە بۆتەوە. جگە لەم چوار دەستەیە هیچ کام لەوانی تر بە تەنها خاڵێکیش بەشدار نین لەم ریزبەندییەدا.

کەواتە:

- پێگەی کورد دۆبلاژیش بە هەمان شێوەی پێگەکانی تر فیچەرفیلم یاخود فیلمی درێژ زۆرترین مەودای بۆ تەرخانکردوە، و بابەتی سەرەکی بەهەند وەرگیراوە. بەڵام زنجیرە فیلم پانتاییەکی زۆر زۆر کەمتری بۆ تەرخانکراوە

- هەرچەندە ئەنیمەیش مەودایەکی زۆر کەمتری لە فیلم بۆ تەرخانکراوە، بەڵام بەراورد بە بە بابەتەکانی تر و کەمی کۆی بابەتەکانی مەودایەکی پەسەندی بۆ تەرخانکراوە.

- بەراورد بە چەند پێگەیەکی تر زنجیرە دراماکان لەم پێگەیەدا سەرباری کەمی بابەتەکانی مەودایەکی زۆریان بۆ تەرخانکراوە.

- کەمی و نائامادەگی زۆرێک لە بابەتەکان لەم پێگەیەدا ئاماژەن بۆ کەمی چالاکی ئەم پێگە بەراورد بە هەندی پێگەی تر.

**خشتەی (22) دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای ژانرە سینەماییەکان**

**دەستەی لاوەکی شیکارلە سەر بنەمای ژانرە سینەماییەکانی پەیوەست بە فیلم لەو سۆنگەییەوە هەر بەرهەمێکی سینەمایی دەبێت لەسەر بنەمای ژانرێک یاخود زیاتر پێناسە بکرێت، کە بە شیوەیەکی گشتی زیاد لە ژانرێک لە خۆ دەگرێت، هەرفیلمێک ژانرێکی تێپەڕاند بە ئاوێتە پۆلێن دەکرێت هەروەک لەم خشتەیەدا دیارە:**

| ژ | دەستە | دووبارە | رێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دراما | 4 | 1 | سێیەم |
| 2 | رۆمانس | – | – | – |
| 3 | دۆکیومێنتری | – | – | – |
| 4 | کۆمیدی | 19 | 4.7 | دووەم |
| 5 | ترسناک | – | – | – |
| 6 | تاوان | – | – | – |
| 7 | ئاکشن | 4 | 1 | سێیەم |
| 8 | خەیاڵی | – | – | – |
| 9 | زانستی خەیاڵی | 1 | 0.2 | چوارەم |
| 10 | سەرکێشی | – | – | – |
| 11 | هەستبزوێن | – | – | – |
| 12 | خۆرئاوایی | – | – | – |
| 13 | خێزانی | – | – | – |
| 14 | ژیاننامە | – | – | – |
| 15 | کۆمەڵایەتی | | | |
| 16 | میوزیکاڵ | | | |
| 17 | مێژووی | – | – | – |
| 18 | ئاوێتە | 378 | 93.1 | یەکەم |
| کۆی گشتی | | 406 | %100 | |

خشتەی(22) ئەو داتایانەی لە خۆ گرتووە کە تایبەتن بە ژانرە سینەماییەکانی پەیوەست بە فیلم. بە(18) دەستەی لاوەکی و(4) ئاست کۆی ریزبەندی خشتەکە پێکدێنن. لە نێو(18) ژانردا ئاوێتە ریزبەندی یەکەمی خشتەکە پێک دێنێت کە مەبەست لێی هەر فیلمێکی بەرهەمهێنراو زیاد لە ژانرێک لە خۆ دەگرێت، بۆیە دەبێتە فیلمێکی ئاوێتە. لەم خشتەیەشدا ئاوێتە (378) دووبارە بۆتەوە.

بە رێژەیەکی زۆر جیاوازتر لە ئاوێتە، کۆمیدی دەبێتە دووەم دەستە و ژانری ئەم ریزبەندییە، کە(19) جار دووبارە بۆتەوە. دەستەی دراما و ئاکشن بە یەکسانی دەبنە ریزبەندی سێیەمی خشتەکە، و (4) جار دووبارە بوونەتەوە. ژانری زانستی دەبێتە چوارەم ئاستی ئەم خشتەیە، و تەنها(1) جار دووبارە بۆتەوەلە کۆی(18) یەکە(13)یان بە تەنها خاڵێکیش بەشدار نین لەم ریزبەندییەدا.

کەواتە:

- بە هەمان شێوەی پێکەکانی تر بەهۆی سروشتی بەرهەمهێنانی فیلمەوە کە بە شێوەیەکی گشتی زیاد لە ژانرێک لە خۆ دەگرێت، فیلمی ئاوێتە لەم پێگەیەشدا زۆرترین مەودا بۆ خۆیان دەستەبەر کردووە.

- سەبارەت بە ژانری کۆمیدی هاوکێشەکە لە پێگەیەدا پێچەوانە دەبێتەوە پێش ژانری دراما دەکەوێت لە ریزبەندییەکەدا. دراما بە رێژەیەکی زۆر زۆر کەمترو هاوشان لەگەڵ ئاکشندا بەشدارە.

- بە گشتی زانستی خەیاڵی یەکێکە لەو ژانرە لاوازانەی زۆر بە کەمی و دیاریکراوی بە تەنها بەشدار دەبێت، و کەمی بابەت لەم پێگەیەدا و لاوازی هەندیک لە ژانرەکانیش رەنگدانەوەی دەبێت لە سەر ئامادەگیان.

### خشتەی (23) دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای شوناس

دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای شوناس کە مەبەست لیی دیاریکردنی ولآتانی بەرهەمێنی فیلمەکانە کە هەندێک جار دەشێ بەرهەمێکی هاوبەش بێت بەڵام لەم خشتەیدا ئاماژە بە ولآتی بەرهەمهێنەری سەرەکی فیلمەکان کراوە کە، ئامانج لە دانانی ئەم خشتەیە ئەوەیە، فیلم زۆرترین پانتایی لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا داگیر کردووە، بە مەبەستی دەرخستنی ریزبەندییان بە پی ولآتانی ئاماژە پێکراوی ناو خشتەکە.

| ژ | دەستەی لاوەکی | دووبارە | رێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەمریکی | 180 | 44.3 | یەکەم |
| 2 | بەریتانی | – | – | – |
| 3 | هیندی | 177 | 43.6 | دووەم |
| 4 | کۆری | 10 | 2.5 | پێنجەم |
| 5 | ژاپۆنی | – | – | – |
| 6 | چینی | – | – | – |
| 7 | روسی | – | – | – |
| 8 | ئەڵمانی | – | – | – |
| 9 | فەڕەنسی | – | – | – |
| 10 | ئیسپانی | – | – | – |
| 11 | ئیتاڵی | – | – | – |
| 12 | بیانی | – | – | – |
| 13 | تورکی | 22 | 5.4 | سێیەم |
| 14 | فارسی | 5 | 1.2 | شەشەم |
| 15 | عەرەبی | 12 | 3.0 | چوارەم |
| 16 | کوردی | – | – | – |
| کۆی گشتی | | 406 | %100 | |

خشتەی(23) دەرخستەی زانیارییەکانی پەیوەست بە شوناسی بەرهەمێنەرانی سەرەکی فیلمەکانە کە فیلمی ئەمریکی بە رێژەیەکی زۆر پلەی یەکەمی ریزبەندییەکە پێکدێنێت، و(180) جار دووبارە بۆتەوە و گەورەترین دەستەی شیکاری ئەم خشتەیە. فیلمی هیندی بە رێژەیەکی زۆر نزیک لە فیلمی ئەمریکی بەشدارە لەم ریزبەندییەدا ئاستی دووەم پێکدێنێت، و(177) جار دووبارە بۆتەوە.

فیلمی تورکی دەبێتە ریزبەندی سێیەم، و(22) جار دووبارە بۆتەوە. فیلمی عەرەبی بە رێژەی کەمتر لە فیلمی تورکی دەبێتە ریزبەندی چوارەمی ئەم دەستە لاوەکییە، بە جۆرێک(12)جار دووبارە بۆتەوە. فیلمە کۆریەکانیش بە رێژەی پێنجەم بەشدارە لەم ریزبەندییەدا، و (10) جار دووبارە بۆتەوە.

فیلم فارسی بە رێژەیەکی کەمتر لە ریزبەندییەکەدا بەشدارن، و ژمارەی دووبارە بوونەوەیان تەنها (5) جار بە پلەبەندی شەشەم دەبنە کۆتایی ریزبەندیەکە، و بچووکترین دەستەی لاوەکی ئەم خشتەیە.کۆی فیلمەکانی تر هیچ ریزبەندییەکیان نیە لە نێو ئەم پێگەیەدا، فیلمە کوردیەکانیش بە تەنها خاڵێک بەشدار نین .

کەواتە:

- جیاواز لە هەندێ پێگەی تر لەم پێگەیەدا فیلمە هندییەکان دەبنە هاوشانی فیلمە ئەمریکییەکان و بە جیاوازیەکی زۆر کام پانتاییەکی هاوشێوەیان بۆ تەرخانکراوە.

- بەراورد بە پێگەکانی تر فیلمە تورکیەکان بە رێژەیەکی زۆر زیاتر لە فارسییەکان بابەتی پەخشکراوی ئەم پێگەیەن و مەودای زیاتریان بۆ تەرخانکراوە. فیلمە عەرەبییەکانیش بە هەمان شێوە لەم پێگەیەدا زیاتر ئامادەگیان هەیە.

- جگە لەو شەش وولاتە بەرهەمی هیچ کام لە وولاتانی تر لەم پێگەیەدا بە هەند وەرنەگیراوە، یاخود مەودای بۆ دیاری نەکراوە، بە فیلمە کوردییەکانیشەوە.

**خشتەی (24) دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای ژانرە میدیاییەکان**

| کۆی گشتی | | 1444 | %100 | |

خشتەی(50) ئەو زانیارییانە لە خۆ دەگرێت کە کۆی بابەتەکانی ئەم پێگە ئەلکترۆنییە بەسەر(3) دەستەی لاوەکیدا دابەشدەکات، هەروەها بە برگەی( لۆکاڵی، هەرێمی و جیهانی) ریزبەندی خشتەکە پێکدێنن .بابەتە لۆکاڵییەکان دەبنە بچوکترین دەستە و کەمترین بابەتی ئەم پێگەیە بە ئاستی سێیەم و(4)جار دووبارە بوونەوە رێژەی خشتەکە پێکدێنن.

هەرچەندە هیچ هاوسەنگی و لێکنزیکیەک نیە لە نێوان رێژەکاندا، بەڵام  بابەتە هەرێمییەکان پلەی دووەمی ریزبەندییەکە پێکدێنن، و(123) جار دووبارە بوونەتەوە. بە رێژەیەکی ئێجگار دوور و زۆر لە دوو ئاستەکەی پێشوو بابەتە جیهانییەکان دەبنە رێژەی یەکەمی ریزبەندییەکە، و(1317) جار دووبارە بوونەتەوە.

کەواتە:

- لەم پێگەیەشدا ڕێژەی زۆر لاوازی بەرهەمی لۆکاڵییەکان دەریدەخەن کە بابەتە سینەماییە کوردییەکان بە گشتی کەمترین ئامادەگییان هەیە لە نێو پێگە سینەماییە کوردییەکاندا .

- بەراورد بە بەرهەم و بابەتە لۆکاڵییەکان بە ڕێژەیەکی زۆر زیاتر پانتایی بۆ بابەتە هەرێمییەکان تەرخانکراوە لەم پێگەیەدا بەرهەمە فارسی و تورکییەکان بەشێکن لە بایەخبەندی ئەم پێگەیە.

- سەنگ و قورسایی و هەژمورنی بەرهەمە جیهانییەکانە لە نێو ئەم پێگەیە هەموو پێگەسینەماییەکانی تریشدا ڕەنگدانەوەی هەیە .

**یانزەیەم(کوردیۆ ئەنیمی)**

**خشتەی (51) دەستەی سەرەکی شیکار لە سەر بنەمای بابەت**

**دەستەی سەرەکی شیکار لە سەر بنەمای بابەتە هونەرییەکانی بواری سینەما، لەو سۆنگەییەوە کە هەندێک لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بە تەنها کار لە سەر بڵاو کردنەوەی فیلم ناکەن، بەڵکو بابەتگەلیکی زۆری پەیوەست بە کایەی سینەما بڵاو دەکەنەوە هەر وەک لەم خشتەیەدا پۆلێنکاری بۆ کراوە:**

| ژ | یەکە | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فیلم | - | - | - |
| 2 | زنجیرە فیلم | - | - | - |
| 3 | کورتە فیلم | - | - | - |
| 4 | زنجیرە دراما | - | - | - |
| 5 | وینە هەواڵ | - | - | - |
| 6 | ئینفۆگرافیک | - | - | - |
| 7 | ئەنیمی | 99 | 96.1 | یەکەم |
| 8 | مانگا | - | - | - |
| 9 | دەرهێنەر | - | - | - |
| 10 | ئەکتەر | - | - | - |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 11 | بۆکس ئۆفیس | – | – | – |
| 12 | ژیاننامە | – | – | – |
| 13 | چەمکەکان | – | – | – |
| 14 | خەڵاتەکان | – | – | – |
| 15 | کۆمپانیاکان | – | – | – |
| 16 | کارتۆن | 4 | 3.9 | دووەم |
| 17 | کۆمیکس | – | – | – |
| 18 | کۆمیک | – | – | – |
| کۆی گشتی | | 103 | %100 | |

خشتەی(51)تایبەتە بە دەرخستنی کۆی ئەو بابەتەکانی ئەم پێگەیە ، هەرچەندە ئەم خشتەیە گشتگیرە، و بۆ کۆی پێگەکان وەک یەکە، بەڵام ریزبەندی بابەتەکان لە پێگەیەکەوە بۆ پێگەیەکی تر دەگۆڕیت و مەرج نیە هەمان بابەتە لە هەموو پێگەکاندا وەک یەک هەبێت. لەو سۆنگەییەوە ناوەڕۆکی ئەم پێگەیە تایبەتمەندە بە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە دنیای ئەنیمەیش لە کۆی(18) یەکەی سەرەکییە تەنها دوو یەکە لە نێو ریزبەندییەکەدا هەن.

بە جۆرێک ئەنیمی گەورەترین یەکەی ئەم خشتەیەیە و بە رێژەیەکی زۆر جیاواز لە یەکەکەی تر دەبێتە ریزبەندی یەکەم، و(99)جار دووبارە بۆتەوە. کارتۆن بە رێژەیەکی زۆر جیاواز و کەمتر لە ئەنیمی دەبێتە بچوکترین دەستە ریزبەندی دووەمی خشتەکە پێکدێنێت، وتەنها (4) جار دووبارە بۆتەوە.

کەواتە:

– داتاکان گوزارشتن بۆ ئەوەی ئەم پێگەیە پابەند بەو ناوەی کە هەڵگرێتی، بە جۆرێک تەنها فیلم و بابەتەکانی پەیوەست بە ئەنیمەیشن لە نێو بایەخبەندییەکانیاندا هەیە.

– کارتۆن هەرچەندە وەک هونەرێکی زۆر نزیک لە ئەنیمی، کە زۆر جار هەردووکیان دەکەونە یەک خانەی ناولێنانەوە، بەڵام زۆر کەمتر بۆتە جێی بایەخی پێگەکە.

**خشتەی (52) دەستەی لاوەکی شیکارلە سەر بنەمای ژانرە سینەماییەکان**

**دەستەی لاوەکی شیکارلە سەر بنەمای ژانرە سینەماییەکانی پەیوەست بە فیلم لەو سۆنگەییەوە هەر بەرهەمێکی سینەمایی دەبێت لەسەر بنەمای ژانرێک یاخود زیاتر پێناسە بکرێت، کە بە شێوەیەکی گشتی زیاد لە ژانرێک لە خۆ دەگرێت، هەرفیلمێک ژانرێکی تێپەڕاند بە ئاوێتە پۆلێن دەکرێت هەروەک لەم خشتەیەدا دیارە:**

| ژ | دەستە | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دراما | – | – | – |
| 2 | ڕۆمانس | – | – | – |
| 3 | دۆکیومێنتری | – | – | – |
| 4 | کۆمیدی | – | – | – |
| 5 | ترسناک | – | – | – |
| 6 | تاوان | – | – | – |
| 7 | ئاکشن | – | – | – |
| 8 | خەیاڵی | – | – | – |
| 9 | زانستی خەیاڵی | – | – | – |
| 10 | سەرکێشی | – | – | – |
| 11 | هەستبزوێن | – | – | – |
| 12 | خۆرئاوایی | – | – | – |
| 13 | خێزانی | – | – | – |
| 14 | ژیاننامە | – | – | – |
| 15 | کۆمەڵایەتی | | | |
| 16 | میوزیکاڵ | | | |
| 17 | مێژووی | – | – | – |
| 18 | ئاوێتە | – | – | – |
| | کۆی گشتی | | %100 | |

خشتەی(52) ئەو داتایانەی لە خۆ گرتووە کە تایبەتن بە ژانرە سینەماییەکانی پەیوەست بە فیلم.بەڵام لەبەر جگە لە ئەنیمی هیچ فیلمێکی تر لێرە پەخش نەکراوە، بۆیە ژانرەکانیش هیچ خاڵبەندییەکیان تۆمار نەکردووە.

**خشتەی (53) دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای شوناس**

**دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای شوناس کە مەبەست لیی دیاریکردنی ولاتانی بەرهەمێنی فیلمەکانە کە هەندێک جار دەشێ بەرهەمێکی هاوبەش بێت بەڵام لەم خشتەیدا ئاماژە بە وڵاتی بەرهەمهێنەری سەرەکی فیلمەکان کراوە کە، ئامانج لە دانانی ئەم خشتەیە ئەوەیە، فیلم زۆرترین پانتایی لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا داگیر کردووە، بە مەبەستی دەرخستنی ریزبەندییان بە پی وڵاتانی ئاماژە پێکراوی ناو خشتەکە.**

| ژ | دەستەی لاوەکی | دووبارە | رێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەمریکی | – | – | – |
| 2 | بەریتانی | – | – | – |
| 3 | هیندی | – | – | – |
| 4 | کۆری | – | – | – |
| 5 | ژاپۆنی | – | – | – |
| 6 | چینی | – | – | – |
| 7 | روسی | – | – | – |
| 8 | ئەڵمانی | – | – | – |
| 9 | فەڕەنسی | – | – | – |
| 10 | ئیسپانی | – | – | – |
| 11 | ئیتاڵی | – | – | – |
| 12 | بیانی | – | – | – |
| 13 | تورکی | – | – | – |
| 14 | فارسی | – | – | – |
| 15 | عەرەبی | – | – | – |
| 16 | کوردی | – | – | – |
|  | کۆی گشتی |  | %100 |  |

خشتەی(53) دەرخستەی زانیارییەکانی پەیوەست بە شوناسی بەرهەمێنەرانی سەرەکی فیلمەکانە، وەک خشیتەیەکی پەیوەندیدار بە خشتەی دووەم کە پەیوەستە بە فیلم هیچ ریزبەندییەکی نییە لەنێو ئەم پێگەدا کە ناوەڕۆکەکەی تەنها ئەنیمەیەشن لە خۆ دەگرێت.

**خشتەی (54) دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای ژانرە میدیاییەکان**

**دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای ژانرە میدیاییەکان بۆ دەرخستنی بابەتە سینەماییەکان لە چوارچێوەی ژانرە میدیاییەکاندا تا چ رادەیەک بایەخیان پێدراوە .**

| ژ | دەستەی لاوەکی | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەواڵ | – | – | – |
| 2 | وتار | – | – | – |
| 3 | چاوپێکەوتن | – | – | – |
| 4 | راپۆرت | – | – | – |
| 5 | شیکردنەوە | – | – | – |
| 6 | رەخنە | – | – | – |
| 7 | زانیاری | 5 | 100 | یەکەم |
| | کۆی گشتی | 5 | %100 | |

خشتەی (54) دەرخستنی داتاکانی پەیوەست بەو ژانرە میدیاییەکانی وەک ( هەواڵ، وتار، چاوپێکەتن، راپۆرت، شیکردنەوە، رەخنە، زانیاری) جگە لە زانیاری لە بارەی فیلم و بەرهەمە ئەنیمەیشنەکانەوە بە رێژەیەکی ئێجگار کەم دەستەی لاوەکی ئەم خشتەیە بە پلەی یەکەم و تەنها پێکدێنێت،و(5) جار دووبارە دەبێتەوە. بەڵام هیچ کام لە ژانرەکانی تر بە تەنها ژمارەیەکیش لە نێو ریزبەندییەکەدا نین.

کەواتە:

– هەروەک لە پێگەکانی تریشدا زۆر بە رونی ئەوە دەردەکەوێت کە ئەم ژانرە گرنگانە کەمترین ئامادەگیان هەیە، کە بێگومان بۆ پێگەیەکی لەم شێوەیە کە هێشتا خودی ئەنیمەیشن نەبۆتە جێی بایەخی بینەر و تەنانەت پێگەکانیش، بۆیە داتایەک بەو لاوازیە لە بارەی ئەم جهیانەوە(ئەنیمەیشن) جێی سەرسوڕمان نیە.

**خشتەی (55) دەستەی لاوەکی لە سەر بنەمای جوگرافی**

**دەستەی لاوەکی لە سەر بنەمای جوگرافی ،ئامانج لێی دەرخستنی بایەخبەندی بابەتەکانە لە رووسنوری جوگرافییەوە چ ڕێزبەندییەکیان هەیە لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا .**

| ژ | دەستەی لاوەکی | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | لۆکاڵی | – | – | – |
| 2 | هەرێمی | – | – | – |
| 3 | جیهانی | 108 | – | یەکەم |
| | کۆی گشتی | 108 | 100 | |

خشتەی (55) ئەو زانیارییانە لە خۆ دەگرێت کە کۆی بابەتەکانی پێگەکە بەسەر(3) دەستەی لاوەکیدا دابەشدەکات، و برگەی( لۆکاڵی، هەرێمی و جیهانی) ریزبەندی خشتەکە پێکدێنن. هەریەک لە برگەی لۆکاڵی و هەرێمی هیچ ڕێژەیەکیان نیە لە نێو ریزبەندییەکدا.بەڵام بابەتە ئەنیمەیشنە جیهانییەکان بە تەنها ڕێژەیەک دەبنە گەورەترین دەستە و یەکەم ئاستی ئەم خشتەیە، (108)جار دووبارە بۆتەوە.

کەواتە:

– هەرچەندە بەرهەمهێنانی ئەنیمەیشن زیاتر دەدرێتە پاڵ وڵاتی ژاپۆن، بەڵام ئەمریکاش گەر زیاتر نەبێت رەنگە هاوشانی نەبێت لەو بارەیەوە دوو وڵاتی سەرەکی و دیاری ئەم هونەرەن. لە سۆنگەیەشەوە ئەنیمەیش وەک بەرهەمێکی دروستکراوی پێشکەوتویی جیهانی، هەربۆیە تەواوی پانتایی بابەتە جیهانییەکانی ئەم پێگەیە بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

**دوانزەیەم (کورد پڵاس ئەنیمی)**

**خشتەی (56) دەستەی سەرەکی شیکار لە سەر بنەمای بابەت**

**دەستەی سەرەکی شیکار لە سەر بنەمای بابەتە هونەرییەکانی بواری سینەما، لەو سۆنگەییەوە کە هەندێک لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان بە تەنها کار لە سەر بڵاو کردنەوەی فیلم ناکەن، بەڵکو بابەتگەلیکی زۆری پەیوەست بە کایەی سینەما بڵاو دەکەنەوە هەر وەک لەم خشتەیەدا پۆلێنکاری بۆ کراوە:**

| ژ | یەکە | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فیلم | – | – | – |
| 2 | زنجیرە فیلم | – | – | – |
| 3 | کورتە فیلم | – | – | – |
| 4 | زنجیرە دراما | – | – | – |
| 5 | وینە هەواڵ | – | – | – |
| 6 | ئینفۆگرافیک | – | – | – |
| 7 | ئەنیمی | 151 | 100 | یەکەم |
| 8 | مانگا | – | – | – |
| 9 | دەرهێنەر | – | – | – |
| 10 | ئەکتەر | – | – | – |
| 11 | بۆکس ئۆفیس | – | – | – |
| 12 | ژیاننامە | – | – | – |
| 13 | چەمکەکان | – | – | – |
| 14 | خەڵاتەکان | – | – | – |
| 15 | کۆمپانیاکان | – | – | – |
| 16 | کارتۆن | – | – | – |
| 17 | کۆمیکس | – | – | – |
| 18 | کۆمیک | – | – | – |
| کۆی گشتی | | 151 | %100 | |

خشتەی(56)تایبەتە بە دەرخستنی کۆی ئەو بابەتەکانی ئەم پێگەیە ، هەرچەندە ئەم خشتەیە گشتگیرە، و بۆ کۆی پێگەکان وەک یەکە، بەڵام ریزبەندی بابەتەکان لە پێگەیەکەوە بۆ پێگەیەکی تر دەگۆڕیت و مەرج نیە هەمان بابەتە لە هەموو پێگەکاندا وەک یەک هەبێت. لەو سۆنگەییەوە ناوەڕۆکی ئەم پێگەیە تایبەتمەندە بە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە دنیای ئەنیمەیش لە کۆی(18) یەکەی سەرەکییە تەنها یەک بڕگە لە نێو ریزبەندییەکەدا هەیە.

به جۆرێک ئەنیمی گەورەترین یەکەی ئەم خشتەیەیە و پلەی یەکەم و تەنهای ریزبەندییەکە پێک دێنێت، و(151)جار دووبارە بۆتەوە.

کەواتە:

– داتاکان گوزارشتن بۆ ئەوەی بە تەنها ئەنیمەیشن لە نێو بابەخبەندییەکانی ئەم پێگەیەدا هەیە، جگە لەو فیلمەنە هیچ فیلم و بابەتێکی تر پەخش ناکات.

**خشتەی (57) دەستەی لاوەکی شیکارلە سەر بنەمای ژانرە سینەماییەکان**

**دەستەی لاوەکی شیکارلە سەر بنەمای ژانرە سینەماییەکانی پەیوەست بە فیلم لەو سۆنگەییەوە هەر بەرهەمێکی سینەمایی دەبێت لەسەر بنەمای ژانرێک یاخود زیاتر پێناسە بکرێت، کە بە شیوەیەکی گشتی زیاد لە ژانرێک لەخۆ دەگرێت، هەرفیلمێک ژانرێکی تێپەڕاند بە ئاوێتە پۆلێن دەکرێت هەروەک لەم خشتەیەدا دیارە:**

| ژ | دەستە | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دراما | – | – | – |
| 2 | رۆمانس | – | – | – |
| 3 | دۆکیومێنتری | – | – | – |
| 4 | کۆمیدی | – | – | – |
| 5 | ترسناک | – | – | – |
| 6 | تاوان | – | – | – |
| 7 | ئاکشن | – | – | – |
| 8 | خەیاڵی | – | – | – |
| 9 | زانستی خەیاڵی | – | – | – |
| 10 | سەرکێشی | – | – | – |
| 11 | هەستبزوێن | – | – | – |
| 12 | خۆرئاوایی | – | – | – |
| 13 | خێزانی | – | – | – |
| 14 | ژیاننامە | – | – | – |
| 15 | کۆمەڵایەتی | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | میوزیکاڵ | | | |
| 17 | مێژووی | – | – | – |
| 18 | ئاوێتە | – | – | – |
| | کۆی گشتی | | %100 | |

خشتەی(57) ئەو داتایانەی لەخۆ گرتووە کە تایبەتن بە ژانرە سینەماییەکانی پەیوەست بە فیلم.بەڵام لەبەرئەوی جگە لە ئەنیمی هیچ فیلمێکی تر لێرە پەخش نەکراوە، بۆیە ژانرەکانیش هیچ خاڵبەندییەکیان تۆمار نەکردووە.

**خشتەی (58) دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای شوناس**

**دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای شوناس کە مەبەست لێی دیاریکردنی وڵاتانی بەرهەمێنەری فیلمەکانە کە هەندێک جار دەشێ بەرهەمێکی هاوبەش بێت بەڵام لەم خشتەیدا ئاماژە بە وڵاتی بەرهەمهێنەری سەرەکی فیلمەکان کراوە کە، ئامانج لە دانانی ئەم خشتەیە ئەوەیە، فیلم زۆرترین پانتایی لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا داگیر کردووە، بە مەبەستی دەرخستنی ریزبەندییان بە پی وڵاتانی ئاماژە پێکراوی ناو خشتەکە:**

| ژ | دەستەی لاوەکی | دووبارە | رێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەمریکی | – | – | – |
| 2 | بەریتانی | – | – | – |
| 3 | هیندی | – | – | – |
| 4 | کۆری | – | – | – |
| 5 | ژاپۆنی | – | – | – |
| 6 | چینی | – | – | – |
| 7 | روسی | – | – | – |
| 8 | ئەڵمانی | – | – | – |
| 9 | فەڕەنسی | – | – | – |
| 10 | ئیسپانی | – | – | – |
| 11 | ئیتاڵی | – | – | – |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 12 | بیانی | – | – | – |
| 13 | تورکی | – | – | – |
| 14 | فارسی | – | – | – |
| 15 | عەرەبی | – | – | – |
| 16 | کوردی | – | – | – |
| | کۆی گشتی | | %100 | |

خشتەی(58) دەرخستەی زانیارییەکانی پەیوەست بە شوناسی بەرهەمێنەرانی سەرەکی فیلمەکانە، وەک خشتیەیەکی پەیوەندیدار بە خشتەی دووەم کە پەیوەستە بە فیلم هیچ ڕیزبەندییەکی نییە لەنێو ئەم پێگەیەدا کە ناوەڕۆکەکەی تەنها ئەنیمەیەشن لەخۆ دەگرێت.

**خشتەی (59) دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای ژانرە میدیاییەکان**

**دەستەی لاوەکی شیکار لە سەر بنەمای ژانرە میدیاییەکان بۆ دەرخستنی بابەتە سینەماییەکان لە چوارچێوەی ژانرە میدیاییەکاندا تا چ ڕادەیەک بایەخیان پێدراوە.**

| ژ | دەستەی لاوەکی | دووبارە | ڕێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەواڵ | – | – | – |
| 2 | وتار | – | – | – |
| 3 | چاوپێکەوتن | – | – | – |
| 4 | ڕاپۆرت | – | – | – |
| 5 | شیکردنەوە | – | – | – |
| 6 | ڕەخنە | – | – | – |
| 7 | زانیاری | – | – | – |
| | کۆی گشتی | | %100 | |

خشتەی(59) دەرخستنی داتاکانی پەیوەست بەو ژانرە میدیاییەکانی وەک ( هەواڵ، وتار، چاوپێکەتن، ڕاپۆرت، شیکردنەوە، ڕەخنە، زانیاری)، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم پێگەیە بە تەنها بایەخ بە نمایشکردنی فیلمی ئەنیمەیشن دەدات، هیچ بابەتێکی تر بڵاوناکەتەوە، بۆیە ئەم ژانرانەش بە تەنها خاڵێک لە نیو ڕیزبەندییەکدا نین.

**خشتەی (60) دەستەی لاوەکی لە سەر بنەمای جوگرافی**

**دەستەی لاوەکی لە سەر بنەمای جوگرافی ،ئامانج لێی دەرخستنی بایەخبەندی بابەتەکانە لە رووسنوری جوگرافییەوە چ ڕێزبەندییەکیان هەیە لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا.**

| ژ | دەستەی لاوەکی | دووبارە | رێژە | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| 1 | لۆکاڵی | – | – | – |
| 2 | هەرێمی | – | – | – |
| 3 | جیهانی | 151 | 100 | یەکەم |
| کۆی گشتی | | 151 | 100 | |

خشتەی (60) ئەو زانیارییانە لە خۆ دەگرێت کە کۆی بابەتەکانی پێگەکە بەسەر(3) دەستەی لاوەکیدا دابەشدەکات، و برگەی( لۆکاڵی، هەرێمی و جیهانی) ریزبەندی خشتەکە پێکدێنن.هەریەک لە برگەی لۆکاڵی و هەرێمی هیچ رێژەیەکیان نیە لە نێو ریزبەندییەکدا.بەڵام فیلمە ئەنیمەیشنە جیهانییەکان بە تەنها رێژەیەک دەبێتە گەورەترین دەستە و یەکەم ئاستی ئەم خشتەیە، و(151)جار دووبارە بۆتەوە.

کەواتە:

– وەک تەنها بابەتی ئەم پێگەیە ئەنیمەیشن خاڵی یەکلاکەرەوەیە و لە سۆنگەیەوە هەمیشە وڵاتانی پێشکەوتوو بەرهەمهێنەری ئەم هونەرەن بەو تەکنیکە پێشکەوتووە، بۆیە ئاساییە بابەتە جیهانییەکان تەنها دەستە و برگەی ئەم ئەنجامە بن.

**خشتەی (61) جیاکاری بەپێی ڕەهەندەکانی پێوەری بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان**

| ڕەهەندە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای (t) | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| کورد سینەما | 7.5866 | 1.08464 | 30 | 13.389 | 0.00 |
| کورد فیلم | 9.2235 | 1.14426 | 30 | 10.769 | 0.00 |
| کوردموڤی | 11.8380 | .53160 | 30 | 31.671 | 0.00 |
| کورد سەبتایتڵ | 27.2291 | 2.23306 | 30 | 12.339 | 0.00 |
| فیلمسازان | 34.9106 | 5.39380 | 30 | 20.538 | 0.00 |
| شافیلم | 13.3296 | 1.47174 | 30 | 14.102 | 0.00 |
| تۆلیپ سینەما | 21.5642 | 2.48367 | 30 | 12.339 | 0.00 |
| بینەر | 18.3296 | 2.58947 | 30 | 17.405 | 0.00 |
| کوردینگ | 26.5531 | 3.20835 | 30 | 16.078 | 0.00 |
| کورددۆبلاژ | 20.2570 | 3.14819 | 30 | 22.455 | 0.00 |
| کۆردیۆ ئەنیمی | 10.8659 | 1.42762 | 30 | 26.447 | 0.00 |
| کوردپلاس ئەنیمی | 13.3184 | 3.46479 | 30 | 12.339 | 0.00 |

خشتەی ( 61) دەرخستەی ئەو زانیارییانە کە پەیوەستن بە جیاکاری بەپێی ڕەهەندەکانی پێوەری بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە گوێرەی یاسای ناوەندی ژمێرەیی، کە فیلمسازان گەرەترین ڕەهەندەی نێو ڕیزبەندییەکەیە، و ناوەندی ژمێرەیی بریتیە لە (34.9106)، و لادانی پێوانەییشی بریتیە لە(5.39380). کوردموڤیش دەبێتە بچوکترین ڕەهەندەی نێو ڕیزبەندییەکە، وناوەندی ژمێرەیی بریتیە لە (11.8380)ناوەندی ژمێرە، و لادانی پێوانەییشی بریتیە لە(.53160).

**خشتەی ( 62 ) پەیوەندی سامپڵی توێژینەوەکە و ئاستی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان رووندەکاتەوە**

| ژمارە | سامپل | هاوکۆلکەی پەیوەستبوون (پێرسۆن) | بەهای بەڵگەداری | هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی سپێرمان | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کورد سینەما | 1 | .000 | 1.000 | .000 |
| 2 | کورد فیلم | .3420** | .000 | .298**0 | .000 |
| 3 | کوردموڤی | .0590 | .4360 | .0610 | .4160 |
| 4 | کورد سەبتایتڵ | .329**0 | 0.000 | .335**0 | 0.000 |
| 5 | فیلمسازان | .1310 | .0810 | .0770 | .3040 |
| 6 | شافیلم | .0510 | .5020 | .0420 | .5770 |
| 7 | تۆلیپ سینەما | .241**0 | .0010 | .1680 | .0250 |
| 8 | بینەر | .179*0 | .0170 | .197**0 | .0080 |
| 9 | کوردینگ | .223**0 | .0030 | .180*0 | .0160 |
| 10 | کورددۆبلاژ | 237** | .0010 | .228**0 | .0020 |
| 11 | کۆردیۆ ئەنیمی | .0070- | .9260 | .0840- | .2630 |
| 12 | کوردپلاس ئەنیمی | .0650- | .3880 | .0450- | .5460 |

خشتەی( 62) ئەو زانیارییانە لەخۆدەگرێت کە پەیوەندی سامپڵی توێژینەوەکە و ئاستی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان دردەخات، کە کوردسینەما گەورەترین هاوکۆلکەی نێو ریزبەندییەکەیە و بە گوێرەی هاوکۆلکەی پەیوەستبوون(پێرسۆن) رێژەکەی بریتیە لە(1)، و بە گوێرەی هاوکۆلکەی پەیوەستبوون(سپێرمان) بریتیە لە(1.000). کوردپلاس ئەنیمیش دەبێتە بچوکترین هاوکۆلکەی نێو ریزبەندییەکە، و بە گوێرەی هاوکۆلکەی پەیوەستبوون(پێرسۆن) رێژەکەی بریتیە لە(0.045- )، و بە گوێرەی هاوکۆلکەی پەیوەستبوون(سپێرمان) بریتیە لە(0.065-).

**خشتەی (63) بەراوردکاری سامپلی توێژینەوەکە لەگەڵ ئاستی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان**

| سامپل | بەهای (F) | نمرەی ئازاد | بەهای (t) | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| کورد سینەما | 7.266 | 30 | 13.389 | 0.008 |
| کورد فیلم | 21.227 | 30 | 10.769 | 0.00 |
| کوردموڤی | 8.057 | 30 | 31.671 | 0.05 |
| کورد سەبتایتڵ | 3.907 | 30 | 12.339 | 0.050 |
| فیلمسازان | 4.027234 | 30 | 20.538 | 90.00 |
| شافیلم | 3.0857 | 30 | 14.102 | 0.00 |
| تۆلیپ سینەما | 0703. | 30 | 12.339 | 0.05 |
| بینەر | 3.897 | 30 | 17.405 | 0.002 |
| کوردینگ | 4.0557 | 30 | 16.078 | 0.007 |
| کورددۆبلاژ | 4.012 | 30 | 22.455 | 0.00 |
| کۆردیۆ ئەنیمی | 3.0104 | 30 | 26.447 | 0.00 |
| کوردپڵاس ئەنیمی | 3.0437 | 30 | 12.339 | 0.00 |

خشتەی(63) ئەو زانیارییانە لەخۆدەگرێت کە پەیوەستە بە رادەی بەراوردکاری سامپلی توێژینەوەکە لەگەڵ ئاستی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان، کورد فیلم گەورەترین بەهای نێو ریزبەندییەکە، بە جۆرێک بە گوێرەی یاسای بەهای(f)ی رێژەکەی بریتیە لە (21.227)، و بەهای(t)یش بریتیە لە(10.769). کۆردیۆ ئەنیمیش بچوکترین بەهای نێو ریزبەندییەکە کە ئەویش بە گوێرەی یاسای بەهای (f)ی رێژەکەی بریتیە لە(3.0104)، و بەهای(t)یش بریتیە لە(26.447).

## پاری دووەم: شیکاری خشتەکانی بەشی رووپێوی سامپڵی توێژینەوەکە

### خشتەی (64) تایبەتمەندییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| گۆڕاو | رەگەز | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
|---|---|---|---|---|---|
| رەگەز | نێر | 24 | 80.0 | 30 | %100 |
| | مێ | 6 | 20.0 | | |
| گۆڕاو | تەمەن | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
| تەمەن | 29-25 | 2 | 6.7 | 30 | %100 |
| | 34-30 | 1 | 3.3 | | |
| | 39-35 | 5 | 16.7 | | |
| | 44-40 | 4 | 13.3 | | |
| | 45 و زیاتر | 18 | 60.0 | | |
| گۆڕاو | بڕوانامە | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
| بڕوانامە | بنەڕەتی | - | - | 30 | %100 |
| | ئامادەیی | 1 | 3.3 | | |
| | دبلۆم | 7 | 23.3 | | |
| | بەکالۆریۆس | 13 | 43.3 | | |
| | باڵا | 9 | 30.0 | | |
| گۆڕاو | پیشەی هونەری | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
| پیشەی هونەر | مامۆستای بەشی سینەما | 3 | 10.0 | 30 | %100 |
| | ئەکتەر | 5 | 16.7 | | |
| | دەرهێنەر | 8 | 26.7 | | |
| | پرۆدیوسەر | 2 | 6.7 | | |
| | سینەماتۆگرافەر | 2 | 6.7 | | |
| | رەخنەگر | 1 | 3.3 | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | 13.3 | 4 | سیناریست | |
| | | 3.3 | 1 | ئەندازیاری دەنگ | |
| | | 3.3 | 1 | مەیکەپ ئارتیست وسکریپ رایتەر | |
| | | 3.3 | 1 | پۆستەر دیزاینەر | |
| | | 3.3 | 1 | شیکاری فیلم | |
| | | 3.3 | 1 | نوسەر و رۆژنامەڤانی سینەمایی | |
| % | کۆی گشتی | % | ژمارە | شوێنی نیشتەجێ بوون | گۆڕاو |
| %100 | 30 | 50.0 | 15 | سلێمانی | شوێنی نیشتەجێ بوون |
| | | 10.0 | 3 | هەولێر | |
| | | 6.7 | 2 | دهۆک | |
| | | 3.3 | 1 | زاخۆ | |
| | | 3.3 | 1 | باکور- دیاربکر | |
| | | 6.7 | 2 | سوید ستۆکۆڵم | |
| | | 3.3 | 1 | ئێران-تاران | |
| | | 3.3 | 1 | رۆژهەڵات- سنە | |
| | | 3.3 | 1 | هۆڵەندا -ئەمستردام | |
| | | 3.3 | 1 | بەریتانیا - باث | |
| | | 3.3 | 1 | بەریتانیا - لیڤەرپۆڵ | |
| | | 3.3 | 1 | ئوستراليا- سیدنی | |

خشتەی (64) پەیوەستە بە تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوە کە(30) ئەندام لە خۆ دەگرێت، و هەریەک لە گۆڕاوەکانی (رەگەز، تەمەن، بڕوانامە، پیشە و شوێنی نیشتەجێبوون ) بە پلە و رێژە تایبەتمەندییەکانی ئەو ئەندامانە دەردەخات، بەجۆرێک رەگەزی نێر (24)ئەندامن و بە پلەی یەکەمی ریزبەندییەکەیە و رەگەزی مێ (6) ئەندامن و بە پلەی دووەمی ریزبەندییەکە دێن.

گۆڕاوی تەمەن کە پێنچ قۆناغی جیاواز لە خۆدەگرێت ئەوانەی تەمەنیان لە(45 زیاترە) پلەی یەکەمی ریزبەندییەکە، و ئەوانەی لە نێوان(35-39) پلەی دووەم و ئەوانەی لە نێوان ( 40-

44) پلەی سێیەم، و ئەوانەی لە نێوان(25-29) پلەی چوارەم، و ئەوانەی لە نێوان (30-34) پلەی پێنچەمی ریزبەندییەکە پێکدێنن.

ئەگەرچی گۆڕاوی بڕوانامە لە نێو ئەم خشتەیەدا بە پێنچ ئاست دیاریکراوە، بەڵام چوار ئاست لە خۆدەگرێت لەبەرئەوەی هیچ کام لە ئەندامەکان هەڵگری بڕوانامەی بنەرەتی نەبوون. بڕوانامەی بەکالۆریۆس ریزبەندی یەکەم و بڕوانامەی باڵا ریزبەندی دووەم و بڕوانامەی دبلۆم ریزبەندی سێیەم و بڕوانامەی ئامادەیی ریزبەندی چوارەمی خشتەکە پێکدێنێت.

گۆڕاوی پێشە هونەری کە(12)پیشەی جیاوازی بواری سینەمایی لە خۆدەگرێت هەرچەندە هەندێک لە ئەندامان زیاد لە پێشەیەکیان هەیە، بەڵام پیشەی سەرەکیان بە هەند وەرگیراوە. پیشەی دەرهێنەر یەکەمی ریزبەندی و ئەکتەر دووەمی ریزبەندی و سیناریست سێیەمی ریزبەندی و مامۆستای بەشی سینەما چوارەمی ریزبەندی و هەریەک لە پرودیوسەر و سینەماتۆگرافەر پێنجەمی ریزبەندی و رەخنەگر، ئەندازیاری دەنگ ،مەیکەپ ئارتیست وسکریپ رایتەر ، پۆستەر دیزاینەر، شیکاری فیلم و  نوسەر و رۆژنامەڤانی سینەمایی شەشەمی ریزبەندی خشتەکە پێک دێنن.

گۆڕاوی نیشتەجێ بوون کە دوا تایبەتمەندییە بەسەر(12) شوێنی جیاوازدا دابەش دەبێت. سلێمانی پلەی یەکەم ئەم ریزبەندییەیە و هەولێر دەبێتە پلەی دووەم و هەریەک لە دهۆک و ستۆکۆلمی پایەختی وڵاتی سوید دەبنە سێەمی ریزبەندییەکە، و زاخۆ، دیاربەکر، سنە، تارانی پایەختی ئێران، ئەمستردامی پایەختی هۆلەندا، و هەریەک لە شارەکانی باث و لیڤەرپۆڵ لە بەریتانیا و شاری سیدنی لە ئوسترالیا دەبنە چوارەمی ریزبەندی خشتەکە.

کەواتە:

- رەگەزی نێر بەراورد بە رەگەزی مێ بە رێژەیەکی زیاتر بەشدار بوون لە نموونەی توێژینەوەکەدا هەرچەندە توێژەر هەوڵی داوە تا رادەیەک یەکسان بن و یاخود  لێک نزیک. بن بەڵام  بە هۆی ئەوەی رەگەزی نێر رێژەیان زیاترە لە بواری فیلمسازی وسینەمادا و هاوکات چەند ئەندامێکیش کە هەندێکیان رەگەزی مێ بوون بە هۆی سەیر نەکردن و نەبوونی زانیاری لە بارەی ئەو پێگە ئەلکترونییانەوە لە لیستی بەشدار بوون لابراون و کەسانی تر بوونەتە جێگرەویان کە رەگەزی نێرن.

- ئەو ئەندامانەی تەمەنیان لە(45 زیاترە)  زۆرترین رێژەی بەشداربووان بوون کە خاوەنی ئەزموون و شارەزایی زیاتر بوون. - خاوەن براونامەی بەکالۆریۆس و باڵا زۆرترین

ڕێژەی بەشدار بووان بوون، سەرباری ئەوەی تەواوی ئەندامان جگە لە شارەزاییان هەموو خاوەن بڕوانامەن. – دەرهێنەر و ئەکتەر زۆرترین ڕێژەی بەشداربوون بوون، و بە پێ توانا و بە مەبەستی سوود وەرگرتن وخزمەتکردنی زیاتری توێژینەوەکە فرە پیشەیی بواری سینەما لە نێو ئەندامانداندا بە هەند وەرگیراون . – زۆرترین ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە دانیشتووی شاری سلێمانین، هاوکات نەک تەنها شارەکانی تری هەرێم بەڵکو بەشێک لە بەشداربووان دانیشتووی پارچەکانی تری کوردستان و وڵاتانی دەروبەرو تەنانەت کیشوەرەکانی تریشن ، بە مەبەستی سوود بینی زیاتر لە ڕوانگەی جیاواز و ڕادەی بە ئاگا بوون لەو پێگە ئەلکترۆنیانە بە پێ جیاوازی شوێنەکان.

**خشتەی (65) ئاشنای بە کام لەم پێگە سینەماییە کوردییانە؟ زیاد لە بژاردەیەک**

| ژ | بڕگە | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کورد سینەما | 28 | 31.1 | 1 |
| 2 | کورد فیلم | 17 | 18.9 | 3 |
| 3 | کوردموڤی | 3 | 3.3 | 6 |
| 4 | کورد سەبتایتڵ | 4 | 4.4 | 5 |
| 5 | فیلمسازان | 21 | 23.3 | 2 |
| 6 | شافیلم | 3 | 3.3 | 6 |
| 7 | تۆلیپ سینەما | 3 | 3.3 | 6 |
| 8 | بینەر | 9 | 10.0 | 4 |
| 9 | کوردینگ | 1 | 1.1 | 7 |
| 10 | کورددۆبلاژ | 1 | 1.1 | 7 |
| 11 | کۆردیۆ ئەنیمی | – | – | |
| 12 | کوردپڵاس ئەنیمی | – | – | |
| **کۆی گشتی** | | 30 | %100 | |

خشتەی (65) ئاماژە بۆ دەرخستنی ئەو زانیاریانەی کە پەیوەستە بە ڕادەی ئاشنا بوونی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بەو پێگە سینەماییانە کوردییانە. بەراورد بە بڕگە

پرسیارەکانی تر لەم برگەیەدا ئەندامان دەستکراوە بوون بۆ ئەوەی زیاد لە بژاردەیەک دەستنیشان بکەن لە کۆی ئەو (12) پێگەی ئەلکترۆنییە کوردییەی لەم توێژینەوەیەدا بە هەند وەرگیراوە. وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کورد سینەما لە ریزبەندی ئاشانبووانداا بە رێژەیەکی بەرز پلەی یەکەم پێکدێنێت. فیلمسازان دەبێتە دووەمی ریزبەندی ئەم خشتەیە، و هەریەک لە کورد فیلم ریزبەندی سێیەم و بینەریش ریزبەندی چوارەمی خشتەکە پێکدێنن.
کورد سەبتایتڵ بە پلەی پێنجەم دێت لە ریزبەندییەکەدا، بەڵام هەر سێ پێگەی کوردموڤی، شافیلم و تۆلیپ سینەما بە پلەی شەشەم دێن لە ریزبەندی خشتەکەدا.
کوردینگ و کورد دۆبلاژ بە پلەی حەوتەمی ئەم ریزبەندییە دێن، کوردیۆ ئەنیمی و کوردیۆپڵاس ئەنیمی کە دووپێگەن ناوەرۆکەکانیان تەنها تایبەتمەندە بە ئەنیمەیشن هیج پلەیەکیان بە دەستنەهێناوە لە نێو ئەم ریزبەندایییەدا.
کەواتە:
- لە کۆی(12) پێگە کوردسینەما زۆرترین خاڵی بە دەست هێنا، کە دەبێتە ئاماژەیەک بۆ دەرخستنی ئەو هەنگاوانەی ئەم پێگەیە لە بڵاو کردنەوەی بابەتە سینەماییەکاندا ناوێتی.
- فیلمسازان وەک یەکێک لە پێگە سینەماییەکان رۆڵی بەرچاو دەگێرێت لە بواری فیلمسازی و بڵاوکردنەوەی رۆشنبری سینەماییدا.
- لە دوای هەریەک لە کورد سینەما و فیلمسازان، کوردفیلم بە رێژەیەکی گونجاو بەشدارە لە بڵاوکردنەوەی بابەتە سینەمایەکاندا.
-هەرچەندە  بە گوێرەی رێژەکان هەتا دێت پلە بەندییەکان بەرەو کەمبوونەوە دەچن، بەڵام پێگەی بینەریش بە رێژەیەکی پەسەند بەشدارە لە بڵاوکردنەوەی بابەتە سینەمایەکاندا، ئەگەرچی کوردسەبتایتڵیش بەشدارە، بەروارد بە پێگەکانی پێشووتر کەمتر توانیوێتی رۆڵی هەبێت .
- هەریەک لە پێگەکانی کوردموڤی، شافیلم، تولیپ سینەما،کوردینگ و کورد دۆبلاژ، بەراورد بە هەموو پێگەکانی پێشووتر بە رێژەیەکی لێک نزیک و بە رادەیەکی دیاریکراو و کەمتر لەوانی تر توانویانە ئامادەگیان هەبێت وەک پێگەیەک کە ناوەڕۆکەکانیان سینەماین.
- ئەوەی جێ سەرنجە کە کۆردیۆ ئەنیمی و کوردپڵاس ئەنیمی وەک دوو پێگەی پەیوەست بە ئەنیمەیشن لای ئاشنابوان  بە خاڵێکیش ئاماژەیان پێنەکراوە، کە ئەمەش گوزارشتە لەوەی ئەنیمەیشن  ئەگەرچی لە سەرئاستی جیهان و دنیای سینەمادا بایەخێکی ئێجگار زۆری

پێدەدرێت،کەچی لە بواری سینەما و فیلمسازی کوردیدا هێشتا لە سەرەتاکانی بەهەند وەرگرتینیشیدا نیە.

**خشتەی(66) زۆرترین چالاکی سینەمایی لە کام لەم پێگە سینەماییانە بەدی دەکەیت؟ زیاد لە بژاردەیەک**

| ژ | بڕگە | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کورد سینەما | 17 | 30.9 | 2 |
| 2 | کورد فیلم | 13 | 23.6 | 3 |
| 3 | کوردموڤی | 1 | 1.8 | 5 |
| 4 | کورد سەبتایتڵ | – | – | |
| 5 | فیلمسازان | 19 | 34.5 | 1 |
| 6 | شافیلم | – | – | |
| 7 | تۆلیپ سینەما | – | – | |
| 8 | بینەر | 5 | 9.1 | 4 |
| 9 | کوردینگ | – | – | |
| 10 | کورددۆبلاژ | – | – | |
| 11 | کۆردیۆ ئەنیمی | – | – | |
| 12 | کوردپڵاس ئەنیمی | – | – | |
| **کۆی گشتی** | | 30 | %100 | |

خشتەی(66) وەک خشتەیەکی پەیوەندیدار بە خشتەی پێشووتر، پەیوەستە بە زۆرترین چالاکی ئەم(12) پێگەیە، و بەهەمان شێوە ئەندامان لە دەستنیشانکردنی بژرادەکاندا دەستکراوەن، بەڵام بەراورد بە خشتەی پێشوو ڕێزبەندی پێگەکان بە هۆی رادەی چالاکیان دەگۆڕیت، بە جۆرێک فیلمسازان پلەی یەکەمی ریزبەندییەکە پێکدێنن.

کورد سینەما لەم خشتەیەدا وەک دووەم پێگە دێت لە بڵاوکردنەوەی زۆرترین چالاکی سینەماییدا، پاشان کورد فیلم دەبێتە سێیەمی ئەم ریزبەندییە، و هەریەک لە پێگەی بینەر بە پلەی چوارەم و کوردموڤی بە پلەی پێنجەمی ریزبەندییەکە دێن، لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە

پێگەکان دابەش بوون بۆ پێنج ریزبەندی، بەڵام ئەوانی تر هیچ پلەیەکیان نەبوو لەم ریزبەندییەدا.

کەواتە:

- فیلمسازان وەک پێگەی چالاک و کاریگەر رۆڵ دەگێرێت لە بڵاوکردنەوەی بابەتە سینەماییەکان،ئەگەرچی لەم پێگەیەدا فیلم پەخش ناکرێت بەڵام وەک پلاتفۆرمێکی دیجیتاڵی تەواوی بابەتەکانی پەیوەستن بە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری سینەمایی لە چوارچێوەی ژانری جیاواز و وانەی ئەکادیمیدا لە لایەن کەسانی خاوەن ئەزموونەوە.

- کورد سینەما دووەم پێگەی چالاکی بواری سینەماییە کە رۆڵ دەگێرێت لە بڵاوکردنەوەی بابەتە سینەماییەکان، هەرچەندە چالاکە لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری سینەمایی، بەڵام مەودای زیاتری بۆ بڵاوکردنەوەی فیلم تەرخان کردوە.

- لە پاڵ ئەوانی پێشوودا کوردفیلم پێگەیەکی بەهەند وەرگیراوە لە بڵاوکردنەوەی چالاکیە سینەماییەکان، رۆڵی خۆی هەیە لەم بوارەدا هەرچەندە زۆرترین مەودای ئەم پێگەیە تەرخانکراوە بۆ فیلم بەڵام بە رێژەیەکی کەم بایەخ بە چەند بابەتێکی تری سینەمایی دەدات.

- بینەر وەک ریزبەندی بەراورد بە پێگەکانی پێشتر کەمتر بەشدارە لە بڵاوکردنەوەی چالاکە سینەماییەکان، بەهەمان شێوە زۆرترین مەودای ئەم پێگەیەش بۆ فیلم تەرخانکراوە بە رێژەیەکی کەم بایەخ بە چەند بابەتێکی تری سینەمایی دەدات.

- هەرچەندە کوردموڤی بە رێژەیەکی زۆر کەم دەبێتە پێنجەمی ریزبەندییەکە، بەڵام لەگەڵ پێگەکانی تری وەک کورد سەبتایتڵ، شافیلم، تۆلیپ سینەما، کوردینگ و کورددۆبلاژ، هێشتا کارو چالاکییەکانیان نەگەشتۆتە ئەو ئاستەی وەک پێگەکانی تر بە هەند وەربگیرێن. هەریەک لە پێگەکانی لە کۆردیۆ ئەنیمی، کوردپڵاس ئەنیمی بەهەمان شێوە لە نێو هاوکێشەی بایەخ و پلەبەندی بواری سینەمادا ئامادەگیان نیە.

**خشتەی (67) بە گرنگی دەزانیت ئەم پێگە سینەماییانە تەنها فیلم پەخش بکەن، یاخود ڕۆشنبیری سینەمایی بڵاو بکەنەوە؟**

| ژ | بڕگە | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فیلم | 1 | 3.3 | 3 |
| 2 | ڕۆشنبیری سینەمایی | 4 | 13.3 | 2 |
| 3 | هەردوکیان | 25 | 83.3 | 1 |
| **کۆی گشتی** | | 30 | %100 | |

خشتەی(67) سەبارەت بە دەرخستنی ئەو داتایانەیە کە پەیوەستە بەوەی کە گرنگە ئەم پێگە سینەماییانە تەنها فیلم پەخش بکەن، یاخود ڕۆشنبیری سینەمایی بڵاو بکەنەوە، ئەویش لە سێ بڕگەدا یەک ئەندام بەگرنگی دەزانێت ئەم پێگەنە تەنها فیلم بڵاوبکەنەوە کە پلەی سێیەمی ریزبەندییەکەی پێکهیناوە. هەندێکی تر لە ئەندامان بە گرنگی دەزانن بە تەنها ڕۆشنبیری سینەمایی بڵاو بکەنەوە، بە ڕێژەیەکی کەم پلەی دووەمی ریزبەندییەکەی پێکهێناوە، بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆر و بەهێز بەشێکی زۆر لە ئەندامان بە گرنگی دەزانن ئەم پێگانە نەک بە تەنها فیلم بەڵکو فیلم و ڕۆشنبیری سینەمایش بڵاو بکەنەوە کە پلەی یەکەمی ریزبەندییەکە پێکدینێت.

کەواتە:

– ئەگەرچی فیلم وەک ژانرێکی کات بەسەبردن و چێژبەخش مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە تەنها بڵاوکردنەوەی فیلم ناتوانێت خزمەت بە بوارە (سینەما)بکات، کە ئەمەش خاڵێکی ئومێد بەخشە گوزارشت لەوە دەکات لە روانگە و گۆشەیەکی بەرتەسکەوە ناڕوانرێتە بایەخی بواری فیلمسازی و سینەما.

– سەرباری گرنگی ڕۆشنبیری سینەمایی، بەڵام ئاماژەکان گوزارشتن بۆ ئەوەی ڕۆشنبیری سینەمایی بە تەنها ناتوانێت ڕۆڵێکی ئەوتۆی هەبێت ، ئەمەش بەها و بایەخی فیلم دردەخات.

– بەهێزی ئاماژەکان ئەو تێڕوانینە دەسەپێنن هەریەک لە فیلم و ڕۆشنبیری سینەمایی چەندە گرنگ بن، بەڵام گرێدراو و هێزی تەواوکاری یەکترن و نەبوونی هەریەکێکیان دەبێتە مایەی لاسەنگییەک ، بۆیە ئەمەش ئەنجامێکی بەدەستهاتووی ئەرێنیە و دەشیت وەک بنەمایەکی پتەو هەژمار بکرێت، سەبارەت بەوەی تەنها لە ڕەهەندێکی سەرگەرمی و بازرگانیەوە لە

بەهای ئەم بوارە نەڕوانراوە (سینەما)، بەڵکو ڕەهەندی ئاگایی و هۆشیاری پەروەردە و ئاڕاستەکردنیش بە ئەندازەی ڕەهەندەکەی تر ئامادەگی هەیە.

**خشتەی (68) ناوەندی سەنگکراوی برگەکانی (پێگە سینەمایی) توێژینەوەکە روون دەکاتەوە**

| برگەکان | وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی | کۆی گشتی | ناوەندی سەنگکراو |
|---|---|---|---|---|---|
| تا چ رادەیەک ئەم پێگە سینەماییانە بە گرنگ دەزانیت بۆ پێشخستنی سینەمای کوردی؟ | زۆر | 19 | 66.7 | 30 | 2.56 |
| | کەم | 9 | 26.7 | | |
| | هیچ | 2 | 6.7 | | |
| ئایا ئەم پیگە سینەماییانە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ناساندن و برەودان بە بەرهەمە سینەمایيە کوردییەکان؟ | زۆر | 4 | 13.3 | 30 | 1.26 |
| | کەم | 2 | 6.7 | | |
| | هیچ | 24 | 80.0 | | |
| ئایا ئەم پێگە سینەماییانە، وەک بەشێک لە پڕۆسەی کۆمیونیکەیشن لە ڕێی بڵاو کردنەوەی بابەتە سینەماییەکانەوە تا چ رادەیەک دەتوانن رولًیان هەبێت لە هۆشیارکردنەوە و پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵگە و ئاڕاستە کردنی؟ | زۆر | 14 | 46.7 | 30 | 2.4 |
| | کەم | 14 | 46.7 | | |
| | هیچ | 2 | 6.7 | | |
| دیجیتاڵ میدیا تا چ رادەیەک رۆڵی هەیە لە بەرەو پێشبردن و ناساندی بابەتە سینەماییەکان؟ | زۆر | 20 | 66.7 | 30 | 2.6 |
| | کەم | 8 | 26.7 | | |
| | هیچ | 2 | 6.7 | | |
| ئایا ئەو فیلم و بابەتانەی لەم پێگە سینەماییانە پەخش دەکرێن تا چەند دەتوانێت سەرنجی بینەری کوردی راکێشت، و بە بابەتە سینەماییەکان ئاشنایان بکات؟ | زۆر | 10 | 33.3 | | 2.3 |
| | کەم | 19 | 63.3 | | |
| | هیچ | 1 | 3.3 | | |

خشتەی(68) کە ناوەندی سەنگکراوی بڕگەکانی پەیوەست بە پێگە سینەماییەکان لە خۆ دەگرێت، و هەریەکەیان بە سێ برگەی(زۆر- کەم – هیچ) دەبنە دەرخستەی داتاکانی ئەم خشتیە لە پێنچ پرسیاری پەیوەندیدار بەیەکەوە، بە جۆریک هەریەک لە بڕگەکان، و بە گوێرەی یاسای سێ بڕگەیی لە(2) گەورەترن، تەنها بڕگەی (ئایا ئەم پیگە سینەماییانە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ناساندن و برەودان بە بەرهەمە سینەماییە کوردییەکان) نەبێت کە لە(2) بچوکترە.

بەمەش گەرەترین ناوەندی سنگکراوی ئەم خشتەیە (2.56) کە پلەی یەکەمی ناوەندی سەنگکراوە و بڕگەی(زۆر)یش بەرزترین رێژەیەتی.

لەم خشتەیەدا ناوەندی سەنگکراوی(1.26) دەبێتە پلەی پێنجەمی ریزبەندییەکە و بڕگەی(هیچ)یش بەرزترین رێژەیەتی، و دەبێتە بچوکترین ناوەندی سەنگکراوی ئەم خشتەیە.

ناوەندی سەنگکراوی(2.4) پلەی سێیەمی ریزبەندی خشتەکە پێکدێنێت و هەریەک لە بڕگەی(زۆر- کەم) دەبنە رێژەی یەکسانی ناوەند سەنگکراوەکە.

ناوەندی سەنگکراوی(2.6) پلەی دووەمی ریزبەندی خشتەکە پێکدێنێت، وبڕگەی(زۆر)یش دەبێتە بەرزترین رێژەی ناوەند سەنگکراوە.

ناوەندی سەنگکراوی(2.3) بە پلەی چوارەمی ریزبەندی خشتەکە دێت، و بڕگەی( کەم)یش بەرزترین رێژەی ناوەندی سەنگکراوە پێکدێنێت.

کەواتە:

- پشت بەست بە یاسای سێ بڕگەیی و رێژەی بەدەستهاتووی لە کۆی پێنج بڕگە پرسیار چواریان بەهێزن، ئەمەش دەریدەخات پێگە ئەلکترۆنییەکان گرنگن بۆ پێشخستنی سینەمای کوردی، کە ئەمەش خاڵێکی دڵخۆشکەر و ئومێد بەخشە بۆ داهاتووی ئەم بوارە( سینەما).

- بە گوێرەی رێژەی بە دەستهاتوو ئەم پێگە ئەلکترۆنییانە نەیانتوانیوە رۆڵیان هەبێت لە ناساندن و پێشخستنی بەرهەمە سینەماییەکوردییەکان، کە دەبێتە خاڵێکی لاواز بۆیان.

- بە گوێرەی ئەو رێژە هاوسەنگەی لە نێوان بڕگەی (زۆر-کەمدا)هەیە،ئەوە دەردەخات کە ئەم پێگە ئەلکترۆنییانە دەتوانن رۆڵیان هەبێت لە هۆشیار کردنەوە و پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵگە و ئاراستە کردنی، وەک بەشیک لە پرۆسەی کۆمیونیکەیشن کە ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنیە بۆ دەرخستنی بەها وگرنگی ئەم پێگە ئەلکترۆنیانە.

– بەهێزی ڕێژەی بەدەستهاتوو گوزارشت لەو ڕاستییە دەکات کە دیجیتاڵ میدیا رۆڵی هەیە لە بەرەو پێشبردن و ناساندی بابەتە سینەماییەکان، کە خاڵێکی گرنگ و گرێدراوی خاڵە ئەرێننییەکانی تری ئەم بڕگە پرسیارانەیە.

– بە گوێرەی ڕێژەی ئەم بڕگەیە هێشتا ئەم پێگە ئەلکترۆنیانە نەیانتوانیوە بە رادەیەکی بەرچاو سەرنجی بینەری کوردی راکێشن و بە بابەتە سینەماییەکان ئاشنایان بکەن، ئەگەرچی هەنگاویان ناوە بەڵام ڕێژەکان گوزارشتن بۆ هەنگاونانێکی سەرەتایی و هاوکات ئومێدبەخشیش.

*هێزی بڕگەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:–

(1 – 66,1 ): هیچ

( 67,1 – 2.33): کەم

(2.34 – 3 ): زۆر

* ناوەندی گریمانەیی وەڵامەکانی بڕگەکان = 3+2+1 کە هێزی بڕگەکانن = 3/6 = 2

**خشتەی (69 )بە رای تۆ، ئەو کەسانەی پێگە سینەماییەکان بەرێوە دەبەن شارەزا و پسپۆڕن لە کام لەم بوارانەدا؟**

| ژ | بڕگە | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | میدیا | 4 | 13.3 | 4 |
| 2 | سینەما | 3 | 10.0 | 3 |
| 3 | هەردوکیان | 11 | 36.7 | 2 |
| 4 | هیچیان | 12 | 40.0 | 1 |
| **کۆی گشتی** | | 30 | %100 | |

خشتەی(69) ئەو داتایانە لە خۆدەگرێت کە پەیوەستە بە بەرێوەبەرانی ئەو پێگە ئەلکترۆنیانە، و داتاکانیش بە سەر چوار بژاردەدا دابەش بوون، بە جۆرێک هەندێک لە ئەندامان وای دەخەملێنن کە بەرێوبەرانی ئەم پیگەنە میدیاکارن ئەم پۆلێنەش بە پلەی چوارەمی ریزبەندییەک دێت، لە کاتێکدا سینەماکاران پلەی سێیەمی ریزبەندییەکە پێکدێنن، بەڵام هەردووکیان( میدیاکاروسینەماکار) کە مەبەست لێی شارەزاییە لە هەر دوو بوارکەدا

به پلەی دووەمی ریزبەندییەکە دێت، هیچیان کە دوا پۆلێنە بە پلەی یەکەمی ریزبەندییەکە دێت.

کەواتە:

- لێکنزیکی ئەم دوو تێڕوانینە دەردەخات دەشێ کەسانی شارەزا لە هەردوو بوارەکەدا(میدیا- سینەما) بەشدارن لە بەڕێوەبردنی ئەم پێگە ئەلکترۆنییانە، سەرباری بەهەند وەرگرتنی وەک خاڵێکی ئەرێنی لە توێژینەوەکەدا، هاوکات ئاماژەیەکی دڵخۆشکەریشە بۆ ئەوەی تەنها لە روانگەیی میدیاییەوە یاخود بە تەنها لە روانگەی سینەماییەوە مەمەڵە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بابەتەکاندا ناکرێت.

- بەهەمان شێوە لێکنیزیکی ئەم دوو تێروانینەش(هەردووکیان- هیچیان)، پشت بەست بە ئەزموونی ئەندامان هاوسەنگیەک دەبەخشێتە ئەو خەملاندنە بە جۆرێک هیچیان نابنە مایەی رەتکردنەوەی ئەویتریان واتە دەشیت بەرێوەبەرانی ئەم پێگەیە کەسانی میدیاکار یاخود سینەماکار بن، یا هەردووکیان،یا هیچیان نەبن و ئەو کەسانە بن کە حەزو خولیایان بۆ بواری سینەما هەیە، ئەمەش دەبێتە خاڵیکی بەهێزی توێژینەوەکە و هاوکات ئەم داتایانە دەبێتە جێگرەوەی ئەو دامەزراوە فەرمییە پەیوەندارانی بەم بوارە کە بوونیان نیە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لێیان سەبارەت بەم پێگە ئەلکترۆنیانە.

**خشتەی (70) رای تۆ، بە پێی بەرنامە و لە سەر بنەمای خواستی بینەر بابەت و فیلمە سینەماییەکان لەم پێگە سینەماییانەدا پەخش دەکرین؟**

| ژ | برگە | چەندبارە | رێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڵی | 2 | 6.7 | 3 |
| 2 | نەخێر | 9 | 30.0 | 2 |
| 3 | هەندێک جار | 19 | 63.3 | 1 |
| | **کۆی گشتی** | 30 | %100 | |

خشتەی(7) سەبارەت بەو بابەت و فیلمانەیە کە لەم پێگەنەدا بڵاو دەکرێنەو، بە مەبەستی وەرگرتنی ئەو زانیاریانەی کە تا چەند لە سەر خواستی بینەر و بە پێی بەرنامەیە، کە سێ

برگە لە خۆی دەگرێت، برگەی بەڵی تەنها بە رێژەیەکی کەم بە هەند وەرگیراوە بە جۆرێک پلەی سێیەمی ریزبەندییەکە پێکدێنێت.
بەراورد بە برگەی بەڵی ئەندامان بە رێژەیەکی زیاتر داکۆکی لە برگەی نەخێر دەکەن، و لە ریزبەندییەکەشدا پلەی دووەم پێکدێنێت، بەڵام برگەی هەندێک جار بە رێژەیەکی زۆر زیاتر لە هەردوو برگەکەی تر ئەندامان لە سەری کۆکن کە پلەی یەکەمی ریزبەندییەکە پێک دێنێت.
کەواتە:
- بە پێ ئاماژەکان خواستی بینەر لەم پێگە ئەلکترۆنییانەدا بە رادەیەکی کەم بە هەند وەرگیراوە، و نەیانتوانیوە بە پێی بەرنامەرێژەک بابەتە سینەماییەکان پەخش بکەن.
-ئەگەرچی بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە لەلایەن ئەندامان ئەوە رەتنەکراوەتەوە، بەڵام ئەم داتایانە دەریدەخەن کە پێگە ئەلکترۆنییەکان تائێستا نەیانتوانیوە وەک پێگەیەکی رێکخراو ئەو تێڕوانینە گشتیە لە بارەی خۆیانەوە بسەپێنن کە خواستی بینەر کار و بەرنامەی سەرەکیانە.

**خشتەی ( 71)بە رای تۆ ، ئەم پێگە سینەماییانە توانیویانە سنوری جوگرافی هەرێمی و جیهانی تێپەڕێنن، یاخود تەنها بینەری لۆکاڵی ئاشنان بە بابەتەکانیان ؟**

| ژ | برگە | چەندبارە | رێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڵی توانیویانە | - | - | |
| 2 | نەخێرنەیاتوانیوە | 19 | 63.3 | 1 |
| 3 | تارادەیەک | 11 | 36.7 | 2 |
| **کۆی گشتی** | | 30 | %100 | |

خشتەی(71) خستنە رووی زانیاریانەیەکانی پەیوەست بە رادەی تێپەڕاندنی سنوری جوگرافی ئەم پێگەنەیە، بەهەمان شێوە ئەم خشتەیەش سێ برگە لە خۆ دەگرێت، ئەوەی جێی سەرنجە برگەی بەڵی هیچ پلەیەکی لەم ریزبەندییەدا بە دەستنەهێناوە.
لە کاتێکدا برگەی نەخێر بەرزترین رێژەی ئەم ریزبەندییە، و بە پلەی یەکەم دێت کە بەپێی تێڕوانینی بەشێکی زۆر لە ئەندامان بینەرانی ئەم پێگەنە لە چوارچێوەیەکی لۆکاڵیدا ماونەتەوە ، تارادەیەکیش بۆتە رێژەیەکی نێوەندگیر بە پلەی سێیەمی رێزبەندییەکە دێت.

کەواتە:

– لەگەڵ ئەوەی پێگەی ئەلکترۆنی، یاخود پلاتفۆڕمە دیجیتاڵییەکان گرێدراوی تۆڕی ئینتەرنێتن کە تۆڕێکی جیهانییە، هاوکات داتا بە دەستهاتووەکانیش ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەگەرچی ئەم پێگەنە بەستراون بە تۆڕە جیهانییەکانەوە، بەڵام مانای ئەوە نیە کە بینەرەکانیان لە سەر ئاستی جیهانی بن، بەڵکو لۆکاڵین .

– بە دەستهاتنی ئەو ڕێژەییەی کە لە نێوان دوو ڕێژەکەی تردایە ، ئەگەر چی زۆر بەهێزیش نەبێت، بەڵام ئاماژەیەکی خراپیش نیە، دەشێ وەک خاڵێکی سەرەتا و دەستپێک بۆ ئەم پێگە ئەلکترۆنیانە هەژمار بکرێت، کە رەنگە لە چەند ساڵی داهاتوودا باشتر هەنگاو بنێن بەرەو جیهانی بوون، هەروەک چۆن ئێمە و بینەرێکی بێشومار لە سەرئاستی جیهان بەکارهێنەری نێتفلێکس و پلاتفۆڕمەکانی ترین، دەشێ ڕۆژگارێک بێت ئەم پێگە ئەلکترۆنییانە کوردییانەش بگەنە ئەو قۆناغانەی ئێستای ئەو پلاتفۆڕمە جیهانییانە، کە بێگومان ئەوانیش لە خاڵێکەوە دەستیان پێکردووە.

**خشتەی ( 72) بە رای تۆ، زۆرترین بینەری پێگە سینەماییەکان لە کام توێژی تەمەنن؟**

| ژ | بڕگە | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەرزەکاران | 2 | 6.7 | 4 |
| 2 | لاوان | 14 | 46.7 | 1 |
| 3 | پێگەیشتووان | 8 | 26.7 | 2 |
| 4 | کەسانی بەتەمەن | – | – | |
| 5 | هەموویان | 6 | 20.0 | 3 |
| **کۆی گشتی** | | 30 | %100 | |

خشتەی(72) پەیوەستە بە دەرخستنی ئەو زانیاریانەی کە تایبەتن بە تەمەنی بەکارهێنەرانی ئەم پێگە سینەماییانەوە، کە بەسەر پێنج بڕگە تەمەندا دابەش بوون، و هەرزەکاران کەمترین ڕێژەی بەدەستهاتوون لەم خشتەیەدا و بە پلەی چوارەمیش دێن لە ریزبەندییەکەدا.

توێژی لاوان ڕێژەیەکی بەرزی بەدەستهێناوە، ئەویش پلەی یەکەمی ریزبەندییەکەیە، بە جۆرێک هیچ لێکنزیکیەک یاخود نێوەندگیریەکی لەگەڵ ڕێژەی توێژەکانی تردا نیە، لە کاتێکدا

توێژی  پێگەیشتووان هەرچەندە دوور لە پلەی یەکەمەوە، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم پلەی دووەمی ریزبەندییەکە پێک دێنن،

ئەوەی جێی سەرنجە کەسانی بەتەمەن هیچ پلەیەکیان لەم ریزبەندییەدا نیە ، کۆی توێژەکانی تەمەن کە هەر پێنج توێژەکە دەگرێتەوە بە ڕێژەیەکی کەم پلەی سێیەمی ڕیزبەندی خشتەکە پێکدێنێت.

کەواتە:

- ئەگەر چی هۆکارەکەی دیار نیە خۆیان بن، یاخود ناوەرۆکی ئەم پێگەنە لەگەڵ خواست و ئارەزوی ئەم توێژەدا یەکانگیر نابێتەوە، بەڵام داتاکان دەریدەخەن هەرزەکاران بەشێکی دیار و چالاکی  نین لە بەکارهێنەرانی ئەم پێگەنە.

- ڕێژەی بەرزی داتاکان دەریدەخەن توێژی لاوان چالاکترین بەکارهێنەری ئەم پێگە سینەماییانەن کە دەشێت هۆکارەکەشی لەوەدا بەرجەستە ببێت ئەم پێگە ئەلکترۆنییانە مەودایەکی زۆریان بۆ ژانرانەکانی ئەکشن و زانستی خەیاڵی و سەرکێشی و فیلمەکانی جیهانی مارڤڵ  فەراهەم کردووە.

- بەراورد بە لاوان، پێگەشتووان کەمتر ئامادەگیان هەیە وەک بەکارهێنەر لەم پێگە ئەلکترۆنییانەدا، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سینەما کەمتر لەلای ئەم توێژەی تەمەن بایەخ و بەهای هەبێت ، بە جۆرێک نە لە ڕوانگەی سەرگەرمییەوە و نە لە ڕوانگەی بەرکەوتن بە کەلتوری گەلانی تر کاریگەری کەمتر هەیە لە سەریان .

- نەبوونی هێچ ڕێژەیەک لە بارەی کەسانی بەتەمەنەوە گوزارشت لەوە دەکات کە نەک ئەم پێگە ئەلکترۆنییانە بەڵکۆ کۆی ئەم بوارە( سینەما) بە هەند وەرگیراو نییە لە لای کەسانی بە تەمەنەوە، کە ڕەنگە هۆکارەکەی فەرامۆشکردنێکی کەڵەکە بووی سەردەمانێک بێت، ڕەگ و ریشەی لە خۆی کۆنتر بێت، بەو مانایەی پاساوە بۆ ڕێگرییەکانی،  هەرچیەک بێت لە ڕابردوودا سینەما سەرباری سەرگەرمی  وەک زەرورەتێک بۆ بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە، چ لە رووی ئابوری،کەلتوری،کۆمەلایەتی، نەتەویی... مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە، هەربۆیە بەرکەوتنی نەوەکانی رابوورد بەم تێڕوانینە زادەی ئەم بەهەند وەرنەگرتنەی ئەمڕۆیە، بێگومان داتاکان ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەم هۆکارە بۆ کۆی توێژەکانی تەمەنیش هەر راستە تەنها جیاوازی سەردەمێک بۆ سەردەمێکی تر دەبێتە خاڵی جیاکەرەوەیی نێوانیان.

**خشتەی (73) ناوەندی سەنگکراوی بڕگەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی سینەمایی توێژینەوەکە روون دەکاتەوە**

| برگەکان | وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی | کۆی گشتی | ناوەندی سەنگکراو |
|---|---|---|---|---|---|
| ئایا بوونی پێگەی ئەلیکترۆنی سینەمایی، کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی بینەرانی ناو هۆڵەکانی سینەما لە کوردستان کردووە؟ | بەڵی | 13 | 43.3 | 30 | 2.13 |
| | تارادەیەک | 11 | 36.7 | | |
| | نەخێر | 6 | 20.0 | | |
| پێتوایە وەرگێڕان و ژێرنوس کردنی فیلمەکان بە زمانی کوردی لەو پێگە ئەلیکترۆنییە سینەماییانە، کوالێتیان بەرزەو پرۆفێشناڵانە کراون؟ | بەڵی | 1 | 3.3 | 30 | 1.7 |
| | تارادەیەک | 21 | 70.0 | | |
| | نەخێر | 8 | 26.7 | | |

خشتەی(73) تایبەتە بە زانیارییەکانی ناوەندی سەنگکراوی دوو بڕگە پرسیارو سێبڕگە وەڵامی پەیوەست بە کاریگەری ئەم پێگەنە ئەلکترۆنییانە سەبارەت بە کەمکردنەوەی بینەرانی ناو هۆڵەکانی سینەما و هەروەها رادەی پڕۆفیشناڵی و لێهاتوویان لە وەرگێڕان و ژێرنووسکردنی فیلمەکان بە زمانی کوردی. هەروەک لە خشتەکەدا دیارە بەرزترین ناوەندی سەنگکراوی ئەم داتایانە(2.13)، بە گوێرەی یاسای سێ بڕگەیی لە(2) گەورەترە، وهەروەها پلەی یەکەمی ریزبەندییەکەش پێک دێنێت، و بڕگەی(تارادەیەک)یش بەرزترین رێژەیەتی.

ناوەندی سەنگکراوی(1.7) کە بە گوێرەی یاساکە(سێ بڕگەیی)و بە پلەی دووەمی ریزبەندییەکە دەبێتە بچوکترین ناوەندی سەنگکراوی ئەم خشتەییە، بەهەمان شێوە بڕگەی(تارادەیەک)یش بەرزترین رێژەیەتی.

کەواتە:

- لێکنزیکی هەردوو بڕگەی(بەڵی- تارادەیەک) ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەگەرچی پێگە ئەلکترۆنییەکان پێگەگەلێکی فەرمی و بەرفراوان نین، بەڵام بە جۆرێک بوونەتە فشارێک بۆ کەمکردنەوەی بینەری ناو هۆڵەکانی سینەما، کە ئەمەش دوو لێکەوتەی نەگیتیڤ و پۆزیتیڤ لە خۆ دەگرێت. نێگەتیڤ بەو مانایەی لە دیوی رەهەندە بازرگانییەکەو دەبێتە مایەی زەرە بۆ

داهات و بۆکس ئۆفیسی فیلم و بەرهەمهێنەرانی، بینەر لە بری ئەوەی روو لە هۆڵەکانی سینەما بکات، پاش ماوەیەک لە نمایشکردنی فیلمەکە، لەو پێگەنە بێبەرامبەر فیلمەکە بۆی بەردەست دەبێت. ئەرێنیش بەو مانایەی لە دیوی رەهەندی کاریگەرییەوە، بەرکەوتنی بەردەوامی بینەر بەم پیگەنە ئاشنایەتی زیاتر پەیدا دەکات لەگەڵ بابەتە سینەماییەکان و رەنگە هۆکارێکی یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی زیاتر لە بەهاو بایەخی بواری سینەما تێبگات.

- بەهێزی داتاکان ئەوە دەردەخات وەرگێڕان و ژێرنووسکردنی فیلمەکان کە یەکێکە لە کارە سەرەکییەکانی ئەم پێیگەنە تارادەیەک کواڵتییان بەرزە، لەبەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری بەرهەم و بابەتە بیینییەکانن کە لەم پێگەنەدا پەخش دەکرێن، بۆیە ژێرنووسی کوردی، یاخود دۆبلاژکردن بە پێویست دەزانن تا بینەرێکی زۆر لێیان تێبگەن.

*هێزی بڕگەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:-

(١ – 66,١ ): نەخێر

( 67,١ – 2.33): تارادەیەک

(2.34 – 3 ): بەڵێ

* ناوەندی گریمانەیی وەڵامەکانی بڕگەکان = 3+2+1 کە هێزی بڕگەکانن = 3/6 = 2

**خشتەی (74) بە رای تۆ ، هۆکاری نەبوونی پێگەی ئەلکترۆنی یاسای تایبەتمەند بە بواری سینەما بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

| ژ | بڕگە | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هۆکاری سیاسی | 2 | 6.7 | 3 |
| 2 | هۆکاری ئابوری | 1 | 3.3 | 4 |
| 3 | هۆکاری رۆشنبیری | 4 | 13.3 | 2 |
| 4 | هۆکاری یاسایی | 2 | 6.7 | 3 |
| 5 | هەموویان | 21 | 70.0 | 1 |
| | **کۆی گشتی** | 30 | %100 | |

خشتەی(74) کە دواخشتەی داتاکانی پەیوەست بە راپرسییەکەیە، و بە پێنج بڕگە پرسیار هۆکاری نەبوونی پێگەی ئەلکترۆنی یاسایی کوردی تایبەتمەند بە بواری سینەما دەردەخات،

به جۆرێک هۆکاری سیاسی و یاسایی به ڕێژەیەکی کەم پلەی سێیەمی ریزبەندییەکە پێکدێنێن. به ڕێژەیەکی لەو کەمتر هۆکاری ئابووری پلەی چوارەمی ریزبەندییەکە پێکدێنێت. هەرچەندە هۆکاری رۆشنبیریش ڕێژەکی کەمی هەیە، بەڵام دووەمی ریزبەندییەکە پێکدێنێت. کۆی هۆکارەکان پێکەوە کە دوا بڕگەیە بە ڕێژەیەکی زۆر جیاواز و بەرزتر دەبێتە پلەی یەکەمی ریزبەندی ئەم خشتەیە.

کەواتە:

- هەریەک لە هۆکاری سیاسی، ئابووری، رۆشنبیری و یاسایی بە تەنها هۆکار نیین بۆ نەبوونی پێگەی ئەلکترۆنیی یاسایی تایبەتمەند بە بواری سینەما، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەم هۆکارانە چەند بەهێز و پەیوەندیدار بن بەم بوارەوە، بەڵام بە جیا جیا و لێکدابڕاویی کاریگەرنین.

- بەهێزی داتاکان دەریدەخەن هەر یەک لەم هۆکارانە پێکەوە و گرێدراوی یەکن وەک بەربەستێک لە بەردەم نەبوونی پێگەی ئەلکترۆنی تایبەتمەند بەم بوارە(سینەما)، هەروەک چۆن ئابووری پایەی سەرەکی سینەمایە،و هاوکات رۆشنبیریش کرۆکی بەردەوام بوونی سینەمایە، یاساش ئازادی فەراهەمکراوی سینەمایە کە لە کۆتوبەند دەربازی دەکات، لە سەرو هەمووشیانەوە سیاسەت ئەگەر کاریگەری لە هەموو هۆکارکانی تر زیاتر نەبێت، ئەوا بێگومان کەمتر نییە، بەڵام تێکچڕاوی هەموویان بە ناو یەکدا ئەوەی ژینگەی لێ پەیدا بووە تا ئەم ساتە کە سەردەمی تەکنەلۆژیا و زمانی دیجیتاڵ ، نەک پێگەی ئەلکترۆنی یاسایی تایبەتمەندمان نیە بە سینەما، بەڵکو دامەزراوەیەکی فەرمی پەیوەستمان نیە بە ڕێکخستن و هەژمار کردنی پێگەی ئەلکترۆنی جا چ سینەمایی بن یاخود میدیایی.

# دەرئەنجام و پێشنیار و راسپاردە

**یەکەم : دەرئەنجام**

١- بە رادەیەکی باش پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان وەک پلاتفۆڕمێکی دیجیتاڵی بایەخیان بە بڵاوکردنەوەی بابەتە سینەماییەکان داوە، کە هەندێکیان بە تەنها فیلم بڵاودەکەنەوە، هەندێکیشیان فیلم و بەرێژەیەکی کەم رۆشنبیری سینەمایش بڵاو دەکەنەوە، هەندێکی کەمییشیان بە تەنها رۆشنبیری سینەمایی بڵاو دەکەنەوە.

٢- پلاتفۆڕمە دیجیتاڵیەکان پەیوەندییەکی بەهێزیان لە نێوان میدیا و سینەمادا دروست کردووە ،کە ئەمەش رێی هەموار کردووە ناوەرۆکی چەندین پێگەی ئەلکترۆنی بابەتەکانیان بە تەنها تایبەتمەند بن بە بواری سینەما.

٣- پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان تا رادەیەکی باش توانیویانە رێگە خۆشکە بکەن بۆ ئاشنا بوونی زیاتری بینەری کوردی بە بابەتە سینەماییەکان، بە تایبەت ، فیلمە جیهانییەکان .

٤- بڵاوکردنەوەی زۆرترین فیلم لە رێی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکانەوە، رەنگە یارمەتیدەر بێت تا بینەر باشتر بە فیلمەکان ئاشنا بێت، ئەمەش رێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی تەماشاکردنی فیلم ببێتە بەشێک لە بایەخبەندییەکانی .

٥- ئەم پێگە ئەلکترۆنیانە پەیوەندیی نێوان میدیا و سینەما پتەو وتوند وتۆڵتر دەکات، لە رێی بڵاوکردنەوەی فیلم وبابەتە سینەماییەکانەوە کە ئەوانیش هاوشێوەی میدیا هەڵگری پەیامێکن، وەک سەرچاوەیەکی رۆشنبیری و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دەتوانێت گاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دروست بکەن، کە هەمان ئامانجی میدیایە.

٦- پێگە ئەلکترۆنییەکان تا ڕادەیەکی باش چالاکن لە بڵاو کردنەوەی بابەتە سینەماییەکان، بەڵام بەگشتی زۆرترین مەودایان بۆ بابەتە جیهانییەکان و کەمترینیان بۆ بابەتە لۆکاییەکان تەرخانکردووە، و بابەتە هەرێمییەکانیش دەکەونە نێوەندیانەوە .

٧- تارادەیەک پێگە ئەلکترۆنییەکان، توانیویانە ببنە هاندەرێک بۆ برەودان بە سینەما لە رێی بڵاوکردنەوەی زۆرترین بابەتە سینەماییەکانەوە.

٨- هەریەک لە هۆکارە سیاسی، ئابوری ، رۆشنبیری و یاساییەکان، هۆکارگەلێکن کە بوونەتە هۆی نەبوونی پێگەی ئەلکترۆنی کوردی یاسایی تایبەتمەند بە بواری سینەما.

**دووەم: پێشنیار**

لەئەنجامی مەمەڵەی  ماوەی توێژینەوەکەم لەسەر ناوەرۆکی ئەم پێگە ئەلکترۆنییانە کە بوونەتە سامپڵی توێژینەوەکە توێژەر چەند پێشنیارێکیان ئاڕاستە دەکات:

١- تەرخانکردنی مەودای زیاتر بۆ بابەت و بەرهەمە کوردییەکان .

٢- گرنگیدانی زۆر و زیاتر بە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری سینەمایی نەک بە تەنها فیلم.

٣- گرنگیدانی زۆر زیاتر بە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە رۆشنبیری سینەمایی لە چواچێوەی ژانرە میدیاییەکاندا، و ریزبەند کردنییان بە گوێرەی ژانرەکان .

٤- خۆ بە دوور گرتن لە دووبارە کردنەوەی بابەتەکانی نێو لاپەرەکانی پێگەکە.

٥- خۆ بە دوور گرتن لە زۆر دووبارە بوونەوەی بابەتەکان لە نێوان پێگەکاندا.

٦- دیاریکردنی رۆژ و کاتی دانانی هەر بابەتێک لە پێگەکەدا.

٧- رێکخستەوە و دیزاینکردنی بە شەکانی پێگەکە بە شێوەیەکی باشتر، و پۆلێنکردنیان بە جۆرێک مەمەڵکردنیان ئاسانی  بێت بۆ وەرگرتنی زانیاری لە بارەیەنەوە.

**سییەم: راسپاردە**

چەند راسپاردەیەک بۆ توێژەرانی  داهاتوو لە بواری میدیا و سینەمادا

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە بارەی ئەو پێگە ئەلکترۆنییە کوردییانەی پەیوەستن بە بواری سینەماوە، بە ئامرازەکانی تری توێژینەوە.

٢-ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە بارەی  پەیوەندی نێوان  میدیا و سینەماوە.

٣-ئەنجامدانی توێژنەوە لە بارەی گاریگەریی میدیا لە سەر دەرخستنی رۆڵی سینەما لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە.

٤- توێژینەوە لە بارەی گرنگی ژانرە میدیاییەکان لە نێو رووماڵە سینەماییەکاندا.

٥- توێژینەوە لە بارەی پەیوەندیی نێوان پەیامە میدیایی و سینەماییەکان  لە ڕووی کاریگەرییانەوە.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: فەرهەنگ

1- یون کارتنبێرگ، فەرهەنگی فیلمۆگرافیک، و: ئاوات عەبدوڵڵا، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،2003)

